# مژارێك لەتەمەن

نووسینی

ئیبراهیم میکە عەلی

**ناساندنی کتێب...**

ناوی کتێب : مژارێك لە تەمەن

نووسەر : ئیبراهیم میکە عەلی

بابەت : مێژوو

تیراژ : ٥٠٠

ساڵی چاپ : ٢٠٢٠

نۆبەی چاپ : دووەم

چاپخانەی : حەمدی

نەخشەی بەرگ : ڕەوشت محەممەد

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی ١٨٦٧ ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە.

## سوپاس و پێزانین...

لەدڵەوە سوپاسی ئەم ئازیزانە دەکەم کە هاندەری من و هۆکار بوون بۆ پاراستنی ئەم نووسینە و بە نووکی خامە و هیمەتی بەرزیان هاوکارم بوون بۆ نووسینەوە و پێدا چوونەوەی.

- کاك هەورامان حەمە سەعید، کاك محەممەد باسام: ئەم دوو بەڕێزە، لە سەردەمی زێڕیندا،جوانترین خزمەتیان بەم نووسینە کرد و لە تۆمار و کاغەزی جۆراوجۆر و لە خەتی خۆمەوە، بە پێنووسی خۆیان و لە هاوینی گەرمی ساڵی ١٩٩٤ دا، نووسینە پەرش و بڵاوەکانی منیان لەیەك دەفتەر و تۆماری گەورە وپاك و خاوێندا و بەخەتێکی یەکڕەنگ کۆکردەوە.

- ساهیرە و بەسۆزی کچم: کە بە دەستوو پەنجەی ڕەنگین و پشووی درێژیان توانیان ساڵی ٢٠٠٤ دەسنووسەکە بە کومپیوتەر بنووسنەوە و بۆ دواجار لە هەڕەشەی لەناو چوون بیپارێزن و هەنگاوێك لە بەچاپ گەیاندن نزیکی بکەنەوە، لە یادمە زۆرجار کە وشە و ڕستەیەکیان لێ گیر دەبوو و بۆیان نەدەخوێنرایەوە، منیش لەبەر سەرقاڵیی خۆم نەم دەپەرژا لایان دانیشم و بۆیان بخوێنمەوە، دەمگوت: ڕەسمی وشەکە بگرن و وەك خۆی بینووسنەوە.

دواتر خۆم بە وردی و سەرنجەوە پێدا چونەوەم بۆکرد و زۆرێك لە داڕشتنەکانم قەڵەمکاریی کرد.

- م.عەتا ئادەم: کە دوو جار بەشـــی یەکەمی نووســـینەکەی خوویێندەوە و بە زانیاریی زیاتر دەوڵەمەندی کرد .

- کاك زمناکۆ سابیر: ئەرکی دیزاین کردن و ئامادەکردنی بەشی یەکەمی لە ئەستۆ گرت.

- کاك جەمال غەریب کە ئەرکی یەکێك لە پێداچوونەوەکانی هەڵەبڕیی لە ئەستۆ گرت.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە تەلەفۆن یان ڕاستەوخۆ پەیوەندیم پێوە کردوون، یان زانیاریم لێ وەرگرتوون یان مەعلوومەیەکیان بۆ پشتڕاست کردوومەتەوە.

- هەموو خوێنەر و گوێگرێکی بەڕێز کە کاتی خۆی دەبەخێشێت بەم نووسینە و بە بیروهۆش دەچێتە نێو گێرانەوەکانیەوە.

## پێشەكیی...

نووسینەوە و هۆنینەوەی ئەم چەند دێڕە لە یادەوەریی و بەسەرهاتەكانی بەشێك لە تەمەنم، لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت كە پێویستە مرۆڤ سوود لە ڕابوردوو وەربگرێت، هەندێك زانیارییش هەن ئەگەر نەپارێزرێن، تۆزی تەمەن لەناویان دەبات و بەو هۆیەشەوە چەندین ڕاستیی ئاوەژوو دەبن.

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیەش بكەم و خوێنەر دڵنیا بكەمەوە كە لە نوسینەوە و تۆمار كردنی مژار و بەسەرهات و ڕوداوەكاندا، تەنها مەبەستم پاراستنی مێژووە و هیچیتر، نەك هەر ئەوەش بەڵكو هەر ڕووداوێك یاخود باسێك، گومانی ئەوەم لێ كردبێت، لە سۆنگەی ئەو گێڕانەوەیەوە كەدەڵێت: ئاشووب خەوتووە و نەفرەت لەو كەسەی خەبەری دەكاتەوە، ئەوەندەی گونجابێت خۆم لە نووسینەوە و وروژاندنی لایەنە خراپەكانی ڕووداوەكە لاداوە و تەنها بە ئاماژەیەك دەستم بۆ بردووە.

لەبەر ئەوەش كە توانای مرۆڤ لە پاراستنی یادەوەریی و بیرەوەریەكانیدا دیاریكراوە، منیش لەو یاسایە بەدەرنیم و لەوانەیە لە تۆماركردن یاخود گێڕانەوەی بەسەرهاتێكدا كەموكورتییەك ببێت، یاخود ناوی كەسێك نەهاتبێت، یان هەڵەیەك لەپاش و پێشدا ڕووی دابێت، یان هەرشتێكی تری لەو بابەتە، بۆیە داوای لێبوردن لە هاوڕێ نازدارەكانم دەكەم و دڵنیایان دەكەمەوە ڕێزیان لەسەر سەرمە.

له هەندێ بڕگەی ئەم نووسینەدا ئاماژە بۆ ناکۆکیی سیاسیی و جیاوازیی بیرکردنەوە کراوە، کەسمان گومانمان لەوەدا نییە کە ئەو حاڵەتە لەکاتی خۆیدا ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگر بووە و بەوشێوەیە بیرمان دەکردەوە، بۆیە نووسینەوە یاخود خوێندنەوەی ئەو ڕۆژگارە، نابێت ئەو ڕاستیەمان بیر بباتەوە کە ئێمە ئێستا لە سەردەم و ژیانێکی تردا دەژین، نابێت ناکۆکیەکانی ڕابوردوو، کەش‌وهەوای ئێستامان تێك بدەن.

ململانێ و ناکۆکییەکانی ئەو دەمە، زۆربەی لەبەر پاراستنی بیروباوەڕ و ژانی پاراستنی تایبەتمەندیی خۆمان و دەربازکردنی بیری میانڕەویی بوو لە هەڵدێری توندڕەویی و تەکفیر، خۆشبەختانە نەك تەنها لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەنگاوە سیاسیەکانی برایان، بەڵکو لە سەر تەواوی ڕەوت و تەڤگەڕ و حاڵەتە ئیسلامیەکەش بەگشتیی، شوێنەوار و بەرهەمی ئەو هەوڵانە و جێکەوتەکانیان دیارن.

ناوی زۆربەی کەسایەتیی وکارەکتەری ڕووداوەکان بەو شێوەیە تۆمارکراون کە لەو سەردەمەدا بەو ناوانەوە ناسراو بوون، چوونکە: یادەوەریەکان لە کاتێکی نزیك لەو سەردەمەوە تۆمار کراون و ناوەکان وەك خۆیان نوسراونەتەوە، لەوانەیە برایەك ئێستا بەناو و ناسناوێکی ترەوە بناسرێتەوە، یان دەگونجێت زاتێك لە ژیاندا نەمابێت، بۆیە ئەگەر دەسکاریی ئەو ناوانە بکرێت، ڕەواڵ و سیاقی باسەکان دەشێوێت، بۆنموونە: ئەگەر بنووسین: مامۆستا... ئەو کارەکتەرە لەو کاتەدا لاوێکی تازە دەم بووە، یاخود ئەگەر بنووسین: خوالێخۆش بوو... لەو کاتەدا لە ژیاندا

بووە، بۆیە دەستەواژە و ناو و ناسناوەکان وەك خۆیان هێنراونەتە نێو باس و لە نووسنی زۆربەشیاندا، ڕێنووسی کوردیی پەیڕەو کراوە و فۆنەتیکی ناوەکان کەمێك گۆڕاوە، دەکرێت لەو ڕووەشەوە تێبینیی درووست ببێت، بۆیە پێشوەخت داوای سنگ فراوانیی لە خوێنەر دەکەم.

هیوادارم بە نووسینەوەی ئەم چەند دێڕە توانیبێتم چەند زانیارییەك لە فەوتان بپارێزم و چەند دیمەنێك لە هەلومەرجی ژیانی خۆم و هاوڕێکانم بۆ مێژوو تۆمار بکەم.

لەبەر ئەوەش ناوم لێناوە: مژارێك لەتەمەن، چوونکە ئەمەی تۆمار کراوە، بەشێك، یاخود چەند بەش و دیمەنێکە لە تەمەنی خۆم و هەندێ لە هاوڕێیانم، زۆر ڕووداو و هەڵوێست و بڕگە و بابەتی تر هەبوون، لە بەر ئەوەی نەدەگونجان لەگەڵ ئەم باسانەدا، یاخود لەوانەیە هێشتا زوو بێت بۆ گێڕانەوە و باسکردنیان، یان هەر لەبنەڕەتەوە هی بڵاو کردنەوە نەبن، تۆمار نەکراون.

وشەی مژار، لەزاری کرمانجی ژوروودا، واتای (بڕگەیەك ، یاخود ڕووداوێکی دیاریکراو)، دەگەیەنێت، هەڵبژاردن و دانانی ئەم وشەیەش ئەو قسەیە پشتراست دەکاتەوە کە ئەم چەند لاپەڕەیە، بەشێکە لە ماجەرای تەمەنێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی نووسەر (وەك تەمەنی هەرمرۆڤێکی ئاسایی) و ئەمەی لە بەردەسدایە بەشێکە لەو تەمەنە فرە ڕەهەندە. بەو پێیەش ئەوەندەی ئاگادارىم، ئەمە یەکەم هەوڵی کەسایەتیی و جوڵانەوە

ئیسـلامیەکانە کە یادەوەریی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بۆیە دەشـێت نوویسـینەکە زۆر وروژێنەر و سـەرنجڕاکێش نەبێت، چوونکە لەڕاسـتییدا بە من و بە برایانی هاوەڵ و هاوڕێشـمەوە(لەو قۆناغەی تەمەنماندا)، بێجگە لە خەباتێکی پاکی بێخەوش، نیەت و نیاز و مەرامێکی تر لە ئارادا نەبوو، بۆیە ئێسـتاش بەشـانازییەوە دەینووسـینەوە و دەیخوێنینەوە، بەهیواین وەك خزمەتێکی خاکیی، هەم لای گەل و هاو وڵاتیانمان، هەم لەلای پەروەردگاریش گیرا و پەسەند بێت.

گێڕانەوە و نووسـینەوەی یـادەوەریی، لە کۆمەڵگە ڕۆژ هەڵاتییەکـاندا نەریتێکی باوە، لەزۆربـەی حاڵەتەکاندا، بـەمەبەستی ئـەزموون گەیاندنە بەنەوەی دواتر، هەندێ حاڵـەتیش هەن بەمەبەستی تۆڵە کردنەوە و یەکتر شکاندنە، بـەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئـەم چەشنەیان زیاتر باوە و کارەکتەرەکان لـەپێشبڕکێدان بۆ زیاتر ئەتك کردنی یـەکتر و پەردە هەڵماڵین لـەسـەر ئەو هەڵانەی کە بە ئاگایی و مەبەستەوە،یان بێمەبەست کردویانن و لـەدەسیـان قەوماوە. هەشیانە مەبـەستیان تـەنها پـاراستنی ڕاستیـی ڕووداوەکانە وەك خۆیان.

ئـەم هەوڵەی بەندەش دەشێ لە چەشنی یەکەم و سێەم بێت، لـەو ڕوەوە ئیتر پێویست بە ڕازاندنەوە و پیـاهەڵدان، یـاخود پلار لێدان و توانج تێگرتن نـاکـات، چوونکـە بڕیـارە ڕووداوەکـان وەك خۆیان بگوێزرێنەوە.پێویستیشە بڵێم: ڕاستـە مێژووی ئـەو ڕەوت و تەوژمەی من کارم تێدا کردووە، خاڵییە

لـــــه باروﻭت و خەنجەر، بـــەڵام خاڵی نەبوەو نییە لە خەسڵەتە مرۆڤییەکان بەهەردوو دیوی ئەرێنیی و نەرێنییانەوە.

بۆیـە ئـەم هـەوڵـە موتـەوازعانەیە پێشـــکەش دەکەم بە خوێنەرانی خۆشەویست و هەوادارانی بوارەکە.

ئیبراهیم میکـە عەلی

# بەشی یەکەم

## سەربوردێکی کورتی تەمەنم...

ناوی تەواوم ئیبراهیم مەیکە عەلی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ ز، لە کۆتایی بەهاری ئەو ساڵەدا و لە گوندی گوڵپی هەورامان و بە دیاریکراویی لەسەر کانیاوێکی ناوباخی کانی ژنان، لە کەشو هەوایەکی سازگاری گوندنشینیدا، چاوم بەدونیا هەڵ هێناوە.

باوکم سێ جار هاوسەرگیریی یەك لە دوای یەکی کردووە، یەکەم خێزانی ناوی حەلاوعەزیز بووە و وەفاتی کردووە، دوای ئەو دووەمی خواستووە و ناوی عەینا ئەحمەد بووە، ئەویش بە ڕەحمەتی خوا چووە، ئەوجا سێیەمی خواستووە کە ناوی عائشە غەفور و دایکی من بووە، لەم خێزانە سێیەمەی، حەوت منداڵیان بۆ ماوەتەوە، چوار کچ و سێ کوڕ، لە دوو خێزانەکەی تریشی پێنج براو دوو خوشکمان هەبوون و ئەوان لە ئێمە گەورەتر بوون، من کۆتا منداڵی دایکم و بچووکی هەموویانم، بەگشتیی هەشت برا و شەش خوشك بووین، تاکاتی پاکنووسی ئەم بڕگەیە، هەم باوك و دایکمان و هەم سێ خوشك و برایەکمان، بەڕەحمەتی خوا ڕۆشتوون و بەجێیان هێشتووین.

دایکم نزیکەی پانزە ساڵێك کەمتەمەنتربوو لە باوکم، ئەم جیاوازییە لە تەمەندا وای کردبوو هەندێ نازی زیاتری ببێت لای باوکم، هەستم دەکرد بەو بۆنەیەوە قسەی زیاتر ڕەواجی هەبوو بەلای باوکمەوە و هەندێ جار سەرودڵی باوکیشمی دەگرت.

باوكم ٢/٢٥/ ١٩٧٩ كۆچی دوایی كرد، تا ئەو لە ژیاندا مابوو و بە هۆی كەمیی تەمەنیشمەوە، نەم دەزانی لە گەڵ خوشك و براكانماندا دایكمان جیایە، سەرەڕای پەیوەندیی باش و خۆشەویستیی نێوانیشمان، بە مردنی باوكم هەستم بەو تایبەتمەندییەی خێزانەكەمان كرد، بەڵام نەك هیچ شوێنەوارێكی خراپی نەبوو، بەڵكو هەستم دەكرد هەندێك لە خوشك و براكانم زیاتر لە بیری منداان و خەمم لێ دەحۆن، زۆرجار لە گەڕانەوەیاندا و لە بۆنە ئاییینیی و كۆمەڵایەتییەكاندا و لە كاتی كۆتایی ساڵی خوێندندا، دیارییان بۆ دەكڕیم لە پۆشاك و قەڵەم و... تاد.

باوكم لە بیرەوەریی مندا پیشەی جووتیاریی بوو، بۆیە ئێمەش وەك زۆربەی دانیشتوانی گوندەكەمان، هەم بژێویمان لەسەر ئەوە بوو و هەم سەرقاڵی ئەو بوارەش دەبووین.

بە منداڵیی لەگەڵ براكانم و سەباحی خوشكەزامدا، شەوانیی گوێرەكەم كردووە، چەندین جار لەسەر خەرمان و كەپر و كۆگای هاوینە خەو بردوومیەتەوە، تەنانەت شەوێك لە كارێزی شێخ سادق، تازە چووبوینە هەواری هاوینەمان، شەو شارە مێرولەیەكمان لێ وروژا، كاتێك بەهۆی گەستنی لاشەمانەوە لەلایەن مێرولەكانەوە خەبەرمان بوویەوە، بینیمان ناو نوێن و سەروچاوی خۆشمان پڕە لە مێروولە، بۆیە بەو نیوەشەوە ناچار گواستمانەوە سەرووی كۆگاكەی خۆمان و لە تەختاییەكدا لێی كەوتین تابەیانی.

چەندین جار لە دەرودەشـــتا تینویەتیی و برســـییەتی زۆریان بۆ هێناوم و خەریك بووە گیان بسپێرم.

هـاوینـان مـاڵمان دەڕۆشـــتە ســـەر زەراعەتەکەمان و ماڵمان لە کەپرێکدا بوو، بەڕۆژدا لە ســێبەرەکەیدا و بە شـــەویش لەســـەر کەپرەکە دەخەوتین، باوکی ڕەحمەتیم بەشـــەودا و بەیناوبەین، بە تفەنگە یانزەتیرەکەی، یەك دوو فیشـــەکی دەتەقاند بە هەوادا، بۆ ئـەوەی گورگ و دڕنـدە کێوییـەکـان نزیـك نـەکـەونـەوە و زەفـەر نەبەن بە پەلەوەر و ڕەشـەوڵاخ و بەرزە وڵاخەکانمان، سەرەڕای ئـەوەش لـە بیرمـە شـــەوێك، گورگ پـەلامـاری پـەچـەی ڕەشـــە وڵاخـەکـانمـانیدا، من بـە هـاتوهـاواری مـاڵـەوەمـان بـەخـەر هاتم و تێگـەشـــتم، یـەکێك لە گاجووتەکان پەلاماری گورگەکەی داوە و ڕاوی نـاوە و کـەوتووەتـە شـــوێنی بـەرەو چۆڵـەوانییـەك، بـاوکم نەیهێشـــت براگەورەکانم بچن بەدەم گاجووتەکەوە و بیهێننەوە، تا بەیانیی کە کەوتینە سـۆراخی گاجووتوکە، بینیمان لە کەندەڵانێکدا بەشـاخی خۆی گورگەکەی توند کردووە لە کەندەڵانەکە و گورگ مردووە، بەڵام تا ئێمە نەگەشـتینە لایان، گاجووتەکە سـەری شـل نـەکردو گورگـەکەی بەر نەدەدا، بە گەشـــتنی ئێمە و دڵنیا بوونی لەوەی کە ئیتر گورگەکە دەرباز نابێت، ئەوجا خۆی لێ شـل کرد و گورگەکە بە تۆپیویی بەربوویەوە سەر زەویی.

بەچەن مانگێك دوای ڕێککەوتنی یانزەی ئازاری سـاڵی ١٩٧١ لە خورماڵ ئاهەنگێك ســاز کرا، درەنگانی شـــەو خەڵك لە بیارە و تەوێڵەوە بەســـواریی جێب وپیکاب دەهاتن بەرەو خورماڵ، تا بۆ بەیانی لەوێ بەشداریی ئاهەنگەکە بکەن، ڕێگای سەرەکیی نێوان

بیارە و خورماڵیش بەنزیك كۆگا و هەوارگەكەی ئێمەدا تێپەڕ دەبوو، لەباوەشـــی باوكی ڕەحەتیمدا ماتم كردبوو، گوێم لەدەنگی گۆرانیی و كـەیفی ئـەو ڕێبوارانـە دەگرت كـە بـەســـەر ئۆتۆموبێلـەكـانـەوە گۆرانییـان دەگوت، گۆرانی: جوانـە قژكـاڵـە لـەرزانـە كیژی كوردانە، ئیســـتەش لە زەینمدا هەرماوەتەوە و تا ئێســـتاش هەركات بەو ناوەدا تێپەڕ دەبم ئەو ســـاتانەم دێتەوە یاد. ئـەمانـەو هـەزاران یادەوەریی تر كـە پـەلكـە زێڕینـەی یادەوەریی منداڵیی منیان هۆنیوەتەوە .

لـە ســـەرەتای تـەمـەنمـەوە منداڵێك بووم، وەك زۆربەی منداڵان حـەزم لـەوە بوو ئـاگاداری ڕووداوەكـانی دەوروبـەرم بم، بۆ ئـەو مەبەســـتە پرســـیاری زۆرم بۆ دروســـت دەبوو، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرســـیارانەش بە ســـەرنجدان و پرســـیاركردن لە كەسانی دەوروبەرم خەریك دەبووم.

لە خەڵكم دەبیســـتەوە گوایا منداڵێكی ژیر و عاقڵم، ئەوەش دەبووە زیاتر هاندەرم تا وەك منداڵێكی ژیر هەڵسوكەوت بكەم.

وەك زۆربـەی منداڵان، منیش یـەكەم كەس، باوكم وكەســـایەتیی باوكم سەرنجی ڕاكێشام، زۆرجار هەوڵم دەدا لە هەڵسوكەوت و دانیشتن و خواردن و خەوتندا وەك ئەو بكەم .

تێكـەڵاویی بـاوكم لـەگـەڵ مزگـەوت و مـامۆســـتـای مزگـەوتی گونـدەكـەمـان، بـەڕادەیـەك كـاریگـەر بوو لـە ســـەرم، لـە تەمەنی حەوت و هەشـت سـاڵیدا، حەزم دەكرد زوو فێری نوێژكردن ببم، بۆ ئەوەی بتوانم بە ئاسانی بەشداریی ئەو دانیشتنە بە كۆمەڵانەی

مزگـەوتـی گونـدەکـەمـان بکـەم کـە بـە ڕەمـەزانـان و عـەسـران و هەینییەکاندا ساز دەکران، وەك بۆنە و ئاهەنگە ئاینییەکان و کۆچ و لە دایك بوونی پێغەمبەر(سڵاوی لەسەر).

لـە بیرەوەریی و تـەمـەنی مندا هـەموو ئـەو ئـاهـەنـگ و کۆڕ و کۆبونـەوانـە بـە چاودێریی و سـەرپـەرشـتیی م.مـەلا هـادی دزاوەریی، سازدەکران.

بۆ وەڵام دانـەوەی ئـەم حـەزەم بڕیارمدا نوێژ بکـەم، داوام کرد لە باوکم و پێم گوت: خۆم فێری سورەتی فاتحە و هەڵسوکەوتەکان بووم، تۆش تەحیاتم فێربکە.

لـەبـەر ئـەوەی کـە نـەخوێنـدەوار بوو، داوای لـە م.مـەلا هـادیی کردبوو ئەویش تەحیاتی بۆ نووسیبومەوە، ئێوارەیەك باوکم وەك خەڵاتێك هێنایەوە بۆم، سـەرەتا زۆر پێم خۆش بوو، بەڵام کاتێك سـەرنجمدا بینیم هیچی لێ تێناگـەم، بۆیـە وەك گلەییەك باوکم و تێمگـەیاند کە لە نووسینەکە تێناگەم، ئەویش دڵی نەشکاندم و گوتی: بڕۆ کـامیلی پورزاتم بۆ بانگ بکە، چووم بانگم کرد و پێی گوت: ئەو تەحیاتە فێری ئیبراهیم بکە، بۆ ئەوەی بتوانم سوودی پێویست لە نوسراو و هەوڵەکەی ببینم، کاك کامل حەمەکەریم تەحیاتەکەی بە ڕێنووسی کوردیی نوسییەوە، چوونکە من ئەو کاتە پۆلی دووی سـەرەتایی بووم، پاش ماوەیەك توانیم ئەزبەری بکەم.

دوای ئـەوەی نوێژ فێر بووم، بیرم لـەوە کردەوە کـە فێری قورئان خوێنـدنیش ببم، هـەرچـەنـدە لـە مزگـەوتـەکـەدا فـەقێ و حوجرە

هەبوون، بەڵام وام پێ باش بوو بچمە لای م.مەلامحەممەدی مەلا غەفور قورئان بخوێنم لەبەر دوو هۆ:

- لەبەر ئەوەی نەوەیەکی مامۆستا کە ناوی کاك عەبدوڵڵا عەلی بوو، هاوڕێم بوو، ئەویش لای ئەو قورئانی دەخوێند.

- لەبەر ئەوەی م.مەلا محەممەد خاڵۆم بوو.

بەڵام بەداخەوە هیچیی وا دەرنەچوو کە من حەزم لێی بوو، یەکەم ڕۆژ چووم بۆ لای مامۆستا، وشەی أعوژُم بە حونجە خوێند، ڕۆژی دوایی کاتێك ڕۆشتمەوە، پێش ئەوەی نۆبەی خوێندنی وانەی من بێت، داوام کرد لە کاك عەبدوڵڵای هاوەڵم چوونکە ئەو زیاتری خوێندبوو یارمەتیم بدات ئەم وشەیە لەسەر پارچە کاغەزێك بنووسینەوە تابتوانم ئاسانتر ئەزبەری بکەم، کە مامۆستا زانیی نیازی نوسینەوەی وشەکەمان هەیە لە سەر کاغەز، بەقسە پێوتن ڕاوی ناین و گوتی: چۆن قورئان لەسەر کاغەز دەنوسرێتەوە؟!

پاش ئەوەی لە دەستی مامۆستا دەرباز بووم، هەر لەوێدا بڕیارمدا کە ئیتر نەگەڕێمەوە بۆ دەرس و لای ئەو نەخوێنم چوونکە:

- ترسام هەرکاتێك بگەڕێمەوە بەردەستی تۆڵەی ئەو (تاوان) ە م لێ بکاتەوە.

- دڵنیا بووم کەسوود لەو شێوازەی ئەو وەرناگرم.

پاش گەڕانەوەم بۆ ماڵ، باوك و دایکم هەستیان بە شڵەژاویم کرد، بەڵام تێنەگەشتن چ باسە، شەویش لە خەومدا مامۆستا

بەشـــێوازێکی وا ســـامناك بەردی تێ دەگرتم و هەڕەشـــەی لێ دەکردم، کە بە تەواویی ترســاندمی، ئەم خەوە بووبە هۆی ئەوەی کە هەرگیز نەوێرم ڕوو لەو مامۆستایە بکەمەوە.

ئیتر بەداخەوە وەك وانە و دەرس خویندن، بۆم نەڕەخسـا قورئان بخوینم، تا گەشــتمە پۆلی شــەشــی ســەرەتایی، لە خورماڵ لە مزگەوتی بوخاریی لەلای چەن کەســێکی تر کە هاوتەمەنی خۆم بوون، ســوورەتـە کورتـەکـانم خویـنـدن، دواتر لـەپۆلی یـەکی ناوەندیدا و لە هەمان مزگەوتدا لای م.محەممەد ســادق ماوەیەکی کورت دەرسی قورئانم خوێند.

لە تەمەنی منداڵیمدا بە لەســـەرخۆیی و ئارامیی و شـــەرمنی و زۆرکـات بـە ترســـنۆکیش نـاســـراوبووم، تـەنـانـەت ســـەبـاحی خوشــکەزام و هاوەڵەکانم لەســەر ڕێگەی گوندە دراوســێکانمان دادەنیشتن و خەڵکی ڕێبواری ئەو ڕێگایانەیان ناڕەحەت دەکرد.

بـە پێچـەوانـەی ئـەوانـەوە من هـاوکـاریم دەکردن و ڕێگـەم لـە هاوڕێکانم دەگرت بۆ ئەوەی ئاستەنگیان بۆ درووست نەکەن.

ســـەرەڕای ئـەم جۆرە هەڵوێســـتانەشـــم زۆرجار لە بەرچاوی کەســێکی لەخۆم گەورەتر بەتایبەت خزمان، دەســتم دەدایە جۆرە ئیش و هـەڵســـوکـەوتێك کـە دڵنیـا نـەبووم ئایا باشـــە یان خراپە، نەشـدەکرا بپرسم لەوکەسـە، ئایا ئەو کارە باشـە یان خراپە؟ بۆیە کـارەکـەم بـە بـەرچـاویـەوە ئـەنجـام دەدا، ئـەگـەر بێدەنـگ بوایـە، دەمزانی کـارێکی چـاکـە و ئـەگـەر لێم توڕە ببوایـە، دەســـتم لێ

دەكێشـايەوە و دڵنيا دەبووم كە كارێكى خراپ و نادرووستە، بۆيە لێى دوور دەكەوتمەوە.

وەك منداڵكى گوند نشين هەرچەندە بەحوكمى هێمنيى و شەرمنيى كەسـايەتيى خۆم، لـە زۆر ڕەوشـت و ڕەفتـارى منداڵانـە و نـەوجـەوانـانـەى گونـد نشـين پـارێزراو بووم، بـەڵام بـەحوكمى ژينگەكەم هەر لە هەندێ ڕەفتاردا تێوە دەگلام كە خۆم ئێسـتا بە زشـت و نەشـياويان دادەنێم، بەڵام ئێتر ئەوە سـروشـتى ژيان و تايبەتمەنديى ئەو ژينگەيەيە كە مرۆڤ تيايدا دەژيى.

بۆيە بە پێويسـتى دەزانم سـەرنجى خوێنەر ڕابكێشـم بۆلاى ئەو ڕاستيەى كە من نامەوێ (وەك بووە بە باو) تەنها لايەنە باشەكانى ژيان و كەسـايەتيى و ڕەفتارى خۆم تۆمار بكەم، بۆيە پێم خۆشـە خوێنـەر دڵنيا بكەمەوە كە ژيانى منداڵيم و بگرە هەرزەكاريشـم، هەندێ شتيان تێدايە، وەك كوردەواريى دەڵێت: ڕووى مەجلسيان نييە.

عـادەتيش وا نييـە مرۆڤ دانيشـێت لايـەن و ڕەفتارە خراپەكانى خۆى بگێڕێتەوە، بۆيە ئەمەندە بە كافيى دەزانم لەم بارەيەوە .

پـاش ڕاگوێزانى گوندەكەمان و تەواوكردنى قۆناغى سـەرەتايى خوێنـدن، لـە گـەورەترين مـامۆسـتـا و گـەرمترين بـاوەش و بـەسـۆزترين كـەس، بـاوكى ڕەحمـەتيم، بێبـەش بووم و بـاوكم وەفـاتى كرد، هيوادارم ئـەو جێگـەى بـەهـەشـت بێت و ئێمـەش نـەوەيەكى سەرڕاس بين.

بـه مردنی بـاوکم دەرگـای ژیـانێکی تـاڕادەیـەك نـازدارانـەترم لێ کرایەوە، پاش گوزەراندنی یەك دوو ســاڵ و نازی برا و دایك و خوشــکەکانم، خۆم لـە کەش و هەوایەکی ئازاددا بینییەوە، بەڵام دایکی ڕەحمەتیم زۆر ئـاگاداریی و چاودێریی دەکردم، تـەنـانەت بۆ کـاژێریکیش ڕازیی نـەدەبوو نـەزانێ لە کوێم، ئەگەر لە وادەی دیـاریکراو دوا بکـەوتمـایـە ســـەرزەنیشـــتی دەکردم، ئـەم ســـەرپەرشـــتیەی ئەویش ڕۆڵێکی ســـەرەکیی بینی لە تەمەنمدا، هەرچەندە لە مەترسیدارترین قۆناغی ژیان بەسەلامەت دەربازی کردم، بەڵام لەســەرێکی تریشــەوە بێبەشــی کردم لە زۆر چێژی منداڵانە و دواتریش چەشـنێك لە یەکەناسـیی و داخراویی لەسـەر کەسایەتیم دانا .

پـاش ئـەوەی کـە هـەســـتم کرد هـاوتـەمـەنـەکـانم و خـەڵـك لـە دەوروبـەرمدا خـەریکی کاروکاســبیی دەبن، منیش دەســـتم دایە کاروکاسبی کردن، توانیم لەو ماوەیەدا بێجگە لەکەڵك و سـوودی مـادیی بۆ خۆم، کـەڵـك و ســـوودی مـەعنـەویش بگـەیـەنم بـەو هاوەڵانەم کە لەگەڵمدا ئیشیان دەکرد، نموونەیەك لەو هەڵوێستانە:

لەکاتێکدا کە لە یەکێك لە بازاڕەکانی شـــارۆچکەیەکی ئەو دەمەدا لەگەڵ هاوەڵێکمدا بەشەریکیی ئیشمان دەکرد و بەمەبەستی کڕینی شــتوومەك هاتبووینە ئەو بازاڕەوە، هاوەڵەکەم دەرزەنێك فانیلەی بـە نهێنیـەوە لـە دووکـانێکدا هێنـابوو، وەك مژدەیـەك هـەواڵـەکـەی گـەیاندە من و منیش دەســـبەجێ پێم گوت: ئەگەر بۆی نەبەیتەوە، من لـە ئێســـتـا بـەدواوە هـاوەڵیی و شـــەریکیت نـاکـەم و لـەیـەك

جیادەبینەوە، دەمزانیی ئەویش ئەوەی پێ ناخۆش دەبێت، بۆیە ناچاری قەبوڵ کردنی مەرجەکەی من بوو.

ـ گوتی: باشە چۆن بیبەمەوە؟

+ئاسانە من کابرای دوکاندار سەرگەرم دەکەم بە مامەڵەی هەندێ شتومەکەوە، تۆش لەولاوە دەرزەنە فانیلەکەی کە هێناوتە، بیخەرەوە جێگەی خۆی.

ڕێککەوتین لەسەر ئەمە و بەو شێوەی سەرەوە بەبێ ئەوەی مامەی دوکاندار هەست بە هیچ شتێك بکات، دەرزەنە فانیلەکانی لە جێگەی خۆی دانایەوە.

لەم تەمەنە گرنگەی ژیانمدا و لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنمدا بووم، بێداریی ئیسلامیی لە هەڵەبجە و شارەزوور لە پەرە سەندندا بوو، لەگەڵ ئەو بێداریە ئیسلامیەشدا پێشمەرگەی هێزە کوردستانیەکانیش سەریان هەڵدابویەوە و جێگەی سۆزی خەڵکی دەڤەرەکە بوون.

منیش لەو تەمەنەدا وەك ئاکارێکی تایبەتی خۆم، وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆکرد، حەزم بەوە دەکرد هەر دیاردەیەك ببینم هۆکاری دیاردەکەش بزانم.

بۆیە هاتووچۆی مزگەوتەکانی ئەو ناوچەیەم دەکرد و بەشداریی کۆڕ و کۆبونەوەکانی مزگەوت و بۆنە ئاینیەکانم دەکرد تا بزانم چ باسە.

ڕۆژێك لەو ڕۆژانە و لە یەكێك لە مزگەوتەكانی شارۆچكەی سیروانی سەر بە هەڵەبجەی شەهید، برایەك (ئیبراهیم محەممەد یان جەمال كاكەبرا) پێی گوتم: بۆ تۆش قورئان ناخوێنیت لای م.حەبیب محەممەد سەعید؟

گوتم: ئەگەر قورئان خەتم بكەن ئەوا بەشداریی دەرسەكەتان دەكەم؟

پاش ئەوەی بەشداریی وانەكەم كردن و لەگەڵیاندا دانیشتم، پرسیم: مامۆستا ئێوە بەردەوام دەبن تا قورئان خەتم ئەكەن؟

لەم نێوانەدا و پێش وەڵامی مامۆستا، دووكەس لەو بەڕێزانە سەیری یەكتریان كردوو زەردە خەنەیەكیان كرد، منیش لە دڵەوە پێم ناخۆشبوو، بەڵام دەرم نەبڕی، مامۆستاش دڵسۆزانە بۆی ڕوون كردمەوە، بەڵاَم ڕوون كردنەوەكەی شوێنەواری بزەكەی ئەوانی هەر نەسڕیەوە، بۆیە نەمتوانی بەشداریی دەرسەكەیان بكەم.

دوای ئەوەی خۆم بە سوود وەرگرتن لە دەنگی قورئان خوێن محەممەد سدیق مەنشاویی دەستم كرد بە قورئان خوێندن، توانیم شارەزابیم لە خوێندنی قورئان بەشێوەیەكی سەرەتایی،(لەبەشی دووەمی ئەم كتێبەدا بەوردیی باسی ئەم بەسەرهاتە كراوە).

لەگەڵ هاتوچۆی مزگەوتیشدا، حەزم لە دەنگ و باسی چالاكیەكانی پێشمەرگەی كوردستان دەكرد، بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە جیاوازیی سیاسی لایەنەكان، چەن كەس لە خوشكەزا و برازاكانم ئەندامی ڕێكخستنی پارتیی بوون و ئەوان چالاكییان

دەكرد و لەبەر كزیی خوێندەوارییەكەی خۆیان، بێئەوەی ئەندام بم لەلایان و لەسەر داوای ئەوان بۆم دەكردنە ڕاپۆرت و دەیان نارد بۆ سەرووی خۆیان، تا كار گەشتە ئەوەی بیرم لە پەیوەندیی كردن بە هێزی پێشمەرگەوە دەكردەوە، بەڵام لەوەدا تێرامابووم كە ئایا لە بنەڕەتەوە پەیوەندیی بەكامە حزبەیانەوە بكەم، یان دوای بڕیاردان، پەیوەندیی بە بەشی ڕێكخستنەكانیانەوە بكەم، یان بە بەشی سەربازیی و یەكینە چەكدارەكانیانەوە؟ ئەم بێنە و بەرەیە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨١ ـ ١٩٨٢ دابوو.

بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لەچەند جار پرسیارم دەكرد لە خەڵكی شارەزا، ئایا بەشی ڕێكخستن و بەشی سەربازیی كامیان كاریگەرترن و خزمەتی كام بەشیان بەسوود ترە؟ چوونكە هەستم بەوە دەكرد واباشە لە بوارێكدا كار بكەم هەم بگونجێ لەگەڵ خواست و توانامدا و هەمیش بەرهەمی ببێت.

بۆ ئەوەی ئەگەر پەیوەندیی بكەم، هەوڵەكانم جێگەی خۆیان بگرن و خەریك نەبم بە بوارێكەوە كە توانا و لێهاتنەكانم بەفیڕۆ بڕوات.

دواجار بڕیارم هاتە سەر ئەوەی پەیوەندیی بكەم بە بەشی ڕێكخستنی پارتیەوە، بۆ ئەو مەبەستە بە هاوكاریی كاك وەهاب ئەمینی برازام دەمەو ئێوارەیەك، لە شارۆچكەی سیروانەوە، خۆم گەیاندە یەكێك لە لادێكانی شارەزوور(خێڵی حەمە) تا لەسەر مەوعید، شەو یەكینەی چەكداری ئەو لایەنە بێت و من و ڕابەرە سیاسیەكەیان یەكتر بناسین و بە فەرمیی پەیوەندیی بكەم،

بەڵام قەدەر ئاراستەی چیرۆکەکەی گۆڕیی، هەر ئەو شەوە کە لەو گوندەدا لە ماڵی کاك ئەمینی براگەورەم میوان بووم، باسی م.سەلاحەدین محەممەد کەوتە ناو باس، کە ساڵی ڕابردووی خوێندن لەو گوندەدا مامۆستا بووە و قورئانی فێری خوێندکارەکانی کردوە و لە کۆتایی ساڵیشدا قوتابیەکانی بە سەرپۆش و قەڵەم و قورئان، خەڵات کردووە.

بەگێڕانەوەی ئەو بەسەر هاتە، دیسانەوە شەپۆلی بیر و بۆچونەکانم بەرەو مزگەوت و تەوژمە ئیسلامییەکە گەڕایەوە و دەست بەجێ بڕیارم دا، ئەگەر ئەم شەو تێپەڕێنم، ئەم ئاراستەیە نەگرم و بڕۆمەوە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی مزگەوتەکاندا پەیوەندیی ببەستم و هەوڵەکانم لەو بوارەدا بخەمە گەڕ، بۆیە بێ ئەوەی هیچی بۆ باس بکەم، گوتم: کاکە وەهاب، من دەخەوم، ئەگەر جەماعەت هاتن خەبەرم مەکەرەوە، بەڵام ئەو لەگەڵ هەموو سەگ وەڕێك و دەنگ و جووڵەیەکی نامۆدا، کورکەی دەکرد و ڕادەپەڕی بۆ دەرەوە.

ئەو شەوە نەهاتن، بەیانیی گەڕامەوە بۆ شارۆچکەی سیروان و پەیوەندیم لەگەڵ مزگەوتدا زیاد کرد و یەکێك لەو کەسانەی کە بەڕەوشتی جوانی سەرنجی ڕاکێشام، م.سەباح مەلاڕەحیم بوو کە بەلای منەوە نموونەی ڕەوشتی بەرز بوو.

پاش چەند مانگێك و گەڕانەوەمان بە ماڵەوە لە شارۆچکەی سیروانەوە بۆ شارۆچکەی خورماڵ، ڕۆژێك لەگەڵ هەمان ئەو برازایەمدا کە هاوتەمەن و هاوڕێ بووین، لە بازاڕی هەڵەبجەدا

دەگەڕاین، لە کتێبخانەی سەلاحەدین (ئەودەم تەنها دوو دووکانی کتێب فرۆشیی لە هەڵەبجەدا هەبوون، ئەم و دووکانێکی تر لە سەرەتای بازاڕەوە)، دڵم چوو لە قورئانێك کە چاپی سعودیە بوو، بە قەبارەی باخەڵیی چاپ کرابوو، سەرەڕای ئەوە کە لەبەر بێ دەستنوێژیی نەم دەتوانی قورئانەکە هەڵگرم، داوام کرد لە هاوەڵەکەم و گوتم: من هەدیەی دەکەم بێزەحمەت بۆم هەڵگرە تاماڵەوە، ئەویش دڵی نەشکاندم و یارمەتیی دام.

پاش گەڕانەوە و حەمام کردنم، چووم بۆ مزگەتی عوسمانی کوڕی عەففان، لەوێ کاك عەرەب ئەمین و ڕەحمەتیی عەبدوڕەحمان محەممەد، خەریکی وانە وتنەوە بوون لە مزگەوتەکەدا و لەلای کاك عەبدوڕەحمان محەممەد دانیشتم وگوێم لێ گرت، لەکتێبی (سەرەڕێی کاروانی باوەڕ) دا باسی موسڵمان بوون و ژیاننامەی عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهلی دەکرد.

بەباس کردنەکەی سەرنجی ڕاکێشام و لەکۆتایی وانەکەدا، داوام کرد ئەو کتێبەم بداتێ خۆم بیخوێنمەوە، ئەویش گوتی: کاك ئیبراهیم وادیارە خوا هیدایەتی داویت؟

هەرچەندە قسەکەم پێ ناخۆش بوو، بەڵام هەر سوور بووم لەسەر داواکردنی کتێبەکە و ئەویش هەوڵی دەدا کتێبەکەم نەداتێ و بەشداریی دەرسەکان بکەم باشترە، بەڵام گوتم: پێم خۆشە خۆم بیخوێنمەوە، دواجار کتێبەکەی پێدام و لەماوەی سێ ڕۆژدا، سێ جار لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێندمەوە و دامەوە بە کاك

عەبدوڕەحمان، ئەوە یەکەم نووسـراو بوو لە مێژووی ئیسـلامیدا خوێندمەوە.

پـاشـــان کـاك عـەرەب ئـەمین کاریگەریی هەبوو لەســـەرم و لە ڕێگەی ئـەوەوە و لـە کۆتاییەکانی ســـاڵی ١٩٨٢ بەڕێکخســـتنی برایانی موســـڵمان ئاشـــنا بووم و بـە فـەرمیی بوومـە ئـەندامی ڕێکخستنی برایان (إخوان).

چیرۆکی پەیوەندیی کردنەکەم دوورودرێژە، کورتەکەی ئەمەیە:

پاش گوزەراندنی نزیکەی ساڵێك لە بەشداریی چالاکییە گشتیەکان و دانیشـــتن و کۆبوونەوە تایبەتەکانی ڕێکخســـتن و خوێندنەوەی چەندین نامیلکە و کتێبی دەسنیشـانکراو، دواجار شەوێکی زستانی ســـاڵی ١٩٨٢ لەســـەر وادەی دیاریکراو بە میوانیی لە ماڵی کاك عـەرەب ئـەمین لـە هەڵەبجە مامەوە، ئەو شـــەوە کاك عەرەب بە فەرمیی و بەڕاشـــکاویی بۆی باس کردم و ئاراســـتەی کردم ببمە ئەندام لە ڕێکخستنی برایانی موسڵماندا و مەرجەکانی ئەندامیەتیی بۆ بـاســـکردم و باســـی ئابوونەی ڕێکخســـتنی بۆکردم و منیش ئامادەییم نیشاندا و لەوێوە بوومە ئەندام.

## یەکەم دەرکەوتنی گەنجانەم...

لـە ئـاهـەنگێکی یـادی لـەدایك بوونـی پێغـەمبـەردا کـە لـە مزگـەوتـی عوسـمانی کوڕی عەفان لە خورماڵ سـاز کرابوو م.شـێخ سـدیق سـەرگەتیی هەڵسوڕێنەری ئاهەنگەکەبوو، بەناوی لاوێکی خوێن گەرمەوە پێشـکەش و بانگهێشـتـی سـەکۆی ئاهەنگەکەی کردم و منیش بە پارچە هەڵبەستێکی م.کرێکار بە ناونیشـانی: (دەزانن بۆ مەروان حەدید پەت ئاڵێنرا لەگەردنی)، کە هەڵبەستێکی شـۆڕش گێڕانـەبوو و بـەشـێك بوو لـەدیوانـە شـیعری (ژانی بوون)، بـەشـدارییی ئـاهـەنگەکـەم کرد و مـایەی بایەخی ئامادەبوان بوو، بـەڵام دوایی گلـەیم لێ کرا کـە بۆچی بێ پرسـی ئـەمیرەکـەم بەشـداریم کردووە، (لە بەشـی دووەمی ئەم کتێبەدا بە درێژیی باسی ئەو یادەوەریەم کردووە).

چوونکە لەو دەمەدا و لەو ڕێکخسـتنەی ئێمەدا، دەبوو بۆ هەموو کـارێکی گـەورە و بچووك، پێش هـەنگـاو هـەڵگرتن، پرس و مەشـوەرەت بکرابا، تەنانەت کامێرایەکی فۆتۆگرافم کڕیی بوو بە دوانزە دینار، تەنها لەبەر ئەوەی پرسـم نەکردبوو، بە فەرمان و بڕیار فرۆشتمەوە بە نۆ دینار! لێرەدا هەر ئەمەندە لەسەر تەمەنی منداڵیم دەڵێم، چوونکـە لـە بڕگـەکـانی تردا و لـە هـەرجێگـەیـەکدا پێویسـت بووبێت قسـەم لەسـەر کردوەتەوە، تەنها تیشـك دەخەمە سـەر قۆناخەکانی خوێندنم کەلە شـوێنی تردا باسـم لەو بارەیەوە نەکردووە. تا پۆلی پێنجی سەرەتایی لە گوندی گوڵپ خوێندوومە، ئەو سـەردەمە تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سـەدەی بیست، سـەردەمی

شۆڕشی ئەیلول بوو، واتە: کورد و حکومەتی عێراق لە جەنگدا بوون.

بەو هۆیەوە کاتێك من پۆلی سێی سەرەتایی بووم، خوێندنگەی گوندەکەمان، لە گوندی گوڵپەوە، گوێزرایەوە بۆ گوندی باخەکۆن، ئەو زستانە لەوێ خوێندمان، قوتابخانەکە لە خانوێکدا بوو نزیك مەزاری شێخ حسامەدین.

لەبەر سەرماوسۆڵە و سەختیی هاتوچۆ، وازم لە خوێندن هێنا، لە کۆتایدا ئەو ساڵە بە خوێندن ئەژمار نەکرا.(لە کتێبی گوندی گوڵپ ناساندن و سەرەداوێکی مێژوویی) دا باسێکم لە هۆکار و شێوازی وازهێنانەکەم لە خوێندن کردووە.

پۆلی شەشی سەرەتایی و یەکی ناوەندیم لە خورماڵ و دوو و سێی ناوەندیشم لە شارۆچکەی سیروان و دواتر سێ ساڵ ئامادەیی پیشەیی نەخۆشەوانیم لە سلێمانی خوێندوە، دواتر لە ئێران و عێراق زانستە ئیسلامییەکانم خوێندوە و بڕوانامەی زانستیم لەسەر دەستی ڕەحمەتیی م.سەی نەجمەدین وەرگرتووە، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٦ - ٢٠١٠ کۆلیژی مەعرفەم لە موسڵ خوێندووە، لە زانکۆی کوردستان لە شاری سنەش وەرگیرام بۆ خوێندنی ماستەر، هەلومەرجی سیاسی ڕێگەی نەدا تەواوی بکەم.

لە دونیای خوێندنەوە و نووسینیشدا سەرەتا بە خوێندنەوەی نامیلکە و ڕۆژنامە دەستم پێکرد، دواتر سحری خوێندنەوە ڕای کێشامە ناو دونیا بەرین و بێبنەکەی خۆیەوە، هێندە ڕۆ چووم

دواتر خەڵك پێیان دەگوتم: تۆ نووسەری، بەڵام خۆم پێم خۆشە، خوێنەر بم.

## تەواوکردنی خوێندن و هاوسەرگیریی و دامەزراندنم لە دەربەنیخان...

ساڵی خوێندنی ١٩٨٥-١٩٨٦ دوا ساڵی خوێندنم بوو، لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٦ ئامادەیی نەخۆشەوانیم لە سلێمانی تەواو کرد و لە ١٩٨٦/٦/١٥ هاوسەرم گرت و لەگەڵ خاتو عەفیفە مەحمود ماڵمان لە شارۆچکەی سیروان پێك هێنا و دواتر ماڵمان گواستەوە بۆ خورماڵ و دواتر چووینە هەڵەبجە و لەوێشەوە بۆ دەربەنیخان، ئەم ماڵ گواستنەوە و بارکردنانەی باسیان دەکەم بەهۆی تۆپبارانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانەوە بوو.

یەکەم دامەزراندنم لە مەڵبەندی تەندرووستیی دەربەنیخان بوو، هەوڵی زۆرمدا بۆ گوێزانەوەی دەوامەکەم بۆ هەڵەبجە و شارۆچکەکانی دەوروبەری، بەڵام هەوڵەکانم بێ ئاکام مانەوە.

لەبەرواری ١٩٨٦/١٠/١ پەیوەندیم کرد بەکاری فەرمیی لە مەڵبەندی تەندرووستیی دەربەنیخان و بە ناچاریی ماڵیشم لە هەڵەبجەوە گواستەوە بۆ دەربەنیخان.

ئەوکاتە شاری دەربەنیخان بەشێوازێك بوو، دەسەڵاتی بەعسیەکانی بە تەواوەتی بەسەردا زاڵ کرابوو، هەرکەس

نەیاریان بوایە لەو شـــار و ســـنورەدا حاڵی خراپ دەبوو، منیش چوونکە خاوەن بیری ئیســـلامیی و ئەندامی ڕێکخســـتنی ئیخوان بووم، زۆر بەلامەوە قورس و نائاســـایی بوو لەو شـــارەدا بژیم، بـەڵام لـەبـەر ئـەوەی تـەعین بوون و دامـەزرانـدنـەکـەم لـەبری سـەربازیی لێ وەردەگیرا و ئەوکاتەش گەرمەی جەنگی عێراق - ئێران بوو، دامـەزرانـدنـەکـەم یـەکســـان بوو بـە لـەکۆڵ کـەوتنی ئەرکی ســـەربازیی بۆ ماوەی یەك ســـاڵ، بۆیە لام بە بایەخ بوو و پەیوەندیم پێوەکرد.

لە ســـەرەتاوە کاك عەرەب ئەمینم ئاگادار کرد کە لە دەربەنیخان ناوم دەرچووە، چی بکەم، بچم یان نا؟

ئەویش گوتی: بابچینە لای م.حەسـەن شەمیرانیی، بزانین ئەو چی دەڵێت، چووینـە مـاڵـەوەیان، ئەو کات ١٩٨٦/٩ماڵیان لە گەڕەکی بەنزینخانەی هەڵەبجە بوو؟

باســـەکەمان کردەوە، مامۆســـتا پێی خۆش بوو دەســـتبەکاربم لە دەربەنیخان لەبەر چەند هۆکارێك:

ـ وەك فەرمانبەرێکی ئایین پەروەر بکەومە کارەوە، کەمێك باسی ئەوەی بۆ کردم کە کۆمەڵگە پێویســـتی بە ئێمەیە و پێویســـتە خزمەت بکەین.

- چوونکە خۆی پێشـــتر لـە دەربـەنیخـان مـامۆســـتـای نـاوەندیی بووبوو، هەندێ بناغەی کاری ئیسلامیی داڕشتبوو، کەمێ ئیشی لـەســـەر چـەن کـەســـێك کردبوو، پـاش دەســـتگیرکردنی و ناچارکردنی، ئەوێی بەجێ هێشـــتبوو بەرەو هەڵەبجە، بە ئومێدی

ئـەوەی من بتوانم ئـەو بنـاغـەیـە بپارێزم و درێژە بە کارەکەی ئەو بدەم.

- کـەمیی کـادیری ئیخوانیی لـە نـاوچـەکـانی تری کوردســـتاندا و کەڵەکە بوونی ئەندامان و هەڵســوڕاوە ئیســلامیە ئیخوانییەکان لە هەڵەبجە و ناوچەکەدا.

لەبەر ئەم هۆیانە دەســتخۆشــیی لێ کردم و پێناســەیەکی وردی دەربــەنیخـانی بۆ کردم، هــەنـدێ لـە بیرەوەریـەکـانی خۆی بۆ باسکردم و ناوی چەند برایەکی پێ گوتم،

ڕای ســـپـاردم چۆن بژیم و پـەلـە نـەکـەم لـە ئیش کردن وکـاری ڕێکخســتندا، نامەیەکی نووســی بۆ کاك محەممەد مەحمود، کە بەکاك محەممەدی خەیات، ناســرابوو، دوکانێکی بەرگ درووی هەبوو بەناوی: بەرگ درووی ڕێبین، نامەکەم برد بۆ دەربەنیخان و دووکـانـەکـەم دۆزیـەوە، کـاك ئـارام ئـەحمەد لەوێ بوو، هەواڵی کاك محەممەدم پرسیی، نەهاتبوو، نامەکەم دانا و چووم بۆ دەوام، دواتر ســـەرم دایـەوە، کـاك ئـارام هـات لـەگـەڵمدا بۆ مـاڵی کـاك محەممەد، شایانی گوتنە هەڵسوکەوتی جوانی کاك ئارام سەرنجی ڕاکێشام.

کە گەشــتینە ماڵی کاك محەممەد، لەو کاتەدا ڕیشـــی دەتاشـــی، نامەکەمان دایە دەستی و خوێندیەوە، لایەکی ڕیشـی تاشـیبوو، بە خاولیکەی دەســی ســڕیی و هەســتا گوتی: مادام لەلای مامۆســتا حەســەنەوە هاتووی با ماچ ماچێنێك بکەین، (لە بەشـــی دووەمی ئەم کتێبەدا، وردتر باسی ئەم دیدارە کراوە).

پاشان مۆڵەتی کاك ئارامەمان دا و باس و خواسی خۆمانمان کرد کە من دێمە ئێرە و ئەوە ئیش وکارمە، هاوکاریی زۆری کردم سوپاسی دەکەم.

کاك محەممەد وکاك تەوفیق محەممەد ساڵح خانوە بچکۆلەیەکیان بۆ پەیدا کردم و ماڵم گواستەوە، لەسەرەتاوە لە دائیرەی ئەمنەوە بانگ کرام، ئاگاداربوون بەهاتنم بۆ دەربەنیخان و تەنانەت ناونیشانی ماڵەکەشمیان دەزانی، هەندێ پرسیاری وردیان لێ کردم و فۆرمی زانیاریی و ناونیشانیان پێ پڕکردمەوە.

پاش ماوەیەك کە خەڵکم ناسیی و شارەزای هەلومەرجەکە بووم، کاك محەممەد ئەحمەد کە ئەوکاتە قوتابیی زانکۆ بوو، سەردانی کردم و داوای هاوکاریی و ئیشکردنی لێ کردم ، گوتی: ئەگەر ئیشی ڕێکخستنمان لەگەڵ بکەیت خانووێکی گەورەت بۆبەکرێ دەگرین و یارمەتیی تەواوت دەدەین.

لەوەڵامدا تێم گەیاند کە ئیشەکەی تۆ دروستە، بەڵام من ڕێنموونیی لە م.حەسەن وکاك عەرەب ئەمین، وەردەگرم، ئەوان بەو شێوازە داوای ئیش ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوام لێدەکەن پەلە نەکەم لە چالاکیی ڕێکخستندا.

بەرەبەرە برا دێرینەکانم دەناسی و تێکەڵاویم دەکردن کاك محەممەدی خەیات قوتابی پەیمانگەی مامۆستایان و کاك عادل نوری سەرباز و کاك مەجید حەمەساڵح وکاك حەمەعەلی برای لە موسڵ قوتابی زانکۆ بوون کەم دەهاتنەوە دەربەنیخان.

یەکەم ئوسرەی ڕێکخستنم لە ڕەحمەتیی کاك حەسەن ئاوارە و کاك محەممەد حەمە سالْح، پێك هێنا و یەکەم کۆبونەوەمان لەماڵی کاك حەسەن کرد.

هەل و مەرجەکە زۆر خراپ و نالەبار بوو، خەڵك زۆر دەترسان و چاوترسێن کرابوون، سۆفیەکان زۆر ڕقیان لەڕەوتی ئیخوانی بوو، سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم: هەندێ کەسیان چاودێریشیان دەکردین، لەبەر ئەم حاڵەتانە و چەندینی تریش، هەرکەس لەو چەند برایە نزیك بکەوتایەتەوە، خەڵك دەیگوت ئەمانە جەماعەتی مەلا حەسەن و حزبی دەعوەن، کە ئەوکاتە حزبی دەعوەی شیعە، سەربە ئیران لەقەڵەم دەدران و خوێنیان بەلای بەعسیەکانەوە حەڵاڵ بوو.

ئەو برایانەی کە قسەم لەگەڵدا دەکردن بۆ پێکهێنانەوەی ڕێکخستن، دەیان گوت: بەمەرجێك ئامادەین پەیوەندیمان ببێت، کە لەلای کەس باسمان نەکەیت، منیش دڵنیام دەکردن.

جارێك کاك محەممەد ئەحمەد لە خەستەخانە و لە کاتی دەوامدا سەردانی کردم، دوایی سەرئێشە و ناڕەحەتیی زۆرم تووش بوو بە بۆنەی ئەو هاتنەی ئەوەوە، یەکێك لە کارمەندەکان سەربە ڕەوتی کۆمەڵە بوو دەیگوت: ئێوە حزبی دەعوەن و ئەم کابرایە لە جنوبەوە هاتوەتەوە و تەوجیهاتی بۆ هێناوی، پیاو چاکێکیش لەوێ کارمەند بوو لێی تووڕە بوو و گوتی: ڕۆڵە ئەزانی ئەم قسانەی تۆ چەن مەترسیدارن بۆ ئەم کوڕە داماوە، ئەگەر ناحەزێك بیان بیسێت؟

ئەوکاتە دەربەنیخان ناوەندی گەورەی دەزگا سەربازیی و سیخوڕیەکانی حکومەتی حزبی بەعسی عێراقی لێبوو.

بەعسیەکان زاڵ بوون بەسەر شارەکەدا و کەس بە ئاسانیی نەیدەتوانی ڕکەبەرایەتیی و سەرپێچییان بکات.

لەگەڵ کاك عوسمان فەرەج وەك دووکەسی غەریب لەوێ بووین بە تایبەت من کە ماڵیشم بردبوویە ئەوێ، زیاتر کەوتبوومە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو تێکەڵاویی ئەو کەسانەم دەکرد کە بەلای ئەوانەوە گومان لێ کراو بوون، وەك بەڕێزان محەممەد مەحمود و تەوفیق حەمە ساڵح و براکانی کاك تەوفیق و کاك حەسەن ئاوارە.

کاك محەممەد ئەحمەد، ئەوکاتە لە هێڵێکی جیا لە هێڵی ڕێکخستنی ئێمە ئیشی دەکرد و لە دەربەنیخاندا تەنها کاك تەوفیق حەمە ساڵح تەوجیهاتی لەو وەردەگرت.

لە دەربەنیخان و لە دوکانەکەی کاك محەممەد مەحمود فێری بەرگدروویی بووم، کاك عادل نامق یارمەتیی زۆریدام بۆ فێر بوونی خەیاتی.

پاش چوارمانگ دەوام کردنمان بەهۆی ئەوەوە کە من و کاك عوسمان فەرەج ناومان لە تیمێکی پزیشکیدا دەرچوو تا بۆ ماوەی یەك هەفتە بەشداریی بەرەکانی شەڕی عێراق ـــ ئێران بکەین، ئێمەش ئامادەی بەشداریی کردن نەبووین، لە ١٩٨٧/٢/٢دا بەنهێنی و پچڕ پچڕ ناوماڵەکەم بەرەو هەڵەبجە دەرکرد، لەو کارەشدا ڕەحمەتیی م.ئیبراهیم ڕێشاویی و کاك حەسەن

حـەمەئەمین، هاوکارییان کردم، هەردوکیان ئۆتۆمۆبێلیان هەبوو، ماڵمان گەڕایەوە بۆ سـیروان/دوجەیلە و وازم لەدەوام هینا، بەڵام هێشـــتا قاچاغ نەبوو بووم و تا مانگی ١٩٨٧/١٠ ئەمتوانی هات وچۆ بکەم.

ئـەو کاتە شـــارۆچکەی ســـیروان زۆر ئاوەدان و قەرەباڵغ بوو، هـەرچـەندە ناوبەناو بۆردومانی تۆپی ئێرانی لەســـەر بوو، بەڵام هەر کەڵکی نیشتەجێبونی پێوە مابوو.

لە ســـیروان دوکانێکی خەیاتیم دانا و کەم کەمیش خەریکی کاری تـەندروســـتیی و دەرزی لێدان دەبووم، (زۆربەی ئەم بابەتانە کە لێرە بـە کورتیی ئاماژەم پێداون، لە بەشـــی دووەمی ئەم کتێبەدا، بەوردیی باسم لێوە کردوون) .

## ڕاپەڕینی هەڵەبجە و شارۆچکەکانی دەوروبەری...

لە بەرواری ١٩٨٧/٥/١٣خۆپیشـــاندان و تەوژمێکی ڕزگاریی خوازانـە(یان ڕاســـتر بڵێم هـەڵگـەڕانـەوە بـەڕووی ڕژێمدا) لەو نـاوچەیەوە بەرپابوو، ســـەرەتای خۆپیشـــاندانەکە لە هەڵەبجەوە دەســـتی پێ کرد، لـە مزگـەوتـەکـانەوە بانگەوازی ســـۆز هەژێن دەوترا و خـەڵکیش لـەنـاو شـــاردا پـەلاماری دەزگا و بارەگاکانی ڕژێمیان دا، هـەرچـەنـدە هـەواڵ هـەبوو ئـەم ڕاپـەڕینـە چـەپـەکـان هەڵیان گیرســـاندوە، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا مۆرکی ئیســـلامیی وەرگرت و شـــارۆچکـە و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری هەڵەبجەی وەك: زەمەقی، سیروان، خورماڵ، سەی سادق و دەورووبەریانی گرتـەوە و هـەنـدێـك دامودەزگـا و بـارەگـاکـانی حیزبی بـەعس دەستیان بەسـەرداگیرا و هەندێکیشیان بەبۆنەی هێزی سەربازیی و هۆکـاری پـارێزگـارییـەوە، خۆیان پاراســـت، تا هێزی هەوایی عێراق، کۆپتـەری هـەڵســـاند و کـەوتنـە هـاتوچۆ بـە ئـاســـمـانی ناوچەکەدا.

ئـەو کـات م.مـەلا ئـەحمـەد کـاکـەمـەحمود ماڵی لە ســـیروان بوو، زۆربەی ئەو چەکدارانەی لە ســـیرواندا بەشـــدارییان کردبوو و هەڵگەڕابوونەوە بەڕووی ڕژێمدا، لە دەوری ئەو خڕبوونەوە.

پاش چەند بەرەنگارییەکی کەم، کۆپتەرەکان هاتنە سـەر ئاسمانی ســـیروان و خورمـاڵ و هـەڵـەبجـە و دەوروبـەریـان و ڕێگاکـانی نێوانیان، بەشـێوازێکی زۆر دوژمنکارانە کەوتنە دەسـڕێژکردنی نـاوچـەکـە بـەگشـــتیی و لـە هـەر جێگـایـەکدا جوڵـەیـەکیـان بـەدیی

بکردایه چ به پیاده و چ به ئۆتۆمۆبێل یان به وڵاخ، موشەك باران و تیر بارانیان دەکرد و ژمارەیەکی زۆر له خەڵکی ناوچەکەیان کوشت و بریندار کرد.

یەکێك لەو قوربانیانه کاك حەمه شەریف، خەڵکی گوندی جەلیلەی نزیك هەڵەبجه بوو، کارمەندی مەڵبەندی تەندرووستیی سیروان و یاریدەدەری پزیشك بوو، کاتێك ڕاپەڕین بەرپابوو ئەو دەیویست به پیاده به دەشتەکەدا بەرەو گوندەکەیان بگەڕێتەوە، هاته ماڵی ئێمه و پرسیاری له من کرد، ڕام چییه لەوبارەوە؟

منیش دەمزانی که چەند (ڕەبیئە) یەکی جاشەکان ماون و زرێپۆش و سەربازی عەرەب هاتبوونه لایان و چاودێریی هەرچەشنه جموجوڵێکیان دەکرد له دەوروبەری سیروان و له سەر ڕێگای سەرەکی سیروان هەڵەبجه وەستابوون و دووربینیان دەگرت، دەمزانی ئەگەر دەرچێت تووشی کێشەیەك دەبێت، بۆیه داوام لێ کرد له ماڵی ئێمه بمێنێتەوە، تابزانین بارودۆخەکه بەرەوکوێ دەچێ.

پاش ماوەیەك حەزی کرد سەردانی کاك دڵشاد بەڵخەیی هاوڕێی بکات، مۆڵەتی له من وەرگرت و چوو بۆلای کاك دڵشاد، بەڵام مەخابن له ڕێگەیدا بەرەو ماڵی کاك دڵشاد، بەهۆی دەستڕێژێکی کۆپتەرەکانەوە گیانی سپارد و بەڕەحمەتی خوا چوو، یەکێکیتر له قوربانیانی ئەوڕۆژە، خوشکێکی خۆم بوو دواتر باسی دەکەم.

تا نیوەڕۆ بۆردومان و دەسڕێژکردنی کۆپتەرەکان بەردەوام بوو، لە پاش نیوەڕۆ کۆپتەرەکان بە بڵندگۆ بانگەوازیان بە ئاسـمانەوە دەکرد و هەوڵی هێمن کردنەوەی خەڵك و بارودۆخەکەیان دەدا.

تا عەسری هەمان ڕۆژ کۆنترۆڵی ناوچەکەیان گرتەوە دەست و کەسانی دیار و بەشدار لە ڕاپەڕینەکەدا بەرەو دەشت و شوێنە دوورە دەستەکانی ڕژێم و شەو بەرەو سنورەکانی ئێران هەڵهاتن.

لە ١٩٨٧/٥/١٥ و پاش ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە سنوردارە لە قەزای هەڵەبجە و شـارۆچکەکانی دەوروبەری، ژمارەیەك لە دانیشتوانی ناوچەکە بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵهاتن و ئێمەش یەکیك بووین لەو کۆچکەرانە کە بەهاوڕێیەتی ژمارەیەك لە دۆستان و برادەران کە زۆربەمان بە خێزانەوە دەرچووین، کاك عزەت وکاك مەهدی برام و کاك یەحیا عەبدوڵڵا و کاك عەبدوڵڵا حسێن و کاك عومەر عەلی محەممەد وکاك حەمزە سـەعید و چەن ماڵێکی تر، هاو سـەفەر و هاوڕێ بووین، خوشـکێکی گەورەم بەناوی حەفسـە، کە خاوەنی مێرد و ماڵ و ژمارەیەك منداڵ بوو، لە ئاکامی دەسـڕێژی کۆپتەرەکانی ڕژیمەوە بریندار بوو، گوللەیەکی دۆشکە دای لە پشتی و لە سکیەوە دەرچوو، تا عەسر خۆم بەردەوام تەداویی و فریاکەوتنی سەرەتاییم بۆ دەکرد و دواتر کاك مەهدی و کاك حاجی غەفوری هاوسـەری و کاك فەتاحی کوڕی، گواستیانەوە بۆ هەڵەبجە و لە خەستەخانە وەفاتی کرد، تەنها یەك ڕۆژ لە پرسەکەیداماینەوە و پاشان پرسە و شار و ماڵمان بەجێ هێشت.

هەركات باس لە هەڵاتن و ئاوارەبوون دەكرێت دیمەنی خێزانم و ئەو دەیان حاڵەتەی هاوشـێوەی ئەوم دێتەوە پێش چاو كە لەو كۆچەدا سـكی حەوت مانگ بوو، چەندە نارەحەت و بە چ شێوازێك گەیشتە سەر سنور، كە خۆی لە خۆیدا گێڕانەوەیەكی تایبەتی دەوێ.

ئەم ڕەوەی ئێمە و خەڵكی ناوچەكەش، هەڵهاتن بوو لەو كەشـە تۆقێنەرەی كە بەهۆی شەڕیی چەند ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و ستەمی لەڕادە بەدەری دەسەڵاتی بەعس، تەنانەت لێكدانەوەی ئێمە وەك ڕێكخستنی ئێخوان وابوو ئەم چەشـنە كۆچ و ڕەوە لە خانەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو سـیاسـەتی قڕكردنەدا بوو كە حزبی بەعس دژ بە گەلی كورد پەیڕەوی دەكرد، واتە: كۆچمان دەكرد بۆ دەرباز بوونی نەتەوەیەك لە قڕكردن و جینۆساید.

دیارە ئەم لێكدانەوە سـتراتیژیە قوڵە لای خەڵكی ئاسـایی نەبوو، بەڵكو خەڵكی ئاسـایی لەترسـی گیانی خۆی و جگەرگۆشـەكانیدا ڕەوی دەكرد، كە بڕیارەكەی ئەوانیش دواجار دەڕژایە هەمان خانەوە كە هەڵهاتن لە ستەم و دەربازكردنی گەلێك بوو لە فەوتان و تیاچوون .

# خاڵی سەرسنوور و چوونە ناو ئێران...

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ پاش نیوەڕۆ لە خاڵی سنوریی (قەڵاوخانی) یەوە گەشتینە ناو خاکی ئێران، پاسدارێکی ئێران، کە خەڵکی گوندی (دەرەوکیێ) ی ئێران بوو، هەندێ ڕێنمایی گشتیی پێداین، ڕێنماییەکانی جێگەی پێزانین بوون.

لەگەڵ ئەو برادەرەدا پاسدارێکی فارسیش لەوێ بوو پێکەوە ئەرکی پاراستنی ئەو خاڵە سنورییەیان لە ئەستۆدابوو، پاسدارە فارسەکە کەمێ بەفری خوارد، هەرچەندە لەبەر ئەوەی لە سەفەردابووین خۆشمان بەڕۆژوو نەبووین، بەڵام هەر لامان بوو بە جێگەی پرسیار کە چۆن پاسدار و پاسەوانی سنوری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕۆژوو نییە؟

پاسدارە کوردەکە لە وەڵامدا گوتی: ئەمانە شیعەن، ئێوە شیعە ناناسن، ئیمامیان فەتوای بۆ داون هەر کە لە ماڵ دەرچوون نوێژ کورت دەکەنەوە و ڕۆژووش ناگرن.

پاش کەمێك حەوانەوە لە سەر سنوورەکە، خواردنی ئامادەکراومان پێ بوو، لە کەش و هەوایەکی ساز و فێنك و سەرنج ڕاکێشی دڵڕفێنی کوێستانیدا و بەرامبەر هاژەی بەفراو و قاسپەی کەوەوە، بەڵام بەدڵێکی پڕ حەسرەت و خەفەتەوە، کەمێ خواردنمان خوارد، دیمەنێکی تری ناڕەحەتیەکانی خێزانم ئەوەبوو کە یەکەم پارووی خوارد خەوی لێ کەوت، پاش نیو سەعات حەوانەوە کە ویستمان بجوڵێین، خەبەرمان کردەوە .

پێویســـته بڵێم: ماوەی مانەوەمان لە ئێران، چوار ســـاڵ و چوار مـانـگ بوو، واتـە: لە ١٩٨٧/٥/١٨ ـ ١٩٩١/٩/١٥ بەڵام زۆرێك لە یادگاریی و یاداشتم لەسەر ئەو چەند ساڵە کەمە هەیە.

پاش ئەوەی گەشــتینە ناو خاکی ئێران، لە ڕێگەماندا بەرەو خوار بـە پێچـەکـانی قـەڵاوخـانی دا، گـەشـــتین بـە مـەلا تـالب و حاجی مەحمود مســـتەفا کە لە ئێرانەوە بەرەو عێراق دەگەڕانەوە، لێمان پرسین دەنگوباس چییە؟

لە وەڵامدا گوتیان: بەکورتیی دەنگی دەهۆڵ لەدورەوە خۆشە!

بەم وەڵامە کورتە تێگەشتین کە لەوانەیە زۆرێك لە وێناکانی ئێمە بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران خەیاڵپڵاو و وەهم بن.

لـەســـەر کـانیـەکـەی هـەواری قـەڵاوخـانی ســـەروبـەری خـەڵکە ئـاوارەکـە یـەکی گرت و مینیبوســـی ئێرانیـان بۆ ئـامادەکردین بۆ گواستەوەمان بۆ ناو شاری مەریوان.

هەر ئەو ئێوارەیە ١٩٨٧/٥/١٨ هەموو ئەو خەڵکەیان گواسـتەوە بۆ نـاو شـــاری مەریوان، هەرچەندە ئەو شـــارە بەهۆی بۆمبارانی شـەڕی ئەو دەمەی ئێران ـــــ عێراق ەوە چۆڵ کرابوو، بەڵام ئەو خـەڵکـەیـان بردە نـاو قوتـابخـانـەکـانی شـــار و چەند قوتابخانەیەك کرانـە ئۆردوگا بۆ ئەو مەبەســـتە، ئێمە بەر قوتابخانەی ناوەندیی دارســـەیران کـەوتین و چـەندین ماڵ لەو قوتابخانەیەدا بووین بۆ نموونـە: هەشـــتاوپێنج کەس لەیەك هۆڵدا بووین، ماڵی م.ئەحمەد کـاکـە مـەحمودیش یـەکێك بوو لـەو مـاڵانـە کـە لـە قوتـابخـانـەکـەدا بوون، بـەڵام لـەو هۆڵـەدا نـەبوو کـە ئێمـەی لێ بووین، لـەبـەر

قەرەباڵغی، خەڵك پرسیاری شەرعیی جۆراوجۆری بۆ دروست دەبوو، بۆیە لە وەڵام دانەوەی پرسیارێکدا م.ئەحمەد گوتی: ئەبێ هۆڵ و ژوورەکان بە قوماش بەش بەش بکەن بەسەر ماڵەکاندا، ئێمەش زیاتر لە دە ماڵ و چەند کوڕێکی ڕەبەن، لەو هۆڵەدا بووین، بە قوماش هۆڵەکەمان بەش بەش کرد، ماڵی ئێمە و ماڵی کاك مەهدی برام (ئەوکات ئێمە منداڵمان نەبوو، ئەوانیش تەنها کاکە هەردیی و کاکە سوهەییان هەبوو) بەیەکەوە بووین، هۆڵەکە بەهۆی قوماشەکەوە ڕێك وەك تەبەقە هێلکە دەینواند.

یەکێك لە یادگارییەکانی ئەو قوتابخانەیە ئەوەبوو کە بەیانیان زوو هەڵدەساین بۆ نوێژ، لە حەوشەی قوتابخانەکەدا نوێژمان دەکرد، هەرچەندە چەندین ماڵیش چادر و خێوەتیان لەناو حەوشەکەدا هەڵدابوو، بەڵام نوێژکردن لە حەوشەکەدا لە هۆڵەکە خۆشتر بوو، لەو بەرەبەیانەدا دونیا ئارام بوو، گوێمان لە قاسپەی کەو دەبوو کە لە شاخ و گردۆڵکەکانی دەوروبەری شاری مەریوان دەیان خوێند.

# یەکەم دیدار لەگەڵ م.سەلاحەدین محەممەد...

لـە دەمـەو نیوەڕۆی ڕۆژێکی نـاو ئـەو قوتـابخـانـەیـەدا کە بووبوە ماڵ و شوێنی مانەوەمان لە شاری مەریوان دا، کاك عومەرسدیق هـاتـە لام و پێی گوتم: م.ســـەلاح هـاتووە بۆ ســـەردانمـان و پاســـەوانـەکـان نـاهێڵن بێتـە ژورەوە، ئـەبێ ئێمە بچین بۆ بەردەم پەنجەرەکانی ئەو دیو، تاچاومان پێی بکەوێت.

بۆ یەکەم جار بوو بەڕێزی ببینم، کاك عومەر بەیەکی ناســاندین، ئەومان بە هیمەت بەرزیی بینی و گوتی: لەسـەر خۆبن و ماندوو مەبن، لە بڕیاردانددا پەلەمەکەن و چاوەڕوانی تەوجیهات بن پێتان دەگات .

لەم قســانەیەوە تێگەشــتین کە جموجۆڵی ســیاســیی لە ئارادایە و ئەبێت وریا بین.

دوای چەند ڕۆژێك مامۆستا ئایینییە ناودارەکانی سنورەکە م.مەلا عوســـمان، مەلا عەلی برای، مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود و مەلا شــێخ ســدیق ســـەرگەتیی و شــێخ محەممەد بەرزنجی... تاد جموجوڵ و ســـەردانیان دەســـت پێ کرد و هەســـتمان کرد کە ســـەرگەرمی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی چەکدارییین و نزیکترینی ئەو کەســـانە لە ئێمەوە م.مەلا ئەحمەد بوو کە لە یەك قوتابخانەدا دەژیـاین، لێمـان دەپرســـی ئـەم بـاســـە و درووســـتکردنی ئـەم بزووتنەوەیە چۆن دەبێ؟

دەیگوت: هەموو برایان پێکەوە ئەم کارە دەکەین. بەڵام ئێمە لە بەرئەوەی لە سەرچاوەکانی خۆمانەوە هیچ ڕێنماییەکمان بەدەست نەگەشتبوو، دڵنیا نەبووین لەو بارەوە.

م.مەلائەحمەد پەیوەندیی لەگەڵ م.سدیق عەبدولعەزیز هەبوو، لەو ڕوانگەیەوە دەیگوت: هەموو برایان چەك هەڵدەگرن، کاك یەحیا عەبدوڵڵاش هاوڕێمان بوو، پەیوەندیی لەگەڵ هەمان سەرچاوەی م.ئەحمەد هەبوو، ئەویش هەر دەیگوت: ئەگەر م.مەلا ئەحمەد چەکی هەڵگرت، ئەوا هەموومان چەك هەڵ دەگرین و ئەگەر نا چەك هەڵ ناگرین.

لە گەرمەی ئەم مشت و مڕانەدا، نامەیەکی کاك عەرەب ئەمین، گەیشت بە کاك موحسن فایەق، هێنای و لەگەڵ ژمارەیەك لە برایاندا نامەکەمان خوێندەوە و پاش سڵاو و هەواڵ پرسین، ئاگاداری کردبووین کە ئەوانیش لە قۆڵی پاوەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە برایان و مامۆستایانی ڕێکخستنی خۆمان، بەسەلامەتی گەشتونەتە ئوردووگای سەریاس و لە نامەکەدا نووسیبوی لەوانەیە بزووتنەوەی ئیسلامیی پێك بێت، لەگەڵ ئەم هەواڵانەشدا کە لەم نامەیەدا ناردوومانە چاوەڕوانی هەواڵ و تەوجیهاتی تر بکەن و لە خۆتانەوە دەس نەدەنە هیچ ئیشێك، لە کۆتایی نامەکەیدا ئایەتی (رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وتَوفَّنَا مُسْلِمِينَ) ی نووسی بوو.

لە ناو خۆماندا گفتوگۆمان لەسەر ناوەرۆکی نامەکە کرد، کە ئایا وەك برایان، چەك هەڵ دەگرین، یان نا؟

پاش لێکدانەوەی نامەکە گوتم: برایان بەم ئایەتەدا وادیارە چەك هەڵناگرین، ئەگەرنا کاك عەرەب ئایەتی (رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ) ی دەنووسی، بوو بە پێکەنین و گوتیان: بۆچوونەکەت باشە بەڵام هەر دڵنیابەخش نیە.

دوای نوێژی عەسر خەڵکی ناو ئەو مەکتەبە لەو مزگەوتەدا کە بە چادر و لەبن دیوارێکدا دروستمان کردبوو، کۆ دەبووینەوە، ڕۆژێك م.مەلا ئەحمەد گوتاری دوای عەسری بۆ دەگوتین، پەیوەستی کرد بە ستەم و ستەمکارییەوە تا گەیشتە ئەوەی گوتی: لەڕۆژی قیامەتدا خوا کەسێکی خۆش ناوێ و سەیری ناکات و بینینی خوای لێ قەدەغە دەکرێت، کێ دەزانێ ئەوکەسە کێیە؟

هەرچەندە خوێنەوار و ڕۆشنبیری زۆری تێدابوو، بەڵام لەبەر ناکاویی پرسیارەکە، هەموان ماتیان کرد و بێدەنگ بوون، بۆ وەڵامی پرسیارەکە من دەستم بەرز کردەوە و گوتم: ئەوە (زاڵم) و ستەمکارە، گوتی: زۆرتەواوە دەسخۆش.

## ڕێپێوانی کۆچبەرانی عێراقیی لە شاری سنە...

هەر لەو خوێندنگەیەدا بووین، لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ١٩٨٧/٥بە مەبەستی سازدانی ڕێپێوان و خۆپیشاندان، کاربەدەستانی ئێران، مامۆستا ئاینییەکانیان ئاگادار کردبوو، ژمارەیەك لە خەڵکی ئۆردوگاکان ساز و ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ببرێن بۆ شاری سنە و لەوێ ڕێپێوانێکیان پێ ساز بدەن و دواتر وەك بنەمایەك، بزوتنەوەی ئیسلامیی لەسەر دروست بکرێت، منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی کە ئاگادار کرام، خەڵکەکە بەم

دەســـــت بژێرکردنــە بێتـاقــەت بوون و نیگــەرانیــەکــەش بــە هەڵسوکەوت و ڕوخسـاریانەوە دەردەکەوت، بە گاڵتەوە توانجیان لەو کەسانە دەدا کە خۆیان بۆ سەفەرەکە ساز دەکرد.

ڕێپێوانەکە سـازدرا و لە بەردەم مزگەوتی گەورەی شـاری سنە، دوانگە و مینبـەری ڕێپێوانـەکـە دانرابوو، لـەوێ گردبوویـنـەوە و پاش ڕەخســـانی بوار و دەرفـەت، لـەگـەڵ کـاك عـەتا ئادەم وکاك عومـەرســـدیق و کاك عەلی حەمەئەمین زەڵمیی و کاك عیســـا، یـەکمـان گرت و چووینـە کـەنـارێکـەوە و لە ســـێبەری درەختێکی قـەراغی شـــەقامـەکـەدا م.عومـەر عەبدولعەزیزمان بینی، یەکەم جارم بوو ببینم، برایان بەیەکیان ناســاندین، ئەو بۆی باســکردین کـە ئـەم ڕێپێوانــە زەمینـە ســـاز کردنــە بۆ دروســــت بوونی بزوتنـەوەیـەکی ئیســـلامیی و دەیـانـەوێت ئەم جەماوەرەش بۆ ئەو مەبەستە بەکار بێنن.

شـایانی گوتنە لەم گردبوونەوەیەدا بێجگە لە گوتاری بەرپرسـانی ئێرانیی و چەند سرروودی وروژێنەری فارسیی، م.سەی ئەحمەد عـەبدولوەهابیش گوتـارێکی وروژێنـەری پێشـــکـەش کرد و لـە گوتارەکەیدا، داوای کرد لە بەرپرســانی ئێرانیی ڕۆڵی (أنســار) ببینن بـەرانبـەر برا (مُهاجر) ە عێراقیـەکانیـان و هـاوکـارمـان بن لـەپێنـاو جـەنـگ و ڕووخـانـدنی ڕژێمی بـەعس و هێنـانـەکـایـەی سیستەمێکی ئسلامیی لە عێراقدا.

م.ســــەی ئـەحمـەد، وەك ڕێكخـەر و نوێنـەری برایـان لـەگـەڵ بزووتنەوەدا بوو، دواتر كە بزووتنەوە ئاراستەی خۆی وەرگرت، ئەویش ئیشی لە ناویدا نەماو كشایەوە .

دوای ڕێپێوانـەكـە لـە بـازاڕی شــاری ســنەوە، گوێزراینەوە بۆ سـەربازگـەیەكی سوپا لە گەڕەكی بیستوپێنجی شاری سنە و لەوێ نـانی نیوەڕۆمـان خوارد، ڕاگـەیـەنرا كاروانەكەمان كە زیاد لە دە مینی بووس دەبووین، پـاش كـەمێكیتر، بـەرەو تـاران بـەڕێ دەكـەوێت، هـەركـەس حـەز نـاكـات درێژە بـە گـەشـــتـەكـە بدات، دەتوانێت بگەڕێتەوە.

ئێمەش كە تێگەشـــتین مەســـەلەكە چییە، هەندێكمان حەزمان لە بەشـــداریی نەما، كاك عەلی حەمەمین و كاك عیســا خالد و من، ناوی خۆمان تۆماركرد و گەڕاینەوە، لێرەدا بەشیاوی دەزانم دوو خاڵ بخەمەڕوو:

- بـەرپرســـانی ئێرانیی بە مەبەســـتی كەم كردنەوەی خەڵكەكە، داوایـان لـە چـەنـد كـەس كردبوو بگـەڕێنـەوە، یـەك لـەو كـەســـانە پیاوێكی بەتەمەن بوو، ئەو پیاوەش لەســـەر دەروونی قورس بوو ئەو ســەفەرەی تارانی لەدەســت دەرچێت، بۆیە هەندێ بەرگریی كرد، لەو نێوانەدا مامۆستا شێخ سدیق سـەرگەتیی هاتە بەردەمی ئوتوموبێلەكە و گوتی: مام یوسـۆ بۆ سـوار نابی؟ قەســەم بەخوا ئەگەر بەقەد من لە وەزعەكە شـــارەزا دەبووی، هەر خۆت ڕات دەكردەوە بۆ مـەریوان، خۆزگـە لـە من قەبوڵ بكرایە خۆم ڕزگار بكردایە و بگەڕامایەتەوە.

ئەم قسەیەی ئەو بەڕێزە ئاماژە بوو بۆ فشاری ئێران لەسەر بەشداربووان.

- کە لە سنەوە گەڕاینەوە ناو خێوندنگەکە، شەو داهاتبوو، خەڵك پرسیاری لێدەکردین، چوون چیتان کرد و سەفەرەکەتان چۆن بوو و بۆچی ئێوە گەڕاونەتەوە؟

ئێمەش وەك پێشوەخت لەسەری پێك هاتبووین، هەرکەسەو بەپێی پێویست وەڵاممان دەدایەوە و خۆمان لە وردەکاریی دەپاراست.

لەو کەمپ و ئۆردوگایانەدا ئەوەی کە نیگەرانی دەکردین ئەوە بوو، خزم و کەسوکاری ئێرانیمان دەهاتن بۆلامان و نەیان دەهێشت بێنە ژورەوە، هەندێ جار لە پەنجەرەکانەوە و بەشێوەی نایاسایی، یەکترمان دەبینی و هەندێ جار ئەوەش ڕێك نەدەکەوت و بەدڵ شکاویی دەگەڕانەوە.

هەر لەم قوتابخانەیەدا خێزانم ئەو سکەی لەبارچوو کە لەکاتی هاتنماندا زۆر پێیەوەی نارەحەت بوو، نۆبەرەی منداڵمان بوو، دامان نابوو ناوی بنێین سەرمەد، بەڵام کاتێ کە چوین بۆ مەڵبەندی تەندرووستیی سەوڵاوا، خانمێکی خەڵکی گوندی زەڵم کە ناوی حاجی مەریەم بوو و شۆفێرێك و سەربازێکی ئێرانیشمان لەگەڵدا بوون بەناوەکانی: ئاغای دەریایی و ئاغای ناسریی، لەسەر داوای ئەوان، بڕیارماندا ئەگەر کوڕ بوو ناوی بنێین محەممەد، بەڵام مەخابن هەر لەدایك بوو مرد، کورد گوتەنی تەمەنی درێژی بۆ دایك وباوکی بەجێ هێشت و

لەئارامگای دارسەیران بە خاکمان سپارد (ئەم بەسەرهاتەش لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا بە درێژیی باسی لێوە کراوە).

کچە پەرستارەکانی ئەو مەڵبەندە تەندرووستیە زۆر بەدەممانەوە بوون، یەکێکیان بەناوی پەروانە خانم، خێزانی ئامۆزازایەکی خۆم دەرچوو، بەیانی زوو هەواڵی گەیاندە ماڵی خۆیان و کاك حەسەن عەبدوڵڵای هاوسەری و پورە حەمدی، کە ئامۆزای من و خەسووی پەروانە خانم بوو، لەگوندی تەرخانئاوای نزیك سەوڵاوا دادەنیشتن، هاتن بەدەممانەوە و دڵنەواییەکی زۆریان کردین و دواتر پورە حەمدیی تا مەریوانیش هات لەگەڵمان.

ئەو شەوە ئەو دوو کوڕە فارسە زۆر دەترسان لە پێشمەرگەی کۆمەڵە و دیموکرات، چونکە لەو ناوچەیەدا چالاکییان هەبوو، کچە پەرستارە سنەییەکانیش زیاتر ترسیان خستە دڵیانەوە و گوتیان: چەند ڕۆژ لەمەوپێش پێشمەرگەی کۆمەڵە چەن پاسدارێکی فارسیان لە گوندێکی ئەم ناوچەیە سەربڕیوە، بۆیە دوو کوڕە فارسەکە لە تاو گیانی خۆیان ڕۆشتن بۆ سەربازگەیەکی سوپای پاسداران کە لەو نزیکانە بوو و بۆ ڕۆژی دوایی هاتنەوە بە سەروەختی ئێمەوە.

کە ئەوان ڕۆشتن، کچە پەرستارەکان نوێن و ڕادیۆیەکی دەستییان دایە من، ژوورێکی بچکۆلەشیان بۆ دەسنیشان کردم تا تیایا بحەوێمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەرم حاڵی پەرێشان بوو نەخەوتم، بەو هۆیەوە کە پەرستارەکانیش سەرپەرشتیی

ئـەویان دەکرد، کەوتینە گفتووگۆ و لەگەڵ ئەو پەروانەخانمەدا کە پێشتر باسم کرد، یەکترمان ناسیی و دڵنەوایی زۆری کردین.

کە گەڕاینەوە ناو شـاری مەریوان، بۆ ڕۆژی دوایی داوام لـــە شۆفێری (ئیسعاف) ە کە کرد بمگەیەنێتە خێوەتگەی قوتابخانەی مـەولـەوی کـە مـاڵی کـاك عزەتی برام و چەند خزم و دۆســـتێکی تری لێ بوو، لەوانە م.ڕەفیق و کاك شەفیع حەمەخان، کاك سدیق و کــاك محــەممــەدی دەرەمــەڕیی، بۆ ئــەوەی خۆم هــەواڵی تەندرووستیی خێزانم و مردنی منداڵەکەشیان پێ بگەیەنم، نەوەك خراپ بیبیسن.

کە چوومە ژورەوە ماندوو بوونم پێوە دیاربوو، تازەش توکەسەرم کورت کردبویــەوە، کــاك عزەت گوتـی: ئــەوە چییــە دەڵێی تـازیـەبـاری؟ گوتم: بـەڵێ تـازیەبارم! دەســـتمان کردە گێڕانەوەی مـەینـەتیـەکـانی ژیـانمـان و دواتر هـەواڵی مردنی منداڵـەکـەشـــم پێگەیاندن.

لەناو ئەو قوتابخانەیەدا کە ناوی (دبیرســتان دارســەیران) بوو، بێتـاقـەت و بێزار بووبووین ، چوونکـە ســـەربـاری تـەنگـەلانیی جێگاکە و قەرەباڵغیی، ترســـی فڕۆکەی جەنگیی عێراقیشــمان هەبوو، ڕۆژانە فڕۆکەی جەنگیی دەهاتن و بۆمبارانی ناوشــار و شـوێنە سـەربازیەکانی ئەو ناوەیان دەکرد، بۆیە زۆر سـەر و دڵی کاربەدەســتانمان دەگرت تا زوو بمان گوێزنەوە بۆ ئەو شــوێنەی کـە بۆیـان ئامادە دەکردین، جێگایەك بوو نزیك گوندی ســـنوریی (دزڵیـە) و پێیـان دەگوت: دەربـەن دزڵیی، جێگـاکە لەڕووی کەش

و هەواوە خراپ نەبوو، هەرچەندە ئاوی کەم بوو، بەڵام ئەوەی خراپ بوو نزیك بە سنوور بوو، بەوەش زیاتر ئەکەوتینە بەر هێرشی هەوایی و بۆردومانی عێراق، کە ئەوکات گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو.

## سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٧ لە مەریوانەوە گواستینیانەوە بۆ خێوەتگەی دەربەن دزڵیی...

خێوەتگەی دەربەن دزڵیی، دەکەوتە دۆڵی شامیان و دامێنی چیای زەڕەوە، گوندەکانی: دەرەناخێ، زەلکە، دەگا شێخان، وەیسە، سیاناو، دەیان ڕوانی بەسەریدا، تەنها لەوەرزی بەهار و پایزدا خۆش بوو، هاوینی گەرم و زستانیشی سەخت بوو.

ئێران لە ساڵی ١٩٨٧ و گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا، دروسی کرد، سەرەتا بە خێوەت و چادر دەسیان پێ کرد، دواتر پێنج سەد یەکە خانوویان درووست کرد و هەر یەکەیەك لە دووژور و ڕێڕەوێك لە نێوانیاندا پێك دەهات، بە پێی خواستی سیاسیی، نەك مرۆیی، یەکەکان دابەش کران بەسەر خەڵکەکەدا. دڵگیرترین دیمەنی ناو ئەو خێوەتگەیە بەلای منەوە، دیمەنی هەندێ لە گوندنشینانی ئەو گوندانەبوون کە نزیکی خێوەتگەکە بوون، بەیانیان زوو بە باری هێستر، ترێ و هەرمێ و بامیە و تەماتە و سەوزەواتیی کێڵگەکانی خۆیان دەهێنا و لە ناو خێوەتگەکەدا ساغیان دەکردەوە و لەمسەرەوە بە بارێك نانە وردە وکەمێك پارەی ئەسکەنازەوە دەگەڕانەوە بەرەو گوندەکانیان (دواتر بەوردیی باسی ئەم خانوانە و دابەش کردنیانم کردووە).

## دەسپێکردنی چالاکیی بزووتنەوە و سەرەتای ڕاگەیاندنی...

بە گەیشتنمان بە ئۆردووگا تازەکە و یەکگرتنەوەی هەموو ئەو کۆچبەرانەی کە دابەش کرابووین بەسەر قوتابخانەکانی ناوشاری مەریواندا، چالاکیی سیاسی بزووتنەوەش سەری هەڵدا، ئەمما چ سەرهەڵدانێك، هەموو ڕۆژێ لەو مزگەوتە هاوینەیەدا کە بەچادری گەورە درووسمان کردبوو، مەلاکانی ڕابەری بزووتنەوە، گوتار و دەرسی ئاگرینیان دەگوتەوە و خەڵکیان هان دەدا بۆ جیهاد و بۆ بوون بە بزووتنەوە.

ئەو خەڵکە ڕەشوڕووتەی کە لەوێ بوون، زۆر زوو گەرم دەبوون بە قسەکانیان، ئەندامانی ڕێکخستنی برایان ئاگاداربووین، ئەو قسانە لەو ڕوانگەیەوە دەکرێن کە جەماوەر گەرم بکەن و ڕێکیان بخەن تا بەشداریی بکەن لە ڕیزەکانی بزوتنەوەدا.

گرفتی گەورەی حزبە کوردیەکان، هەرلەکۆنەوە تا ئێستاش بە چەپ و ڕاسیانەوە، هەڕەمەکییەت و نەبوونی پلان و پرۆژەی کاربووە.

واتە: هەل و مەرجێك درووستی کردوون، نەك هەل و مەرجیان درووست کردبێت، یان لانی کەم، بۆ وەڵام دانەوەی هەل و مەرجێك درووس بووبن، بزووتنەوەش هەر بەو شێوەیە هەل و مەرجێك درووستی کرد.

بەو پێیەی کە بزووتنەوەی ئیسلامیی، یەکەم بزاوتی گەورەی چەکداری ئیسلامیی بوو کە دوای توانەوەی لەشکری ئیسلامیی و حەرەکەی ئەنسار، لەو دەمەدا درووست بوو، گۆڕانێکی جۆریی بوو لە موزاییکی خەباتی نەتەوەییدا، چوونکە پێشتر هەرچەندە ڕابەری زۆرێك لە بزاوتە نەتەوەییەکان، پیاو وکەسایەتیی ئاینیی بوون، وەك شێخ سەعیدی پیران و قازیی محەممەد و مەلا مستەفای بارزان، بەڵام حزب و بزاوتەکانیان لە ژێر تابلۆی ئاینییدا نەبوون، بۆ یەکەمجاربوو بزووتنەوەیەك بەناو و تابلۆ و ڕابەر و سەرکردەکانیەوە مۆرکێکی ئایینی هەڵبگرێت.

بابەتی درووس بوون و دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردسان/عێراق، زۆرتر هەڵدەگرێت لەسەری بنووسم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێرە مەودای ئەو مێژووە نییە و لەوانەیە کەسانی تریش لەسەریان نووسیبێت، لێرەدا لەوە زیاتری لەبارەوە نانووسم و لە بڕگەکانی دواتریشدا کەم و زۆر قسەی لەبارەوە دەکرێت.

## یەکەم کۆبونەوە و پێکهێنانی پەیکەری ڕێکخستن لە خێوەتگەی دەربەن دزڵیی....

یەکەم کۆبونەوەی ڕێکخستنی سنوری خێوەتگەی دەربەن دزڵیی لە سابات و کەپری ماڵی کاك عومەرسدیق ئەنجام درا و کاك عەرەب ئەمین کە لە خێوەتگەی سەریاسەوە هاتبوو، سەرپەرشتیی کردین و ئامادەبوانی کۆبونەوەکە بریتی بووین لە بەڕێزان: عەتا ئادم، عومەرسدیق، موحسن فایەق، حەمزە سعید، عەلی حەمەمین و من، ئەگەر برای تریش ئامادە بووبن، من هەر ئەمانەم لەیادە، لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای ڕێکخستنی کاروباری خۆمان، باسمان لەوەش کرد کە خۆمان و ئەندامانمان ئاگادار بکەینەوە، ئەوەی سەرکردە و گوتاربێژەکانی بزووتنەوە لە گوتارەکانیاندا باسی دەکەن، هەر بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوەیە و زۆر ناخایەنێ، چوونکە خەریك بوو خەڵك گومانی لە دین و ئیمانی خۆی پەیدا دەکرد ئەگەر بێت و ئەو مەرجانە نەهێننەدی و نەبنە بزووتنەوە، وەك مەلاوگوتاربێژەکانی بزووتنەوە باسیان لێوە دەکرد.

دەیان گوت: هەرکەس نەیەتە ناو بزووتنەوە و چەك هەڵ نەگرێت، لە باوەڕ و ئیمانی خۆی بترسێت و لە نیفاقەوە نزیکترە تا ئیمان و چەندین قسەی تر. بەداخەوە لەم قۆناغەشدا وەك هەمیشە تیغی ئاین و بە کافر و مونافق و فاسق کردن، هێندە خراپ بەکار هێنرا، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی خێوەتگە و تەنانەت ناو خێزانەکانیشی خستبووە مەترسییەوە.

# گرژبوونی نێوان برایان و بزووتنەوەی ئیسلامیی...

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نێوانی ئێمە و بزووتنەوە گرژیی تێ دەکەوت، ئەوان وایان دەزانی ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ ساردکردنەوەی خەڵك لەو جیهادەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، لەڕاستیشدا ئێمە کارمان بەوانەوە نەبوو، هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکی ئەوانمان نەدەدا بۆلای خۆمان .

تەنانەت کار بەوەش گەشتبوو، ڕۆژ نەبوو بەرپرسانی ئیتلاعات و سوپای پاسدارانی ئێران، ئەندامانی دیارمان بانگ نەکەن بۆ خێوەتە ئیتلاعاتیەکان و پرسیار و لێکۆڵینەوەی زۆریان لێ نەکەن.

دوای ئەوە کار گەیشتە ئەوەی کە خەڵکی ئاسایی بە باسەکەی زانی و تێگەشتن کە مەبەست لە زۆربەی هێرشی ناو گوتارەکانی ئەو مامۆستا ئاینیانە ئێمەین، لێرەولەوێ ئەندامانی هەردوولا بەیەك دەگەیشتن و قسەیان لەیەك دەگیرا و تەنگژە دروست دەبوو، هەوڵماندا لە چەند ڕێگەیەکەوە هەواڵ بزانین، ئایا ئەم کارەی بزووتنەوە و پێشمەرگە و گوتاربێژەکانیان، تەوجیهاتی ناوەندیی بزووتنەوەیە، یان هەرکەس بۆخۆیەتی؟

سەرەتا لەڕێگەی چەند کەسێکەوە کە قسەیان لەگەڵ دەکرا، وەك برایان: نەجمەدین شێخ سدیق، لوقمان شێخ جەعفەر، کە هەردووکیان بەدرێژایی خوێندنیان لە زانکۆدا (ئخوان) و پابەندی ڕێکخستنی برایان بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی برا و باوك و بنەماڵەکانیان بووبوونە بزووتنەوە، ئەمانیش هەر بە بزووتنەوە

دەناسران، هەرچەندە ئێمە هێشتا هەر سەربە ڕێکخستنی خۆمان دامان دەنان. لە ڕێگەی ئەم دوو برایەوە، تەنها ئەوەندەمان بۆ دەرکەوت کە مامۆستا مەلا عوسمان ڕابەری بزووتنەوە بەو قسانە ناڕازییە.

## سەرەتای گفتوگۆ و یەکەم سەردانی برایان بۆلای ڕابەری گشتیی بزووتنەوە...

دوای ئەوەی ئەم قسانەمان لە کاك لوقمان و کاك نەجمەدین وەرگرت، هەرچەندە بۆنی پاساودانی بوون بە بزووتنەوەی خۆیشیانی لێوەدەهات، بەڵام هەر حسابمان بۆ کردن و کاك سەی ئەدهەم و کاك سالم ئەحمەد ڕۆشتن بۆ سنە بۆلای م.مەلا عوسمان و پەیامی ئێمە و بارودۆخی خێوەتگەکە و پەیوەندیی نێوان ئێمە و بزووتنەوەیان باس کردبوو بۆی، ئەویش نیگەرانیی خۆی دەربڕی بوو، گوتبووی خۆم ڕێنومایییان بۆ دەنێرم و دواتریش سەردانی ئەوێ دەکەم و ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکەین، لە نزیکیشەوە برایان دەبینم.

پاش چەند ڕۆژێك مەلا ئیبراهیم کوڕی م.مەلاعوسمان، بەناوی ڕابەرەوە لە خێوەتەکەی مزگەوتدا، بەخەڵکی ڕاگەیاند کە ڕابەری گشتیی، داواکارە لە پێشمەرگەکانی بزوتنەوە، برایەتیی بپارێزن و بەڕێزەوە بڕواننە کارو چالاکیی برایان و جیهاد چەند جۆرێکە وچەکداریی یەکێکیانە و... تاد.

ئەمە ئەو کورتە پەیامەبوو کە بەناوی ڕابەرەوە گەیشت، جا ئەو چی گوتبوو و چەنی گەیشتە لای خەڵك، ئێمە ئاگادار نەبووین.

## سەردانی م.مەلا عوسمان وەك ڕابەری بزووتنەوە بۆ خێوەتگەی دەربەن دزڵیی و ڕاگەیاندنی بزووتنەوە و جیهاد...

پاش چەند ڕۆژێك لەدوای سەردانەکەی ئەو برایانە، لە دوانیوەڕۆیەکدا، م.مەلا عوسمان بەیاوەریی سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوە، وەك: م.شێخ محەممەد بەرزنجیی، م.مەلا مەحمودی ئازادیی... تاد، سەردانی خێوەتگەی دەربەن دزڵیی کردوو پیاوانی ئۆردوگاکە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لەناو خێوەتە گەورەکانی مزگەوتدا کۆبونەوە و لەوێوە م.مەلا عوسمان، بە فەرمیی جیهادی دژبە دەسەڵاتی بەعس ڕاگەیاند و خەڵك و ئامادەبوانی هاندا بۆ هەڵگرتنی چەك و بوون بە ئەندام لە بزووتنەوەی ئیسلامیدا و گوتیشی: سوێند بەخوا ئەوەندە باوەڕم بەم کارەم بەهێزە ئەگەر تەنها خۆیشم بم لەم ڕێگەیەدا، دەچمە ئەو مەیدانەوە و بەردەوام دەبم.

دوای گوتارەکەی ئەو، کاك عەتا ئادەم وەك خۆی دەیگێڕێتەوە، داواکاریەك دەنێرێت بۆ م.مەلا عوسمان و داوای لێ دەکات کە لە دەرفەتێکدا دانیشتنێك لەگەڵ ئەو و چەند برایەکدا بکات، هاوکات داواشی لێ دەکات کە هەردوو بەڕێزان: م.شێخ سدیق و م.مەلا ئەحمەد، ئامادەی دیدارەکەبن، بۆئەوەی ڕاستەو خۆ ئاگایان لە باسەکە و وەڵامەکانی ڕابەر ببێت.

دانیشتنەکە لەماڵی، واتە: لە خێوەتەکەی م.شێخ سدیق سازدەکرێت و برایان سوپاسی م.عوسمانیان کردبوو بۆ

دەرفەتەکە و قەبوڵ کردنی داواکەیان سەبارەت بەئامادە بوونی ئەو دوو زاتە.

کاك عەتا پرسیاری ئەوەی کردبوو، ئایا: ئێمە کە نەبووینەتە بزووتنەوە و چەك هەڵناگرین، بەم کارەمان کافر یاخود گوناهبار دەبین؟

مامۆستاش بە تەوازوعەوە و زانایانە گوتبووی: نەخێر، ئێوەش موجاهدن و بەڵکو کارەکەی ئێوە جیهادی ڕاستەقینەیە، من خۆم پێشتر ئیخوان بووم، بەڵام ئێستا ئیخوان نیم و بزووتنەوەی ئیسلامیم.

کاك عەتا گوتبوی: بۆیە پێم خۆشبوو ئەم بەڕێزانە ئامادەبن تا ڕاستەوخۆ گوێیان لەم وەڵامەی جەنابت بێت و ئیتر کەس بەناوی ئێوەوە، ئێمە تەکفیر نەکات و پێمان نەڵێن: مونافیق و هەست و ناوبانگمان بریندار نەکەن .

پاش ئەم دیدارە بۆماوەی چەند ڕۆژێك حاڵەتەکە هێمن بوویەوە، لەڕووی کەشوهەواوە بەرە بەرە سەرما سەری هەڵدا، بەهۆی ئەوەشەوە مزگەوتەکە، کە لە چادر و خێوەتی کۆن درووستکرابوو، کەڵکی نەما بۆ نوێژکردن، بۆیە هەرکەس لە ماڵی خۆیدا نوێژی دەکرد، ئەم حاڵەتەش بوو بەهۆی ئەوەی کە برایانی بزوتنەوە و ئەندامانی ئێمە کەمتر بەیەکەوە ببن و زیاتر بووە هۆی لە یەکتر خویندن و درووست بوونی قسەی دەسهەڵبەس، قسەکان دەکەوتنە ناو خەڵك و دەماودەمیان پێوە دەکرا.

**ئەوحزبانەی لەم خێوەتگەیەدا بوون و جەماوەر و خەڵكیان هەبوو ...**

- پارتی دیموكراتی كوردستان.

- بزوتنەوەی ئیسلامیی.

- یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.

- حزبی سۆشیالیستی كوردستان.

- ئێمەش وەك برایان، بە ڕێكخستنی نهێنی.

حزبەكانی تر هەرسێكیان ناكۆكیی ئێمە و بزوتنەوەیان پێ خۆش بوو و كەیفیان پێی دەهات.

بەو بۆنەیەشەوە و لە ڕووی نەزانیەوە، ئەندامە ئاساییەكانیان دەخستە گەڕ و قسەیان دەهێنا و دەبرد بۆ خۆشكردنی ئاگرەكە.

كاربەدەستانی ئێرانیش نەیان دەزانی چۆن هەڵوێست بگرن لە مەسەلەكە، بۆیە جارجارە دەزگای هەواڵگریی ئتلاعات دەهاتن خێوەتیان هەڵ دەدا و یەك بەیەك ئەندامانی ئێمەیان بانگ دەكرد، بەتایبەتیی ئەوانەی كە ناسراو و چالاك بوون، پرسیاریان لێ دەكردین:

- بۆ نابیت بە بزوتنەوە؟

- سەربەچ لایەنێكی؟

- باوەڕت بەجیهاد و مەزڵومیەتی گەلی عێراق نییە؟

- بەعسیەکان بەکافر نازانی؟

- ناوی چەند برایەکیان دەهێناو دەیان پرسـیی: پەیوەندیت چییە لەگەڵ ئەمانەدا؟ ئاستی خوێندنت؟

- مامۆستاکانت کێ وکێ بوون؟

- قوتابییە هاوەڵەکانت کێ وکێ بوون و یەکە یەکە لەکوێن؟

- حەزت لە خوێندنەوەی چ کتێبێکە؟

- ژنت هێناوە یان نا؟ ئەگەر ئا، ناوی چییە و ناوی منداڵەکانتان؟

دەیان پرسـیاری تر و لەژێر خێوەتێك و لە بارێکی دەروونی شەکەتدا.

بەهەمان شێوە دوای چەند ڕۆژێکی تر سوپای پاسداران دەهاتن و دەستیان دەکرد بە سین و جیم لە ئەندامانی ئێمە.

زۆربەی کات بێجگە لە ئێمە، کەسـی تریان بانگ نەدەکرد، بێگومان سـیخوڕیشـیان هەبوو لەناو خەڵکەکەدا و ئەوان چاوساغیان بوون.

کە دەشڵێم نەیان دەزانی چۆن هەڵوێست بگرن، مەبەستم ئەوەیە، ئێمە هەموو ئەندامانمان وا تێگەیاندبوو کەس دان نەنێت بەبوونی ڕێکخستن و بوونی کۆمەڵدا، ئەمەش تەوجیهاتی ناوخۆی عێراق بوو، بەڵام لەوێش هەر بە هەمان حیسـاب کارمان دەکرد و خۆمان بە نهێنیی هێشـتبویەوە، هەروەها لەلایەکی ترەوە وەڵامی

ئەو پرسیارانە هەموویان وەکو یەك دەردەچوون و نەشدەچووینە ژێرباری ئەوەی کە ڕێکخسن بین!

ئەوانیش بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایان بوون، دەیانزانی ئێمە جۆرێك لەحزبایەتیی دەکەین و ڕێکخستنی سەربەخۆمان هەیە.

## دروستکردنی پەیکەری ڕێکخستن و دامەزراندنی وانە پەروەردەییەکان...

سستمی ڕێکخستنەکانمان ئیخوانی بوو، بۆیە لە دەستەی بەڕێوەبەرەوە دەستی پێ دەکرد و دواتر کەرت و دوا ئەڵقەی ڕێکخستنیش بریتیبوو لە (شانە ـ ئوسرە).

لەسەرەتای دابەش کردنی کارەکانمانەوە چەند برایەك بە من سپێردران، لەسەر بناغەی گونجاویی ئاست و تەمەن، دابەشم کردن بە سەر چەند ئوسرە و شانەیەکدا، یەك لەو ئوسرانە ئەندامەکانی بریتی بوون لە: کاك حەسەن کوڵکنی، کاك عومەر عەلی مەنوچەر، کاك عوسمان عەلی مەنوچەر، ئەم سێ برایە دڵسۆز و چالاك بوون، پێشتر و لە عێراق پەیوەندییان بە برایانەوە کرد بوو، کاك حەسەن لەگەڵ برایانی سەی سادق و ئەو دوانەکەی تر لەگەڵ کاك حاجی عەلی هەنگ لە سیروان.

بۆیە پەرۆشی شارەزابوون و پێگەیشتن و خەڵك نزیك کردنەوە بوون، کاك عوسمان گەنجترینیان بوو، ئەوان بەتەمەن و خاوەنی منداڵی پێگەشتو بوون، پاش یەك دوو کۆبوونەوە بڕیارماندا قورئانیشیان پێ بڵێم، بۆیە پێویستمان بە جێگایەکی کەنار و

کاتێکی زیاتر دەبوو، دەرەوەی ئۆردوگا و ناو دارستانەکەمان هەڵبژارد، ئەم سێ برایە دەنگیان یەکخستبوو بۆئەوەی برایەکی تر کە دۆست و هاوەڵیان بوو، زیادی بکەم بۆلایان و وەری بگرین.

کە باسیان کرد و تاریفیان کرد، منیش پێم خۆش بوو کە ئەوان ئەو هەستەیان بەو ئەندازە تێدایە، لێم پرسین ئەو کەسە کێیە؟ گوتیان: برایەکە لە تەمەنی کاك حەسەن دایە و خوێندەواریەکی کەمی هەیە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پیاوێکی ماقوڵە و ناوی کاك محەممەد ئەحمەد خەسروە، منیش گوتم: ئەگەر ئەو سەرەتا بێ خۆتان بەلاتانەوە ئاساییە بێتە لای ئێوە؟ ئامادەبوون، منیش گوتم: پیشانم بدەن با ببینم و ئەگەر ڕام لە سەری بوو ئەوا دەچین سەری لێ دەدەین وپێی دەڵێین: بابێت بەشداریی بکات.

کاك محەممەد بەشداریی کرد، پیاوێکی دونیا دیدە بوو، کوڕی سەرەك هۆزێك بوو، ئەوەندەی پێ خۆش بوو ڕێی لە ئێمە کەوتووە، بەهۆی دڵسۆزیی وحەماسەتیەوە بۆ کار و بانگەوازەکەمان، ئەگەر دەستمان بەدەستیەوە نەبوایە دوور نەبوو لەگەڵ بزووتنەوەدا لەو سەرەتایەوە تێهەڵچێت و کێشەیەك درووست بکات.

کاك محەممەد دەیگوت: من قورئانەکەم دەدەمە بن دەستم و دەڕۆمەوە بۆناو خێوەتگە، هەرکەس بپرسێت لەکوێ بووی؟ پێی دەڵێم: لەکۆبوونەوە بووم، زۆرمان هەوڵدا تا ئەویش دامەزرا

لەگەڵمان، چوونکە ئەو دەیگوت: ئەگەرکارەکەمان ڕاستە بۆ بیشارینەوە؟!

پاش ماوەیەك بۆ دڵخۆش کردنی بەکارەکە، کاك محەممەدمان نارد بۆ شاری سنە و ڕامان سپارد چوار قورئانی باخەڵیی لەیەك چاپی بۆ هێنایین و لەودا قورئان و تەفسیرمان دەخوێند.

پاش ماوەیەك باسی ئەوەم بۆ کردن هەرکەس گوتی: لا إله إلا الله دەبێتە ئەندام لە ئیسلامدا، کاك محەممەد زۆر وشەی ئەندامی پێخۆش بوو کە لەدەم منی بیست، دەست بەجێ گوتی: ئێستا ئێمە ئەندامی ئەو شتەین کە خۆت دەیزانی؟ سەرێکم بۆ لەقاند و گوتم: بەڵێ.

دواتر باسی ئابوونەم لاکردن، زۆریان پێخۆش بوو، ئامادەییان دەربڕیی، لە ڕێگەی ئەمانەوە برای ترمان ناسیی و هاتنە ڕیزمانەوە.

چەند برایەکی تر هەبوون، لەگەڵ ئەم چوار برایەدا تێکەڵاویی و خزمایەتی و هاوگوند و لەیەك هۆز بوون، لەوانە: کاك عەلی عەبدوڵڵا، کاك مەحمود، کاك عەبدوڵڵا، کاك سالّح عەلی مەنوچەر... تاد.

چەندین برای تری ئازیز و خۆشەویست کە عێراقیی بوون و لە خێوەتگەی دەربەن دزلّیی و بارام ئاوا و مەریوان و گوندەکانی دەوروبەریاندا دەژیان، هەموویانمان ڕێك خستبوون لە ئوسرەکاندا و دابەش کرابوون بەسەر برا و کادرە پێشکەوتوەکاندا، لەو برایانە بەڕێزان: ئیبراهیم عەبدولکەریم،

مســـتەفا غـەفور، تـەوفیق عـەبدوڵڵا، جـەمال مەحمود، ئەیووب عـەلی، نـامق حـەمەئەمین، غەریب مەحمود، کەریم نەســـروڵڵا، محەممەد نەســروڵڵا، عوســمان حمەکەریم، یاســین حەمەکەریم، کەمال کامل، عەبدوڕەحمان محەممەد، ڕەفیق ســەعید، ســەعدی حەســەن، نامق ســەعید، مەهدی مەیکە، عومەرحمەفەریق، هادی ســـەعید، فـاروق کـەریم، حـاجی خـالید، حـاجی کـەریم، حـاجی ســەعدی، حاجی ســەی ئەدهەم، حاجی قادر زەڵمی، حەمەســاڵح بیارەیی، مەلا نەوزاد تەپەڕەشــی و چەند برایەکی خەڵکی ســەی ســـادق و گوندی تـەپـەڕەش، کـە زۆربـەیان پاش یەك دوومانگ گـەڕانـەوە بۆ عێراق، عوســـمان محـەممـەد ئـەحمـەد، عـەلی عـەبدوڵڵا، کـاك عـەبدوڵڵا تـازەدێیی، ئـەمین ســۆفی ســـاڵح، زایرســاڵح، ســالم ئەحمەد، عومەرعەلی محەممەد، نەزهەت دەگا شــێخانەیی، هادی حەســـەن، عزەدین کەریم، ســدیق مســـتەفا، عەبدورەحیم تاهر، نەوزاد قادر، کاوە ئەحمەد، کامەران ئەحمەد، کەمال محەممەد، ناســر محەممەد، شــیروان سـلێمان، ئاشـتی الله کـەرەم، محـەممـەد ئـەحمـەد فـەتـاح، نـەزیر غـەفـار، ســـەمین محـەممەد، جـەمال غـەفار، عومەر مســـتەفا، حەمزە ســـەعید، لوقمـان حـەمەخان، ئەنوەر نەســـروڵڵا، کەریم دەروێش، عومەر غـەفور، خـالد غـەفور، ئـەبوبـەکر کـەریم، نعمان ســـدیق... تـاد، هەندێ کەسایەتیش هەبوون وەك ئەندام لەناو ڕێکخستندا نەبوون، بەڵام پشتیوانی ڕاستەوخۆی برایان بوون لەوانە: مستەفا عومەر، عزەت مەیکە، ئەنوەر ســدیق، ســـاڵح عەلی، ئەبوبەکر ســدیق، حەمەئەمین سالح هانەدننی، بلال حەمەموراد.

خوشـــكان: مونيره مســـتـەفـا، مونيره غـەفار، عەفيفه مەحمود، حەديقه نورەدين، شـەرافەت قادر، پەريخان نەسـرولّلا، عەزيمه غەفور... تـاد هەرچەندە ئێمە ڕێكخســـتنی خوشـــكانمان تازە دروســـتكردبوو و ئـەم چـەند خوشـــكە لـە چـەند ئوســـرەيەكدا ڕێكخرابوون، بەڵام هاوســـەر و كچ و خوشـــك و دايكی هەموو براكانيش وەك ئەندامی ڕێكخستن هەڵسوكەوتيان دەكرد.

## سەردانی م.كرێكار بۆ خێوەتگەی دەربەن دزڵيی...

لەم سـەر و بەندەدا م.كرێكار بەناوێكی خوازراوەوە سەردانی خێوەتگەكەی كردين، لەگەڵ براياندا كۆبوونەوەی ســاز كردبوو، لـەكـاتی هـاتنی ئـەودا من لـە ســـەفـەری شـــاری پاوە بووم، بەو بۆنەيەوە بەشـــداری ئەو كۆبوونەوەيە نەبووم، بە مەبەســـتی ئەوە هاتبوو، هەوڵ بدات قەناعەت بە برايان بكات، گوايا ڕێكخســـتنی جيهـانيی ئيخوان بـە دورووســـت بوونی بزووتنەوەی ئيســـلاميی ڕازيە و ئێمەش پەيوەنديی پێوە بكەين و ئاراستـەيەكی دروستی بكەن.

تـا ئـەوكاتە خۆيشـــی و خەڵكيش م.كرێكاريان بە ئيخوان دەزانی، بـەڵام چـەند ڕۆژێك بـەرلـەهاتنی ئـەو، برايانی بزووتنـەوە وەك فشـــارێك لـەســـەر ئێمە هـەواڵی ئـەوەيان بڵاوكردەوە، گوايا م.كرێكار، وەك ئـەوان دەيانگوت: بولبولـەكـەی ئيخوانيش بووبـە بزووتنەوە.

م.كرێكـار بـەنـاوی خوازراو و بـە جلوبـەرگی مـەلايـەتيی و جبـەوعـەمـامـەوە و وەك ميوانێكی بزووتنـەوە هـاتبووە نـاو

خێوەتگەکەوە و لە ماڵی کاك نەجمە دین سـدیق و لە ڕێگەی کاك نەجمەدین و کاك لوقمان جەعفەرەوە، دەستەبژێرێك لە برایانیان ئاگادارکردبوون و بانگیان کردبوون بۆ دیداری م.کرێکار، وەك خۆی دەگێڕێتەوە ئاخر کەس کاك عەتا ئادەم ئاگادارکرابوو، بەگەشتنی ئەو، دەرگا دادەخرێت، بە ئامادەبوونی برایان: لوقمان جەعفەر، نەجمەدین سدیق، م.کرێکار دەست دەکات بە قسەکردن، لە گوتارێکی وروژێنەردا داوا دەکات لە برایان ببنە بزووتنەوەی ئیسلامیی و ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکە بگرنە دەست، ئاماژە بەوەش دەکات کە گوایا ئیخوانی جیهانییش ڕەزامەندن لەسەر درووست بوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەویش وەك ئیخوان ئەم داوایەیان لێ دەکات، گوتبوی: ئەم باسەش بەینی خۆمان بێت و ئەو دوو برایەش، مەبەستی کاك نەجمە دین و کاك لوقمان بوو بوو، لەخۆمانن و ئیخوانن.

دواتر هێرشی کردبوویە سەر، سەرکردە دیارەکانی ئیخوان و بزووتنەوە، بەتایبەت ناوی م.سەلاحەدین، د.عەلی قەرەداخیی، ئەبولەیسی بردبوو، گوتبووی: ئێوە شوێنی ئەمانە کەوتوون و ئەمانیش بۆخۆیان لەکەنداو لەناو نازونیعمەتی فەرمانڕەوایانی کەنداودا ڕۆچوون و ئاگایان نە لە ئێوە و نە لە وڵاتیش نیە.

هەروەها گوتبووی: دەبێت زوو خەمی بزووتنەوەش بخۆین، چوونکە م.مەلا عوسمان وەك پیاوە نەخۆشەکەی سەردەمی عوسمانیەکان وایە، م.مەلاعەلیش... چیە، م.شیخ محەممەد... هیە... تاد.

بۆیە دەبێت بە هەموومانەوە خەمی ئەم بێداریە ئیسلامییە بخۆین و منیش بۆ یارمەتیی ئێوە هاتوومەتەوە و بۆ ڕابەرایەتی ئەم کارەش پێوویستم بە سەدوپەنجا لاوی خووێن گەرمی خوێندەواری وەك ئێوە هەیە و برایانی ئەفغانستان، بورهانەدین ڕەببانی، حکمەتیار، سەییاف، بەڵێنی پشتیوانیی و ڕاهێنانی پێویستیان پێداوم و چاوەڕێی هیمەتی ئێوەم.

کاك عەتا ئادەم، یەکەم کەس قسەی کردبوو، گوتبووی: جارێ ئێمە نەك ئەوانەی کە ناووت بردن، جەنابیشت ناناسین، بۆیە بە پەلە خۆی ناساندبو و کاك نەجمەدین یش بەڕوونی ناساندبووی کە م.کرێکارە، دواتر کاك عەتا گوتبووی: زۆربەی ئەم برایانە ئەو کەسایەتیانە ناناسن کە ناوت بردن و زەمت کردن، دواتر ئێمە ڕێکخستن و سەرکردایەتیی و مەرجەعی خۆمانمان هەیە و جەنابیشت دەزانی کێیە و لە کوێیە، بۆیە ئەگەر بابەتەکە ئەوەندە گرنگە، دەکرێت جەنابت سەر لە کرماشان بدەیت و بیکەیتە قەناعەت بۆ ئەوان، ئیتر ئێمە کێشەمان نیە و ئامادەین، ئەویش وەك خۆ دەربازکردن گوتبووی: لە بەیانی زووتر نییە، دەچم بۆ کرماشان و وەڵامتان بۆ دەهێنمەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژ چووبوویە کرماشان و م.سەلاحەدین و م.ناسر سوبحانی بینی بوو، ڕەخنەیان لە کارەکەی گرتبو و سەرەکۆنەشیان کردبوو، بۆیە لەوێوە گەڕابوویەوە بۆ پاکستان و هیچی بۆ نەکرابوو.

بەدەر لەم باسە هەر لەو شەوەدا، کەسێك بەناوی حەسەن عەلی لە ماڵەکەی خۆیدا بەهەڵواسین خنکا و ڕوونیش نەبویەوە

هۆکـاری خنکـانـەکـەی چی بوو، خـەڵکی گونـدی هێلانپێ بوو، پیاوێکی فەقیر و بێ دەنگ بوو .

## دۆخی ناوخۆیی خۆمان...

ڕۆژ بـەڕۆژ بـارودۆخی نێوان ئێمـە و بزووتنـەوە لـەلایـەك و سـەرما و سۆڵەی زستان، لەلایەکی تریشەوە هەلومەرجی ژیانی ماڵ و منداڵی براکان لـەنـاو خێوەتەکاندا، باروودۆخەکەی بەرەو ئـاقـاری قـەیران و تـەنگژەی زێـدەتر دەبرد، ئـەم هـەلومـەرجـە نـالـەبـارە، کـاری کردە ســـەر دەروونی براکـان و لـەنـاو خۆی خۆماندا ڕاجیایی وگلەیی کردن لە یەکتر، سەری هەڵدا.

هـەنـدێ برا پێیـان وابوو ئـەم نـاکۆکیـەی نێوان ئێمـە و بزووتنەوە، هۆکارەکەی (غەرەز شـەخسـی) وکۆنـەقینی خزمایەتییە و دەکرێ ئـەوانـەمـان گومـانی ئـەوەیـان لێ دەکرێت، زۆر دەرنـەکـەون، بۆ ئــەوەی ڕقی هــەنــدێ کــەســـــی نێو بزووتنــەوە هێور ببێتــەوە، هەندێکیشمان پێمان وابوو کە بە جێگۆڕکێی یەکدووکەس کێشەکە چارەسەر ناکرێت، چوونکە لە خێوەتگە و ئۆردوگاکانی کامیاران و سەریاس و... تاد، هەمان کێشە هەبوو.

من لە دەستەی دووەم بووم.

هـەر بـە هـەمـان هۆوە یـەکـدوو برا خۆیـان بـە مـەغبوون و بەشخوراو دەزانی و هەستیان دەکرد کە ڕۆڵیان نادرێتێ.

کـاك عـەتـا ئـادەم کە بەرپرســـیاری یەکەمی ئێمە بوو، ئاشــــنا و خزمی م.مـەلا ئـەحمەدکاکە مەحمود بوو، ئەو برایانەش کە مەیلی

گۆرانكارییان دەكرد مەبەستیان ئەمەبوو، وایان دەزانی بە هۆی ئەمەوە حەساسیەتەكە درووست بووە، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەكە قوڵتربوو لە خزمایەتیی.

بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە، كاك عەتا ژمارەیەك لە برایانی ئاگادار كرد، بۆئەوەی كۆببینەوە و خەمێك لەو باسە بخۆین، ئەو برایانەی كە بانگ كرا بوون، ئەوەندەی لە بیرم مابێت ئەمانە بووین: كاك عومەر سدیق، كاك سەی ئەدهم، كاك غەریب مەحمود، كاك تەوفیق عەبدوڵڵا، كاك محەممەد غەفار، كاك عەلی حەمەئەمین، كاك موحسن فایەق، كاك حاجی خالد، كاك حاجی كەریم، كاك حاجی سەعدی، كاك حەمەساڵح بیارەیی و من، سەرەتا كاك عەتا خۆی بارودۆخەكەی خستە بەر باس، دەریشی بڕیی كە ئەم برایانەی بۆ چارەسەر بانگ كردووە.

شێوازێك دارێژرا بۆ هەڵبژاردنی كەسێكی تر لەجێی كاك عەتا، ئاكامی هەڵبژاردنەكەش بەوە گەشت كە بەندەیان هەڵبژارد، تا بەرپرس بم لە ڕێكخستنی ئۆردوگا و ئەو گوندانەی دەوروبەر كە برای عێراقییان تێدابوو.

بێدەنگ بووم تا هەموان بێدەنگ بوون و هەندێ برا پیرۆزباییان لێ كردم و دۆعای خێریان بۆ كردم، لەوانە كاك عەتا خۆی، دوای كەمێك بیركردنەوە گوتم: برایان خواپاداشتتان بداتەوە كە ئێوە متمانەی خۆتان داوە بە من، مادام بە سەلیقەی من ڕازین، ئەوا من سەرلەنوێ ئەو ئەركە دەخەمەوە ئەستۆی كاك عەتا لەبەر ئەم هۆیانە:

ـ كراوەتر و ناسراو ترە لای برایانی قیادە.

ـ تەمەن و ئەزموونی زیاترە.

ـ برایانی قیادە ئاگادارنین بەم هەڵبژاردنە.

هەموان بێدەنگ بوون و کار سپێردرایەوە بەکاك عەتا.

ئێمە لەبەر ئەوەی ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆجیی و بێچەکیش بووین، هەر لەو سەرەتایەشەوە باوەڕمان بە هەڵبژاردن هەبوو و کاریشمان لەسەر دەکرد و بێخەوشیش سوودمان لێ وەردەگرت، بەڵام ئەم پرۆسەی کە باسم کرد، نە پرۆسەیەکی سەرتاسەریی و نە بڕیاری سەرووی خۆشمانی لە سەر بوو، بۆیە من بەو شێوەیە هەڵسوکەوتم کرد لەگەڵ ئاکامەکەیدا .

## دابەش کردنی خانووەکانی خێوەتگەکە...

لەناو خێوەتگەکەدا چەند سەد خانوویەك بەشێوازێکی زۆر سادە و ساکار، لەلایەن دەسەڵات دارانی ئێرانەوە دروست کران و دوایی دابەش کران بەسەر ئەندام و لایەنگرانی: بزووتنەوەی ئیسلامیی، پارتی دیمکراتی کوردستان، حزبی سۆشیالیستی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەو کەسانەی وەك فەرمانبەر لای ئیدارەی خێوەتگەکە ئیشیان دەکرد و کەمتر لە دەماڵێك دەبووین.

سەرەنجام تەنها ئەندامانی ئێمە و ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی بێلایەن، بێ خانوو مانەوە، وەرزی سەرما بەلافاو و زریانێکی سەختەوە دەستی پێکرد، چەند ماڵێك لافاو چووە ژێریان و شەو

خۆیـان کرد بـەمـاڵ و چـادرەکـانی مـاڵـەکـانی تردا، هـەنـدێ لـەو مـاڵانـەی کـە بـە هۆی زۆریی ژمـارەی خێزانـەکەوە دوو ژوریان وەرگرتبوو جێی خزم و خوێشـــی خۆیـانیـان کردەوە، یـەك لـەو مـاڵانـەی کـە جێ کرا بوونـەوە، مـاڵی کاك ئەشـــرەف تەوفیق کە ئەندامی ڕێکخسـتنی ئێمە بوو و لە ماڵی ژن خوشـکێکی خۆیدا کە مێردەکـەی نـاوی حاجی بەکر و شـــەهیدی بزووتنەوە بوو، جێی کرابویـەوە، بـەڵام بـەداخـەوە کـە برایـانی بزووتنـەوە بـەوەیـان زانیبوو دەفتـەری سـەرپـەرسـتییـان لێ تێگـەیـاندبوو، ئەوانیش گوتبوویان: مادام خۆیان ڕازین ئێمە قسەمان نییە.

بەفیتی کەســانیك م.مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود، کاك ئەشـــرەف بـانـگ دەکـاتوو پێی دەڵێت: ئـەو ژوورەمـان پێویســـتـە، ئـەویش دەڵێت: دەرناچم و ماڵی خزممە و خۆیان پێیان داوین و داگیرمان نـەکردووە و ســـەرپـەرســـتیش ئاگادارە و قســـەی نەکردوە کە ناڕازیی بن.

لەســەر ئەم هەڵوێســتە، کاك ئەشـرەف هەر لەوێ بەشـێوەیەکی نەشیاو دەسبەسـەر دەکرێت، هەندێکیشیان لێ دابوو، دواتر هەر لە ژوورەکەش دەریان کرد.

## دامەزراندنم لە بنکەی تەندروستیی خێوەتگەکەدا...

لەبەر ئەوەی پیشەی تەندروستیم هەبوو، لە دەفتەری سەرپەرستیی خێوەتگەکەوە داوایان لێکردم و پاش بینینی خولێك لە نەخۆشخانەی اللە أكبر، کە لە ناوچەیەکی نزیك گوندی قەڵاجێ بەشێوەی سەربازیی دروست کرا بوو، لەوێ خولەکەم تەواو کردوو دوایی لە بنکەی تەندرووستیی ئۆردوگاکەدا بەشێوەی کاتیی دەست بەکار بووم، بەرە بەرە تا بووم بە بەڕێوەبەری بنکەکە و چارەسەری نەخۆشەکانم دەکرد و پیاوێکی فارسیش، دەرمان و دەرزیی لێ دەدا و خوشکێك بەناوی کوبرا حەمەخان، کە عێراقیی و خەڵکی گوندی بەڵخەی هەورامان بوو، ئەویش کاروباری ژنانی بەڕێ دەکرد لە دەرزی لێدان و برین پێچی و... تاد، بۆ ماوەی هەژدە مانگ لە بنکەکەدا کارم کردوو پاشان لە لایەکەوە بەهۆی تەنگ پێهەڵچنین و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی سەرقاڵیی کاری ڕێکخستنەوە، دەستم لەکار کێشایەوە.

بەو بۆنەیەوە کە لەبنکە تەندرووستییەکە کارم دەکرد، منیش لە دابەشکردنی خانوەکاندا ژوورێکم بەر کەوتبوو، کاك عزەتی براشم کە ئەویش فەرمانبەری کارەبای خێوەتگەکە بوو، تەکلیفی بۆ کردبووم، ئەگەر نا لەبەر دیوەکەی ترم، ئەو ژوورەشم بەر نەدەکەوت.

نیگەران بووم من لە خانوودا بووم و براکانی تر و سەرجەم ئەندامان لەناو چادردا دەژیان، چەند ڕۆژ جارێك ئاو و لافاو تەنگی پێهەڵ دەچنین و تووشی نەخۆشیی و ناڕەحەتیی زۆر

دەبوون، لە بنکە تەندرووستیەکەدا ئەوەندەی بوار هەبووایە بەدەم نەخۆشەکانەوە دەبووم و چارەسەرم دەکردن و هەر نەخۆشێکیش پێویستی بوایە، بە پسوولەی بنکە تەندرووستیەکە ڕەوانەی مەریوان و سنەم دەکرد. هەرچەند ڕۆژ جارێ لەلایەن دەفتەری سەرپەرستیەوە ناوی هەموو ئەندامانی ئێمەیان دەخوێندەوە و دەیان ترساندن و پیان دەگوتن: لەبەرئەوە بێلایەنن دەتانبەین بۆ ئۆردوگای جەهرووم لە قوولایی ئێران، ئەم پرسە، چەند کەسێکی دیاریکراو دەیان جولاند و دواییش دەیانکردە پیاوەتییەك بۆ خۆیان و یەکێك لە سەرکردەکانیان داوای دەکرد لە سەرپەرستیی، گوایا وازبێنن لەو ماڵە داماوانە، بۆچەند ڕۆژێ وازیان لێ دەهێنان و هەمدیسان بانگیان دەکردنەوە، من لەناخەوە زۆر بێتاقەت دەبووم، دەترسام براکان وابزانن من هاوبەشییان ناکەم و بیرم بەلای خەمەکانیانەوە نییە. بۆیە هەر ئەوان بانگ بکرانایە، منیش دەچووم لەبەر بەفر و بارانەکە لە ناویاندا دەوەستام، پرسیاریشم کرد لە هەندێکیان کە ئەگەر بەباشی دەزانن با منیش لە خانووەکە دەرچم و چادرم هەیە و هەڵی بدەم، بەڵام براکان قەبووڵیان نەدەکرد و دەیان گوت: شتی وا نەکەیت، خەمێکی کەمترمان هەیە کە تۆ ئەو ژوورەت بەرکەوتووە.

براکان زۆریان بەسەلیقە و دەست ڕەنگین و لێوەشاوە بوون وەك: حاجی خالد، حاجی کەریم، حاجی سەعدی، کاك ئەنور نەسروڵڵا، کاك جەمال غەفار، کاك سەمین محەممەد... تاد، بۆیە نەیان دەهێشت هیچ برایەك پەکی بکەوێت و هەرکەس کێشەیەکی

هەبوایە لە دیوار و چارەسەری گرفتی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەیدا بەهانایەوە دەچوون

## بەرگەی تەرەدود... پسووڵەی هاتوو چۆ

پسوولەی هاتووچۆ، ئێرانیەکان پێیان دەگوت: بەرگەی مورەخەسی یان بەرگەی تەرەدود، بەسەختیی بۆ ئەندامانی ئێمە دەکرا، دەبوو بڕۆینە سەرپەرستیی عەریزە و داوانامە بنوسین، ئەگەر ڕازیی بوونایە دەیانناردین بۆ ئیتلاعاتی مەریوان و لەوێش حەفتەی پێدەچوو، بەڵام بۆ ئەندامانی لایەنە سیاسیەکان، بارەگای قەرارگای ڕەمەزان هەر لە ئۆردوگاکەدا بۆی دەکردن، هەرچەندە پاسدارەکان سوکایەتیی زۆریشیان بەخەڵك دەكرد، بەڵام ئاسانتر بوو.

کە بەڕێوەبەری بنکە تەندرووستییەکە بووم، مۆری بنکەکە لەدەستی مندا بوو، جاروبار سوودم لێ وەردەگرت و کەسانی نەخۆشی خەڵکی ئۆردوگاکەم پێ دەناردە دەرەوە و ئەگەر پێویستیش بوایە ئەندامانی خۆمانیشم پێ ڕەوانە دەکرد، بەڵام پسوڵەی من لە سنوری فەرمانداریی مەریوان کاری پێدەکرا، ئەگەر بۆ سنە و کرماشان بوایە دەبوو من بیدەمە دەفتەری سەرپەرستیی و ئەو بەمۆری خۆیەوە دەیناردە فەرمانداریی شاری مەریوان و لەوێ بەرگەی بۆ دەکرا.

کاك عەتا ئادەم ئێوارەیەك پێی گوتم: بەیانی دێم پسوڵەیەکم بۆ بکە مەوعیدێکم هەیە لەکرماشان بەڵکو بڕۆم، گوتم: باشە.

بەیانی ئەو درەنگ هات، کاك عیسا خالد هات و گوتی: من ئیشێکی زەروری کاسبیم هەیە لە سنە دەبێ ئەمڕۆ بگەم، جا بەڵکو پسوڵەیەکم بۆ بکەیت، منیش گوتم: بەڵێنم داوە بەکاك عەتا پسوڵەی بۆ بکەم و مەوعیدی هەیە، پەلە مەکە ئیشەکەی ئەو زەرورترە و هەر بۆ یەکێکیشتان بنووسم باشە، قەناعەتی نەکرد و گوتی: کاك عەتا دیار نییە، بۆ منی بکە، ناچار پسوڵەم بۆ نووسی.

کە بردبووی بۆ دەفتەری سەرپەرستیی ئاغای بیگی لەوێ بوو، خستبوویە ژێر کۆمەڵێ پرسیارەوە، کە بۆچی دەچی و نەخۆشیەکەت چییەو... تاد، گومانی لێ کردبوو و گوتبوی: ئێمە لەمە بەدوا ئیعتیبار بۆ تەشخیسی ئاغای پزیشك (بەو ناوەوە ناوی منی دەبرد) دانانێین، وا دیارە ئیشی تایبەتیی خۆی بە مۆرەکەی ئێمە دەکات.

کاك عیسا لەژێر چاودێریی ئێراندا بوو، وەك دواتر لە ڕێگەی دۆستێکەوە بۆمان دەرکەوت و نوسراوێکمان دەست کەوت، ئیتلاعاتی مەریوان داوای کردبوو لە دەفتەری سەرپەرستیی ئۆردووگا، کە زانیاریی پێویست بنێرن لەبارەی عیساخالدەوە، چوونکە ناوبرا و بەحسابی ئەوان، ڕەئیسی وەهابیە عێراقیەکان بوو، وەکو لە نوسراوەکەیاندا نووسیبوویان.

پاش ئەو وتووێژە، کاك عیسا بە پەلە هاتەوە لام و گوتی: ئەگەر کاك عەتا هات بۆ پسوڵە، بۆی نەکەیت و باسەکەی گێڕایەوە .

## درووست کردنی مزگەوت...

کە هەوا ساردی کرد و باوبۆران سەری هەڵدا، وەك پێشتر باسم کرد، ئیتر ئەو مزگەوتەی کە بە چادر درووستمان کردبوو، کەڵکی نەماو بێ مزگەوت کەوتین، پاش چەندین هەوڵ لەلایەن جەماوەری ئۆردوگا و خەڵکەکەوە، دەسـگای دەفتەری فەننی، بڕیاری دروسـت کردنی مزگەوتی داو کەرەسـتەکانیان دابین کرد، بەڵام دەسـتیان لێ نەئەجوڵاندەوە تا بەفر بارییی، ئێمە وەك ڕێکخستنی خۆمان، برایان بەگشتیی هەوڵماندا بۆ درووستکردنی مزگەوتەکەو سەرپەرشتیی وەستا و کرێکارەکانی، کە هەموویان برای خۆمان بوون و هاوبەشـیی نەدەکراین، تەنانەت تانە و توانجیشـیان لێ دەدایین، ئێمەش لێبڕاوانە بڕیارماندا ئیش لە مزگەوتەکەدا بکەین و قسـەمان لەگەڵ وەسـتا مەحمود کە لێپرسـراوی دەسـگای دەفتەر فەنیی بوو، کرد و ئەویش خۆشـحاڵیی و ڕەزامەندی خۆی دەربڕی و ئێمە وەسـتاکانی خۆمانمان ئاگادار کرد، وەسـتاخالد و وەسـتا حاجی کەریم و وەستاجەمال غەفار، خۆیشمان هەر هەموو وەك کرێکار ئیشمان لە بەردەستیاندا دەکرد، تا دیوارەکەمان هەڵساند وگەیشتە سەقف، بەڵام سەرماکە و بەفر، زۆری بۆ هێناین و لەو ئاستەدا دەستمان لێ هەڵگرت، تا هەوا خۆشـی کرد دەستمان کردەوە بە کارکردن تیایدا، لەکۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا تەواو بوو.

کاتێ کە مزگەوتەکە لە تەواوبوندا بوو، هەموو خەڵکی خێوەتگەکە جارێکیتر بەهۆی شەڕی عێراق و ئێران و هێرشـی ئێرانەوە بۆ هەڵەبجە، ئاوارەی گوندەکانی دەوروبەر بوون و

بەهۆی ئەوەوە کە قورسایی و پشتیوانیی هێرشەکە لەو قۆڵەوە بوو، فڕۆکەی عێراقیش دەهاتن بۆمببارانی ناوچەکەیان بەگشتیی دەکرد، لەبەر ئەوە خەڵکەکە بەناچاریی خێوەتگەکەی چۆڵ کرد، هەر چەند ماڵێك بەرەو گوندێك ڕۆشتن.

## گەڕانەوەی سەرلەنوێ بۆ خێوەتگەی دەربەند دزڵیی...

گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ خێوەتگەی دەربەن دزڵیی، لە سەرەتای پایزی ئەو ساڵەدا بوو، کە گەڕاینەوە مزگەوتەکە تەواو کرا و ئێمەش وەك بەشێك لەو بەرنامە و پلانەی کە برایان لە هەموو خێوەتگەکاندا پەیڕەویان دەکرد، هەستاین بە دانانی بەرنامە و دەرس و دەوری تەواومان لە مزگەوتەکەدا دانا، برایانی بزوتنەوەش سەرگەرمی ئیشی خۆیان بوون لە ڕاهێنان و مەشقی سەربازیی.

ئێمە بەم شێوەیە دەرسەکانمان دانا:

| | |
|---|---|
| ئەخلاق لەکتێبی (خُلُقُ المُسلِم) | عەتا ئادەم |
| السيرة | ئەبوبەکر محەمەد حەمەسەعید |
| عُلُمُ القُرآن | ئیبراهیم میکە عەلی |
| الحديث | بورهان حەمەخان |
| فقه | عومەرسدیق |
| نەحو وصەرف | فازڵ غەفار |

عەقیدە حەسەن عەلی

تەجوید موحسن فایەق

لەبارەی ناوی هەندێ برا کە لەم خشتەیەدا هاتوونەتە کایەوە، بە پێویستی دەزانم ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسم:

پاش هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە لە١٩٨٨/٣/١٦ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور، ڕوویان کردە ئێران و ئەوانەیان لە سنووری مەریوانەوە هاتبوون، لەو نزیکانەی مەریواندا، هەندێ ئۆردگای کاتییان بۆ درووست کرا وەك: هەزارخانیی، شووێشە.

لەو شووێنانەدا بەشێوەی کاتیی نیشیەجێ کران تا لەلایەن عێراقەوە، لە مانگی ١٩٨٨/٨، (لێبوردن) ێکی یەك مانگیی دەرکرا، ئەو خەڵکە لێقەوماوەش لەبەر ناچاریی و نالەباریی گوزەران و هەلومەرجی ژیانیان، بەڕێژەیەکی زۆر بەرەو عێراق گەڕانەوە، بەداخەوە وەك دواتر بیستمان، زۆربەشیان تووشی مەرگەساتی قورستر هاتن و هەندێکیان ئەنفال کران و هەندێکیان بەرەو نوگرە سەلمان و توونی مەرگ ڕەوانە کران.

بەپێوویستی دەزانم کەمێك باسی ئەم دوو ئۆردوگایە: هەزارخانیی و شوێشە، بکەم، کە پاشماوەی خەڵکە کیمیاباران کراوەکە لە قۆڵی هەورامانەوە گەشتنە ناو سنووری ئێران، دابەش کران بەسەر ئەم دوو ئۆردوگایەدا، کە دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکیی مەریوان ـ سنە.

هەزارخانیی لەجێگەیەکی بەرزی زۆر خۆش هەڵکەوتبوو لە سەرووی شارۆچکەی سەوڵاوا کەلە ڕەسمیاتدا ناوی سروابادی لێنرابوو، خێوەتگەی شوێشە ش لە جێگەیەکی تەختایی سەرجادەدا بوو نزیك بەگوندی نگڵ کە گوندێکی مێژوویی ناسراوە بەهۆی ئەو قورئانە بەناوبانگەوە کە لەوێیە و هی سەردەمی کۆنە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی فتوحاتی ئیسلامیی، ئەم قورئانەش مێژوو و سەرگوزەشتەی خۆی هەیە.

ئەم دوو ئۆردوگایە: شوێشە و هەزارخانیی، پاش گەڕانەوەی خەڵك بەرەو عێراق، هەڵوەشێنران و پاشماوەی خەڵکەکەیان دابەش کران بەسەر ئۆردوگاکانی: بارام ئاوا، دەربەن دزڵێیدا، بارام ئاوا ئۆردوگایەك بوو کە سێ تا چوار کیلۆمەتر بەبناری شاخی زەڕەوەدا و لەلای ڕاستی ئۆردوگاکەی ئێمەوە دوور بوو.

برایان: حەسەن عەلی محەممەد، بورهان حەمەخان بەڵخەیی، لەئاکامی ئەم گۆرانکاریەوە هاتنە ناو ئۆردوگاکەی ئێمەوە.

هەروەها برایان: ئەبوبەکر محەممەد حەمەسەعید، فازڵ غەفار، سالم ئەحمەد، حەمەزایر سالّح، ئەوانیش پێشتر و لەنیوەی دووەمی هەشتاکانەوە چووبوونە ئێران و لە ئۆردوگاکانی کەرەج و خوڕەم ئاوا نیشتەجێ کرا بوون، دوای ئەوەی بنەماڵەکانیان هاتنە ئێران، ئەوانیش گەڕانەوە بۆلای کەسوکاریان و هاتنەوە ئۆردوگای دەربەن دزڵیی.

## زستانی ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ وەیشوومەی شەڕ و بشێوی و ناکۆکی بوو...

دوای ئەوەی ئێمە ئەو دەرسانەمان دانا و بەڕێکوپێکی وەکو دەوامی فەرمیی، مامۆستا و قوتابیەکان پابەندی کات و جێگای وانەکان دەبوون و تاقی کردنەوە و نمرە دانان و غیابات هەبوو، خۆی لەخۆیدا مزگەوتەکە بووبوو بە پەیمانگەیەك بۆ بابەتە ئیسلامیەکان، هەموو ئەندامانی خۆمان و بڕێکی کەم خەڵکی بێ لایەنیش بەشداریی دەکردین.

بەو شێوەیە ئیش و کار و دەرسەکانمان بەڕێوە دەبرد، سەرەتای حەساسیەتی برایانی بزووتنەوە لە چەند کەسێکی سەرەتایی و منداڵەوە دەستی پێ کرد، کۆمەڵێك منداڵ لەدەوری کاك ع س کۆ دەبوونەوە و دەرسی پێ دەگوتن، لەکاتی دەرسەکاندا دەهاتن لە دەوری سۆپای مزگەوتەکە کۆدەبونەوە وتەقەتەق و دەنگە دەنگیان دروست دەکرد و ئێمەیان بێزار دەکرد، تا بەرەبەرە سەری لەوەوە دەرچوو ئەوانیش پۆلی دەرسیان دروست کرد و دەرسیان دانا لە لایەن مەلا تالب، مەلا محەممەد ساڵحەوە، هەموو پێشمەرگەکانیان دادەنیشاند، سەرەتا کاتی دەرسەکانیان لە کاتێکی جیا لە کاتەکانی ئێمەدا بوو، بەڵام بەرەبەرە خستیانە کاتەکانی ئێمەوە و دیمەنەکە ناشیرین بوو، مزگەوتەکە بووبوو بەدوو بەشەوە، ئێمە لە جێگاکەی خۆماندا دادەنیشتین و ئەوانیش لە بەشەکەی تردا پشتیان لە ئێمە دەکرد، دەنگەکانیش تێکەڵ دەبون، ئەم کارە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، ئێمە وەك نەریتی

خۆمان، شەرممان دەکرد بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ مزگەوتدا بکرێ.

لەکاتی گوتنەوەی یەکێك لەوانەکاندا، کاك عومەرسدیق دەرسی فیقهی دەگوتەوە لەوکاتەدا م.عەلی باپیر خۆی و ژمارەیەك چەکدار چووبوونە ناو مزگوت و بەبێ پرس و موڵەت و داوای یارمەتیی، حسابیا نەکردبوو بۆ دەرسەکە و بوڵندگویان داگیرساندبوو، بانگەوازی خەڵکیان کردبوو بۆ وتاری ئەو زاتە، مزگەوت پڕبوو بوو لە خەڵك و کاك عومەر و براکان بە ناچاریی کۆتاییان بە دەرسەکە هێنابوو هاتبوونە دەرەوە.

## لە مانگی ١٩٨٨/٨ لە بارەگایەکی بزووتەوەدا هێرش دەکرێتە سەر برایەك و بریندار دەکرێت ...

کاك حەمزە سەعید، برایەکی هێمن و دامەزراو بوو، ڕۆژێك لەناو ئوردووگادا بەمەستی ئازاردانی دەروونی ئەم برایە و ئیستیفزاز کردنی، چەند پێشمەرگەیەکی بزووتنەوە قسەی نەشیاو و نابەجێ بە کاك عەرەب ئەمین دەڵێن، کاك عەرەب هێمایەکی دیاری برایان بوو، کاك حەمزەش کە دڵنیا دەبێت لەو قسە و سوکایەتیانەدا مەبەست ئەوە، دێتە قسە و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە خۆشەویستیی ئەو بۆ کاك عەرەب لە بەر خوا و برایەتیی ئیمانییە، بۆیە داوایان لێ دەکات سنووری خۆیان بزانن و قسە بە برای موسوڵمانیان نەڵێن و لەوە زیاتر هێرش نەکەنە سەر ئەو زاتە، بەڵام بێ سوود دەبێت، کاك حەمزەش ناوی یەکێك لە سەرکردەکانی ئەوان دەبات و دەڵێت: ئەگەر ئەو قسانەی کە بەرانبەر کاك عەرەب دەیکەن بەڕاستی دەزانن ئەوا فلانەکەسی ئێوەش دەبێ وابێت.

ئەم قسەیەی لێ گەورە دەکەن و شکاتی لێدەکەن، ڕۆژی دواتر بانگی دەکەن بۆ بارەگا و مەقەڕێکی بزووتنەوە لە گوندی دزڵێی، کاك حەمزە خۆی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: دوای ئەوەی ناچار کرام بچم بۆ بارەگاکەیان، سەرەتا کە چوومە حەوشەی بارەگاکەوە، بەدیمەن و هەڵسوکەوتیاندا هەستم کرد کە مەسەلە پرسیار و وەڵام نیە و نیازیان خراپە و دەیانەوێت دەسبەسەرم بکەن و دواتر سوکایەتیشم پێبکەن، بۆیە بڕیارم دا لە هەلێك بگەڕێم و لە دەستیان هەڵبێم: فرسەتێکم بۆ ڕەخسا، لە

دیواری حەوشـــەی بارەگاکەوە هەڵهاتم بەرەو گوندی دزڵێی، ئەوانیش چەند کەسـێکیان بەڕاکردن دوام کەوتن، دوای ئەوەی زانیان لەدەسیان دەردەچم، کەسێك بەناوی (م ح) تەقەی لێ کردم و قاچی برینـدار کردم. دواتر کاك حەمزە ماوەیەکی زۆر گرفتاربوو تا چارەسـەر کرا، تاوانبارەکەش نەك هەر لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرا، وەك بیستمان دەسخۆشیشیی لێکرابوو لەلایەن سەرکردەکانیانەوە .

## ناكۆكیی نێوان م.مەلا ئەحمەد كاكە مەحموود ـ م.مەلاشێخ سدیق...

ئەم دوو بەڕێزە، لەنێوان خۆیاندا ناكۆكییان هەبوو، كار گەشتبووە ئاستێك كە خەڵكی ئاسایی دەیزانی و پێشمەرگەكانیشیان بەدوو دەستە ناوزەد دەكران، فەرمانبەرە ئێرانیەكانی ئۆردوگاكەش بە مەسەلەی ناكۆكیەكەیان دەزانی، پێشمەرگە و لایەنگرەكانیان، پۆلێن كرابوون بەسەر ئەو دوو ناوەدا!

ئەم جیاوازییەی ئەوان ڕەنگی دابوویەوە لەناو مزگەوت و لە پەیوەندیشیان لەگەڵ ئێمەدا، ئیتر جیاوازیی و ناكۆكیەكەیان بۆچی و لەسەر چی بوو خوا و خۆیان دەیان زانی، نامەوێ قسەی لەسەر بكەم، چوونكە ئیشی من نییە.

گرژیی و ئاڵۆزیی ناو مزگەوت بەردەوام بوو، تا ڕۆژێك لە ڕۆژە سەختەكانی زستانی ١٩٨٨ دوای نوێژی عەسری ئەو ڕۆژە لە مزگەوتەكەدا كاك حەسەن عەلی محەممەد وانەی عەقیدەی دەوتەوە، لەناكاو مەلا تالب گردبوونەوەیەكی سازكرد و گوتی: دەبێت ئەم دەرسە لەم مزگەووتەدا هەڵگرن و لەمەولا نەوترێتەوە، ئێمەش گوتمان: ئێمە برای یەكین باخەڵك زیاتر نان و پیاز بە مەسەلەكەوە نەخوات وازبێنە، بائەمڕۆ دەرسەكە بگوترێتەوە، دوایی قسەی لەسەر دەكەین، گوتی: نەخێر، من ئەمیرم فەرمانی پێكردووم، نابێ دەرسەكە بگوترێتەوە، كە مەلا تالب ئەم قسەی كرد، كاك حەسەن عەلیش توڕە بوو و گوتی: منیش ئەمیرم ئەمری پێكردووم كە بیلێمەوە، ئەوانیش ڕوویان

کردە ئێمـە و گوتیـان: کـاکـە کێ ئـەمیریـەتی بـا ئـەمری پێبکـات نەیڵێتەوە، کاك حەسـەن وەك یەکەم جار باسـی ئەمیری کردبوو، بۆ دووەم جـاریش زیـاتر دیـاری کردو و وەك لـەکوردەواریـدا دەڵێن: هەرئەوەی مابوو بڵێ: پەسـەکەکەی سـورە، گوتی: نەخێر ئەمان ئەمیرم نین و ئەمیرم لە سەفەرە.

لەو کاتەدا تەنها کاك عەتا ئادەم لە سـەفەر بوو، ئەو کارەی کاك حـەسـەن، لـەگـەڵ تـەوجیهاتی ئـەو کـاتەماندا ناکۆك و نەگونجاو بوو، هۆکـەشـی ئـەوەبوو کـاك حـەسـەن هـەرچـەند لە زووەوە خۆشـەویسـتی و تێکـەڵاویی هـەبوو لـەگـەڵمـاندا، بـەڵام کـەمتر ڕاهاتبوو لەسەر هونەری خۆلادان و ڕوبەڕوو بوونەوە.

ئەم هەڵوێسـتە ئەوەندەی تر مەسـەلەکەی ئاڵۆزتر کرد و گومـانی برایانی بزووتنـەوەی بـەهێزتر کرد کـە هۆکـاری ملنـەدانی ئێمەو ڕێگریی بـەردەممـان بۆ بوون بـە بزووتنـەوە کـاك عـەتـا یـە، هەر لەوێدا و بەغیابی خۆی قسەی نەشیاویان پێ گوت.

ئێمەش بۆ هێور کردنەوەی مەسـەلەکە بەکاك مەسعود شێخ سدیق مـان گوت: ئـەم هـەواڵـە بـە بـاوکی بگـەیـەنێت، کـە لـەحوجرەی مزگـەوتـەکـەدا دانیشـتبوو، ئـەم مشـتومڕەشـمـان لـەنـاو مزگـەوتـەکـەدابوو، داوامـان کرد مۆڵـەت لـە بـاوکی وەرگرێ کـە ئێمە دەمانەوێ مامۆستا بەتەنها ببینین.

کـاك مـەسـعود پـەیوەندیی بـە بـاوکیـەوە کردوو فـەرمووی لێ کردین، پرسـیمـان کێ لـە ژوورەوەیـە؟ گوتی: مـەلاتـالـب و

مەلامحەممەدی سـوفی سـالح و چەند کەسـێکی تریش لەوێن، گوتمان: ئێمە بەس ئیشمان بە باوکتە.

چووینە ژورێکی تری مزگەوتەکە و لەسەر داوای ئێمە و بەنارەزایی خۆیان م.شـێخ سـدیق هەموویانی کردە دەرەوە و لە ڕێڕەوی ژوورەکاندا قسە و هاتوهاواری زۆریان کرد و هەوڵی زۆریاندا بێنە ژورەکەی تریش بۆلامان و ڕووبەڕوو قسـەمان پێ بڵێن، بەڵام کاك مەسعود نەی هێشت بێنە ژوورەوە.

من و کاك عومەرسـدیق و کاك حەسـەن عەلی و کاك موحسـن فایەق، ئەوانەش کە موڵەتی مانەوەیان نەدرا: مەلاوەهاب و مەلاتالب سەرگەتیی و مەلامحەممەدی سۆفی ساڵح و کاك ئەیوب تەکیەیی و کاك عومەر نەسرولڵلا و ژمارەیەکی تر لە پێشمەرگە، ئەمانە هەموویان قسـەی نەشـیاویان بە ئێمە گوت، مەلاتالب و کاك ئەیوب، قسەی زیاتریان گوت، لەو قسانە دەیان گوت: ئەگەر ئەمان و ڕێکخستنەکانی ئیخوان نەبوونایە، ئێستا هەموو کورد چ لێرە و چ لە ناوخۆی وڵاتیشـدا لەگەڵ ئێمە دەبوون، بەهەر حاڵ کاك مەسعود کردنیە دەرەوە و فەرمووی لەئێمە کرد.

پێش ئەوەی بچینە ژورەوە گوتم: برایان کە دەچینە لای مامۆسـتا ئاگادارین، قسـەی بەرز ونەشـیا و نەکەین باشـترە، ئەگەر بێڕێزیشـمان لەگەڵدا بنوێنێت، وریابن توڕە نەبین و نەکەوینە هەڵەوە، چونکە ئەو ڕیشسپیی ئۆردوگا و خەڵکەکەیە و کەس ئەو عەیبدار ناکات، ئەگەر لەگەڵ ئەویشدا تێکی بدەین هەر ئێمەی پێ ناشیرین دەبین.

ئەمە یەکەم جاربوو لەو کێشەیەدا لەگەڵ سەرکردەیەکی بزووتنەوەدا بەڕاشکاویی بکەوینە قسە و گفتوگۆی ڕاستەوخۆوە، برایان تێبینیەکەیان پەسەند کردوو چووینە ژوورەوە بۆلای م.شیخ سدیق.

ڕێزی لێ گرتین و هات بە پیرمانەوە و لەبەرانبەر خۆیەوە داینیشاندین، کاك حەمەموراد هانەقوڵیی، کە پیاوێکی بەتەمەنی ڕووخۆش بوو، پلەی پێشمەرگایەتیشی لە بزووتنەوەدا بەرز بوو، لەلای مابویەوە و ئێمەش نەمانکردە کێشە، چوونکە تاڕادەیەك ئەو پیاوێکی لەسەرخۆ بوو، پاش بەخێرهاتن و هەواڵپرسیی و یەکدوو قسەی خۆشی ئەو، من قسەم کرد و گوتم: پێش ئەوە بێینە ژوورەوە پێکهاتووین کە ئەگەر قسەشمان پێ بڵێیت، نابێ پێمان ناخۆش بێت و تۆ لەجێی باوکی هەمووومانی، ئەویش زۆر لەخۆی بوویەوە و أستغفرالله ی کرد و گوتی: ئێوە کوڕی خۆشەویستی منن و بەخێر بێن.

گوتمان: واباشە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، چوونکە گەر وا بڕوا هەمووومان پێی عەیبدار دەبین.

خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و گوتی: من بەرپرسی سیاسی ئەم ناوەم وکەسانی تر مەبەستی م.مەلا ئەحمەد بوو، بەرپرسی کاروباری سەربازین، بۆیە من هەوڵ دەدەم کێشەکەتان بۆ چارەسەر بکەم، دیار بوو هەڵوێستەکەی ئێمە کاری کردە سەر بەڕێزی، بۆیە گوتی: ئەم دەرسانەی کە ئێوە دەیڵێنەوە پێویستن بۆ خۆشتان و هەموو پێشمەرگەکانی ئێمەش، ئەگەر ئێوەش

نەبوونایە ئێمە ناچار دەبووین کەسی لێهاتوویان بۆ پەیدا بکەین و بیانلێینەوە بە پێشمەرگەکانی خۆمان، ئێوە وانەکان بڵێنەوە و پێشمەرگەکانی ئێمەش بەشداریی بکەن و منیش دەرسێکی تەفسیرتان بۆ دەڵێمەوە، چوونکە وەك ئاگادارم ئێوە تەفسیرتان دانەناوە، کردیە گاڵتە و گوتی: من ئەویشتان بۆ دەڵێمەوە، بەڵام بە دوو مەرج :

یەکەم: کەستان غائب نەبێت، بەمامۆستا و قوتابییەکانتانەوە.

دووەم: منیش تەفسیری هەرچیم کرد نابێ بێتاقەت ببن.

گوتمان: بەسەرچاو، بەڵام ئێمەش داوای ئەوەمان هەیە کە بەڕێزت تەفسیری ئەو ئایەتانەی باسی قتال دەکەن بەو شێوازە مەکە کە براکانی ئێمە بێزار ببن وتاقەتیان لە دەرسەکە نەمێنێ، چونکە ئێمەش خۆمان بە موجاهد و ئێوەش هەر بە موجاهد دەزانین و قتال جۆرێکە لە خەباتی ئیسلامیی، نەك هەمووی، گوتی: نەخێر من خۆم تەفسیری هەرچیم کرد ئازادم لەوەدا کە چۆن تەفسیری دەکەم.

گوتمان: ئەمە چارەسەر نیە، چوونکە لەمە و پێش ئەگەر پێشمەرگەکانتان هەڵەیان کردبێ، ئێمە ئەندامانی خۆمانمان وا دامرکاندوەتەوە کە ئەمە ڕەئی پێشمەرگەیە و مامۆستایان دەزانن کە ئێمە موجاهدین و باوەڕیان بەکاری ئێمەش هەیە، بەڵام ئەگەر جەنابت هەر هەمان شت بڵێی، ئەوکات ئێمە چی بڵێین؟

بۆیە ئێمە ئەم شێوازەی جەنابت باسی دەکەیت بەچارەسەر نازانین.

لەو بڕگەیەدا كاك حەمەموراد گوتی: دەی مادام وای لێ هات هەركەس سەرپێچی فەرمانی بزووتنەوە بكات، ئەوا ئێمە باڵا دەستین و لەو ساحەیەدا هەڵی دەواسین بابێتە پەند بۆخەڵكی تریش، كاك حەمەموراد دانیشتنەكەی بەم قسەیە گرژ كرد، منیش وەڵامی قسەكەی كاك حەمەمورادم بەزبریی دایەوە، بەهەرحاڵ خۆمان گرت و كەمێكی تر دانیشتین و دواتر بەبێ ئاكام هەستاین.

## سەردان لە م.مەلا ئەحمەد كاكە مەحمود...

پاش ئەو هەوڵانەی كە خرانە گەڕ بۆ ڕاگرتنی شكۆی مزگەوت و دۆخی برایەتیمان، بڕیارمان هاتە سەر ئەوە كە سەردانی م.ئەحمەد یش بكەین، شاندێكمان ڕێكخست لە: بەندە، حەسەن عەلی، فازڵ غەفار، سالم ئەحمەد، سەردانەكەمان لە ماڵی م.ئەحمەد ئەنجامدا و زۆری پێ خۆشبوو، قسەی زۆرمان كرد لەبارەی نێوان خۆشیی و برایەتیی و... تاد.

ئەویش پێزانینی خۆی دەربڕیی كە ئێمە وەك خەم خۆرێك هەستاوین بەو سەردانە و داواشی لێ كردین خۆڕاگربین و بەڕاشكاویی ئاماژەی كرد بۆ ڕۆڵی مەدرەسەی ئیخوان لە بەدیی هێنانی بێداریی ئیسلامیی و دانیشی بەوەدانا كە هەمووومان نەمامی دەستی ئەو بیرە ئیسلامییە ڕەسەنەین و پێوویستە هەردەم ئەم ڕاستیەمان لەبیر بێت و لەسەر ئەمە زۆر ڕۆشت.

یەكێك لە برایان بە حسابی خۆی ویستی ئەو لە تەوەرەی دانیشتنەكە نەترازێت و بیگێڕێتەوە سەرخەت، گوتی:

ئەمەی کە جەنابت فەرمووت، منداڵی ئەو کۆلانەش دەیزانێ!

بەم قسەیە زۆر بێتاقەت بوو، ڕەش داگەڕا و ترساین م.ئەحمەد بیکاتە دەرەوە، بەڵام باش بوو هەرئەوەندە بوو، دەستی بەرز کردەوە بەڕویدا و گوتی: تۆ ئیتر قسە مەکە... ئەو برایە هەرچی هەوڵیدا مەبەستەکەی ڕوون بکاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە دیسان گوتی: پێویست ناکا تۆ قسە بکەی، تا هەستاین براکە قسەی نەکرد.

شایانی ئاماژەیە کە م.مەلا ئەحمەد کەسێکی ڕۆشنبیر و نووسەرێکی بیر ڕووناك بوو، لەڕووی وەفاداریشەوە بۆ برایان لە سەرکردەکانی تری بزووتنەوە باشتربوو.

پاش وتەکانی ئەو، ئێمە قسەمان کرد، چووینە سەر باسی کێشەکانی ناو خێوەتگەکە و مزگەوت و کێشەکانی نێوان برایان و بزووتنەوە، لە قسەکانماندا تیشکمان خستە سەر وتە و بۆچوونەکانی بەڕێزیان سەبارەت بە ڕۆڵی فیکری ئیخوان و کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیە لە جیهانی ئیسلامیدا، گوتمان: پێمان باشە بەڕێزتان لە وتار و کۆبونەوە گشتیەکاندا ئاماژە بەم ڕاستیانە بکەیت، چوونکە هەندێك لە پێشمەرگە و تەنانەت هەندێك لە سەرکردە سەربازیەکانی بزووتنەوەش بێئاگان لەم باسانە، بۆئەوەی ئەوانیش وابیر بکەنەوە و خۆیان دوور بگرن لە کێشە وگێچەڵ گێران بەبرایان.

گوتی: من ئـەمـانـە هـەموویـان دەزانم، دڵنیـاش بن نـاكۆكیی مـاڵی م.س تـەنهـا لـەگـەڵ ئێوەدا نیـە، ئـامـاژەی بـەوە كرد كـە لـەگـەڵ ئەویشدا كێشەیان هەیە و بواریان لە بەردەمدا تەسك كردوەتەوە.

پاشـــان گوتی: من نەك هەر حەز دەكەم دەرســـەكانتان بەردەوام بن، بـەڵكو ئـەگـەر ئێوە هـاوكـاریم بكـەن، بـەســـیفـەتی ئـەوەی سـەرپەرشتیی سـەربازیی ئەم سنووره دەكەم، ڕەوانەتان دەكەم، حـەفتـانـە بڕۆن بۆ مـەقـەڕەكـانی بزووتنـەوە و لـەوێ دەرس و موحازەرەی پەروەردەیی و فیكریی بۆ پێشمەرگەكانمان بڵێنەوە.

ئێمەش گوتمان: ئەم قســـانەی جەنابت، زۆر نێوان خۆشـــكەرن، خۆزگە لە گوتـار و وانـەكانی مزگەوتیشـــدا خەڵكی ئەمانەی لێ ببیستنایە، بۆ ئەوەی كەس بازرگانیی بەم باسانەوە نەكات.

گوتی: برا گوتار و موحازەرەی چی؟ خۆ ماڵیان ئاوابێت مەجالی منیش نادەن .

مەبەستی ئەوەبوو كە م.شێخ سدیق گوتار بێژی مزگەوتەكە بوو، ئەگەر خۆیشـی ئامادە نەبوایە، كەسێكی دادەنا بۆ خوتبە و نوێژی هـەینی، وەك: كـاك لوقمـان جەعفەر یان هەر كەســـێكی تر، كەم دەرفەتی م.ئەحمەد یان دەدا، بەتایبەتی لە گەرمەی ناكۆكیەكەیاندا.

لەســـەر ئەوە پێكهاتین كە ئەو هەوڵ بدات كێشـــەكە چارەســـەر بكـات، بـەڵام بـەداخـەوە ئـەویش نـەی توانی شـــتێكی ئـەوتۆ بۆ چارەسـەر بكات، تا كارەسـاتی گەورەتر قەوما و شـەڕ و نـاكۆكیی ڕوویـدا و چـەنـدین كـەس لـە هـەردوولا خرانـە زینـدانـەوە و بۆ ناوبانگی خێوەتگەكەش بەخراپ شكایەوە.

## ڕەوانەکردنی پۆلێك لە برایان بۆ خوێندنی زانستە شەرعیەکان...

لەبەر ئەوەی براکان زۆربەیان گەنج و لاو بوون و حەزوخولیای خوێندنیان هەبوو، کاتیشیان بەدەستەوە بوو، لە چوارچێوەی ئەو پلانە گشتیەدا کە برایان بۆ سوود وەرگرتن لە دەرفەتی ئاوەریی و دەس بەتاڵیی براکان دایان ڕشتبوو، ئێمەش بیرمان لەوە کردەوە دەستەبژێرێك لەو برایانەی کە خێزان و هاوسەریان نیە و ئاستی خوێندنیان گونجاوە و خۆشیان ئامادەیی خوێندنیان هەیە، ڕەوانەی خوێندنگەکانی شارە کوردیەکانی وەك: ڕوانسەر، کرماشان، پاوە، مەریوان... تاد. بکەین بۆ خوێندنی زانستە شەرعیەکان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لەناوخۆدا هەستمان پێ دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە بەڕێزان: مستەفا غەفور، ئەیوب عەلی، نامق حەمەئەمین، محەممەد نەسروڵڵا، عوسمان حەمە کەریم، هەڵبژێردران و ڕەوانەکران، دوای چەندساڵ خوێندن سوپاس بۆ خوا هەموویان سەرکەوتوو بوون و بوونە مەلای کارامەی بوارەکەی خۆیان.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەم بەڕێزانەدا، پێمان ڕاگەیاندن کە ئێوە بۆ مەلایەتی و ڕابەرایەتی کۆمەڵگە دەخوێنن و بەو نەفەس و ڕۆحەوە بڕۆن کە لە داهاتوودا خزمەت بە گەلی هەژاری خۆمان و بەربەرەکانێی نەزانیی بکەن و کۆمەڵگە بەڕۆشنایی زانستەکەتان ئاوەدان بکەنەوە، سوپاس بۆ خوا هەرواش دەرچوون.

ژیان بەگشتی و خوێندن بەتایبەتی لەو هەلومەرجەی ئێمە و ئاوارەییدا زۆر سەخت بوو، کە سەردانی ئەو برایانەمان دەکرد لە حوجرەکانیاندا هەستمان بە سەختیی گوزەرانیان دەکرد، چوونکە زۆربەی حوجرەکان برایان سەرپەرشتیان دەکردن و لەلایەن خەڵك و خێرخوازانەوە بژێوییان دابین دەکرا، دەوڵەت نەك هەر یارمەتیی نەدەدان، بەڵکو کێشەشی بۆ دروست دەکردن.

شایانی گوتنە برایان لەهەموو ئۆردوگاکاندا سوودیان لەکات وەرگرت و ژمارەیەکی بەرچاو لە برایان، زانستە شەرعیەکانیان خوێند و مەلای کارامەش پێگەیەنرا.

بۆ نموونە: لە ئۆردوگای شەهرەکی کامیاران و لە ئاهەنگێکی گەورەدا، دوانزە برای لێهاتوو بڕوانامەی زانستە شەرعیەکانیان پێبەخشرا و بوونە مەلا و ئێستا زۆربەی ئەو کەسانە و براکانی تریشیان لە مزگەوتەکانی کوردستاندا خزمەت بە خەڵك و نیشتمانی خۆیان دەکەن.

## ڕەمەزانی ساڵی ١٩٨٩...

ئەو زستانە زستانێکی سەخت بوو، پتر لەدوو مانگ بەستەڵەك بەری نەداو هەلومەرجێکی ناهەمواری لەگەڵدا بوو، لەکۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا بووین، مانگی ڕەمەزان هات.

ئێمەش وەك نەریتی خۆمان، لەگەڵ خەڵکەکەدا ئامادەی تەراویح و دەرسی شەوان و وانە و وتارەکانی مزگەوت دەبووین، کە هەمووی لەلایەن بزووتنەوە و بەتایبەت م.شێخ سدیق و ئەو کەسانەوە کە ئەو دای دەنان بەڕێوە دەچوون، بڕیارماندا بوو دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان لە مزگەوت بمێنینەوە، شەوە جووتەکانی تا سەعات دوانزەی شەو، لە سەرەتاوە کە ئێمە دادەنیشتین، شەو سێ برادەر کە پێشمەرگەی بزووتنەوە بوون، هاتن لە سوچێکی مزگەوتەکەدا دانیشتین، ئەم سێ کەسە نە قسەیان دەکرد، نە تێکەڵی ئێمەش بوون، تەنانەت میوە و شیرینیشمان بۆگێڕان نەیان خوارد، هەستمان کرد کە وەك چاودێر هاتوون، مەرام و نیازێکی خراپیان هەیە، ئەوشەوە هەرچۆن بوو تا سەعات دوانزەمان گەیاند و هەستاین.

بۆ شەوی دواتر هەرچەندە من ئامادە نەبووم (ئامادە نەبونەکەشم شتێکی قەدەریی بوو) چوونکە دوای نوێژی تەراویح چوومەوە بۆ ماڵەوە و خەوم لێ کەوتبوو، بەڵام ڕەوشەکە بەم شێوەیە گوزەرابوو:

شەو نزیکەی سەعات نۆ براکان هەندێکیان چوو بوونە مزگەوت و چەند برایەکیش لە دووکانەکەی کاك حەمە کەریم ڕەحمان، کە دوکانی ئاو میوە بوو، دانیشتبوون و کاك عەتا ئادەم تەنها خۆی بەرە و مزگەوت کەوتبووە ڕێ، لەڕێدا (ج ح ، ع م) کە هەردووکیان بزووتنەوە بوون، گوتبویان: کاك عەتا بێزەحمەت کەمێ ئیشمان پێتە، ئەویش چووبوو لەگەڵیاندا و کە هەستی کردبوو ئیشیان نییە و نیازیان خراپە، هەوڵی دابوو نەچێت لەگەڵیاندا، بەڵام بەزۆر ڕایان کێشابوو بۆ ناو ئەو چەمەی کە لەتەنیشت ئۆردوگاکەوە ڕۆدەبوو، چەند چەکدارێکی تریشیان ئامادە کردبوو لەوانە (م ح، ح م )، کاك عەتایان دابویە بەر مشتەکۆڵە و خستبوویان، ئەویش بەدەنگی بەرز هاواری کردبوو، برایان دەنگەکەیان بیستبوو بەهانایەوە چووبوون، یەکەم جار کاك حەمە کەریم ڕەحمان و کاك ئەنوەرنەسروڵڵا فریای کەوتبون و قڕەوقاڵە و شەڕی دەستەویەخە بەرپا بوو بوو، خزم وکەسی نزیك لەگەڵ یەکتردا، بەشێوازی نەشیا و دەسیان دابوویە یەخەی یەکتر، دواتر دەرکەوت کە ئەم چەند کەسە، لەڕۆژەکەیدا نەخشە و پلانیان بۆ ئەم کارە داڕشتووە، خێرا پێشمەرگەی زۆریان ڕژابوونە جێگەکە و هەموویان بە پێڵاو و پۆشاکی توندوتۆڵ و ئامادەییەوە هاتبوونە دەست لە برایانی ئێمە، براکانیش هیچ جۆرە ئامادەکارییەکیان بۆ ئەم شەڕ و ئاژاوەیە نەکردبوو، سەرەڕای ئەوەش هەر لێیان هاتبوونە دەس، تەنانەت ژنانی ماڵە نزیکەکانیش ڕژابوونە ناو شەڕەکەوە.

وەك هەوڵێك بۆ دامركاندنەوەی شـەڕەكە ئێرانیەكانیش لە ڕێگەی خێر خوازێكـەوە، ئـاگـادار كرابوون و ئـەفســـەری فـەرمـانـدەی پایەگای ژاندارمیریەكە هاتبووە ناو مزگەوت و شەڕ و هەراكەی بەچاوی خۆی بینیبوو.

وەك كاك عەتا دەگێڕێتەوە، ســـەرەتا چەند كەسـێكیان بردبوو بۆ پایەگاكە لەوانە كاك عەتا و كاك بورهان حەمەخان و كاك ســـالم ئەحمەد، چەند كەسـیش لە بزووتنەوە چاوپێكەوتن و پرسـیاریان لێ كرابوو لەسەر چی بەشەڕ هاتوون؟

هـەركـەس بـەدیدی خۆی وەڵامی دابویـەوە و ســێ شـــەو لـەو پـایـەگـایـەدا مـانـەوە و دواتر ئازاد كران، بەڵام ئەفســـەرەكە زۆر توڕە بوو بوو لـە پێشـــمـەرگـەكـانی بزووتنـەوە، گوتبووی: ئـەمـە درۆكـەی ئەمڕۆتان بوو كە دەتانگوت: پێشـــمـەرگەی دیموكرات بەشــاخی (زەڕەوە) وەن و بەتەمان ئەمشـــەو بێنە ناو ئۆردوگا و دەسـت بوەشـێنن، ماوەیەكی زۆر ئێمەتان خەریك كردوو سـەری درۆكەتان لەمەوە دەرچوو؟

تومـەز پێشـــتر ئـەو چـەند كـەســـە، بۆ پـەردەپۆش كردنی كـارە نەشیاوەكەیان، كە بەنیاز بوون كاك عەتا بكوژن و لەناوی بەرن، دوایی واپڕوپـاگـەنـدە بكـەن كـە پێشـــمـەرگـەی حزبی دیموكرات كوشتویەتی.

بۆ ئـەم مـەبـەســـتـە پێشـــتر چووبوونـەلای پایەگاكە و گوتبویان: زانیاریمان بەدەست گەیشتووە عەلی مەریوانیی كە فەرماندەیەكی

حزبی دیموکراتی ئێرانە، هاتوەتە شاخەکانی دەوروبەری ئەم ئۆردوگایە و بەتەمایە لەم نزیکانەدا چالاکیی سەربازیی بکات!

لەیەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا دووبارە شەش کەسیان گرت، سێ کەس لە ئەندامانی ئێمەو سێ پێشمەرگەی بزووتنەوە.

ئەندامەکانی ئێمە:

- عەتا ئادەم.

- بورهان حەمەخان .

- فازڵ غەفار.

بزووتنەوەکان:

- محەممەد حسێن.

- حاجی مەحمود مستەفا.

- عومەر محەممەد.

ڕەوانەی ئیتیلاعاتی مەریوان کران و لەوێوە نێردرابوون بۆ سنە، وەك هەوڵێك بۆ چارەسەری کێشەکەیان، ئەو سێ کەسەی بزووتنەوە پێشتر سەردانی م.مەلا عوسمانی ڕابەری بزووتنەوەیان کردبوو، بەڵام هەوڵەکەیان بێ سوود بوو و پێی گوتوون: لەدەستی مندا نییە، بە ناچاریی خۆیان دابوو بەدەستەوە و لە ئوستانداریەوە ئاغای بیگی ڕەوانەی قەرەنتینەی کردبوون، پێش گەیشتنیان ئاغای بیگی، لە سنەوە تەلەفۆنی کردبوو بۆ بەپرسی خێوەتگەی دەربەن دزڵی کە ئاغای ڕەزا زادە بوو، پێی

گوتبوو: هەر ئێستا مەلا... ئاگادار بکە ئەو سێ پێشمەرگە بنێرێت بۆ قەرەنتینەی سنە، ئەگەرنا خۆی دەخەمە زیندانەوە. بزووتنەوەکانیش گەشتبوونە قەرەنتینە و پاش دوو هەفتە هەموویان لەوێوە ڕەوانەی سمنان کرابوون و کەسیش نەی دەزانی لەکوێن.

من کە لەشەڕەکەی شەوی ڕابوردوودا بەشدار نەبووبووم، بەنیاز بووم بۆ شەوی داهاتوو بەئاسایی درێژە بدەمە دانیشتنەکانمان، دوای تەراویح و وتەی م.شێخ سدیق قورئانەکەی باخەڵم دەرکرد و دەستم کردە قورئان خوێندن، کاك عومەر نەسروڵڵا کە پێشمەرگەی بزووتنەوە بوو، بەدەم پەنجەرە داخستنەوە داوای کرد کە ئەمشەو کەس لە مزگەوت دانەنیشێت، منیش خۆم تێنەگەیاند و چەند برایەکیش دانیشتن.

پیاوێکی ڕیش سپیی: حاجی سادق هانەدننی، هات ماچی کردم و تەکلیفی لێ کردم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی دیسان شەڕ نەخولقێتەوە، دیار بوو بزووتنەوە خۆیان تەیار کردبوو بۆ بەزمێکی تر، بۆ ڕۆژی دوایی ئاغای ڕەزا زادە کە بەرپرسی ئیدارەی ئۆردوگاکە بوو، بینیمی و هەواڵی شەوی لێپرسیم، بەووردیی و وەك خۆی لەوێ بوبێ ئاگای لە دیمەنەکانی ناو مزگەوت هەبوو، پرسیاری زۆری لێ کردم کە مەبەستت چی بوو هەڵ نەئەسای و خەڵك بۆچی تەکلیفیان لە تۆ کرد بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە؟ بەهێمنیی وەڵامم دایەوە، بەشێوەیەك کە زەرەری بۆ هەردوو لا نەبێت.

ئەو شـــەش كەســـە گیران، نۆ مانگ بێســـەر و شـــوێن و بێ چاوپێكەوتن لە زیندان بوون و دوایی ئازاد بوون، دەیان گێڕایەوە لە ئوستانی(سمنان) كە پتر لە دوو سـەعات لە شـاری تارانەوە دوورە، لـەوێ زینـدانیی بووبوون و زیندانەكەش لە چۆڵەوانیەكدا بووە.

بە دەســـگیركردنی ئەو كەســـانە كێشـــەكە دامركا، نە ئێمە و نە بزووتنەوە كەسمان چالاكیی ناو مزگەوتمان نەما.

لـەو مـاوەیـەدا مـاڵ ومنـداڵی براكـان، لـە ژێر چـاودێریی و ســـەرپەرشـــتیی ئێمەدا بوون، هەوڵمان دەدا بێناز نەبن و بەپێی توانا پێداویســـتیمان بۆ دابین دەكردن، لە دوای دەســـگیر كردنی كاك عەتا ئادەم، كاروباری ڕێكخســتنی ئۆردوگا كەوتە ئەســتۆی ئێمەوە، چەند ڕۆژ جارێ سەرمان لەماڵی ئەو برایانە دەدان و بۆ هـەریـەك لـەو خێزانـانـە ئـەنـدامێكی نزیك و دراوســـێ و گـەر هـەبووایـە كـەســـێكی مـەحرەممان دیاریی كرد، بۆئەوەی ئەڵقەی پـەیوەنـدیی ئێمـە و ئـەو خێزانـانـەبن، بۆمـاڵی كـاك عـەتـا، كـاك ئەنوەرنەسروڵڵا مان دیاری كرد، بۆ ماڵی كاك فازڵ، كاك سـەی ئـەدهـەم و، بۆماڵی كاك بورهان، كاك لوقمان حەمەخانی برایمان دانـا، خوا پـاداشـــتیـان بـداتەوە بەئەركی خۆیان و بەزیادیشـــەوە هەستان.

هـاوكـات لـەگـەڵ ئـەم ڕووداوەی ئۆردوگـادا هـەڵمـەتێكی ئـەمنیی دژی برایـان لـە ســـنوری مـەریوانـدا ئـەنجـامـدرا م.عومـەر عـەبـدولعـەزیز كـە مـاڵی لـە مـەریوان بوو، دەزگـای ئیتلاعـات

هەستیان بەڕۆڵ و کاری ئەو کردبوو کە سەرپەرشتیی ڕێکخستنی برایانی عێراقی و ئێرانیش دەکات لەو سنورەدا، بۆیە هەوڵی دەسگیرکردنی درا لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانیەوە و لەدەسیان هەڵهات.

هەروەها کاك حەسەن عابد کە برایەکی چالاك بوو، ماڵی خۆیان و کاك فازڵ عابد و براکانی تریشی: کاك ڕۆستەم، کاك زۆراب، کاك حسێن، لە گوندی گورگەیی بوون، کاك حەسەن پاش ماوەیەکی کورت بوو بە وتار خوێنی جومعە و جەماعەتی گوندەکە و دەرسی دانا بۆ لاوان و ئافرەتانی گوندەکە، بە هیمەتی ئەمانەوە خەڵکی گوندەکە دەستیان دایە نەوژەن کردنەوە و فراوانکردنی مزگەوتی گوندەکە.

بەهۆی ئەم چالاکیانەوە کاك حەسەن عابدیش دەسگیرکرا و پاش ماوەیەك دوورخرایەوە بۆ کەرەج.

## نیگەرانیی هەندێ برا...

پێش ئەوەی ئەم ڕوویداوە ڕووبدات، گرفتی ڕێکخستنی ئاستەکانی ناوخۆمان هەبوو، ئەوکەسانەی کە خۆیان بە هاوئاستی یەکتر دەزانی، ڕێکخستن و هەڵسوڕاندن و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان کارێکی ئاسان نەبوو، بۆچارەسەری ئەم حاڵەتە، پەیوەستکراین لەگەڵ مەریوان، دەستەبژێرێك لە برایان کراینە یەك ئوسرە و م.عومەر عەبدولعەزیز سەرپەرشتیی ئوسرەکەی دەکرد، پاش وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و ئاوەدان بوونەوەی شاری مەریوان، م.عومەر

عەبدولعەزیز یش ماڵی لە سەوڵاواوە هاتەوە ناو مەریوان، شێوازی ئیشمان وابوو پێنج کەسمان لە ئۆردوگاوە هەفتانە دەچووینە مەریوان و لەگەڵ م.عومەر کۆدەبووینەوە، لەڕێگەی ئەوەوە تەوجیهاتمان وەردەگرت، ئەو برایانەش بریتیبوون لە بەڕێزان عومەرسدیق، عەتا ئادم، ئیبراهیم مەیکە، فازڵ غەفار، عیساخالد.

ئەم کارە خۆی لەخۆیدا حاڵەتێکی نائاسایی دروست دەکرد لە خێوەتگەکەدا، چونکە م.عومەر لە مەریوان دادەنیشت و ئێمەش لە ئۆردوگا، کە دەچوینە مەریوان هەموومان بەیەك ئاست ئەومان دەبینی، بەڵام کە دەگەڕاینەوە ئوردووگا، کەس خۆی بە بەرپرسیاری ئەوانیتر نەدەزانی و بەم هۆیەوە هەندێ کێشە ڕووی دەدا کەس بەرپرسیار نەدەبوو لێیان و لە نێوان ئێمەدا ون دەبوون.

بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە چەند ڕێگایەك گیرایە بەر:

یەکەم: لەسەر بانگهێشتی کاك عەتا، ئەم پێنج کەسە و چەند برایەکی تری وەك: غەریب مەحمود، محەممەدغەفار، تەوفیق عەبدوڵڵا، موحسن فایەق، سەی ئەدهەم... تاد. کۆبووینەوە و باس لەوەکرا کە هەندێ کێشەمان هەیە لە ئۆردووگاکەدا، وەرن با هەماهەنگیی یەکتر بکەین و بزانین کێ لەچی بەرپرسە با بەرپرسیاریەتەکەی لە ئەستۆبگرێت و بە هەموومانەوە هەنگاو بۆ چارەسەریان هەڵگرین، چەند خاڵێك دەستنیشان کران و بڕیاری چارەسەریشیان درا.

دووەم: ئوســـرە پێنج کەســـیەکەی مەریوان هەڵوەشـــێنرایەوە و کراینە چەند ئوسرەی بچووك بەم شێوەیە:

- عەتا ئادەم، عومەرسدیق.

- ئیبراهیم میکە، فازڵ غەفار.

- عیسا خالد، محەممەد غەفار.

هەرســـێ ئوســـرەکە بەجیا لەگەڵ م. عومەر لە مەریوان کۆدەبووینەوە.

م.عومەر عەبدولعەزیز دوکانێکی قرتاســـیە و کتێب فرۆشـــی هەبوو، زۆر جار لەو دووکانەدا یەکمان دەگرت و لە ماڵی ئەوان کۆبوونەوەمان دەکرد .

هاوکات لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا چەند برایەکمان هەبوون لە مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری دادەنیشـــتن و من پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ هەموویاندا لەوانە بەڕێزان: کاك هادی حەســـەن، لەگوندی قەڵاجێ، کاك فازڵ عابد و کاك حەسەن عابد، لەگوندی گورگەیی، کاك ئاشتی ئەڵڵاکرم لەگوندی نێ، کاك عزەدین سەید کەریم و کاك عەبدوڕەحیم مەلاتاهر و کاك ســـدیق مســـتەفا لە شارۆچکەی کانی دینار، کاك کەمال کامل لەگوندی نیژمار، کاك نەوزاد قادر و کاك کاوە ئەحمەد و کاك مەریوان ئەحمد، لە ناوشـــاری مەریوان، م.مەلاعەبدوڵڵای قاڵیجۆ لەگوندی هەنجیران، کاك فازڵ حەیدەریش لەناو شـــاری مەریواندا بوو،

لەو دەمەدا زۆر ئیشی نەدەکرد، پێدەچوو کێشەی خۆی بووبێت، مامۆستا بوو لە قوتابخانەیەکی شاری مەریواندا.

کاک ئەمجەد بابا حاجیش لە قۆناغێکداماڵی لە مەریوان بوو ئەو پەیوەندیی لەگەڵ م.عومەر هەبوو و ماڵیشیان بەیەکەوە لەیەك خانوودا بوو، لەسەر دووکانی کتێب فرۆشیەکەش دادەنیشت و ئەڵقەیەکی گەیاندنی باش بوو بۆ کاری ئێمە، ڕۆڵی هەبوو لە دەرچوون و دەربازکردنی ماڵی م.عومەردا کاتێ کە ناچار کران بەهەڵهاتن.

براکانی ئۆردوگا کاك ئەمجەد یان نەدەناسی، من ناسراویم باش بوو لەگەڵیدا و خێزانەکانیشمان خزم بوون، بەو بۆنەیەوە پەیوەندیی و هاتوچۆی خێزانیمان هەبوو، بەتایبەت لە سەروبنی خۆحەشاردانەکەی م.عومەر دا کاك ئەمجەد خۆی و خێزانی ناڕەحەت دەکران و بێتاقەت دەبون، تا بەرەبەرە ئەویش خۆی نەقڵی ئۆردوگای وەرمەهەنگ کردوو ڕزگاریان بوو.

بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەوزوع و هەوڵی ڕێکخستنی کاری ناوخۆمان لەدوای نەمانی م.عومەر لە مەریوان، لەبەر ئەوەی کاك عەتا لەمنی ڕادەبینی زوو لەباسەکە تێیگەم، بەجیا قسەی لەگەڵدا کردم کە برایانی قیادە وایان پێ باشە لەنێو خۆماندا کەسێك بە بەرپرسی خۆمان دابنێین و بۆ لەمەودوا کۆبونەوەکانمان لەناو ئۆردوگادا بن و وەك ئۆردوگا و شار و شوێنەکانی تر، یەك کەسمان بچێتە دەرەوە، ئەو کەسە بەشداریی کۆبوونەوە سەرانسەریەکان بکات، من وەك خۆم زۆر پێم باش

بوو، کاك عەتا گوتی: لەم بارەیەوە تۆ قســە بکە لەگەڵ کاك فازڵ غەفار و منیش قسە دەکەم لەگەڵ کاك عومەرسدیق.

کە باســەکەم کردەوە لەگەڵ کاك فازڵ، پێی ناخۆش بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: ئەمە پیلان و (توطئة) یەکە لەژێر ســەری تۆ و کاك عەتادایە و کەســی تر ئاگای لێ نییە و ڕاست ناکەن دەڵێن: جەماعە ڕای وایە.

هەوڵماندا قەناعەتی پێ بکەین بەڵام سوودی نەبوو.

کاك عومەریش هەر بە نائاسایی باسەکەی وەر گرتبوو، بەڵام کە من باســی هەڵوێســتی کاك فازڵم کرد، ئەو قەناعەتی هاتە ســەر قەناعەتی ئێمە و ئەوجا هەوڵی خۆمان خســتە یەك بۆ ڕازیی کردنی کاك فازڵ بۆ ئەوەی ڕزگارمان ببێ لەو حاڵەتە نەخوازراوە.

ماوەیەك کاك فازڵ غەفار کەناری لێ گرتین، ئێمەش ئەو پرسیارەمان بۆ دروســت بوو، ئایا ئەم بڕیارە، ئەوە دەهێنێ کاك فازڵ ئەوەندە بەقورس وەریگرتووە؟ دوای چەند هەوڵ بۆ ئاشت کردنەوەی، هەرســێکمان نیوەڕۆیەك چووین بۆ ماڵیان و لەوێش نانمان خوارد، دوای نان خواردن بەپیاســە چوین بۆ دەشــت و قەناعەتمان پێ کرد.

ئەم باســە زۆر درێژەی نەکێشا وناکۆکیەکانی ئۆردوگا ســەریان هەڵدا و برایان دەسگیرکران.

## سەفەری من و کاک فازڵ حەیدەر بۆ کرماشان...

کاک مەهدی برام نەخۆش بوو، نەشتەرگەریی ڕیخۆڵە کوێرەی بۆ کرابوو، بەوبۆنەیەوە لە نەخۆشخانەی گەورەی مەریوان خەوێنرا بوو، منیش بەلایەوە بووم.

ئەوکاتە ناکۆکیەکانی ئۆردووگا ڕووی دابوو، برایان دەسگیر کرابوون و م.عومەر عەبدولعەزیزیش لەو سنورەدا نەمابوو، ئیمەش پەیوەندیمان پچڕابوو، ئەم کۆبوونەوەیەش کەباسی دەکەم بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە بوو.

دەمەو عەسر کاک ئەمجەدبابا هات بۆ خەستەخانە سەردانی کردین و هەواڵی پێدام کە پێویستە من وکاک فازڵ حەیدەر سەعات یانزە بگەینە کرماشان بۆ ماڵی م.سەلاحەدین.

کاک ئەمجەد گوتی: کاک فازڵ حەیدەرم ئاگادار کردووە، یەك ببینن و سەفەرەکەتان بکەن، گوتم: من پسوڵەی سەفەر ـ بەرگەی مورەخەسیم نییە و ئێستاش بەم پەلەپەلە بۆم ناکرێ، گوتی: دەبێ ئەمڕۆ بڕۆن، ئەو واتێگەیشتبوو کە یانزەی شەوی ئەو ڕۆژەیان گوتووە، تومەز بۆ ڕۆژی دواییە.

بۆیە ناچار پسوڵە کۆنەیەکی کاک ئەمجەد هەبوو، هەندێ دەستکاریمان کردوو، خستمە باخەڵم و دەمەو ئێوارە من و کاک فازڵ بەڕێ کەوتین بۆ کرماشان، کاک فازڵ کارتی سەوزی هەبوو کێشەی سەفەری نەبوو.

ئەوە یەکەم جارم بوو سەفەر بکەم لەگەڵ م.فازڵ و تەعارفێکی قوڵیشم نەبوو لەگەڵیدا، سەفەرەکەمان کەوتە شەو، سوودمان وەرگرت لە کاتەکەمان و قسەو مەعولوماتی زۆرمان تاوتوێ کرد.

نانی ئێوارەمان سەعات هەشتی شەو لە عەرەبانەی سەرجادە لە مەیدان ئینقلابی سنە خوارد و بەڕێ کەوتین بۆ کرماشان، لە خاڵەکانی پشکنیندا بۆ من باشبوو چوونکە شەو بوو، بە دەسکاریی پسوڵەکەیان نەدەزانی.

نزیکەی سەعات یانزەی شەو گەشتینە کرماشان و ماڵی م.سەلاحەدین، م.عومەر عەبدولعەزیزیش لەوێ بوو، بۆمن بینینی م.عومەر خۆشبوو، دەمێك بوو نەم بینیبوو و تامەزرۆی بینین و سەلامەتیی ئەو بووم، چوونکە پێشتر لە مەریوان بەیەکەوە کارمان دەکرد، دوای ئەوەی خۆی لەوێ نەما، بەمەبەستی پاراستنی، هەستاین بە بڵاوەپێکردنی ناوماڵەکەی، ئامێرێکی تۆمارکەر(مُسجل) ی دوو کاسێتی جۆری سۆنی و هەرچی نەوار و شریتیشی لێبوو من بردمنە لای خۆم، لە ئۆردوگا سوودمان لێوەردەگرتن.

بەو بۆنەیەوە نامەیەکی سێ خاڵیم بۆ ناردبوو و لە خاڵەکاندا هۆکاری بردنی تەجیلەکەم ڕوون کردبوویەوە و ئاماژەشم دابوو ئەگەر بکرێت تەجیلەکە لای ئێمە بمێنێتەوە، دوای بەخێرهێنانمان و کەمێك حەوانەوە، هەواڵی نامەکەم پرسیی، بەدەستی گەشتووە یان نا؟

گوتی: بەڵێ گەشتووە و ئیشێکی باشت کردووە کە بردوونتە لای خۆت، هەم دەپارێزێن و هەم سوودیشیان لێوەردەگرن، دواتر بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بەڵام خاڵەکان هەرسێکیان یەك خاڵ بوون، چوونکە دواجار هەر بە شێوەی کاتیی لەلات دەبێت. منیش بەزەردەخەنەیەك وەڵامم دایەوە و تێگەشتم دەبێ بۆی بنێرمەوە و دواتر ناردمەوە بۆی.

بەهاتنمان لەو ناوەختەدا سەرسام بوون، پرسییان بۆچی بەو شەوە گەشتووین؟ گوتمان: کاك ئەمجەد وای تێگەیاندووین کە دەبێ سەعات یانزەی ئەمشەو لێرە بین، م.سەلاح بەدەم بزەیەکەوە سەرێکی باداو گوتی: سەعات یانزەی سبەی پێشنیوەڕۆمان گوتووە!

شەو لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانیەکەی م.عەلی محەممەد زەمەقیی، گەیشتە ئەوێ و هەندێ قسەمان کرد و دواتر م.سەلاح یەکەیەکە و بەجیا لەگەڵمان دانیشت، هەندێ قسە و پرسیار و ئیستفساری لێ کردین، دوایی بە سەرپەرشتیی ئەو دانیشتنێکی چوار قۆڵی سازدرا، واتە بەشداربوان بریتیی بووین لە: م.عەلی، م.فازڵ، بەندە، م.سەلاح دانیشتنەکەی کردەوە و هەندێ وتەی کورت و پوخت و تەوجیهاتی پێویستی خستە ڕوو، نەخشە ڕێگای کاری بۆ قۆناغی تازەمان پێدایین، کاك فازڵ هەندێ تێبینی هەبوو لەسەر من، کە گوایا پەیوەندیم هەیە لە گەڵ ئەو ئەندامانەی کە خۆم سپاردبوومن بەو، وەك: کاك هادی حەسن و کاك عزەدین و کاك محەممەد غەفار، خۆم ئابونەم لێ وەردەگرتن و یارمەتیی و شتیشم پێ دەگەیاندن.

هەموو ئەوانە لەوێ تاوتوێ کران و م.عەلی محەممەد گوتی: ئومێدەوارم هەمووومان لە متمانەی م.سەلاحدا بتوێینەوە و سەربازێکی بەوەفای ئەم دەعوەیە بین، پێشتر وام خوێندەوە ئەم دانیشتە بۆ گەرم کردنەوە و خستەوە گەڕی م.فازڵ حەیدەر بێت، هەر واش دەچوو، دواتر م.عەلی محەممەد سەردانی دەکردین و سەرپەرشتیی دانیشتنەکانی دەکردین، لە ناو ئۆردوگاکەشدا کار لە ئەستۆی مندا بوو، کاروباری داراییش لای کاك عومەرسدیق بوو، کاك عومەر هاوکارێکی بەوەفاو دڵسۆزی ڕاستەقینەم بوو، پاش ماوەیەك ڕێکخستنمان کردە دوو کەرتی ڕێکخسن، ئەو کەرتێکی ومن کەرتێکی.

## سەردانی م.عەلی محەممەد لە خێوەتگەکەمان...

هەرچەندە پێشتر لە هەڵەبجە و لە ساڵەکانی ١٩٨٦ ـ ١٩٨٧ م.عەلی محەممەدم بینیی بوو، بەڵام بەفەرمیی یەکترمان نەدەناسیی.

دوای ڕووداوە نەخوازراوەکانی ئۆردووگای دەربەندزلێی و دەسگیرکردنی ئەو چەند برایە، جارێکی ترو لە چوارچێوەی ڕێکخستندا یەکترمان ناسییەوە.

وردەکاریی و ڕێکارەکانی گەیشتنی ئەم هەواڵەم وەك خۆیان لەیاد نەماوە، بەڵام لەبیرمە دەمەو ئێوارەیەك ئاگادارکرام کە م.عەلی لە خێوەتگەکەی ئێمەیە و میوانی ماڵە خزمێکیەتی، مەبەست لە هاتنەکەشی ئەوەیە من ببینێت و یەکتر بناسین، بۆ ئەو مەبەستە ئەو کەسە پێی ڕاگەیاندم کە سبەینێ م.عەلی کاژێر

هەشتی بەیانیی بەپیادەڕەویی لە ئۆردوگا دەردەچێت و بەپێدەشتی نێوان ئوردوگای دەربەندزڵیی و باراماوادا، بەرەو بارامئاوا دەڕوات، پیاوێکی بەژن بەرزی سوور و سپییە و قاتێکی کوردیی ڕەنگی سپیی لەبەردایە، تۆش سبەینێ چەن خولەکێك دوای کاژێر هەشت، بە هەمان ڕێگەدا بەڕێکەوە، ئەو لەپێش تۆوە دەڕوات، ئەو کەسە م.عەلییە، پێهەڵگرە و پێی بگەرەوە، کە پێی گەیشتیی، وشەی نهێنیی نێوانتان بریتییە لەوە کە دوای سڵاو و تەوقە کردن، ئەو لەتۆ دەپرسێت: دکتۆر؟! تۆش بڵێ: بەڵێ دکتۆر.

بۆ بەیانیەکەی و لەکاتی دیاریکراودا و بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا کە تەتەرەکە بۆی دەسنیشان کردبووم، بەڕێکەوتم و بینیم، وشە نهێنییەکەمان گۆڕییەوە و بەیەکەوە و بە پیادەڕەویی چووین بەرەو ئۆردوگای بارام ئاوا.

لە ڕێگەدا دڵدانەوەی کردم کە تووشی ئەو ڕووداوە نەخوازراوانەی خێوەتگەکەمان بووین و ئەو چەند برایە دەسگیر کراون و... تاد، پێشی ڕاگەیاندم بۆ لەمەو دوا ئەو ئەڵقەی نێوان ئێمە و برایان دەبێت و جارجاریش سەردانمان دەکات، ڕێوشوێنی هاتوچۆ و یەکتر بینین و وردەکاریی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئیشی ڕێکخستنم لەو سنوورەدا بۆ باس کرد و ئەویش ڕا و سەرنج و ڕێنومایی خۆی خستەڕوو، پێك هاتین لەسەر وادەی دیداری دواتر، ئەو ڕۆشتە سەردانی ماڵە خزمەکانی و منیش بە هەمان ڕێگەدا کەلێوەی هاتین گەڕامەوە بەرەو دەربەندزڵیی.

لە دوای ئەو دیدار و کۆبونەوە چوارقۆڵیەی کرماشــان کەپێشــتر باسم کردو دوای ئەم یەکترناسینە سازکرا، بڕیارمان هاتە سەر ئەوەی کە: ئێمە مەیدانیی بەرپرســیاریەتیی ئیش لە ئەســتۆ بگرین و م.عەلی ســەرپەرشــتیمان بکات و ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئێمە وکرماشان بێت.

بۆ ئەو مەبەستە پێی خۆشبوو سەردانێکی ئۆردوگاکەمان بکات، بۆیە پێشــتر وادەیەکمان دیاریی کربوو کە لەو وادە دیاریکراوەدا ئەو بگاتە دەروازەی ئۆردوگاکە و منیش لەوێ ئامادە بم، چوونکە ئەو شارەزای خێوەتگەکە نەبوو، ماڵی کەسمانی نەدەزانی، بۆیە من لە پێشوازیدا بووم.

وەك هاوخەمیی و دڵنەواییەك بۆ ماڵ وخێزانی برا دەسگیرکراوەکان، لە ڕێوە م.عەلی سەردانی ماڵی ئەو برایانەی کرد، دیاریی هێنابوو بۆیان، لەگەڵیدا گەڕام و هەرســێ ماڵەکەی بەسەر کردەوە و ناساندم بە ماڵی براکان.

شەو لەماڵی ئێمە مایەوە، براکانیش، ئەو کەسانەی کە پێوویست بوو لەوێ بن، هاتن و هەتا درەنگانێکی شــەو پێکەوە بووین، نەخشــەی کاری داهاتوومان داڕشــت و ڕێنومایمان لەبەڕێزی وەرگرت .

لەکاتی گەڕانماندا بەســەر ماڵەکاندا، تێگەشــت کە ئێمە وەك پێوویســت بەدەم ماڵی براکانەوە بووین، هەر لەو نزیکانەدا هەر ماڵە و عەرەبانەیەك داری ســووتاندنمان بۆ دابین کردبوون بۆ ئەو زستانەیان، گوتی: ئەم کارەتان زۆر باشە، ئیتر خێزانەکانتان

هاوكاريى باشـــتان دەكەن و ترســـى ئەوەيان نابێت كە ئەگەر ئێوە بگيرێن يان شــــەهيد ببن، ئەوان پەكيان بكەوێت، چوونكە دەبينن ئێســـتا ئێوە چۆن بەدەم ئەم خێزانانەوە دەبن ئەوكاتيش كەســـێك بەدەم ئەوانەوە دەبێت.

م.عەلى پياوێكى قســــە خۆش و ئەهلى كەيف بوو، لەو نزيكانەدا برايەكى لاى ئێمە لە ئۆردوگاى وەرمەهەنگ ژنى مارەكردبوو، بەو بۆنەيەشەوە ماڵى گواستەوە بۆ وەرمەهەنگ كە ئوردگايەكى نزيك شــــارى كاميـاران بوو م.على ئيمام جومعەى مزگەوتى ئۆردوگاكە بوو.

براكە كەســێكى هەســتيار بوو، لەگەڵ ئەودا ناكۆكيى كەوتبوويە نێوانيان، چونكە هەندێ هەڵســـوكەوتى كردبوو بەدڵى ئەو و سياسەتى كارى ئۆردوگاكەيان نەبوو بوو.

لە ســـەردانێكى تريدا بۆ لامان و لە يەكێك لە باس و خواســـەكانى نێوانماندا م.عەلى، گلەييەكى گاڵتەئاميزى لێكردم و گوتى: ماڵت ئاوابێ بۆ ئەو كەســـەى بۆت نەقڵ كردووين، عەزيەتمان دەكات، هەندێ هەڵسوكەوتى ئەو برايەى گێڕايەوە.

منيش گوتم: لێرە كەلێنى بۆئێمە دەگرت و حەزيشمان نەكرد نەقڵ ببێ، بەڵام بە بۆنەى ژن هێنانەكەيەوە هات.

دەســتى كرد بە پێكەنين و گوتى: لێرە كەلێنى بۆ پڕ دەكرنەوە؟ پڕ بەپڕ وەك ئەم حيكايەتەتان لێ قەوماوە، دەڵێن: چەقەڵێك ڕێى دەكەوێتە كوێرە دێيەك و دەبينێ كەڵەشـــێرێك لەســـەر ديوارە ڕووخاوێك باڵەكانى دەدا بەيەكدا و دەخوێنێ.

چەقەڵ تەماعی تێ دەکات و دەڵێت: ها مام کەڵەشێر، چی دەکەیت لەم گوندەدا، نازانی ئەمە موڵکی منە؟

کەڵەشێر بەفیزێکەوە دەڵێت: لەگەڵ کاکەمدا دەمانەوێ ئەم گوندە ئاوەدانی کەینەوە.

چەقەڵ دەپرسێت: کاکەت کێیە؟

کەڵەشێر دەڵێ: ئەوەتا لەو سێبەرەدا خەوتووە.

چەقەڵ بە پێ خشکە دەچێت و مل لار دەکاتەوە، دەبینێ سەگێکی گەورە پاڵ کەوتوە و پرخەی دێ.

چەقەڵ دەتۆقێ و دەکشێتە دواوە و ڕوودەکاتە کەڵەشێر و دەڵێت: ئەو شوێنەی تۆ و کاکەت ئاوەدانی بکەنەوە من هەر کاولی دەکەم.

خێرا بۆی دەردەچێت، نەوەك کاکەی بەخەبەر بێت و پەلاماری بدات.

## لە ڕێنماییەکانی تری م.عەلی...

لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ ماڵی برا بەندییەکان، بەسەرهاتێکی خۆشی کردە پەند و ئامۆژگاریی و بۆی گێڕاینەوە.

گوتی: ئەگەر ئێوە ئێستا لە ئۆردوگادا هەڵسوکەوت و چالاکیی زەق نەکەن، ئەوا پەتی بەندییەکانتان شل دەبێت و بۆی هەیە ڕزگار ببن.

بەڵام ئەگەر ئێوە لێرە چالاکیی دیارو کاری بەرچاو بکەن و کاربەدەستان نیگەران بکەن، ئەوا پەتی ئەوان زیاتر توند دەبێت، نموونەیەکیشی هێنایەوە کە: کابرایەك لە ماڵی خۆیدا توتیەك ڕادەگرێت و زۆری خۆش دەوێت، خواردنی باشی دەداتێ، قەفەسی ئاڵتونیی بۆ درووست دەکات.

لەسەفەرێکدا بۆ هندستان لەوێ لەسەر دارێك کۆمەڵێ توتیی دەبینێت و پێیان دەڵێت: ها توتیگەل چۆنن؟

منیش لە ماڵەوە توتیەکم هەیە و لە قەفەسی زێردا ڕام گرتووە و خواردنی چاکی دەدەمێ.

لەپڕ یەکێکیان بەسەرسامیەوە دەپرسێت: لە قەفەسی زێڕدا ڕات گرتووە؟

خۆی دەکاتە مردوو، هەرچی بەم دەس و بەو دەسدا دەیجوڵێنێت سوودی نابێت، پەشیمان دەبێت کە ئەو قسەی کرد و بووبە هۆی کوشتنی یەکێك لەو توتیانە، بۆیە شەرمەزاری بەردەمی ئەوانیتریان دەبێت.

پاش گەڕانەوە لە سەفەرەکەی دێتەوە ماڵەوە و بەسەرهاتی پۆلە توتیەکە و مردنی ئەو یەکەیان دەگێڕێتەوە بۆ توتیەکەی خۆی، ئەمیش بە بیستنی بەسەرهاتەکە خۆی دەکاتە مردوو، هەرچی دەیجوڵێنێت و دەرمان دەکات بە قوڕگیدا نایەتەوە هۆشی خۆی، پاش نائومێدبوون کابرا توتیەکەی فڕێدەدات، هەرکە لە دەستی دەرباز دەبێت، تووتیەکە هەڵدەفڕێتە سەر درەختێك و دەڵێت: بابزانی نەمردووم، ئەو توتییەی هاوەڵم لەهندستان کە لە بەرچاوی تۆ خۆی کردە مردوو، پەیامێك بوو بۆ منی نارد، بۆ ئەوەی منیش خۆم بکەمە مردوو تا تۆ فڕێم بدەیت و ڕزگارم ببێت، ئەوا بەگوێم کردوو ڕزگار بووم، دای لە شەقەی باڵی و هەڵفڕیی و کابراش دۆش داما.

گوتی: ئەبێت ئێوەش وابکەن، وانە و پەندی جوان تۆمار بکەن تا ببنە هۆی دەرباز بوونی برا بەندییەکانتان.

نموونەکەی پڕاوپڕی دۆخەکەی ئێمە بوو .

## شێوازی کۆبونەوەکانمان...

دوای دەسگیرکردنی برایان و دوورکەوتنەوەی م.عومەر عەبدولعەزیز، یەك دوو جار سەردانی م.سەلاحەدینم دەکرد و هەندێ نامەشم بۆ دەنوسی، تا دانیشتنەکەی کرماشان سازدرا، دواتر دانیشتەنەکانمان بەم شێوەیە بوو :

م.عەلی پانزە ڕۆژ جارێك لە خێوەتگەی وەرمەهەنگی نزیك شاری کامیەرانەوە دەهات بۆ مەریوان.

من و کاك عومەرسدیق لە ئۆردوگاوە دەهاتین بۆ مەریوان.

م.فازڵ حەیدەر لە مەریوان، لە دووکانێکی وێنەگریدا کە خاوەنەکەی کاك بورهان ناوێکی خورماڵیی بوو، لەو دووکانە کاری دەکرد، لەوێ یەکمان دەگرت و زۆربەی کات دەچووین لە ماڵی م.فازڵ کۆدەبووینەوە، جێی خۆیەتی بڵێم: ئەرکی زۆریان دەکەوتە سەر، خزمەتی زۆریان دەکردین، بۆیە لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

یەکەم کۆبونەوەمان لە ماڵی برایەکی مەریوانیدا کرد، ناوی کاك سەعدی بوو، کاك عومەرسدیق لە ڕێگەی کاك سەی یونسی کەلجیەوە، ئەم برایەی دەناسی، لەو ڕێگەیەوە ئەو ماڵەمان ڕێکخست و کاك سەعدی ماڵەکەی چۆڵ کردبوو بۆ ئێمە، شەو کۆبونەوەکەمان کرد و هەر لەوێش ماینەوە، م.عەلی سەرپەرشتیی کۆبونەوەکانی دەکرد، من و کاك عومەرسدیق

باسـی بارودۆخی ئۆردوگامان دەکردو م.فازڵ حەیدەریش باسـی ناو مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری مەریوانی دەکرد.

هەندێ جار دوای کۆبونەوەکان یان پێش کۆبونەوەکان، م.عەلی سـەردانی ئۆردوگاکەی ئێمەی دەکرد و خزمێکی هەبوو ناوی حاجی ئیبراهیم بوو دیدەنی دەکرد و قسـەی خۆشـیان بەیەکەوە دەکرد، من و کاك عومەریش دەچوین بۆ ماڵی حاجی ئیبراهیم و بەو بۆنەیەوە حاجی بووبە دۆستیکی خۆشەویستمان.

لە یەکێك لە سـەردانەکانیدا شـەو م.عەلی لەلای ئێمە مایەوە، بۆ ئەوەی خەڵك نەی بینن و کێشـەی بۆ دروسـت نەبێ، زوو نانی بەیانیمان خوارد و لە ئۆردوگا دەرچوین بەرەو بیەکەرە، کە سێریانێك بوو لەسەر جادەی مەریوان ـ سنە، ئەو شەوە بەفرێکی زۆر باریبوو، جادەکە گیرابوو تا درەنگانێك ئوتومبێل هاتوو چۆی نەدەکرد، بۆیە گوێرەویمان لێ هەڵکێشـا و ماوەیەکی زۆر بە پیادە ڕۆیشتین، تا مینوبوسەکانی گوندی دزلی گەشتنە لامان.

خەڵکی کاسـبکار و دوکاندارەکانی ئۆردوگا بۆ شـتومەك کڕین دەچوون، لە ڕێگەدا بوونە هاوڕێمان، مامۆسـتا زۆر کراوە بوو لەگەڵ خەڵکدا، خێرا چیرۆکێکی دامەزراند و گوتی: زوو پیاوێکی هەڵەبجەیی لە گوندی گوڵپ مامۆسـتا دەبێ، ڕۆژی پێنج شـەممە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە، بەفر دەبارێت و هاتووچۆ و سـەیارە نامێنێت و ئەویش حەزی لێیە بڕواتەوە، ترسـی ڕێگەکەشـی هەیە کە گورگ و دڕندەی کێوی زەفەری پێ ببەن،

خـەڵکی گوڵـپ دەمـانچـەیـەکی چواردەخۆری دەدەنێ و دەڵێن: ئەگەر گورگ ڕێگەی لێ گرتی تەقەیان لێ بکەو بیان کوژە.

ئەویش دەڵێت: ئەم دەمانچەیە چواردە فیشـەکی تێدایە، ئەی ئەگەر پـانزە گورگ هـاتن بۆم چی بکـەم؟ بووبـە پێکـەنین وکۆتـایی بـە چیرۆکەکە هێناو گوتی: جاخۆ برایان ئێسـتا ئێمە دەمانچەشـمان پێ نییـە ئـەگـەر شـتێك ڕووبدات چی بکـەین؟ زۆری پێنـەچوو پاسێك هات و سەرکەوتین.

## سەردان لە م.شێخ سدیق...

لـە درێژەی هەوڵەکانماندا بۆ ئازاد کردنی برا بەندکراوەکانمان، لەگەڵ کاك عومەرسدیق چووینە لای م.شێخ سدیق لە ماڵی خۆیدا و پێمـان گوت: لـەبـەرئـەوەی جـەنـابت بـەدوو ئیعتیبـار، هـەم وەك ڕیش سپیی و مامۆستایەکی ئایینیی، هەم وەك بەرپرسێکی دیاری بزووتنەوە، قسـەت دەڕوات لای ئەم ئێرانیانە، بەڵکو سـەربدەیت لـەم بـەرپرســە ئێرانیـانـە و تکـایـەك بکـەیت ئـەو برایانە بەرببن، خۆت ئاگاداری کە منداڵەکانیان بە پێشـمەرگەکانی بزووتنەوە و برایانی ئێمەشـەوە، چەندە خەفەتبار و بێتاقەتن، ئەو مەسـەلەیە کەی ئەوەی دەهێنا ئەوەندە قووڵ و قورس بکرێت.

هەناسـەیەکی سـاردی هەڵکێشـاو گوتی: براینە بەردێك نەزان بیخـاتـە گۆمـەوە بەهەزار زانا و دانا دەر نایەتەوە، بەمە تەعبیری کرد کـە دەسـتێك ئـەم ئاژاوەی سـازداوە و خۆی لێ دەربـاز کردووە، گومـانمـان بـەلای کـەسـێکی کـەدا دەچوو، نـەیتوانی

بەڵێنێکمان بداتێ کە هەرنەبێت، هەوڵێك بدات، بۆیە: بە نائومێدیی بەجێمان هێشت و هاتینە دەرەوە.

## هەڵبژاردنی ناوخۆیی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٩...

جەماعە بڕیاری دابوو کە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە م.عەلی محەممەد سەردانی لای ئێمەی کرد و بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بۆ من و کاك عومەرسدیق، بەووردیی باس کرد.

ئەو دووکەسەمان بووینە لیژنەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە: هەر برایەك دەتوانێ جگە لە خۆی شەش کەسی تر لەناو براکاندا هەڵبژێرێت بۆ ئیدارەی ئۆردوگاکە، بەمەرجێ برا بەندییەکانیش کاندید و سەرحساب بکرێن بە دەنگدان بۆیان، هەرکەسیش تەنها یەك کەس بنوسێت، دەبێت ڕوونکردنەوە بدات و هۆکارەکە بڵێت، کە بۆچی دەنگی تەنها بە یەك کەس داوە، تەنها یەك حاڵەتی لەم شێوەیە هەبوو، ئەویش دەنگی بە من دابوو، نەك خۆی، هۆکارەکەشی ڕوون بوو لامان، بۆیە بە ئاسایی وەرگیرا.

لەبەر نەگونجانی کۆکردنەوەی هەموو ئەندامان لەیەك جێگەدا، ئێمە کەوتینە کار بەناو ئۆردوگای دەربەن دزڵیی و بارام ئاوا و شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەردا بۆ بینین و کۆکردنەوەی دەنگی براکان، بڕیارمان دا کە م.عەلی لە ئۆردوگای بارام ئاوا بمێنێتەوە و دیدەنی خزمەکانی بکات و بۆڕۆژی دواتر کاتژمێر

یانزەی پێش نیوەڕۆ ئێمە لەماڵی کاك کەمال محەممەدی خەیات لە خێوەتگەی بارام ئاوا بەیەك بگەینەوە.

لەوکاتەدا کە دیاریمان کردبوو لەکارەکانمان بووینەوە و یەکمان گرتەوە و دەنگەکانمان بژارد بە سەرپەرشتی م.عەلی و ئەندامیەتی کاك عومەرسدیق و من ، لە ئاکامی دەنگدانەکەدا، من یەکەم دەنگ بووم، کاك عەتا دووەم، کاك عومەرسدیق سێهەم، کاك سالم ئەحمەد و کاك موحسن فایەق هەردووکیان چوارەم.

کاك عەتا لە زیندان بوو، بۆیە زەحف بە زنجیرەکە کرا و کاك عومەر بوویە دووەم و کاك موحسن فایەق بەسێ هەم دانرا، چوونکە کاك سالم نیازی بارکردنی هەبوو بۆ وەرمەهەنگ.

هەر لەوکاتەدا وادەیەکمان دیاریی کرد کە ئەم سێ کەسە هەڵبژێردراوەمان لە فلانە ڕۆژدا(کەمتر لە هەفتەیەك بوو) لە مەریوان ئامادە بین و لیژنەی باڵای هەڵبژاردن بێن و ئێمەش ئامادە ببین بۆ دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی شورای ناوەندیی، واتە: ئێمە هەرسێکمان بەو هەڵبژاردنە بووینە پاڵێوراو بۆ شورای ناوەندیی.

لەو ڕۆژەدا کە بڕیارمان دابوو لە مەریوان یەك بگرین، پێشتر و لەلایەن ئێمەوە بە باشمان نەزانی بچینە مەریوان، بۆیە کاك عەلی حەمەئەمین زەڵمیی مان ڕاسپارد لە سێڕای بیەکەڕە، هەوڵ بدات کە م.عەلی و ئەوکەسەی لەگەڵیدا دێت، بیان بینێت و پێیان بڵێت: برایان وایان پێباشە، ئێوە نەچنە مەریوان و دایان بەزێنێت.

بەپێی ئەو ڕاســپاردەیە، لە بیەکەڕە یەکمان گرت، ئەوان م.عەلی محـەممـەد و کـاك محـەممەد نـەزیـف، (واتـە: م.محـەممـەد ڕەئوف)، لـە وێوە ســـەرکـەوتین بـەرەو حوجرەیەکی فەقێکانی کانی دینار، لەوێ کۆبوینـەوە و م.عەلی بەیەکی ناساندین لەگەڵ کاك محەممەد نـەزیـف، پاشان لیستی پاڵێوراوەکانی شورای ناوەندیی خستـەڕوو، بۆی باس کردین کە ئەمانە پاڵێوراون بۆ شـورای ناوەندیی، ناوی ئێمەشـی تێدا بوو، گوتـی: بێجگە لـە خۆتان ئەتوانن دەنگ بۆ یانزە کەس بدەن، ئێمەش بەجیا دانیشـتین و دەنگەکانمان داو تـەسـلیمی ئەوانمان کرد و ئـەوان گەڕانەوە بەرەو شـــاری ســـنە و ئێمەش بەرەو جێگەی خۆمان گەڕاینەوە.

دواتر و بـە پێی ئـاکـامی ئـەو هـەڵبژاردنـە، من بوومـە ئـەندام لـە دەستەی باڵای بەڕێوەبەردا.

## دوای نۆ مـانـگ زینـدانیی و بێســـەروشـــوێنیی، برا بەندکراوەکان ئازاد کران...

لـە ڕۆژی١/١/ ١٩٩٠، کـاك فـازڵ غـەفـار و کـاك عـەتا و کاك بورهان ئازاد کران و سێ کەسـە بزووتنەوەکەش لەگەڵیاندا ئازاد بوون.

بـە ئازاد بوونـی ئەوان زۆربەی خەڵکی ئۆردوگاکە دڵخۆش بوون و بەگەرمی سەردانیان کردن و بەخێرهاتنەوەیان کردن.

پێش ئازاد بوونـی ئەوان لەلایەن سەرکردایەتیی جەماعەوە، چەند پرســـیـارێك ئـامـادە کرابوون و ڕادەســـتی من کرابوون کـە لەسـەرەتای ئازاد بوونیانەوە لێیان بپرسم و ڕاو سـەرنجی خۆیشم لە ســـەر ژیانی زیندان و ئاســـەواری گرتنەکەیان، لە ڕاپۆرتێکدا ئامادە بکەم و بیگەیەنمە دەستی م.عەلی محەممەد.

بـەهۆی میوانـەوە مـاڵی براکـان قـەرەبـاڵغ بوو، خەڵك هاتوو چۆی دەکردن، بۆیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکە، درەنگانێکی شـەو دەچوومە لایان و پرسـیارەکانم لێ دەکردن و وەڵامەکانیشـم لە زەینی خۆما دەپاراســت، بەو شـێوەیە لە چەند ڕۆژی دیاریکراودا ســەردانی هەرسێکیانم کرد.

لەو پرسیارانەی کە ئامادە کرابوون:

ـ هەڵسوکەوتی دەسەڵات و بەرپرسەکان لەگەڵتاندا؟

ـ چیان لێ پرسین و چیتان وەڵام داوەتەوە؟

ـ چیان داوا لێ کردوون؟

ـ هەڵسوکەوتتان لەگەڵ بزووتنەوەکاندا و هی ئەوان لەگەڵتاندا؟

ـ لەنێوان خۆتاندا پەیوەندیتان چۆن بوو؟

چەند پرسیاری تریش...

ئەوەی کە لە وەڵامەکانی ئەواندا دەرکەوت ئەوە بوو، پاش دەستگیرکردنیان لە زیندانی قەرەنتینەی سنە ماوەیەك مابوونەوە و پاش ئەوە ڕاگوێزرابوون، بۆ زیندانێکی دوورە دەست و ناخۆش لە سنووری شاری سمنان و هەر لەدورەوە چاویان بەستبوون، بۆ ئەوەی نەزانن لەکوێدا زیندان دەکرێن.

وەك دەیانگێڕایەوە زیندانەکە لە بیابانێکدا بوە و خواردن و خزمەتیان باش نەبووە، لەوێ برایەکی عەرەبیان بینیبوو کە پێشتر لە ئۆردوگای خوڕەم ئاوا، ناسراویی هەبووە لەگەڵ کاك فازڵ غەفار و هاوڕێیەتی کردبوون و زۆریش دڵدانەوەی کردبوون، ئەو لەسەر ئەوە گیراوە کە بەبێ موڵەت بووە بە ئیمام جومعەی گوندێکی نزیك شاری بەندەر عەباس، ناوی (أبوأحمد) بوە، دەیانگوت: پیاوێکی زۆر باوەڕ ئەستور و ورە بەرز و خاوەن زانست بووە و زیاتری کاتەکانی بە لەبەر کردنی قورئانەوە بەسەر بردوە، وەك دواتر هەواڵیان دەزانی دوای ئازادبوونی چووە بۆ هەندەران، هەروەها باسیان دەکرد لەگەڵ بزووتنەوەکاندا ناکۆکییان هەبووە و تەنانەت هەندێ جاریش بووە بەشەڕ و هەرایان و ئەو برا عەرەبە ناوبژیی کردوون.

کاتێك ئازاد بوون، یەکێك لە برا بزووتنەوەکان بەکاك بورهانی گوتبوو: ئێ کاك بورهان... ئیتر بڕۆ جۆلاییەکەی خۆت بکە و حەقی هیچت نەبێت.

کاك بورهانیش گوتبووی: کۆڵ نادەم، کاری بانگەواز ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر شانم تا زیندوو بم ئەو ئەرکە هەر لەسەرم بەردەوام دەبێت.

هەروەها لەنێوان خۆشیاندا کاك عەتا و کاك فازڵ زویر بوون لە یەکتر.

وادەرکەوت کە کاك فازڵ بۆڵە و خورتەی کردبێت بەسەر کاك عەتادا کە ئێمە لەسەر تۆ و بەهۆی هەڵەی سیاسەتەکانی تۆوە کەوتینە ئەم دۆخەوە.

کاك فازڵ ئاسەواری خراپی گرتنەکەی لەهەموویان زیاتر لەسەر بوو، بۆ لەوەو دوا زۆر بەحەزەر و وریاییەوە تێکەڵیی دەکردین و دوای ئازادبوونی ڕیشی تاشیی و بۆ دواتریش ڕیشی هەر نەهێشتەوە (لەو کاتەدا لەناو ئێمەدا بەردانەوەی ڕیش هێمایەك بوو بۆ پابەندیی)، ئەم هەڵسوکەوتەی کاك فازڵ وایکرد هەڵوێستی ئەو برایە، لای براکانی تریش جێگەی پرسیار بوو.

کاك بورهان لەو ناکۆکیەدا بێ لایەن بوو بوو، کە پرسیاریشم لێ دەکرد، حەزی نەدەکرد قسە لەو باسەدا بکات و بەقسەکانیدا دیار بوو، پشتگیری ڕاو هەڵوێستی کاك عەتای دەکرد و لەهەندێکیشدا هی کاك فازڵ، بەڵام نە لە زینداندا و نەلە دەرەوەش لای خۆیان هچی نەگوتبوو.

تەفسـیری ئەم ئایەتەم لە کتێب و تەفسـیری (فی ظلال) دا ئامادە کردبوو، لە کاتی سـەردانەکاندا بۆلای ئەو برایانە، بۆم باس دەکرن کە دەفەرموێت: [وكَأَيِّنْ مِنْ نَبی قَاتَل مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضعُفُوا ومَا اسْتَكَانُوا واللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ، ومَا كَانَ قَوْلهُمْ إِلا أَنْ قَالُوا رَبَّنَا اغْفِرْلنَا ذُنُوبَنَا وإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وانْصُرْنَا عَلى القَوْمِ الْكَافِرِينَ] ١٤٦-١٤٧ آل عمران.

یەکەم، بۆ دڵدانەوەیان، دووەمیش بۆ هاندانیان لەسەر بەردەوامیی و سوور بوون لەسەر کاری بانگەواز.

ئەو زانیاریانەی کەدەستم کەوتن، بەپێی ئەوەی کەداوام لێ کرابوو، لە ڕاپۆرتێکی گشتگیردا ئامادەم کردن و گەیاندمە ئەو جێگەیەی کەداوام لێ کرابووم.

پێش ئازاد بوونی براکان، حەزم لە خوێندنەوەی کتێبی (تذكرة الدعاة) ی نووسەری میسریی (البهي الخولي) دەکرد، نامەیەکم نووسی بۆ م.زوهیر خۆشناو کە ئەو کات ناوی نهێنی کاك شێرکۆ بوو و لە کرماشان دادەنیشت، تا بۆم بنێرێت، خۆی نەی بووبوو لای م.سەلاح پەیدای کردبوو و بۆی ناردم، سوودی زۆرم لێ وەرگرت، خوا پاداشتی بداتەوە.

دوایی زۆر بەدرێژی و وردی لەگەڵ ئەم سێ برایەدا ئەگەڕاین و یادگاریی زۆر سەیر و سەمەرەی ناو زیندانیان بۆ دەگێڕاینەوە و ئێمەش مەبەستمان بوو گوێیان لێبگرین، تا بەتەواوەتی خاڵی

ببنەوە لە مەینەتی زیندان و ئاسەواری خراپی ئەو نۆ مانگە و ئەو تاڵاووسوێراوەی کرابوو بەقوڕگیاندا.

## یادگاریەك لە دووەم کۆبوونەوەی پاش ئازاد بوونی برایان...

دوای ئەوەی برایان لە زیندان ئازادکران، ئیتر م.عەلی محەممەد کاری لەگەڵ ئێمەدا نەما و بڕیار وابوو یەکێك لە خۆمان سەرپەرشتیی کۆبونەوەکان بکات، یەکەم کۆبوونەوە لە مەریوان یەکمان بینی، بڕیارماندا بۆ جاری دووەم لە ئۆردوگا دانیشتنەکە بکەین و کاك فازڵ حەیدەر بۆ ئەو مەبەستە ئێوارەکەی هاتە ماڵی م.شێخ سدیقی خاڵۆی، منیش ئەو شەوە ماڵی خوشکەزایەکم میوانمان بوون و نەدەکرا بەجێیان بهێڵم، بۆیە کاك عەتام ئاگەدار کرد، بەڵکو دانیشتنەکە دوا بخات بۆ سبەینێ، دوایان نەخستبو و تادرەنگێ لە ماڵی کاك عومەرسدیق چاوەڕێی من بوو بوون، لەمنیش وایە دانیشتنەکە دواخراوە.

درەنگانێکی شەو کاك عەتا ئادەم وکاك فازڵ حەیدەر هاتبوون بەشوێن مندا بۆ ماڵی خۆمان، هەردەسیان خشاند بە شووشەی پەنجەرەکەماندا خەبەرم بوویەوە و چووم بەدەمیانەوە، خۆمان و میوانەکانیشمان خەوتبووین، خێزانم ئاگەدارکرد کە من دەڕۆم بۆ کۆبوونەوە، ئەگەر میوانەکان پرسیان بۆ من، بڵێ: چووە بەدەم نەخۆشێکەوە، خێرا چوومە دەرەوە و لەگەڵیاندا چووم بۆ ماڵی کاك عومەرسدیق و کاك موحسن فایەق یش ئامادەبوو، چوونکە ئەو کاتە لەکاری ڕێکخستنماندا، لیژنەی ئیدارەی ئۆردوگا لەو

پێنج كەسە پێك دەهات، كۆبونەوەكەمان شەو تەواو كرد و لەگەڵ بانگی بەیانیدا چوومەوە ماڵی خۆمان و نوێژم كرد و میوانەكانم هەڵساند بۆ نوێژ، هەستیان نەكرد كە شەو لەماڵ دەرچوم و جێم هێشتوون.

## لێبوردنی حكومەتی عێراقیی و گەڕانەوەی هەندێ برا بۆ عێراق...

لەمانگی ٤ ـ ١٩٩٠/٥ دا حكومەتی عێراقیی بەناو لێبوردنێكی گشتیی دەركرد بۆ خەڵكانی هەڵهاتوو(بەتەعبیری خۆی)، بۆیە زۆرێك لە خەڵكی ئۆردوگاكان، بەتایبەت ئەوانەی لەكیمیاویەكەدا هاتبوون لەبەر ئەوەی ژیانیان زۆر ئەستەم و ناخۆش بوو، بێزار بوون، بڕیاری گەڕانەوەیان دا، هەرچەندە ئەم لێبوردنە دووەم جار بوو، لە بەرواری ١٩٨٨/٩/١٠ دوای كیمیابارانەكە حكومەتی عێراقی بەناو لێبوردنێكی تری دەركرد و ڕێژەیەكی بەرچاو لە پەنابەران گەڕابوونەوە بۆ عێراق .

نامەیەكی سەرەوە گەشتبووە دەستی كاك عەتا، جەماعەت داوایان كردبوو كە چاوەڕێ بكەین و پەلەمان نەبێت لەگەڕانەوەدا، ئەو كەسانەش كە حەزیان لەگەڕانەوەیە، پەلە نەكەن تا نزیك كۆتایی ماوە دیاریی كراوەكە، تا بۆیان دەردەكەوێت هەڵسوكەوتی حوكومەت لەگەڵ گەڕاوەكاندا چۆنە، ئەوجا بڕیاری گەڕانەوە بدەن، هەموو ئەندامێكیش خۆی سەرپشكە كامیان هەڵدەبژێرێت، مانەوە یان گەڕانەوە.

هەندێ برا خۆیان ناونووس کرد بۆ گەڕانەوە و زۆرێکیش لەو خەڵکە بێ دەست و بێ دەرەتانە بە ناچاریی خۆیان ناونووس کرد.

لەگەرمەی ئەو ماوەیەدا کە حوکومەتی عێراقیی دیاریی کردبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بگەڕێنەوە، ئێمە: عومەرسدیق، حەسەن عەلی، فاروق کەریم، من، دەسگیر کراین (دوای ئەم باسە بەدرێژی دەچمە سەر هۆکاری دەستگیر کردنەکەمان و شێوازی گوزەراندنی ئەو ماوەیە کە لەزیندان بووین).

ئێمە دەستگیر کراین و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەهەموو ئۆردووگاکانەوە گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات، لەوانە: م.عەلی محەممەد کە پێشتر سەرپەرشتیی کاری ئێمەی دەکرد و م.فازڵ حەیدەر و کاك عەتا ئادەم و کاك فازڵ غەفار و ژمارەیەکی تریش لە برایان لە ئۆردوگاکەماندا گەڕانەوە.

کاك فازڵ حەیدەر بەنارەحەت دەرباز بوو بوو، پلانی بۆ داڕێژرابوو دەستگیری بکەن، بەڵام ناسراو و دۆستی هەبوو هاوکارییان کرد و دەرباز بوو.

کاتێ ئێمە دەستگیر کراین پێش ئەوەی دوورمان بخەنەوە بە کاك مەهدی برامدا هەواڵم ناردە دەرەوە بۆ کاك عەتا، بە هۆی گیرانی ئێمەوە کارەکانیان پەك نەخەن، مادام نیازی گەڕانەوەیان هەیە هەڵی نەوەشێننەوە و بڕۆنەوە، بەڵام هەندێ برا و کەسی نزیکی ئێمە، بەهۆی ماڵ و خێزانی ئێمەوە مابوونەوە .

بۆیە کاك عەتا دوای ئێمە بە پانزە بیست ڕۆژێك، بەماڵەوە گەڕابوویەوە بۆ عێراق.

## دەستگیر کردنی من و چەند برایەك...

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٠/٥/٢ کە لە مزگەوت و جەماعەتی نوێژی مەغریبەوە گەڕامەوە ماڵەوە.

پشتوویێنم کردەوە و درا لە دەرگای دەرەوەمان، کە دەرگام کردەوە بینیم، حەوت سەربازی ژاندارمیریی بەچەکەوە وەستاون، سڵاوم لێ کردن و پرسیان:

ـ ژمارەی خانووەکەتان ٣٦ ؟

+بەڵێ.

ـ ماڵی ئیبراهیم میکە عەلی یە؟

+بەڵێ.

ـ خۆتی ئیبراهیم؟

+بەڵێ.

ـ خێرا خۆت کۆبکەرەوە و وەرە لەگەڵماندا بۆ پاسگا.

+نانم نەخواردووە با نان بخۆم.

ـ بەیەکەوە لەوێ نان دەخۆین.

کـە چوومـە ژوورەوە چۆغـەوە و پشـــتوێنـەکـەم ببـەســـتم، لـە پـەنجـەرەکـەوە چـاودێریـان دەکردم، نـەوەك ڕابکـەم یـان شـــتێك بشارمەوە.

ئەوکاتە تەنها دوو منداڵمان هەبوو(زەنیرە، ساهرە)، هاوسـەرم و منداڵەکان ســەرســام مان لە وەزعەکە و دایکیشــم لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، هـاتـە دەرەوە و ئـاگـادار بوو لـەمـەســـەلـەی هـاتنی سەربازەکان.

بەدەم لەبەر کردنی پۆشــاکەکانمەوە خێزانم تێگەیاند کە زوو کاك مـەهدی برام ئـاگـادار بکـات و لـەگـەڵ کـاك کـەریم نـەســـروڵڵا، ئـەوراقو بـەڵگـەنـامـەکـانی کـەلای منن، کۆ بکـەنـەوە و مـاڵ لـە نوسراو و شریت و ئەو شتانە چۆڵ بکەن.

پێشــتر خۆم پێشــبینیی شــتی وام دەکرد، بۆیە هەمیشــە نهێنیەکانم بەقایمی هەڵ دەگرت.

بۆ نمونـە: لیســـتی نـاو و زانیـاریی ڕێکخســـتنـەکـان کـەلـە چـەند کاغەزێکی تەنکی شـەفافدا بەخەتی کاك حەسـەن عەلی محەممەد، کە خەتی جوان بوو، نووسـیبومانەوە و خســتبوومە ناو پاکەتێکی خاڵیی تۆز(پاودەر) ی O.R.S کە دەرمانی سـك چوونی منداڵان بوو، بە شــێوازێك دەمی پاکەتەکەم داخســتبویەوە، کەس گومانی نـەدەچوو جگـە لـە تۆزەکـەی خۆی زیـاتر، هیچی تێـدا بێـت و هەمیشــە لە ناو دەرمانخانە بچوکەکەی ماڵەوەماندا دام دەنا، تەنها خێزانم و کـاك مـەهدی برام لێی بـەئـاگـا بوون، هـەردووکیـانم تـێ گـەیـانـدبوو لـەکـاتی ڕوودانی هـەر حاڵەتێکدا، زوو دەری بهێنن و

هەموو نوسراو و شتێکیش کە گرنگ بوایە دەستنیشانم کردبوون بۆیان.

نەریتیی هەمیشەیی دەزگا ئەمنیەکان وابوو، کە کەسێك دەگیرا خێرا ماڵەکەشی دەپشکێنرا و نهێنیی زۆریان دەدۆزییەوە، بۆیە منیش بە وریاییەوە مامەڵەم لەگەڵ پێشهاتەکەدا دەکرد و ئەو لیستی ناوانە، ناوی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی برایانی عێراقیی تێدا بوو، بە شاری مەریوان و کانی دینار و گوندەکانی دەوروبەری و ئۆردوگاکانی دەربەن دزڵی و بارام ئاواشەوە.

لیستەکە بەدوو شێواز دروست کرابوو ناوی پترلە شەست کەسی تێدابوو، لە یەکەمیاندا ناوەکان بە زنجیرەی ئەبجەدیی نوسرابوون، لە دووەمیشیاندا، بە هەرەمی، لە کەسی یەکەمەوە تا دوا ئوسرە، ئەندامەکان دابەش کرابوون.

کاتێك لەگەڵ سەربازەکاندا بەرە و پایەگاکەیان دەڕۆیشتین، لە ڕێگەدا بەشێوازی بازنەیی دابەش بوون بە دەورمدا و ترسیان هەبوو هەڵبێم.

بەدەم ڕێڕۆشتنەوە دەستم کرد بە گیرفانەکانمدا، نامەیەك لەگیرفانمدا بوو، بۆ کاك فازڵ عابدم نووسی بوو کە بینێرم بۆی و هەندێ ڕاسپاردەی گرنگیشم تیا نوسی بوو بۆ خۆی و کاك حەسەن عابدی برای، کە ئەو کاتە دوور خرابوویەوە بۆ ئۆردوگای کەرەج و جاروبار دەهاتەوە بۆ سەردان بۆ گوندی گورگەیی، ماڵی کاك فازڵ و ماڵی دایکشی هەر لەو گوندەدا بوون و کاك حەسەن هێشتا ژنی نەهێنابوو، جارو بار لەگەڵ کاك

عومەرسدیق سەردانمان دەکردن و دەبووینە میوانی ماڵی کاك فازڵ، دڵنەوایی دایکی کاك حەسەنمان دەکرد.

بەپەلە لەناو گیرفانمدا(هەرچەندە بە تیپی ئاویش قایمم کردبوو)، دەستم کرد بە دڕاندنی نامەکە بەیەك دەست، بەبێ ئەوەی سەربازەکان هەست بە هیچ بکەن، نامەکەم پارچە پارچە کرد و بە سوود وەرگرتن لە تاریکیی شەو، بەدەم ڕێگەوە بەدڕاویی فڕێم دەدا، تاگەیشتینە جێگەی مەبەست هیچم پێ نەما کە ترسم لێی ببێت.

گەیاندمیانە ناو پایەگاکە دەست بەجێ سەربازێك بەووردیی دەستی کردبە پشکنین و هەموو ئەو شتانەی کە لەگیرفانمدا بوون لێیان وەرگرتم لە پارە و چەقۆ و قەڵەم و دەفتەری تێبینی... تاد.

بردمیانە ژورێکی داخراو و سەربازێك بەحەربەیەکی عەسکەریەوە بەدیارمەوە وەستا، یەك دوو جار فەرمووی دانیشتنم لێ کرد، دانەدەنیشت و هەوڵم دەدا بکەومە قسە لەگەڵیدا، هەندێ قسەم بە فارسیی لەگەڵیدا کرد، ئەو وەڵامەکانی بەکورتی دەدامەوە، نەی دەوێرا درێژەی پێ بدات و داشنەدەنیشت، هەرچەندە ئەگەر داش نیشتایە ژوورەکە ڕاخەری تێدا نەبوو.

پاش ماوەیەك ئاگام لێ بوو بەدەستگای بێ تەل لە پایەگاکەوە پەیوەندییان کرد بە ناوەندی خۆیانەوە، دوای ئەوە لە یەکتر حاڵی بوون، ئەفسەری پایەگاکە هاتەلام و گوتی: یەکێك لەمەلا و لێپرسراوەکانی بزووتنەوە دەست نیشان بکە تا بە کەفالەت

بتنێرینەوە، شـــەو لەماڵەوە بیت و بەیانی کاتژمێر حەوت بێیتەوە بۆ ئێرە.

پێم باش نەبوو ناوی بەرپرس و کەســـی تر ببەم بۆیە ناوی کاك بێســتون شـێخ جەعفەرم دا، کە هاوڕێم و ســەربە بزووتنەوەش بوو، پاش چەند خولەکێك بە بوڵندگۆی دەفتەری ســەرپەرســتی نـاوی کـاك بێســـتون خوێنـدرایـەوە، زانیم ڕەزامـەنـدن ئـەو ببێتـە کەفیلم و بۆ ئەو مەبەستە بانگی دەکەن.

کـاك بێســـتون هـات و ئیمزا و بـەڵێنیـان لێ وەرگرت کـە بـەیـانی کاتژمێر حەوت من بگەڕێمەوە لایان.

هاتینە دەرەوە، کاك بێســتون بە نیوە ڕاســت و نیوە گاڵتەوە و بە زەردەخـەنـەیـەکی نـاســـکـەوە گوتی: کـاك ئیبراهیم ئـەگـەر نیازی ڕاکردنت هـەیـە خۆمن دڵم نـایـەت ڕێگریت لێ بکەم، بۆیە ئەگەر ڕائـەکـەیت بـامنیش بێم لـەگـەڵت و بـەیـەکـەوە ڕابکـەین، چوونکـە ئەگەر تەنها تۆ ڕابکەیت من لێرە گیرۆدە دەبم.

منیش دڵنیام کرد کە ڕاناکەم و بەیانی ئەویش زەحمەت نەکێشـێت خۆم دەگەڕێمەوە بۆ پایەگاکە.

کە شەو دەستگیرکرام وام زانی تەنها من داواکراوم، بەڵام بەیانی دوای ئەوەی کە لەگەڵ کاك بێستون، خۆم ناسـاندەوە بە پایەگاکە، پـاش چـەنـد خولـەکێـك بـە بوڵنـدگۆ نـاوی حـەســـەن عـەلی، عومەرســدیق، فاروق کەریم یان خوێندەوە، کاك حەســەن عەلی لەبەر ئەوەی شـەو کاك ئەشـرف تەوفیق هەواڵی دەسـگیرکرنی

منی پێدابوو، فریا کەوتبوو ڕاوێژی کردبوو لەگەڵ کاك عەتا ئادەم و پرسیاری کردبوو ئایا خۆی بناسێنێت یان هەڵبێت؟

کاك عەتا لەبەر ئەوەی نەیدەزانی بۆچی بانگیان دەکەن و لەلایەکی تریشەوە ڕاکردن هیچ سودێکی نەبوو، گوتبووی: بڕۆ خۆت بناسێنە بزانە مەسەلە چییە؟

تائەوان هاتن منیشیان بە کەلەپچە کراوی لەپایەگا سەربازیەکەوە گواستەوە بۆ دەفتەری سەرپەرستیی کە کاك حەسەن و کاك عومەر و کاك فاروق، بەدەم بانگەوازەکەی سەرپەرستیەوە هاتن و گەشتنە ئەوێ، هەرچوارمانیان بردە ژووری بەرپرسی ئۆردوگا، لەو دەمەدا کەسێك بوو بەناوی ئاغای ئێرانیی، ئەو سێیەم بەرپرس بوو دوای بیگی و ڕەزا زادە، بووبوە بەرپرس.

ئێرانیی هاتە ژوورەوە بۆلامان و کەوتینە قسە کردن.

گوتی: دەزانن بۆچی گیراون؟ گوتمان: لەوانەیە ئێوە باشتر بزانن.

ڕووی کردە من و گوتی : ئاغا ئیبراهیم تۆش هەر نازانی؟

گوتم: ئێمە هیچ نازانین، ئەوەندە هەیە من دەستگیر کراوم و ئەم برایانەشتان بانگ کردووە، لەوانەیە خۆتان بزانن چ تاوانێك دراوەتە پاڵمان.

گوتی: تاوانی تۆ ئەمانەن:

- بەماڵانی ئەم ئۆردوگایەدا گەڕاویت و ڕۆحی سـوننیی گەریت زیندوو کردوەتەوە و خراپەی شیعەشت گوتووە.

- خـەڵکی ئۆردووگـا، هـەموویـان تۆ دەنـاسـن و نـاوت دەزانن، ئەمەش لەئاکامی شتێکەوە دێتە دی کە ئێمە نایزانین.

- کتێبی (كشف الأسرار) ی ئیمام خومەنیت گێڕاوە بەناو خەڵکدا و قسەکانی ناو کتێبەکەت بەدرۆ خستونەتەوە.

- خەڵکی هان دەدەن بۆ گەڕانەوە بەرەو عێراق.

لـەوەڵامـدا گوتم: ئـاغـای ئیرانیی، ئـەمـانـەی کـە بـاسـت کردن هەندێکیان شـتی ئاسـایین و هەندێکیشـیان لەوانەیە لای ئێوە وا باسکرابێت، بەڵام بێ مانان و دڵنیابن دەست هەڵبەسن.

سـەبارەت بەگەڕانمان بە ماڵاندا هەرچەندە بەو ئەندازەیە نییە کە بەڕێزت دەیڵێیت، بەڵام خەڵکەکە خزم و نـاسـراومانن و هەمیشـە سەر لەیەکتر دەدەین.

سـەبارەت بە خاڵی دووەم: خەڵکی ئۆردوگا من دەناسـن و نـاویشـم دەزانن، ئـەمـە تـاوان نییـە، چوونکە من لە بنکە تەندروسـتیەکەدا هەژدە مانگ خزمەتم کردوون، بەپێی توانا بەشـەو و ڕۆژ بەدەم خەڵك و نەخۆشـەکانیانەوە بووم، هەموویان نەك هەر دەمناسـن، بەڵکو ڕێزیشم لێدەگرن.

سـەبارەت بەخاڵی سێیەم: کتێبی كشف الاسرار نـاوم بیستوە، بەڵام باوەڕ بکە تائێستا نەم بینیوە، بەدرۆ لای بەڕێزتان باس کراوە.

خاڵی چوارەم: من تەحەددات دەکەم کەسێك بهێنیت، من یان ئەم برایانە هانمان دابێت بەرەو عێراق بگەڕێتەوە، تەنانەت براکەی خۆم پێم گوتوە: خۆت سەرپشکیت دەڕۆیتەوە یان دەمێنیتەوە.

ئاغای ئیرانیی خۆی سەغڵەت کردوو گوتی: مادام دان نانێیت بە تاوانەکانتدا خۆت لەژێر شیلاقدا دەبینیتەوە، هەستا بەجێی هێشتین و هیچی نەپرسی لەوان.

سەیارە و پاسەوانیان ئامادە کردبوو، زۆربەی خەڵکی ئۆردوگاکە لەبەردەم دەفتەری سەرپەرستیدا کۆ بووبوونەوە، بەناو خەڵکەکەدا بردینیانین و سواری سەیارەی (ئیسعاف) ی بنکە تەندروستیەکەی خۆمیان کردین و بەرەو شاری مەریوانیان بردین، لە زیندانی ئیتلاعات جێگە نەبوو، گواستینیانەوە بۆ زیندانی شارەوانیی، ماوەی دە ڕۆژ لەوێ دەسبەسەر بووین، دابەشیان کردین بەسەر ژوورەکاندا، هەر یەکەو لە ژوورێکدا، یەکەم ڕۆژ کە بردینیانە دەرەوە بۆ بەرخۆر، کە پێیان دەگوت: هەواخۆریی، ڕاوێژمان کرد هەریەکەمان ببینە پێشنوێژی ژورێك و نوێژی جەماعەتیان بۆ بکەین و هەرکەس حەزی کرد قورئانیشیان فێر بکەین.

سوپاس بۆ خوا سوودمان گەیاند بەو خەڵکە، ژورەکەی من سێ کەسی تری تێدا بوو:

- عەبدوڵلا ناوێك کە خەڵکی مەریوان بوو، سەر بەحزبی دیموکراتی ئێران بوو، بەهۆی بەکارهێنان و ساخ کردنەوەی پارەی ساختەوە گیرابوو.

- كوڕێکی پێنجوێنی، بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد نەماوە.

- مام عەبدوڵڵا ناوێك، خەڵکی مەریوان بوو.

لە زیندانی شـارەوانیی مەریوان بووین، بەڵام لەحسـابی دەزگای ئیتلاعات لەوێ دانرابووین، یەکەم شـەومان بەسـەربرد، شەوێکی نـاڕەحـەت بوو، بۆ بـەیـانیـەکـەی هـەریـەکـە و پارچەیەکی بچووك پـەنیر و نـانێکیان دابەش کرد بەسـەرماندا لەگەڵ یەك پیاڵە چای تاڵدا، ئەوسـێ کەسـە کە لە ژوورەکەدا بوون ئەوان وا ڕاهاتبوون پەنیرەکەیان بە نانەکەوە دەخوارد و دوایی چاکەیان بەشـوێنیدا بە شـەکرەوە دەخواردەوە، منیش وا ڕاهاتبووم کە بەچای شـیرینەوە پەنیر، یان هەر بەرچاییەك بخۆم، بۆیە دەسـتم برد دوو سـێ کلۆ لـە شـەکرەکە بخـەمـە نـاو چاییـە تـاڵـەکـەوە و شـیرینی بکـەم و بیخۆمەوە، مامە عەبە پەلاماریدا و شـەکرەکەی دوور خسـتەوە و گوتی: کاکە ئێمە بەچ زەحمەتێك ئەو شـەکرەمان دەست خستووە، مـامـە عـەبە پیاوێکی پیری بەسـاڵا چووبوو، بۆیە کاك عەبدوڵڵا گەنجەکە گوتی: مامە عەبە ئەم کوڕە فەقیرە سـەرەتایەتی، وازی لێبێنە تا ڕادێ لەگەڵماندا، شەکرەکەی دایەوە دەستم.

پاش چەند ڕۆژێك کاك هێرش حەمەشەریف، کە کوڕێکی گەنجی ڕووخۆشـی خورماڵیی بوو، ئـەویش بـە بـەنـد کراویی هێنـایـانـە هـەمان زیندان، هەرکەس دەچووە ئەو زیندانە لە ڕێوە سـەریان پاك دەتاشیی و سفریان دەکرد، بەڵام سـەری کاك هێرشیان سفر نەکرد، ئەم کوڕە وەك ناسـراویی دەمان ناسـی، بەڵام پەیوەندیی بەو دۆسیەی ئێمەوە نەبوو، لەسەر بابەتێکی تر گیرابوو.

پاش دە ڕۆژ گواستینیانەوە بۆ زیندانی ئیتلاعات، کاك هێرشیش کەوتە لای ئێمەوە و لەوێ بردینیانە ناو گەراجێکی داخراوەوە، پیاوێکی ئەفەندی قەڵەوی لێ بوو، گومانمان برد پیاوی خۆیان بێت و بۆ قسە دەرهێنان ئێمەیان بردبێتە ئەوێ، بۆیە بەنهێنی یەکترمان تێ گەیاند کە قسە نەکەین باشە، من و کاك عومەرسدیق لە نزیکی یەکەوە بەچیچکانەوە دانیشتبووین کاك عومەر بە هەورامی و بە چپە قسەی لەگەڵ مندا دەکرد، قسەیەکی خۆشی کرد سەبارەت بەو پیاوە، خۆم پێ نەگیرا زەردەخەنەیەکم کرد و یەك دوو قسەی ترمان کرد.

کابرا هەستی کرد کە یەکەم: قسە لەو دەشارینەوە و متمانەمان پێی نییە، دووەم: زانی ئێمەش هەورامین، دوایی زانیمان کە ئەویش خەڵکی گوندی بەڵخەی هەورامانی عێراق بوو.

بۆیە ڕووی تێکردین و بە هەورامی گوتی: ڕۆڵە مەترسن، بەخوا منیش وەکو ئێوە دەسگیر کراوم (پێش ئەوەی بگیرێت بیستبووی کە چوار گەنجی ئۆردوگا لە زینداندان).

دڵمان کرایەوە بەو پیاوە بە تایبەت کە زانیمان عێراقیە و تازە گیراوە، هەندێ دەنگوباسی تازەی بۆ گێڕاینەوە.

ناوی کاك عەبدوڕەحمان بوو، برای کاك قادر بەڵخەیی بوو، پیاوێکی قەڵەو و بەتەمەن بوو، دیاربوو ناسك و خۆشگوزەران بوو، کاسب کار بوو، بۆیە گیرابوو ویستبووی بەماڵەوە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و فەرشێکی ئاوریشمی کڕیبوو بە پێنج ملیۆن تمەن و لە ناو شتومەکدا شاردبوویەوە، چوو بوو

قورئانێك و چل هەزار تمەنی بەبەخشیش دابوو بە ئاغای ئێرانیی بەرپرسی خێوەتگەکەی دەربەن دزڵیی، بۆ ئەوەی کە ئەگەر لەسەر مەرز ڕاگیرا، فریای کەویّ و دەربازی بکات، بەڵام واپێ دەچوو هەر ئەو ئاغایە خۆی هەواڵی لێ دابێت، لە خاڵی پشکنینی سێ ڕای نێ، نزیك شاری مەریوان، واتە: پێش ئەوەی بگاتە سەر سنوور، شتومەکەکەیان پشکنیی بوو، فەرشەکەیان دۆزیبوویەوە و ئەویشیان دەسگیر کردبوو، چوونکە بردنەدەرەوەی ئاوریشم لەوڵات، قەدەغە بوو.

پاش یەك شەو لەو شوێنەدا کە گەراجێکی بە چینکۆ سەرگیراو بوو و لەگەڵ کاك عەبدوڕەحمان بەسەرمان برد، ئێمە پێنج کەس و بە ئەویشەوە بووینە شەش کەس.

شەو کاك عەبدوڕەحمان سەر ئێشەیەکی لێ هات بێ تاقەتی کرد، سەرەڕای سەرئێشەکەش ئەوەندەی تر بەوە بێ تاقەت بوو کە زۆرمان دا لە دەرگاکە و بانگمان کردن تا پاسەوانەکان حەبێك، دەرمانێکمان بۆ پەیدا بکەن، بەڵام دوای ماوەیەکی درەنگ هاتن، کاك عەبدوڕەحمان چونکە حاڵەتی وا بێخزمەتیی بەخۆیەوە نەدی بوو، لای گران بوو وا کەمتەرخەمیی بەرانبەر بکرێت، دڵخۆشیی زۆرمان دایەوە، هەر ئەو شەوە شتێکی تر ڕوویدا هەمووومانی بێ تاقەت کرد ئەویش ئەوە بوو:

سەرەڕای بێ تاقەتیی خۆمان و نەخۆشیی کاك عەبدوڕەحمان، کوڕێکی ئیتلاعاتی فارس هاتە لامان و بەفیزەوە دانیشت و بە خۆ بەگەورە زانینەوە قسەی لەگەڵدا دەکردین، لەمزگەوت و

تەکیەکانی مەریوانەوە حەی ئەڵڵا و دەنگی دەفی دەروێش بەرز بوویەوە.

ئێمەش نەمان دەزانی مەسەلە چییە، گوتمان ئاخۆ چی ڕووی دابێت؟

بۆیە پرسیمان لە کابرا: ئەو دەنگ و سەڵایە چییە؟

ئەویش بەناشرینی بە فارسی گوتی: (چیزی نیست سنیها هستند)، واتە: هیچ نییە سونییەکانن، وەك بڵێیت: شاری مەریوان شارێکی شیعە نشین بێت و چەند کەسێکی کەم سوونني تێدا بێت، دوایی دەرکەوت بۆنەیەکی ئاینیی بووە.

بەیانی دەمەو نیوەڕۆ ئێمەیان بانگ کرد و کاك عەبدوڕەحمان و کاك هێرش لەوێ مانەوە، ئێمەش و ئەوانیش زۆر نیگەران بووین کە لەیەك جیایان کردینەوە، من قورئانێکی گیرفانیم پێ بوو، کاك عەبدوڕەحمان گوتی: کاك ئیبراهیم ئەو قورئانەی خۆتم بەرێ با لام بێت، پێمدا و گوتی: ئەگەر خواکردی منیش ڕزگارم بوو بۆت دەنێرمەوە، وامان زانی ئێمە ئازاد دەکرێین.

منیش گوتم: خوا دەزانێ چیمان بەسەردێ هەر خەڵاتی بەڕێزت بێت و پێشکەشت بێت، دواتر و پاش دوو مانگ لە قەرەنتینەی سنە، بە کاك هێرش گەشتینەوە.

کە لای ئەوان چووینە دەرەوە، جەندرمە و کەلەپچەیان ئامادە کردبوو دوو دوو دەستیان بەستین، من و کاك حەسەن عەلی بەیەکەوە و کاك عومەرسدیق و کاك فاروق، بەیەکەوە .

## وەك سەرنج ڕاكێشانێك ئەمە دەنووسم...

ئەوكات ئێران وابوو، دەمارگیریی مەزهەبیی و شیعەگەریی ئەوەندە كاریگەریی هەبوو، بەلای خوێنەرەوە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم: من و كاك حەسەن لەبەر ناوەكانمان بەیەكەوە كەلەپچەكراین و كاك عومەر و كاك فاروقیش، هەردووكیان لەبەر ناوەكانیان بەیەكەوە كەلەپچە كران، دوایش كە گەشتینە زیندانی ئیتلاعاتی سوپا لە شاری سنە، ئەو حاڵەتە بەزەقی دەركەوت، كاك عومەرسدیق یان خستە جێگەیەكی زۆر ناخۆش و زیندانی تاكە كەسی (تاك سلولی) و كاك حەسەن عەلی یش لەجێگایەكدا دایان نابوو، سەلاجە و تەلەفزیۆن و فەرش و خواردنی لێ بوو، سەعات و پارە و پێداویستیەكانیشیان دابویەوە دەست خۆی، بەڵام ئێمە تا كاتی دەرچوونمان لەو زیندانە، هیچیان نەدابینەوە، من و كاك فاروق لە جێگەیەكی تارادەیەك گونجاو و مامناوەنددا دایان ناین، واتە: كاك حەسەن لە باشترین ژوور، كاك عومەر لە خراپترین ژوور، من و كاك فاروق لە ژوورێكی نەزۆر خراپ و نەزۆر باش (المنزلة بين المنزلتين) دایان ناین، بۆ خۆشی بەكاك فاروقم دەگوت: نازانن فاروق ناسناوی عومەرە، ئەگینا تۆشیان دەخستە زیندانی تاكە كەسییەوە، ئەویش دەیگوت من هەر لەبنەڕەتەوە بە هەڵە گیراوم.

## گواستنەوەی ئەم چوار بەند کراوە لە شاری مەریوانەوە بۆ شاری سنە...

هەمان ئەو ڕۆژەی کە لەزیندانەکەی ئیتیلاعاتی مەریوان دەرهێنراین، هەر لەو فەرمانگەیەدا بردینیانینە بەناو دادگایەکەوە، جەنابی دادوەر فۆرمێکی دانا لەبەردەستماندا و فەرمانی پێ کردین ئیمزای بکەین، کە نۆرەی من هات پرسیم: مۆڵەت هەیە بیخوێنمەوە ئەوجا ئیمزای بکەم؟ لێم تووڕە بوو، گوتی: ئێمە لەبەر خاتری ئێوە دانیشتووین کار دەکەین و جەنابعالیش بەگومانیت لێمان؟ بەزۆر ئیمزایان پێکردین، تا ئێستاش نازانم چی لەو فۆرمەدا نووسرابوو، پاش ئەو سیناریۆی ئیتلاعاتی مەریوان، پاسێکی خەتی مەریوان - سنە، ئامادەکرا و لە بەردەم فەرمانگەکەدا بە کەلەپچەکراویی سەریانخستین بەرەو سنە، پاسەکە سەرنشینی ئاساییشی تێدابوو، سەربازەکان زۆر عەزیەتیان دەکردین، نەیان دەهێشت پەنجەرەکانی پاسەکە بکەینەوە، ئەم هەڵسوکەوتەی سەربازەکان هەندێ لە خەڵکی ناو پاسەکەی نیگەران کرد و لێیان توڕە بوون و گوتیان: خۆ قاتڵتان نەگرتووە، عەیب ناکەن وائەکەن لەم داماوانە؟

من وکاك حەسەن پێکەوە بووین، ڕاوێژمان کرد تا نامەیەك بەم خەڵکەدا ڕەوانەی ماڵەوەمان بکەین، پێك هاتین و پیاوێکمان دەسنیشان کرد کە لەبەردەمماندا دانیشتبو و لەکەسێکی خێرخوا و باش دەچوو، کەوتینە قسە، مەترسیی ئەوەشمان هەبوو سەربازەکان پێیان ناخۆش بێت و بەهۆی ئێمەوە قسەیەکی نەشیاو

بدەن لە ڕووی ئەو پیاوە کە لە پیاوێکی ماقوڵ و خاوەن ڕێز دەچوو.

گوتمان: دەمانەوێت نامەیەکمان بۆ بگەیەنی، زۆر پێی ئاسایی بوو و ئامادەیی خۆی نیشاندا.

+لە مەریواندا خەڵك دەناسین و نامەکەمان بگەیەنەرە ناسراوەکانمان، ئەوان دەیگەیەنن بۆ ئۆردووگای دەربەن دزڵیی.

ـ زۆر باشە کێ دەناسن؟

+لەپاساژی (حەمە چاوە) کاك باقرو، لەپاساژی (سەعادەت) کاك سەی یونس سوجادی دەناسین.

ـ هەردووکیان دەناسم و خۆیشم بەرانبەری کاك باقر دوکانی بەزازیی و قوماش فرۆشیم هەیە.

+نامەکە بگەیەنە دەستی سەی یونس یان کاك بورهانی برای، ئەوان دەیگەیەنن.

لەنامەکەدا باسی سەلامەتیی خۆمان و گواستنەوەی هەموومان بەرەو شاری سنە نووسی، بە پیاوەکەمان گوت: لەبەر ئەوەی نازانین لە ناوشاری سنەدا بۆ کوێمان دەبەن لە نامەکەدا نەمان نوسیوە، ئەگەر ئێوەمان لەگەڵدابوو لە چ زیندانێك دایان گرتین، بەڵکو بەدەمیی ئەوەشمان بۆ بگەیەنی.

دوایی زانیمـان ئـەو پیاوە بـەڕێزە نـامـەکـەی گـەیاندبوو، کە ئازاد کراین، خۆمان چووینە لای و مەمنونیی و پێزانینمان بۆ دەربڕیی کە نامەکەی گەیاندبووین.

## یادگارییەکانی زیندانی ئیتلاعاتی سـوپای پاسـداران لە شاری سنە...

کــەگەشتینــە ناو شاری سنە لە تێرمینالْ سەرنشینەکانیان دابەزاند و بە هەمان پــاس ئێمەیان گواستــەوە بۆ شوێنێکی نــادیار، کە لــە پاسەکە دایان گرتین لــەکولانەکــەی دەرەوەدا چاویــان بەستین و بــەجیا جیا بردینیان بۆ ناو زیندانەکــە، لێکۆڵینەوەیــان لەگەڵ کردین و فۆرمی تایبەتیان بۆ پڕکردینەوە و زانیاریی وردیان لێ وەرگرتین، تەنانەت تا ناوی زاواکانیشــمان گەیشت.

لـەوکـاتـەدا کە کابرای لێکۆڵەر پرســیاری لێ دەکردم تینوم بوو، چاویشم بەسرابوو، داوای ئاوم کرد، نەی هێنا و گوتی: ئێستا لێ دەبینـەوە، خێرا خێرا هەوڵی چاوترســێنکردنی دەدام و دەیگوت: زانیاریی هەڵە نەدەی، ئەگینا دوایی گیر دەخۆیت، منیش حســابم بۆ قسەکەی دەکرد و لە هەر جێگایەکدا کە زانیاریی هەڵەم بدایە، بیرم لێ دەکردەوە بۆئەوەی لەکاتی تریشــدا هەر هەمان زانیاریی بڵێمەوە، تینویەتی زۆری بۆ هێنام و دەمم وشك بوو.

وەستام و هەرچی پرسیاری دەکرد وەڵامم نەدەدایەوە و گوتم: ئاو نەهێنی قسە ناکەم، هەرچی هاواری کرد و دەیگوت: قسە نەکەی لێت دەدەم، کابرایەك بــــەزەیی جوڵاو ئاوی بۆ هێنام، دواتر و

لەماوەی مانـــەوەمان لــەو زیندانــەدا دەرکەوت، ئەو کوڕەی کە ئـاوەکـەی بۆ هێنـام، خـەڵکی گونـدێکی نزیکی پـاوە و لـە هۆزی زەردۆیی بوو، بۆ دواتریش لـە زینـدانـەکـەدا بـاش بوو لەگەڵماندا، هەواڵیشــی بۆ دەگواسـتینەوە لەنێوان خۆماندا، نهێنیمان ئەوە بوو ئەوکاتەی ئەو دەهات بۆ حەمامی ژوورەکەی ئێمە، منیش بەناوی سـەرئاو و دەسـت نوێژەوە دەچوومە حەمامەکــــە و ئەو ئیشــی خزمـەت گوزاریی بوو، بـەنـاوی دەفر شـــۆردنـەوە، یـان هـەر ئیشـــێکی ترەوە دەهاتە حەمامەکە و هەواڵی کاك عومەر و کاك حـەســـەنی پێ دەگـەیـانـدم، منیش هـەواڵی خۆم و کـاك فـاروقم پێدەگوت و بۆی دەبردن، بەڵام لەبەر حاڵی گیــــانی خۆی نەی دەوێرا هەواڵ بباتە دەرەوە.

دوای ئـەو لێکۆڵینـەوەیە بردینیـانـە جێگـایـەك بـەچـاو بەســـراویی ڕوویـان کردینە دیوارێك و گیرفانمان گەڕان، هەرچیمان پێ بوو لێیـان وەرگرتین و پـاش مـاوەیەك ســـەیری موفەکەرەکەی منیان کردبوو، هـەنـدێ ژمـارە تـەلـەفۆنـی تێدابوو، یـەکێکیـان هی کـاك عـەرەب ئـەمین بوو، نوســـی بووم کـاك عەرەب، ئەوانیش وایان زانی بوو لـەنـاو ئێرانـدا پـەیوەندیم بەکەســـێکی عەرەب نەژادەوە هەیە، بۆیە پرسیان: کاك عەرەب کێیە؟ من بێ دەنگ بووم.

گوتیـان: ئـەم موفـەکـەرە بچوکـە هی کێیـە؟ گوتم: هی منـە، هـاتنـە نزیکەوە و پرســـیان: کاك عەرەب کێیە؟ گوتم: خاڵۆزامە و ماڵی لە شاری پاوەیە و ناوی عەرەب ئەمینە، زۆریان لاسەیر بوو کە ناوی عەرەبە، بەڵام لەسەری نەڕۆشتن.

براكانی تر كەناوی كاك عەرەب یان گوێ لێ بوو بوو، حسابی تریان كردبوو، وایان گومان بردبوو كە ناویان لایە و گرتنەكە سەرانسەرییە و گیرانی ئێمە دەتەنێتەوە تا دەگاتە پاوە، بەڵام من دەمزانی مەسەلەكە ژمارەی تەلەفۆنەكەیە و بواریش نەبوو ئەوان تێبگەیەنم.

دوای ئەمە بەو شێوەیە كە لەپێشەوە باسم كرد، دابەشیان كردین و ماوەی بیست ڕۆژ لەو زیندانەدا بووین، كەسیش نە لەمەریوان و نە لەسنە هەواڵی لێمان نەبوو و كەس نەدەهاتە سەردانمان.

من و كاك فاروق لە ژورێكدابووین، دوو كوڕی فارس و كوڕێكی كوردی سنەیشی لێ بوو.

فارسەكان یەكێكیان لەبەر گەندەڵیی دارایی و ئەوی تریشیان سەرباز بوو ویستبووی هەڵ بێت بۆناو موجاهیدینی خەڵق لەبەر ئەوە گیرابوون.

تۆمەتی كوردەكەش ئەوەبوو كە كارگەیەكی دروست كردنی دەفری ستیلیان دامەزراندبوو و بەپیتی لاتینیی لە بنی دەفر و بەرهەمەكانیانەوە بە مۆر نووسیبوویان: كوردستان.

دوو فارسەكە شیعە بوون، یەكێكیان تەمەنی هەبوو، دەرچووی زانكۆش بوو، زۆرجار بێ تاقەت دەبوو لەوەزعی خۆی، هەناسەی پەشیمانیی زۆری هەڵدەكێشا و دەیگوت: من لەو كارە نایاساییەدا پێنج ملیۆن تومەنم دەست كەوتووە، ئێستا دەبێ هەرچی خانوو و سەیارەم هەیە هەمووی بفرۆشم ئەوجا دەری دەهێنێتەوە.

دەترسا لەوەی کە مایە پووچ دەرچێت و جنێو و قسەی سوکی دەگوت بەو لێکۆڵەرەی کە بەفێڵ دانپێدانان و ئیعترافی پێ کردبوو، دەیگوت: ئەو شەیتانە بەدوو قسە ئەو فێڵەی لێ کردم و پێی درکاندم.

کە بانگ دەکرا بۆ لێکۆڵینەوەش چوار سەعاتی پێ دەچوو، کە دەهاتەوە ئەوەندە ئاسەواری ترسی پێوە دیاربوو دەتگوت لەگۆڕستانەوە هاتوەتە دەرەوە، هەندێ کاغەز و قەڵەم جافیان دەدایێ و دەستی دەکرد بە نوسین، زیاد لە شەش پەڕەی پڕدەکردەوە، دەمانپرسی: چی دەنوسی؟ دەیگوت: کە دەچنە سەر ڕوداوێك بەئاسانیی لێی دەرناچم، دەبێ لە نووکەوە ئەو چیرۆکەی کە بە سێ چوار مانگ ئەنجام دراوە بە شەو و ڕۆژیەوە هەمووی بنووسم.

ئێمە سوودمان لەم مەسەلانە وەردەگرت، زۆربەی ئەو هەڵانەی کە ئەو تێیان دەکەوت لەسادەیی و فەقیریی و بێ سیاسەتیەوە بوو، ئەو زیاتر پیاوێکی ئیداری و حساباتی بوو، نەك ئەمنیی یان سیاسیی.

زۆر جار باسی مناڵیی خۆی و هەژاریی باوکی بۆ دەکردین کە چۆنی بەخێوی کردوون، ئەو تەمەنی لە ئێمە زیاتر بوو، بۆیە سوودمان لێ وەرگرت، کە زانیی ئێمە پابەندی ئایینین و ئایین پەروەرین، داوای لە من کرد ئامۆژگاری ئایینیان بکەم، منیش دەمکردە گاڵتە و دەمگوت: بەو مەرجەی تۆش ئامۆژگاریی و ئەزمونەکانی خۆتمان فێربکەیت.

ئەو پیاوە وادیار بوو تا ئەوكاتە لەژیاندا نەكەوتبووە هەڵەوە و هیچ تووشـــی بگرە وبەردە نەبوو بوو، چوونكە ئەو ڕووداوە زۆر كاری تێكردبوو، تەنانەت دەیگوت: خۆزگە من ببومایە بە وەزیری پەروەردە، فەرمانم دەدا هەموو حەفتەیەك قوتابیانی ناوەندیی و دواناوەندیی ســـەردانی زیندانەكانیان پێ بكرێت بۆ ئەوەی ببینن: كە ئەوە پیاوێكی گەورەیە و لە هیچی كەم نەبووە، ئەوەتا بەهۆی هەڵەیەكی خۆیەوە گیرۆدەیە و وزەلیل كەوتووە (مەبەستی خۆی بوو).

ڕۆژێك ئاخونێكی شـــیعە كە جبە و عەمامەی مەلایەتیی خۆیانی لەبەردا بوو، هاتە لامان و ئێمەش دڵمان كرایەوە گوتمان داوای لێ دەكەین فریامان كەوێ، زۆر گەرمامان دەبوو، حاڵی خۆمانمان بۆ باسكرد كە شـــوێنەكەمان گەرمە و هەوای كەم دەردەچێت و... تاد.

سەرێكی ڕاتەكاند و گوتی: چارەسەری بكەن بۆیان و سەریشیان سفر بكەن (موهاشون بزنید).

یەك كونی ٢٠×٢٠ سم، لە نورگیرەكەی ســەرباندا هەبوو دوای ئەو ســـەردانە ئەویشـــیان گرت، ئیتر بەشـــەوا زۆر گەرمامان دەبوو، لە سەعات نۆی شەویشدا شاوری خامۆشییان لێ دەدا، بەحەزی خۆت نەبوو، دەبوو بخەویت، بەیانیانیش دوای نوێژی بەیانیی شـــاوری بێداریی لێ دەدرا و نەدەبوو تەنانەت ڕایش بكشێیت.

ئەو كابرا فارســـە لەگەڵ ئەو هەموو چاكانەدا كە هەيبوو، دەمارگيريى مەزەبيى زۆر بەتين بوو، ئێمە و كوڕە سـەنەييەكە لەدوو خاڵدا هەستمان پێدە كرد:

يەكەم: هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەی ڕۆژی پێشــوويان دەداينێ، هەركەسـە وحەزی لەچی بوايە سـەرنجی ئەوەی دەدا، من حەزم لە هەواڵ و گۆشـە فيكريی و سياسـەكان بوو، زياتر موتابەعەی ئەو گۆشانەم دەكرد، سـەربازە فارسـەكە سـەرنجی دەدام، ڕۆژێ گوێم لێبوو دوو فارســـەكە لە نێوان خۆياندا چپەيان دەكرد دەيان گوت: ئـەم دوانـە واتـە: من وكـاك فـاروق، هـەر موتـابـەعـەی دەنگوبـاســـی وەهابيەكان دەكەن، ئەو دەمە عەباس مەدەنيی جەزائر، تازە لەسـەر گۆڕەپانی سياسـی دەردەكەوت، سـەردانی ئێرانی دەكرد و ڕۆژنامەكان لە ســـەريان دەنوســـی، ئێمەش بە بايەخەوە موتابەعەمان دەكرد.

دووەم: لەبەرئەوەی كابرا فارســـەكە نەخۆش بوو، دكتۆر بۆی نواندبوو، كاڵخۆريی بكات و خواردنی كوڵاو يان برژاو يان ســـوركراو نەخوات، بۆ نمونە: ميوە و گوێز و گەنمی كوتراو و چەرەساتی بۆ دياريكرابوو بيانخوات.

لەبەرئەوە كەيفی نەدەهات بەخواردن، تەنها بە نيوەڕواندا چێشتيان دەداينێ، بەيانيان و ئێواران پەنير وخەيار يان تەماتەيان دەداينێ، ئەو نيوەڕوان خواردنەكەی نەدەخوارد و بەدرێژايی ئەو ماوەيەی كە بەيەكەوە بووين ڕۆژێ لەڕۆژان نەيدەدايە كەســێكی ترمان، هەموو ڕۆژێ بەشـــی خۆی جيادەكردەوە و

دەیخستە بەردەمی کوڕە سەربازە فارسە شیعەکەی هاوەڵی خۆی. من هەوڵم دەدا لەگەڵیاندا تێکەڵ ببم، بەڵام ئەوان داخراو و ئاڵۆز بوو.

ڕۆژێ شەکرمان لێ بڕا و پاسەوانەکانیش بۆیان نەدەهێناین، خوا کردی بۆیەکەم جار مۆڵەتی خێزانەکەی ئەو پیاوەیان دابوو چاوی پێی بکەوێت، پاسەوانەکان هاتن وەك موژدە پێیان گوت: ژنەکەت هاتوەتە سەردانت. ئێمەش گوتمان: پێی بڵێ هەندێ شەکرمان بۆ بێنێ.

پێش ئەوەی شەکرە کلۆکەمان تەواو ببێ دەیگوت: هەی هاوار عێراقی هەموویان چای شیرین دەخۆن، نازانم بۆچی لە بەختی ئێمەدا ئێوە نەك هەر چای تاڵ دەخۆن، بەڵکو دوو دوو کلۆ شەکر دەخەنە دەمتانەوە؟ خێزانەکەی یەك کارتۆن شەکری قاڵبی بۆ ناردبووین و ئێمەش کردمانە گاڵتە و گوتمان: ئاغا خۆ ئەمە لەو شەکرە نییە کە کاتی خۆی لات داوە؟ ئەویش بەپێکەنینەوە دەیگوت: مەترسن لەوە نیە .

ڕۆژێك مام فاروق نەخۆش کەوت و فشاری خوێنی بەرز بوویەوە، دامان لەدەرگا و هاتن فشاریان گرت و یەك حەبیان پێدا، گوتم: کاکە بیبەنە دەرەوە باتۆزێ هەوای ئازاد هەڵبمژێت، بردیان، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها بوو لەزەتی لێ نەبینی بوو، بگرە زیاتر غەمبار بوو بوو، کە هێنایانە ژورەوە هاوار و باوکە ڕۆی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار من بێ تاقەت دەبووم و دەمگوت: مام فاروق هەرچی دەیدەمە بەر خەیاڵم هەرگیز ڕزگار

نابین، ئەو دڵنەوایی دەکردم، دەی گوت: پشـــتیوان بەخوا ڕزگار دەبین، دەشـــیگووت: بەخوا دەزانم من تووش بووم، من هی ئەوە نیم لـەگـەڵ ئێوەدا بگیرێم، چوونکـە من چیم لێدێ تـالـەگـەڵ ئێوەدا بمگرن؟ ئـەم قســـانەی لە تەوازوعەوە بوو ئەگینا دەم و زمانێکی پاراوی هەبوو.

دوای نزیکەی یەك مانگ، ڕۆژێك کۆیان کردینەوە و لە پرسگەی زینـدانەکەدا یەکانگیر بووین، نەماندەزانی بۆچی کۆکراوینەتەوە، بۆیە بەحەزەرەوە قسەمان دەکرد، تا سواری قەمەرەیەك کراین و فەرمانبەرێکی زیندانەکە هات لەگەڵماندا و هەر لەشــاری سـنـەدا بردینی بۆ زیـندانی قەرەنتینە، کە چووینە ئەوێ بینیمان: عێراقیی زۆری لێیـە: کـاك هێرش حـەمـەشـــەریفـەکـەی کـە لـە مـەریوان بـەیـەکـەوە بووین، وەســـتـا مـەهدی تـەوێڵـەیی، وەســـتا عەزیزی دەرەمەڕی، کـاك ســـتـار محـەممەد ســـاڵح دێکۆنـی، دوو کوڕی ســـەرگـەڵویی، کـاك فـایـەق هـانـە قوڵـی، کـاك مـەلا عـەبـدوڵڵا جۆمەرەسی، کاك جەمال بانیشاریی.

## قەرەنتینە چیە و کوێیە؟

لە بنەڕەتدا بەو جێگایە دەگوترێت کە ئامادە دەکرێت بۆ ئەو میوانە بیانیانەی بەمەبەستی بازرگانیی یان کاری دبلۆماسیی یان کاری کۆمەڵایەتیی... تاد، دێنە ناو سنوری وڵاتەوە، تا لەو جێگەیەدا بحەوێنەوە و کارەکانیان لەژێر چاودێریی و پارێزگاریی دەوڵەتدا ئەنجام بدەن.

ئەم وشەیە (قەرەنتنیە) پێم وایە وشەیەکی بیانیە، لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیی و دواتریش عوسمانیەکاندا کار بەم سیستەمە کراوە.

بەڵام لە ئێراندا کەسانی بیانی تێدا دەست بەسەر دەکرا، ئەم دەزگایە سەربە وەزارەتی ناوخۆ بوو لەهەموو پارێزگاکاندا بارەگای هەبوو، پاسەوانەکانیشی پۆلیسی کەڵانتەری بوون.

میوان لەم دەزگایەدا حورمەتی پارێزراوە و لەڕووی خواردن و پاکوخاوێنیی و چاوپێکەوتنەوە وەزعی باشە، کە ئێمە چووین ئەو برایانە لەوێ بوون، خواردەمەنیی زۆر بوو، ئێمەش بۆ پەنجا ڕۆژ دەچوو پڕ بەسکمان نانمان نەخواردبوو، بەڵام لێرە خواردن ئەوەندە زۆر بوو بەوناوەدا کەوتبو و ڕژاندبوویان، سابوون و شامپۆ و شەکر و چا... تاد .

زیندانەکە لەسێ تاقم خانوو پێك دەهات، حەوشەکانیان بەناو یەکدا بۆیان دەڕۆشتی:

یەکەم: تایبەت بوو بە ئیدارەی دەزگاکە و پێشـــوازیی میوان و چاوپێکەوتنی زیندانیەکان لەگەڵ کەس وکاریاندا.

دووەم: تایبەت بوو بەو خێزانانەوە کە ڕێیان دەکەوتە ئەم جێگایە.

سێیەم: ئێمەی تێدا بوو، یان کەسێکی سەڵت بهاتایە دەیان هێنایە لای ئێمە.

لە زیندانی قەرەنتینەدا حاڵمان باش بوو، چاوپێکەوتنمان لەوەوە دەســـتی پێکرد، کە گەیشـــتینە ئەوێ هەر ئەو ڕۆژە ڕەحمەتیی سائب حەمە یوسف دەرەمەڕیی، کە بۆ سەردانی سەی عەزیزی خاڵۆی هاتبوو، بەودا هەواڵمان ناردەوە بۆ دەربەن دزلێی و بۆ بەیانیەکەی خێزانی من و خێزانی کاك عومەر و خێزانی کاك حەســـەن، لە مەریوانەوە هاتن بۆ شـــاری ســـنە بەمەبەســـتی سەردانمان و یەکی منداڵێکیشیان پێبوو کاك مەهدی برام و کاك ئەبوبەکری برای کاك عومەر و کاك عومەر مســـتەفای ژنبرای کاك فاروق، هاتبوون لەگەڵیاندا، خواردنی ماڵەوەیان بۆ هێنابوین و هەندێ پێداویستیی وەك خاولیی و جل وبەرگ.

زیاتر بیری زەنیرەی کچە گەورەم دەکرد، کە تەمەنی دوو ساڵێك دەبوو، خێزانیشـــم ســـاهرەی کچە بچووکمی هێنابوو، بۆیە داوام کرد کاك مەهدی چەند ڕۆژ دواتر هێنای و چاوم پێی کەوت، ئەو خەڵکە دەهاتن بۆ لامان زۆر بەلایانەوە ســـەیر بوو کە دەمان گوت: ئەشـــکەنجە نەدراوین و تەندروســـتیشـــمان خراپ نەبوو، چوونکە لە دەرەوە ئەو کەســـانەی کە لێیان دەخوێندین، زۆر بەچارەڕەشانە باسیان کردبووین.

تەنانەت ڕۆژێك كاك ئەیوب عەزیز زەڵمی كە بە نزیك لە كاربەدەستان ناسرابوو، هات بۆلامان، زیاتر ناسراویی و هاوەڵیی و خزمایەتی لەگەڵ كاك فاروق دا هەبوو، بەڵام هەرچوارمان چووین بۆ پێشوازیی و بینیمان، كەمێك دانیشتین و ئێمە گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، كاك فاروق وەك خزم لەلای دانیشت و دوایی كە گەڕایەوە هەستم كرد هەواڵێكی لایە و بەچپە گەیاندی بەكاك حەسەن و كاك عومەر و لە منی شاردەوە، تا ئێوارە خۆم گرت، كەسیان هیچی نەگوت، لێم پرسین چی بێ لەمن شاراوە بێت، ئەو هەواڵە چی بوو كاك فاروق لەكاك ئەیوبی وەرگت؟ سەرەتا ویستیان بێ ئەهەمیەتی بكەن ونەی دركێنن، دوایی گوتیان: ئەوەی ڕاستیبێ كاك ئەیوب گوتویەتی: ئێوە هەرسێكتان وەزعتان لەلای ئیتلاعات باشە، بەڵام زیاتر ئیبراهیم مەیكە بەتاوانبار ناسراوە و خراپ باسی ئەو دەكەن، لەوانەیە واز لەو نەهێنن، منیش بەگاڵتەوە گوتم: كورە هیچ نییە ئەوە دڵی ئێوەی خۆش كردووە، برایان زیاتر خەمی منیان بوو، نەك دڵخۆشبن بەباسەكەی خۆیان.

## ئیدارەدانی ژیانی برا زیندانیەکان لە قەرەنتینەدا...

شـــێوازی ژیانی ئەو برایانە بەلای ئێمەوە نەگونجاو بوو، بۆیە چـەند هـەنگـاوێکمـان نـا بـە مـەبـەســتی چاککردنی دۆخـەکـە و ڕێکخســـتنی کـاروبـارەکـانی، پـاش گفتوگۆ لـەگـەڵ هـاوڕێیـانـدا بڕیارماندا :

یـەکـەم: کـاك فاروق بەرپرســـی چێشـــتخانەبێت و هەر ڕۆژەی یـەکێکمـان خـەفەر بێت لەگەڵیدا و ئیشـــی چایی و قاپ شـــۆردن بکات، خواردنیان بەئامادەکراویی پێ دەداین.

دووەم: هـەرکـەس لـە چـاوپێکـەوتنـەکاندا هەرچی بۆدێت، لەلایەن کەســوکاریەوە، تەســلیمی کاك فاروق و چێشــت خانەی بکات، بۆئەوەی هەموو شەوێك میوەمان ببێت.

ســێهەم: هەموو کەســێك پێخەفەکانی خۆی بشــوات و دواتریش فەرش و ڕاخەرەکان و ژوورەکان بەکۆمەڵ دەشۆین.

چوارەم: هـەرکـەس قورئـان یـان نوێژ نـازانێت کـەســـێکمـان بۆ دیاریی کرد فێری بکات و هەموو شـــەوێك دەرســـێکی تەفســـیر لەلایەن بەندەوە بوترێتەوە.

پێنجـەم: هـەموو کـەس هـەفتـانـە خۆی بشـــوات و ڕۆژانـەش پـاکوخاوێنی پارێزگاریی لێبکرێت. خاڵەکان هەموویان جێ بەجێ کران، بەڵام هەســتم دەکرد باری تەندروســتیی ئەو برایانە تەواو نییـە و بـەو بیـانوەوە کـەخۆم کـەمێ نـەخۆش بووم، بـە

کەلەپچەکراویی لەگەڵ پۆلیسێکدا چوومە دەرەوە و دەواودەرمانی پێویستم هێنا بۆ هەموویان.

کات لەزیندانددا زۆر بەسەختیی بەسەر دەچوو، شەوان تا تاقەتمان هەبوو دوای دەرس و میوە خواردن، قسـەی خۆشـمان دەکرد، پاشـان دەخەوتین، بەیانیان سـەر لە بەیانیی نانمان دەخوارد و کـاتژمێر هـەشـت دەرگـای حـەوشـەکـەمان لێ دەکرایـەوە و حەوشـەیەکی ١٠× ٦ دەکەوتە خزمەتمانەوە تا بانگی مەغریب و دواتر دەکراینە ژورەوە. پاسەوانەکانمان: سـەید ئیبراهیم، ئاغای ئەمیری، ئاغای... بوون، هەموویان کورد بوون، دوانیان سوننی و سـێیـەمیش کە ناوەکەم لە یاد نەماوە، خەڵکی قوروە و شـیعە بوو، بەسەرە دەگۆڕان، چاك و قسە خۆش بوون لەگەڵماندا.

ماڵی م.سـەی عەبدوڕەحمان سـوجادیی لەو گەڕەکەدابوون، هەموو ئێوارەیەك سـەهۆڵی بۆ دەناردین بە یەکێك لە کوڕەکانیدا، م.عەبوڕەحمان دڵسـۆزیی لەگەڵدا نواندین، لەو کاتەدا کە چوومە دەرەوە بۆ دەرمان لـەگـەڵ پۆلیسـەکـەدا، لە گەڕانەوەماندا لامان دایە لای، لەنزیك ماڵەکەیدا دووکانێکی میوە فرۆشیی دانابوو، کە منی بینی بـە کـەلـەپچـەوە بێتـاقـەت بوو، قسـەی زۆری کرد بۆ پۆلیسـەکە و بۆی ڕوون کردەوە کە ئێمە کێین و پێوویسـتە چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن، هەروەها باسـی ئەوانەشـی بۆ کرد کە دژایـەتیی ئێمـەیـان دەکرد و بووبوونـە هۆکـاری زینـدانیکردنمـان، منیشـی بێمنـەت کرد و گوتی: بڵێ بـە هـاوەڵـەکـانی تریشـت هـەرچیتان پێوویسـت بوو، بڵێن بە کوڕەکان کە سـەهۆڵتان بۆ دەهێنن لەخزمەتتاندایین، لێرەوە زۆر سوپاسی هەڵویستی دەکەم.

# بیســـتنی هـەواڵی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ســـوپای عێراقەوە...

پـاش نیوەڕۆیـەك لـە حـەوشـــەی قـەرەنتینـە دانیشـــتبووین، ســـەرگـەرمی خوێنـدنـەوەی ڕۆژنامە بووین، ئاغای ئەمیریی کە پاسـەوانی شوێنەکە بوو، عادەتی وابوو هەرگیز تفەنگی نەدەکردە شان و بەبێ چەك دەهاتە لامان، پیاوێکی بەئەدەب و ڕووخۆش و ڕەوشـت جوان بوو، تەمەنی لە نێوان چل بۆ چلوپێج سـاڵ دەبوو، خاوەن منداڵ و خێزان بوو، هەموو کاتێ قســـەی خۆشـــی لەگەڵ دەکردین و دەیگوت: کوڕینـە خـەفـەت مـەخۆن ژیـان و زینـدەگیی تەنها پەنجا سـاڵی ئەوەڵی سـەغڵەتە، هەموومانی بەقسـەی خۆش دەهێنـایـە پێکـەنین، هـەر ڕۆژێك ســـەرەی ئـەو بوایـە ئێشـــکی پاسـەوانی شـوێنەکە بگرێت، هەواڵی دەرەوە و ناو شـاری سنەی بۆ دەگێڕاینەوە، ئەو ئێوارەیە بەرایی قســـە خۆشـــەکانی ئەوەبوو گوتـی: کوڕینـە ئەزانن کابرا، مەبەســـتی ســـەدام حســـێن بوو، کوەیتیشی گرت، ڕۆحم بەقوربانی بێ.

بیستنی ئەم هەواڵە و بەو شێوە ناکاوە، بۆ ئێمە بابەتێکی تازە بوو، بۆیە پرســـیارمان لێ کرد و ئەوەندەی لە ڕێگەی میدیای ئێرانەوە ئاگاداربووبوو بۆی باس کردین و خۆشـــحاڵیی خۆیشـــی دەربڕی بە هەواڵەکە.

ئێمـەش هـەرکـەســـەو لـە دیگـای خۆیـەوە خوێنـدنـەوەمان کرد بۆ پێشـــهاتەکە، من وەك خۆم بە پێشـــهاتێکی مەترســـیدارم زانی و گوتیشـــم: ئەم ڕووداوە زنجیرەیەك ڕووداوی مەترســـیدار و ماڵ

وێرانکەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکانی ئێرانمان بۆ هات، لە چەن ڕوویەکەوە باس و شرۆڤەی ڕووداوەکە و کاردانەوە و لێکەوتەکانیان باس کردبوو، یەك لەو کاردانەوانە ڕاگەیەنراوی ڕێکخستنی جیهانی کۆمەڵەی برایانی موسڵمان (إخوان مسلمین) بوو کە سەرەکۆنەی هێرشەکەی کردبوو و بە پێشهاتێکی خراپ ناوی بردبوو و داوای کردبوو لە زووترین کاتدا دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و سوپای عێراق بکشێتەوە سەر سنوورەکانی وڵاتەکەی خۆی .

لە حەوشەی قەرەنتینەوە چیای ئاویەر دەردەکەوت، دەمەو ئێواران دیمەنێکی جوانی دەنواند، بە سەیرکردنی خەمی لە دڵماندا دەڕەواند.

ئەم چیایە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سنەوە، چیایەکی خۆشەویستە لەلای سنەییەکان، هاوینەهەواری خەڵکی شارە و ڕۆژانی پشووش خەڵکی سنە بەو شاخەدا هەڵدەگەڕێن و وەرزشی تێدا دەکەن.

ئەم چیایە بەیەکێك لە مەشخەڵە دیارەکانی ناوچەکە دەژمێردرێ، هۆکەشی ئەوەیە کە یەکەم چیای نزیکە لە شاری سنەوە، وەگەرنا کوردستان چیای زۆر و زیاتری تێدایە کە سەرنجڕاکێشترن لە چیای ئاویەر.

# ئازاد بوونمان له زیندان...

لەڕووی دەســـــخســـــتنی ئـەزموونـەوە لـە زینداندا ســـــوودمان وەرگرت، زیندان بۆ هـەر خـەبـاتکـارێك قۆنـاغێکی گرنگـە لـە تەمەنی خەباتەکەیدا و مایەی سەروەریشە.

دەمەو عەسری ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٢٤ و پاش چەندین هەوڵی خزم و دۆستی خۆشـەویسـت، لەوانە کاك حاجی غەفوری پوورزام کە ناسراویی و تێکەڵاویی لەگەڵ کاك محەممەدی حاجی مەحموودی گوڵـەخـانـەدا هـەبوو، بـە ئـامـادە بوونی کـاك محـەممـەدحـاجی مـەحموود، لـە ئیدارەی قـەرەنتینـەوە فـەرمـانی ئـازاد کردنی هەرچوارمان: عومەرســـدیق، فاروق کەریم، حەســـەن عەلی و من، دەرچوو، بانگیان کردینە بینای یەکەم، وەك پێشتر باسم کرد ئـەو بـەشـــە، ئیدارەی دەســـگـای قـەرەنتینـەبوو، بـەڕێوەبـەری فەرمانگەکە بەخێرهاتنی کاك محەممەدی کرد و هەندێ قسـەشـی بۆ ئێمە کرد، ڕەخنەمان لە قسـەکانی گرت، بۆیە پێی ناخۆش بوو و گوتی: هێندە لە ســەری مەڕۆن، گرنگ ئەوەیە ئازاد کراون و ئـەوە کاك محەممەدیش ئاگادارە و ئەویش هەوڵی زۆری بۆداون، کاك محەممەد وا تێگەیەنرابوو کە من لە سـمنان و برایانی تریش لە جەهرووم بوون، بۆمان باســـکرد کە هەر لە ســـنەو مەریوان بووین بـەڵام چـەنـد شـــوێنیـان گێڕاوین، گوتی: دەبوو زووتر بهـاتمـایـە بـە ســـەروەختتـانـەوە بـەڵام ســـەرقـاڵی چـالاکیـەکی پێشـــمـەرگـانـە بووم، پـاش تـەواکردنی ڕێکـارە کـارگێڕییـەکـانی قـەرەنتینـە و خواحـافیزی لـەو بـەڕێزانـەی کـە هێشـــتـا لـەوێ مابوونـەوە، بەیاوەریی کاك محەممەد هاتینە دەرەوە و دوو تاکسی

بۆ گرتين و بەرەو ماڵی خۆيان لە ناوشاری سنە ڕۆشتين، ئەو شەوە ميوانی كاك محەممەد بووين و بە سوپاسەوە بۆ خۆی و خانەوادە و هاوكارەكانی، ڕێزێكی زۆريان لێ گرتين، بۆ خوانی ئێوارە وەك ڕێزێك بۆ ئێمە چەندكەس لە بەرپرسانی حزبی سوشياليستی دەعوەت كردبوو، يەك لەو كەسانە شێخ محەممەدی شاكەليی بوو پێی ناساندين و گوتی: م.محەممەد بەرپرسی لقی حزبە، ئەوشەوە كە لەوێ ميوان بووين، نوێژی شێوان و خەوتنانمان پێكەوە و بەكۆمەڵ كرد و من پێشنوێژيم كرد، كاكە حەمەی خانەخوێشمان نوێژی كرد لەگەڵمان، بەيانيی ڕۆژی دوايی پسوڵەی قەرارگای ڕەمەزانی بۆ كردين و لەڕێگەی تێرميناڵەوە گەڕاينەوە بۆ دەربەن دزڵيی، لە كاتی گەيشتنماندا كە پێشنيوەڕۆيەكی سەرەتای هاوين بوو، بەهۆی گەرماوە ڕێگەوبان چۆڵ بوو، بۆ ئێمەش وامان پێ خۆشبوو لەو دۆخەدا كەمترين خەڵك بمانبينێت، بۆيە بەبێ ئەوەی گەشتنەوەمان ببێتە دەنگوباس، هەريەكەو گەشتينەوە ماڵی خۆمان و بە ماڵ و خێزان شاد بووينەوە، بۆ ڕۆژی دوايی خەڵك و دانيشتوانی ئۆردوگاكە بە گەرميی پێشوازييان لە هەواڵی ئازاد بوونەكەمان كرد و پياوان و لاوانی ئۆردوگاكە و زۆرێك لە خوشكان و دايكانيش، سەردانيان كردين و يەك بەيەك دەگەڕان بە ماڵی هەرچوارماندا و تەنانەت ئەوەندە تامەزرۆ بوون، زۆربەی پياوان لە سەردانەكانياندا ماچيان دەكردين، كاك حەمە ڕەشيد بەڵخەيی بە ياوەری ژمارەيەك پياوی هاوڕێی هاتبوو بۆ لای من، نەی هێشت كەسيان ماچم بكەن و گوتی: فەقيرە ئەوەندە ماچيان كردووە ڕەنگی پێوە نەماوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو بنەماڵەی م.شێخ سدیق کەسیان نەهاتنە لامان، تەنانەت بە هەواڵ پرسیش بەخێرهاتنەوەیان نەکردین م.مەلا ئەحمد کاکە مەحمود، کاك تەوفیقی برای بە نوێنەری خۆی ناردە ماڵی ئێمە و بەناوی ئەوەوە بەخێرهاتنەوە و سەرەخۆشیی مەینەتیی ئەو ماوەیەی لێکردم.

پاش چەند ڕۆژ، هەواڵمان پرسی لە برایان، ئیش و کار چۆن دەڕوات؟ کاك عەتا و کاك فازڵ حەیدەر و چەندین برای تر گەڕابوونەوە بۆ عێراق، بەو بۆنەیەوە پەیوەندیی برایان بە سەرووی خۆیانەوە پچڕابوو، بەڵام ئیش وکاری ڕێکخستن وکۆبونەوەکانیان هەر بەردەوام بوو.

ئەو برایانەی لەو ماوەیەدا کارەکانیان هەڵ دەسوڕاندبوو: کاك موحسن فایەق، کاك بورهان حەمەخان، کاك یاسین حەمەکەریم... تاد.

بەڵام پەیوەندییان بە سەرەوە نەمابوو، جاروبار کاك عەلی حەمە ئەمین و کاك سەی ئەدهەم، سەردانی دەرەوەی ئۆردوگایان کردبوو، دەنگ و باس و شتیان لە برایانی سنە و مەریوان و ئۆردوگاکانی تر وەرگرتبوو، بەڵام نەك بەشێوەی فەرمیی، چوونکە ئەو ماوەیە خەڵك لە هەموو ئۆردوگاکان، سەرگەرمیی گەڕانەوە بەرە و عێراق و هەندەران بوون، هەر لەو کاتانەشدابوو وەك پێشتر باسم کرد، سوپای عێراق کوەیتی داگیر کردبوو.

ماڵ و خێزانی ئێمەش لەڕێگەی برا و کەسە نزیکەکانمانەوە سەرپەرشتی کرابوون و نازیان ڕاگیرابوو.

# خۆسازدان بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکان...

بێگومان ئەو ماوەیە کە ئێمە لە زیندان‌دا بووین و هەشتاودوو ڕۆژی خایاند، ئاسەواری خۆی دانابوو لە سەر باری دەرونیمان، بۆیە تاچەند ڕۆژێك ئینجا بە تەواوەتی خۆمان بە ئاسایی لەناو خەڵکدا بینییەوە، پاش ئەوەی ئاسایی بووینەوە، لیژنەیەکمان پێك هێنایەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان کە لە عومەرسدیق، حەسەن عەلی، موحسن فایەق، بورهان حەمەخان و من، پێك هاتبوو، سەرەتا بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بە من سپێردرا، پاش ئەم دانیشتنە پەیوەندیم کرد بە م.ئیبراهیم مەردۆخییەوە لە مەریوان و داوام لێ کرد لەم سەرەتایەوە کە تازە لە زیندان ئازاد کراوم، ئاسایی نییە دەست بدەمە سەفەر کردن و داوای پسوڵە و بەرگەی مورەخەسی بکەم، بەڕێزت ئەو زەحمەتە بکێشی، لەگەڵ کارەکانی خۆتاندا، ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئێمە و کرماشانیش بیت .

هەر چەندە لە ژێر چاودێریی ئیتلاعاتدا بوو، بە سوپاسەوە ئامادەیی خۆی دەربڕیی و پێکهاتین کە دوکانی کاك سەی یونس سوجادیی بکەینە ناوەندی بەیەك گەیشتنمان، ئەگەر نامە و پەیاممان هەبوو بۆ یەکتر لەو دووکانەدا دای بنێین و لەکاتی پێویستیشدا یەکتر ببینین.

کاك یونس برایەکی بەسەلیقە و گورج و گۆڵی ئێرانیی و لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (کەلجی)ی هەورامان بوو، تا ماوەیەك

بەو شـــێوەیە کارمان کرد، بەڵام ئاســـایی نەبوو، زۆر جار هەڵە ڕووی دەدا لە مەوعید و ڕێنماییەکاندا.

پاش ئەو ماوەیە ســـەفەری کرماشـــانم دەکرد، هەندێ جار کاك ســـەی ئەدهەمم دەبرد لـەگەڵ خۆمدا و لەناو پاســـدا لە دووری یـەکـەوە دادەنیشـــتن، ئـەو برایـەکی بـەتـەمـەن بوو، لـە خـاڵـەکانی پشکنیندا کەس لێی نەدەپرسی.

بۆیە هەرچی نامە و پارە و نهێنیمان پێبوایە لە هەردووســـەرەوە ئـەو دەیگرتـە لای خۆی و منیش لـەناو هەمان پاســـدا لە دووری یەکەوە دادەنیشتین، لەهەر بازگە و خاڵێکی پشکنیندا، ترسمان لە خۆمـان هـەبوایـە کە توشـــی گیروگرفت ببین، پاش دەرباز بوون سـەیری یەکترمان دەکرد و زەردەخەنە و بزەی خۆشـیمان دەکر، سـەرنشـینی ناو ئوتوبوسـەکان نـەیان دەزانی مەسـەلە چییە، بەڵام خۆمان لە یەکتر تێدەگەشتین.

لە کرماشـــان لەگەڵ م.ســـەلاح باســـی کاری خۆمانم کرد و لێی پرسیم ئەو دانیشتنەی کە هەتانە، کێ سەرپەرشتیی دەکات؟

گوتم: برایان منیان داناوە بۆ ئیدارەی کۆبونەوەکە.

گوتی: لـەگـەڵ کـاك عومـەرســـدیق ئیشـــەکـانتان دابەش بکەن و ســـەرکەوتوو بن، لەو ماوەیەدا کە نەمان دەتوانی هاتوچۆ بکەین، ئیش بـەئـاســـانی نـەدەڕۆیشـــت، بە ڕێنمـایی م.ســـەلاح و وەك کـارئـاســـانیـەك بۆ ئێمـە، پـەیوەنـدیم لەگەڵ م.هادی عەلی دا پەیدا کرد، ماڵیان لە پاوە بوو، ســـەردانێکم کرد و نامەیەکی م.ســـەلاحم

پێگەیاند، پێکهاتین کە ئەو لە پاوە و من لە مەریوان بە تەلەفون پەیوەندیمان هەبێت.

من ناوم ئاغای محەممەدیی و ئەویش ناوی ئاغای عەلی زادە بێت، لە دوکانی سەی یونسەوە زۆربەی پەیوەندیە تەلەفونیەکانم دەکرد، لە پاوەش ماڵی کاك بورهان حاجی هادی مان دەسنیشان کرد، لەبەر ئەوەی هەم تەلەفۆن لە خانوەکەیاندا هەبوو و هەم لە ماڵی م.هادیشەوە نزیك بوون .

پێشتر تەلەفونم دەکرد و لەگەڵ ماڵی کاك بورهان کاتێکم دیاریی دەکرد، ئەویان لە وادەکە ئاگادار دەکرد و دەهاتە ئەوێ و قسەمان دەکرد، ئەگەر ئەویش ئیش و ڕاسپاردەیەکی ببوایە بۆمان، بەهەمان شێوەی دەکرد.

بە مەبەستی چاکتر کردنی میکانیزمی پەیوەندیمان، دوای ئەو هەڵبژاردنەی کە پێشتر باسم کرد، بڕیاردرا ڕاستەو خۆ پەیوەندیم بە دەستەی بەڕێوەبەری ئیشەوە ببێ کە مانگانە و بەسەرپەرشتی م.سەلاح ئەنجام دەدرا و نوێنەری هەموو ئۆردوگاکان و بەرپرسەکانی کاری برایان تیایدا بەشدار دەبوون، یەکەم مەوعد کاك شێرکۆ(م.زهیر) بەنامە ئاگاداری کردم لەوادە و کات و شوێنی کۆبوونەوەکە و منیش ڕۆژێك پێشتر لە مەریوانەوە هاتم بۆ پاوە، خێزانیشم هێنام بۆ دیدەنی ماڵی خاڵوانی، پێشتر قسەم لەگەڵ کاك فەریح تەوفیق کردبوو کە هەوڵم بۆ بدات سەرەم بۆ بگرێت و ئازمایش و ئەشیعە و پێداویستیم تەواو کردبوو بۆ نەشتەرگەریی ڕژێنی دەرەقیی قوڕگم، گوتم: بەکاك فەریح بەڵکو

هەوڵ بدەیت هەر لەم سەفەرەدا پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ مەریوان، نەشتەرگەریەکە بکەم، هەر ئەو ڕۆژە گوتی: پێش ئەوەی بڕۆی بۆ کرماشان با سەرێك لە خەستەخانە بدەین بزانین دەنگوباس چیە، چووینە خەستەخانە و قەدەر وابوو ئەو ڕۆژە کابرایەك نۆبەی نەشتەرگەریی هەبوو و ئامادە نەبوو، بەهەوڵی کاك فەریح سەرەکەیان دا بەمن و منیش بەهەلم زانی.

بە تەلەفۆن پەیوەندیم کرد بەکاك شێرکۆ وە و ئاگادارم کرد کە ئیشەکە واهاتووە و ناتوانم ئامادە بم.

هەر ئەو ڕۆژە لە خەستەخانە خەوێنرام و بۆ ڕۆژی دواتر نەشتەرگەریەکەم بۆ کرا.

بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە برایان کاك فەریح تەوفیق و کاك جەمال جەمیل، ڕۆڵی برایانە و دڵسۆزانەیان بینی، ئەم دوو برایە هەردووکیان لە نەخۆشخانەی گەورەی پاوە، وەك یاریدەدەری پزیشکیی لەوێبوون و ماڵی هەردووکیشیان لە پاوە لەیەك خانوودابوو.

دواتر م.هادی، م.عەرەب ئەمین، م.بورهان هادی و کاك نەجمەدین... تاد. برایان و دۆستانی شاری پاوە، لە خەستەخانە سەردانیان کردم، م.هادی کورتەیەك لە کۆبوونەوەکەی بۆ باسکردم و قسەی دڵخۆشیی بۆکردەم، لە نزیکمەوە لەسەر کورسەك دانیشتبوو، خزمان زۆر هاتبوون و گلەییان دەکرد کە بۆ ئاگادارم نەکردوون تا بەدەممەوە بێن و پێداویستیم بۆ جێ بەجێ بکەن، م.هادی بۆ خۆشیی چپاندی بەگوێمدا گوتی: بڵێ

حەزم لە مریشــــکی برژاوە، قســـەکەی وەکو گاڵتە وکەیفێك بوو لەگەڵ مندا بۆئەوەی بێ تاقەتیم بڕەوێنی.

دوای ئەم نەشـتەرگەریە و گەڕانەوەم بۆ دەربەن دزڵیی، هەوڵمدا سوود لەو کاتە وەرگرم کە بەبۆنەی نەخۆشیەوە لەماڵەوە بووم.

لـەو مـاوەیـەدا نیوەی بـەرگی یـەکـەمی تـەفســـیری (فی ظلال) م خوێندەوە و کتێبی (الاسـلام فكرة و حركة و إنقلاب/ فتحي يكن) م وەرگێڕایە ســەر کوردیی ســۆرانیی، ئەوە یەکەم بەرهەمم بوو لە وەرگێڕاندا، لاواز دەرچوو، پاش گەڕانەوەم بۆ عێراق دڕاندم.

## سەفەری تاران لەگەڵ کاك فەریح تەوفیق...

پێش ئەنجام دانی نەشتەرگەریەکە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بۆ تیشك و چەند شیکارێکی پزیشکیی پێویست، لەگەڵ کاك فەریح تەوفیق سەفەری تارانمان کرد و سێ شەو ماینەوە، من یەکەم جارم بوو بچمە تاران کاك فەریح پێشتر چووبوو کەمێك شارەزا بوو.

لەو سەفەرەدا وێڕای ڕاپەڕاندنی ئیشەکەی خۆمان، زۆریش گەڕاین بە تاراندا و شوێن و جێگای گشتیمان بینی.

سەردانی پارك و بازاڕە گەورەکانی تارانمان کرد، بۆ ئێمەی لاوی بێبەش لە بینینی جوانیەکانی جیهان، بینینی ئەو شوێنانە شتێکی تازە بوون.

دەمەو ئێوارەیەك چووینە پارکێکەوە، کولێرەی گەرم و ترێیەکی جوانمان برد لەگەڵ خۆماندا و لە گۆشەیەکەوە دانیشتین، ژن و پیاوێکی بەتەمەنمان بینی لەولامانەوە دانیشتبوون، وامان خەیاڵ کرد خەڵکی شارۆچکە و گوندنشین بن و بۆ چارەسەری پزیشکیی یان ئاخۆ بەچ هۆیەکەوە هاتبنە تاران، بۆیە هەستمان بۆیان بزوا و کەمێك ترێ و کولێرەم بۆ بردن و بە فارسیە کەلوکۆمەکەی خۆم فەرمووم لێ کردن، ژنەکە خراپ لێم توڕە بوو و گوتی: خیال میکنی مسافر هستیم؟!

هێندە ئیحراج بووم نەمدەزانی چۆن بۆیان ڕوون بکەمەوە و تێیان بگەیەنم، بۆیە بە(ببخشی ببخشی ــ ببورە) و بە شڵەژانەوە

بەرەو دواوە گەڕامەوە، كاك فەریح پێكەنین گەرووی گرتبوو و بەمنیشی دەگوت: پێنەكەنی نەوا بێن بۆمان، پاش كەمێك هەستاین و لێیان دوور كەوتینەوە .

سەفەرەكەی ئێمە هاوكات بوو لەگەڵ سەفەری وەفدێكی باڵای ئیخوانی جیهانیی بە سەرۆكایەتی عەبدوڕەحمان خەلیفە، ڕابەری ئەوكاتەی برایانی موسڵمان لە ئوردون (بیستودوو ساڵ دواتر لە شاری عەممانی ئوردن خەلیفەم لە نزیكەوە بینیەوە)، بەمەبەستی هەوڵێكی ئاشتیخوازانەی برایان، سەردانی عێراق و سعودیە و ئێرانیان كردبوو، بۆ ئەوەی عێراق بهێننە سەر هێڵ تا هێزەكانی لە كوەیت بكشێنێتەوە و كۆتایی بە تەنگژەی جەنگی كوەیت بێنێت، بەڵام هەوڵەكان بێ ئاكام مانەوە و ئەو قەیرانە گەورەی شەڕی كەنداوی لێ كەوتەوە.

ئەو ڕۆژە نەچووین بۆ نوێژی هەینیی، چوونكە ڕێبوار بووین، ئەگەر بڕۆیشتینایە، دەكرا ئەو ناودارانەی ئیخوان ببینین كە شاندەكەیان لە حەسەن تورابیی و چەندین كەسایەتیی و ناوداری تری جیهانی عەرەبیی پێك هاتبوو.

دواتر لە ڕێگەی ڕۆژنامەكانی تارانەوە زانیمان كە ئەو ڕۆژە شاندێكی ئیخوان لە تاران بووە و بەشداریی نوێژی هەینیشیان كردوە.

## كارەكانی ڕێكخستن پێش و پاش كۆڕەوی بەهاری نەوەد و یەك ١٩٩١

ئەو لیژنەیەی كە لە: بەندە، عومەرسدیق، حەسەن عەلی، موحسن فایەق، بورهان حەمەخان، پێك هاتبوو، بە ڕێكوپێكیی ئیدارەی ڕێكخستنەكانی هەردوو خێوەتگەی دەربەن دزلَیی و بارام ئاوا و گوندەكانی دەوروبەرمان دەكرد.

لەگەڵ كاری خۆماندا و پاش ئاسایی بوونەوەی نێوانمان، زانستە شەرعیەكانیشمان لەلای م.شێخ سدیق، م.عەلی سیامێوەیی، نحو، صرف، فقە، اصول الفقە مان دەخوێند، چەند كتێبێكی وەك: قَگر الندی، شـژور الزهب، الوجیز فی أصـول الفقه ...، مان تەواو كرد و سوودمان لە كات دەبینی.

پێشتریش چەند برایەك لای كاك فازڵ غەفار كتێبی (الوجیز) ی د.عەبدولكەریم زێدانمان خوێد.

## سەردانی م.هادی عەلی و م.عەرەب ئەمین بۆ ناوچەكەمان...

لەو سەرووبەندەدا عێراق كوەیتی داگیركردبوو، سنورەكانی نێوان عێراق و ئێران، تاڕادەیەك هاتوچۆیان تێكەوتبوویەوە، لە ئاكامی ئابڵۆقەی ئابووریەوە، حكومەتی عێراق بەناچاریی مۆڵەتی گواستنەوەی شت ومەك و خۆراكی دابوو بە كاسبكارەكانی سەر سنوور و هاوڵاتیان.

ئێمەش لەو دیوەوە هەرچەندە زانیاریی گشتیمان هەبوو، بەڵام مەبەستمان بوو بە ووردیی و ڕاستیی هەواڵی ناوخۆ بزانین.

بۆ ئەو مەبەستە و سەردانی سنوری ناوچەکەی ئێمە، ئەم دوو برایە سەردانیان کردین، لەسەر وادەی پێشوەخت لە مەریوان لە دوکانی کاك سەی یونس چاوەڕێم کردن تا گەشتنە مەریوان، کاك سەید ئەوانی زۆر نەدەناسیی، کە بۆم باسکرد کێن، گوتی: دەبێت نیوەڕۆ میوانی من بن، پێك هاتین میوانی ئەو بین، نیوەڕۆ لە ماڵی کاك سەی یونس بووین، دوای نیوەڕۆ چووین بۆ دەربەن دزڵیی، لەوێ سەردانی ماڵی م.شێخ سدیق، م.ئەحمەد کاکە مەحمودمان کرد و لە نزیکەوە هەواڵپرسیی و گۆڕینەوەی دیدگا و سەرنجەکانمان کرد، بەتایبەت لەگەڵ م.ئەحمەد، برایان پێیان خۆش بوو کاك نەجمەدین شێخ سدیق یش ببینن، بەڵام لەوکاتەدا لەماڵ نەبوو.

شەو مانەوە و میوانی ئێمەبوون، برا کاراکان: کاك عومەر و کاك بورهان و کاك موحسن هاتن بۆ لایان، کاك نەجمەدین سدیق و کاك فاروق شێخ مارف کە هەردووکیان بزووتنەوە بوون، هاتن بۆ لایان، کاتی خەو کاك نەجمەدین، خولکی کردن بۆ ماڵی خۆیان، م.هادی گوتی: لێرە دەمێنینەوە، ئێوارە هاتینە ماڵی ئێوە و ئێستەش لەلای حزبەکەی خۆمان دەبین و ئیشمان هەیە، بەکار هێنانی ئەم ڕستە و دەستەواژانە بۆ ئێمە تازەبوو، دوای ئەوان کاك عەرەب، ڕۆشت بۆ ماڵی کاك حاجی باسامی برا گەورەی، دوای ئەوەی دوبەدوو لە ماڵی خۆمان ماینەوە، م.هادی نامەیەکی نووسی بۆ برایانی سلێمانی و باسی چۆنیەتی

ناردنەوەی نامەکەمان کرد، بۆم باس کرد کە کاك عیسا و کاك حەمزە سەعید، دێنە سنوور و کاسبکارن، دەتوانین لەو ڕێگەیەوە بە ئاسانیی نامەکە بگەیەنینە جێگەی مەست.

بیرۆکەکەی پێ باش بوو، بۆ بەیانی بەهۆی کاك سەی ئەدهەمەوە نامەکەمان نارد بۆ مەرزی گۆخڵان، تا بیگەیەنەتە دەستی یەکێك لەو برایانە، برایان گەڕانەوە بەرەو پاوە و دواترکاك ئەدهەم، گەڕایەوە و دڵنیای کردم کە نامەکەی گەیاندووەتە جێگەی مەبەست، ناردنەوەی ئەم نامەیە و ئەم سەردانەی ئەوان ماوەیەکی کەم پێش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بوو .

سەرەتای مانگی سێی ساڵی ١٩٩١، ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بەرپابوو، ئێران خاڵە سنووریەکانی داخستبوو، ئێمەش لە ڕێگەی ڕادیۆی گەلی کوردستانەوە ئاگادار دەبووین و موتابەعەی هەنگاوەکانی ڕاپەڕینی شارەکانمان دەکرد، پاش چەند ڕۆژێك لە ئازاد کردنی سلێمانی و بە دیاریکراویی لە دەوروبەری دە تا دوانزەی سێ، پاش ڕاوێژ کردن لەگەڵ م.سەلاحەدین و گەیشتنی نامەیەکی دوروو درێژی بەڕێزی بە دەستم، لە ڕێگەی بزووتنەوەوە پسوڵەی پەڕینەوەی سنورمان کرد بۆ پانزە براو، گەڕانەوە بۆ عێراق و چەند ڕۆژێك مانەوە، ڕەوانە کردنەوەی ئەم برایانە دەنگۆیەکی درووست کرد لە ئۆردووگاکانی تردا، وا بڵاو بووبوویەوە کە ئێمەش هێزی چەکدارمان درووست کردوە و ڕەوانەی ناوخۆمان کردوەتەوە.

پاش گەڕانەوەی ئەو برایانە، من و سەی ئەدهەم، هەر لە هەمان ڕێگەوە پسولەمان کرد و هاتینەوە بۆ عێراق، سێ شەو ماینەوە و گەڕاینەوە، شەوی ئەخیر لە بارەگایەکی بزووتنەوە لە ئەحمەدئاوا ماینەوە، شەوێکی خۆش و دڵگیرمان بەسەر برد، هەرەتی بەهار بوو، ئاوی زەڵم زۆر هاتبوو، بارەگاکەی بزووتنەوەش کە کۆنەبارەگایەکی سوپای عێراق بوو، لە لێواری چۆمەکەدا هەڵکەوتبوو، شەو یەکدوو جار چوومە دەرەوە، هاژەی ئاوەکە و دەنگی باڵندە کێوی و کەڵکەڵەوان و تاقتاقکەرەکان و حیلە و پرمەی ئەو هێستر و بارگیرانەی کە لە نزیك ئاوەکەوە بەسرابوونەوە، تێکەڵ بە یەك دەبوو و سەمفۆنیایەکی دڵگیریان دروست دەکرد، کاك ئەحمەد عەباس هێلانپێیی، بەرپرسی ئەو بارەگا و هێزە بوو، ڕادیۆی بارەگاکەی دایە دەس من و گوتی: بزانە هەواڵی تازە چییە، منیش ڕادیۆکەم خستە سەر ئێسگەی لەندەن و بەوردیی هەواڵی ڕاپەڕینی گەلانی عێراق و دوا پێشهاتەکانی باس کرد و ئێمەش لێکدانەوەی خۆمانمان بۆ زیاد کرد، ئەوشەوە باس و خواسی زۆر باسکران، چوونکە پاش گرژیی و ئاڵۆزیەکانی دەربەن دزلی، یەکەمجار بوو ئەم دوو ئاراستەیە لەژێر سەقفی یەك بارەگادا کۆ ببینەوە.

پاش چەند ڕۆژێك لە گەڕانەوەی ئێمە، کۆڕەوی گەلی کوردستان ڕوویدا و کوردان بۆ جارێکی تر ئاوارەی ئێران و تورکیا بوونەوە، لە سنووری مەریوانیشەوە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە ئێران کرد، چەند خێوەتگەی تازە درووستکران و چەندین خێزانی تازە هاتنە ناو ئێران، لە سەفەرێکمدا بۆ پاوە، م.هادی

نامەیەکی پێدام بۆ کاك هیوا میرزا سـابیر، لە نامەکەدا وەك خۆی بە دەمیی بۆی باسـکردم نووسـیبووی: بۆ کاك هیوا کە تەنسـیق بکـات لـەگـەڵ منـدا و ئـەو برایانـەی کـە تـازە هـاتوون بۆ ئێران بـەمنیـان بنـاســێنێت، لـە مەریوان لە ماڵی باوکی نامەکەم لەگەڵ برێك پێداویسـتیی تردا گەیاندە کاك هیوا، قسـەمان لەبارەی چەند مەسـەلەیەکەوە کرد و پێکەوە سـەردانی ئۆردوگای (دۆڵەناو) مان کرد کـە ئۆردووگـایـەکی تـازە و نزیکی گونـدی دزڵیی بوو، لەوێ هەندێ برای ڕادەس کردم کە پێشتر پەیوەندییان بەوەوە هەبوو.

هەر لەو سـەرووبەندەدا بوو، بۆ یەکەم جار لەگەڵ کاك سـەمیر سـەلیم لەناو شـاری مەریوان یەکترمان ناسیی و گوتـی: دەمێکە بۆ تۆ دەگـەڕێم بـەڵام نـەمـدەزانی لـەکوێ بتبینم، ئیشـێکی تـایبـەتی کۆمەڵایەتیی هەبوو، دواتر هاوکاریم کرد و سەری گرت.

## سـەردانی م. سـەلاحەدین و م.محەممەد سـادق بۆ ناوچەکە...

بـاوکی کـاك حـاجی کـەریم و کـاك حـەمـەزاهر وەفـاتی کرد، بۆ پرسـەی خوالێخۆشـبوو، م.سـەلاح بەیاوەریی م.محەممەد سـادق، سـەردانی ئۆردوگاکەیان کرد و شـەو لەماڵی کاك حاجی کەریم سـاڵح مـانـەوە، لـەبـەر ئـەوەی دەوریـان قـەرەبـاڵغ نەکەین، چەند برایەك شەو چووین بۆلایان و زۆریش نەماینەوە .

یـارمـەتیـەکیـان هێنـابوو بۆ پرسـەکـە، بـەیانی کە من چومەوە بۆ لایان م.محەممەد سـادق لە کەنارەوە، یارمەتیەکەی دایە دەسـتم و

گوتی: خۆتان چۆن بەباشـــی دەزانن تێیگەیێنن، هاوکاریی ئێمەیە بە بۆنەی پرسەکەیانەوە.

بۆ بـەیـانیـەکـەی پێش ئـەوەی لـە مـاڵی حـاجی کـەریم دەرچن ژمارەیەك لەو برایانەی کە لەو گەڕەکەوە نزیك بوون سەردانیان کردن وەك: مســتەفا غەفور، ســەعدی حەســەن، مەهدی میکە... تاد، زۆربەی برا زەڵمیەکان شـەو بەناوی بەشـداریی پرسـەکەوە دیدەنیان کردن.

لە نزیکەوە بینینی م.سەلاحەدین و ناسینی، هاندەرێکی گەورە بوو بۆ برایان، بۆیە زۆربـەی برایان هـەریـەکە و بە شــێوازێك، بە دیداری شــاد بوون و پێش نیوەڕۆ لەگەڵ چەند برایەك ســەردانی مـاڵی مـەلا عـەلی ســـیـامێوە یـان کرد کـە تـا ئـەو کـاتـە مـەلایەکی ســـەربـەخۆ و بێلایـەن بوو، تێکـەڵاویی لـەگـەڵ ئێمـەدا زۆر بوو، لەگەڵ م.سەلاحەدین ناسراویی کۆنیان هەبوو.

لـەو برایـانـەی کـە لـەگـەڵیـانـدا بوون بۆ مـاڵی م.مـەلا عـەلی تـەنـهـا مســـتـەفـا غـەفورم لـەیـادە، چوونکـە من نـەچووم لـەگـەڵیـاندا و بۆ نیوەڕۆش میوانی ئەو بوون.

م.مەلا عەلی سـیامێوە، پیاوێکی بەتەمەن بوو، خێزاندار و منداڵی زۆر بوو، حـەزی لـەڕاو بوو، زۆربـەی کـاتی بـەڕاوکردنـەوە بـەســـەر دەبرد، هـەر ڕۆژێك باران نـەبـاریایە تفەنگ بادیاکەی دەکردە شانی و لەگەڵ کاك فاروق کەریم دەچوون بۆ ڕاو، کاتیان بەڕاو و شکارەوە بەسەر دەبرد.

ئەو بۆچوونی تایبەتی زۆری هەبوو لەوانە: کوڕێکی گەنج کە بیری چەپی هەبوو و دواتر لە ئاستی سەرکردایەتی حزبی سۆشیالیست و دواتر لەناو یەکیەتیدا دەرکەوت.

ئەم گەنجە، ڕۆژێك لەناو خەڵکدا سوکایەتیی بە بەها ئیسلامییەکان کردبوو، لەوانە گوتبووی من باوەڕم بە تەڵاق نییە.

ئەم قسەیەی بوو بوو بە دەنگوباس و تەنانەت لەگوتاری هەینیشدا م.شێخ سدیق لەسەر ئەو بابەتە ڕۆشت، زۆر دابەزیە سەر ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە، هەرچەندە ناوی کابرای نەهینا، بەڵام خەڵك تێگەشت کەمەبەستی ئەوە.

کە جەماعەتی جومعە بەربوو م.مەلا عەلی سیامێوە لە دەستێکی ڕێگاکەوە وەستا و گوتی: خەڵکینە کێ موسوڵمانە بێتە ئەمبەر و کێش مونافیقە بچێتە ئەوبەر.

خەڵکەکە سەرسام بوون، چوونکە نەیان دەزانی مەلا عەلی داوای چییان لێ دەکات و لەکام ڕیزدا بوەستن باشە.

تا لێیان پرسی بۆچی ئەم داوایە لە خەڵك دەکەیت؟ گوتی: ئەوەی خۆی بە موسوڵمان دەزانێ وەرن دەچینە سەر ئەو هەتیوە و تەمێی دەکەین، تا هەم خۆی و هەم خەڵیش جارێکی تر هەڵەی وانەکەن، دواتر ئێمە قسەمان لەگەڵ کرد و هێمنمان کردەوە، خەڵکەکە بڵاوەی کرد و تێمانگەیاند کە چارەسەر بەوشێوەیەنابێ.

بۆچونێکی تری م.عەلی ئەوەبوو دەیگوت: ئەگەر من بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، ببومایە بە فەرمانڕەوای وڵاتانی

ئیسـلامیی، بێجگە لە یەك نوسـخە قورئان چی نوسـراوو و چاپ کراو و کتێب هەیە هەموویم دەسـوتاند، سـەر لەنوێ داوام دەکرد لـە زانـایانی سـەردەم و پێم دەگوتن: کاکە ئەوا ڕزگارم کردن لە وتـی وتـی نـاو ئەم کتێبە جۆراو جۆرانە و فەرموون سـەرلەنوێ یەك کتێبی فیقهیی و یەك تەفسیر و یەك کتێبی عەقیدە بنوسنەوە، هەر ئەو نوسـراوانەم دابەش دەکرد بەسـەر هەموو جیهاندا، بۆ ئـەوەی هەموو موسـڵمانان یەك دەنگ و یەك بۆچوون بوونایە، دیاربوو ئەم بۆچوونەشی دەرهاوویشتەی دڵسۆزیی و غەمخۆریی و بێزاریی بوو لە پەرتەوازەیی مووسوڵمانان.

پاش نیوەڕۆ بەیاوەریی کاك عومەرسـدیق، م.سـەلاح بەڕێ کرا بـەرەو ئۆردوگـای بـارام ئـاوا و مـەوعدمـان دیـاری کـرد کـە لـە کـاتێکی دەمەو ئێوارەدا لە سـێڕای بیەکەڕە من چاوەڕێی بکەم و کـاك کـەمـال محـەممـەدی خـەیـات، لـەوێ بـەمنی بسـپێرێتـەوە و یاوەری بم بۆ ناو شاری مەریوان.

لەوە دەترسـاین کە ناحەزێك ڕاپۆرتی لەسـەر بدات و تووشـی گیروگرفت ببین، لـەبـەرئـەوە زۆر دەورمـان قـەرەباڵغ نـەدەکرد و ئـەویش مـاڵی خزم ونـاسـراوە نزیکـەکان نـەبێت، مـاڵی خەڵك و بەرپرسـانی حزبەکان نەگەڕا، لەبەرئەوە هەندێ برا بۆیان نەکرا چاویان پێی بکەوێت، ئێمەش زۆر بەپەلە بووین کە بەسـەلامەتیی لەو سنوورە دەربچێت، بۆیە بەسـەلامەت دەرچونەکەی خۆشحاڵ بوین، من پێش وادە دیاریکراوەکە گەشتمە سێڕای بیەکەڕە، کاك عـەلی حـەمـەئـەمین، لـەوێ دوکانی هەبوو، پێم گوت: مەوعیدمان دوکـانەکەی تۆیە و مامۆسـتا دێتە ئێرە، با دوکانەکەت لەوکاتەدا

کراوە بێت و ســەرقاڵیش نەبیت باشــترە، کەمێك شــتەکانت ڕێك بخەو پاکی بکەرەوە با مامۆستا سـەرنجی باشـت لێ وەربگرێت، کاك نەوشیروان سلێمان، بۆی نەگونجابوو م.سەلاح ببینێت، کاك شـیروان گەنجێکی وریا بوو، مەبەسـتمان بوو گرنگی پێ بدەین، بۆیـە ئـاگـادارم کرد کـە دوای عـەســـر لـە دوکـانـی کـاك عـەلی حەمەئەمین ئامادە بێت بۆ ئەوەی لەوێ پێی بناســـێنم، زۆری پێ خۆش بوو و ئامادە بوو.

لـەکـاتی دیاری کراوەدا گـەیشـــتن و چووینـە دوکـانی کاك عەلی حـەمـەئـەمین، هەرچەندە کاك عەلی زۆر خۆی لەگەڵ دوکانەکەدا ماندوو کردبوو و ڕێکوپێکی کردبوو، سەرەڕای ئەوەش م.سەلاح هـەر گوتـی: کـاك ئیبراهیم بۆچی ئەم پیاوە لەژێر ئەم شـــەخەڵ و زەبـەنـە دەربـاز نـاکـەن؟ منیش گوتم: قوربـان بـەڵێ دوکـانـەکـەی قەرەباڵغە و شت کەوتووە بەسەر یەکدا، بەڵام خۆش بەختانە کاك عـەلی خۆی نـەبووە بـەژێر دوکـانـەکـەوە و بـەردەوام لـەکـار و چالاکی و خەباتدایە و برایان لێی ڕازین.

کاك عەلی پێی خۆش بوو ئەو داکۆکیەم لێ کرد و ڕاســـتیەکەش هەروا بوو، چونکە کاك عەلی هێمای دەســـت پاکیی و گورج و گۆڵی و هیمەت بەرزیی بوو، کاری زۆری بۆ دەکردین، تەنانەت لەســەر داوای من مشـکیەکی ئەلوەنی پێچایەوە، هەرچەندە خەڵك بەلایەوە سەیر بوو، بەڵام من دەمزانی ئەوکارە کاریگەریی باشی دەبێت بۆمـان، چونکـە ئێمـە هـەموو کەم تەمەن و لاو بووین، ئەو برایـانـەمـان کـە تەمەنیان هەبوو لە ئۆردوگا دەر نەدەچوون، بۆیە

به پێویستمان زانی ئەو وەك پیاو ماقوڵێك و بەسەروسیمایەكی جوانەوە دەركەوێت.

لەم سەفەرەدا بۆ سنوورەكەمان، لەبەر هەندێ ڕێوشوێنی ئەمنیی بەباشمان نەدەزانی سەیارە بەكرێ بگرین و لەگەڵماندا بێت تا م.سەلاح سەفەرەكەی تەواو دەبێ، چوونكە سەیارەی خۆمان نەبوو و كەسی تری جێ متمانەشمان نەبوون، بۆیە لەهەر قۆناغێكدا سەیارەكانمان دەگۆڕی و وەك سەرنشینێكی ئاسایی دەگەڕاین.

لە دوكانی كاك عەلی كەمێك دوا كەوتین و دواتر چووینە سەر جادەی سەرەكی بەرە و مەریوان، لەبەر درەنگیی كات و زۆریی سەرنشین، پاس و قەمەرەمان بۆ نەدەوەستا، بۆیە گوتی: دەست ڕاگرە لەم پیكابە، منیش دەستم ڕاگرت، پیكابەكە وەستا، بەڵام پێشەكەی گیرا بوو، بۆیە لە دواوە سەركەوتین، لەبەرئەوەی ئێوارە و درەنگ بوو كابرا زۆر پەلەی بوو بەخێرایی سەیارەكەی لێ دەخوڕی، زۆری هەڵ دەتەكاندین، ناڕەحەت بووم لەسەیارەی وادا سەركەوین، بەڵام چار نەبوو، كە گەیشتینە كانی دینار گوتی: با لێرە دابەزین، دیدەنی ماڵی برایەكمان بكەین، مەبەستی ماڵی م.شێخ حەسن، بوو كە برایەكی مەریوانیی و مەلای شارۆچكەی كانی دینار و مودەڕیسی حوجرەكەشی بوو .

لە دابەزینماندا ناسراوی عێراقیمان بینی، پاش چاكوچۆنی و هەواڵ پرسیی، بەگەرمی خوڵكیان كردین، بەڵام گفتمان نەدا بۆ

مانەوە، یەك لەو كەسایەتیانە، حاجی مستەفای تەپی سەفا، باوكی كاك سدیق كە یەكێك بوو لە برایانمان، پاشان چووینە ماڵی م.مەلا حەسەن خۆی لە سەفەربوو، ئەگەر لەماڵ بوایە لەوانە بوو شەو لای بمێنینەوە.

هاتینەوە سەر جادەی سەرەكیی و دەستم لە قەمەرەیەكی تاكسی ڕاگرت و دەربەس گرتمان بەرەو مەریوان، لەناو بازاڕدا دابەزین، دوو برامان پێگەشت، كاك كاوە ئەحمەد ڕەشید، كاك نەوزاد قادر، كە دوو ئەندامی خۆمان بوون، پەیوەندیی ڕێكخستنیان لەگەڵ مندا هەبوو، هەوڵیاندا ڕامگرن و خوڵكی مانەوەم بكەن بۆ ئەوەی شەو لە ماڵی ئەوان بم، تێم گەیاندن كە ئەو میوانەم لەگەڵدایە و ڕام مەگرن، گوتیان: ئەو میوانە كێیە؟ گوتم: ئێوە نای ناسن، گوتیان: ئەوەندە دەزانین پیاوێكی ئاسایی نییە و لەپیاوی گەورە دەچێ، گوتم: فلانەكەسە، شەو وەرن بۆ ماڵی م.فازڵ حەیدەر لەوێ دەبین، بەڵام بەداخەوە، چووینە لای ماڵی م.فازڵ ئەوانیش لەماڵ نەبوون و ئەو دووبرایەش شەو هاتبوون و بە نائومێدیی گەڕابوونەوە، شەو لە ماڵی م.حەمە یوسف پێنجوێنی ماینەوە، برایان و دۆستانی شاری مەریوان هەندێكیان شەو سەردانیان كردین، لەوانە م.شێخ ئیبراهیم، مەلا فائزی نۆدشەیی، م.ملا محەممەدی حافز... تاد، ئەو شەوە شەوێكی خۆش بوو.

بۆ بەیانیەكەی دووقۆڵیی بە بازاردا ڕەت بووین بەڵام لامان نەدایە دوكان و ماڵی كەس، تا تێرمیناڵ (نەقلیات) ی سنە لەگەڵی بووم و لەوێوە ئەو بەرەو سنە بەڕێ كەوت، دوای چەند ڕۆژێك

کاك سەی یونس سوجادیی، گلەیی زۆری کرد کە بۆچی مامۆستا نەچوەتەماڵیان، یان لە دوکان یان بانگی بکردایە، حەزی لە دیداری بوو، هەروەها کاك بورهان خورماڵیش گلەیی کرد، کاك کاوە و کاك نەوزادیش هەروەها، بەڵام بۆ ئەم دوو برایەی کۆتاییم ڕوون کردەوە کە هۆی نەبینینەکەی چیبووە.

دڵدانەوەی برایانمان کرد، دواتر کاك یونس دیدەنی مامۆستای کرد لەکرماشان و بۆ هێنانەوە و دڵدانەوەی، هەندێ قسەی خۆشی لەگەڵ کردبوو، خۆی زۆری پێ خۆش بوو، لەوانە: دەی گوت: لێی پرسیوم ئێستا قێخا (کوێخا) ی مەریوان کێ و کێن؟ تۆ و کێی تر؟، (قێخا) واتە: کوێخا، موختار، دەم ڕاست، ڕیش سپیی، کە لە کوردەواریدا بەکار دەبرێت، مەبەستی ئەوەبووە کە م.عومەر لە مەریوان نەمابوو، کێ سەرپەرشتیی ڕێکخسن دەکات.

## بەسەرهاتی کوڕە ئازەریە سونییەکە...

لەو کاتانەدا کەلە دەرمانگە و بنکەی تەندروستیی ئۆردوگاکەدا کارم دەکرد، کوڕێکی بەڕەگەز ئازەریی و بەمەزەب سوونیی ناوی (تەهماسب) بوو، وەك خۆبەخش لەگەڵ مانگی سووری ئێرانیدا ئیشی دەکرد، بەهۆی نزیکی بارەگای مانگی سوور و بنکە تەندروستیەکە لەیەکەوە و بەهۆی وریایی خۆیشیەوە، سەرنجی منی دابوو کە برای زۆر هاتوچۆم دەکەن و لە هەندێ کاریاندا پرس و ڕاوێژم پێ دەکەن.

هەستی کرد بوو کاری ڕێخراوەیی دەکەم و پابەندیشم بە نوێژ و ڕۆژو و ڕێکارە ئایینیەکانەوە، هەموو ئەمانە سەرنجی ڕاکێشابوو.

چونکە لەژێر گوشاری عەجەمە شیعەکاندا بوو، حەزی دەکرد خۆی لە من نزیك بکاتەوە و تێکەڵاوویم بکات.

پاش چەند دانیشتنێك لەگەڵیدا کە بە بیانووی نەخۆشیی و چارەسەرەوە دەهاتەلام، دەعوەتێکم کرد بۆ ماڵی خۆمان و لەوێ قسەی زیاتر و ڕوونترم لەگەڵدا کرد، دەرکەوت کە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەرن و پارێزگارییان لە سونیی بوونی خۆیان کردووە، وەك سۆفیش پەیوەندیی و ناسراوییان هەیە لەگەڵ شێخانی نەقشیدا.

کاتێك پرسیارم لێ کرد پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ ئەو جەماعەتەی کە لەگەڵیاندای؟ ماندوو و بێتاقەت بوو لە دەستیان، دەیگوت: ئاغا

ئیبراهیم بەڵکو کتێبێکم بدەیتێ دەم کوتیان بکەم، ئەم کوڕە تازە پێ دەگەیشت دیار بوو گەنجێکی چالاك بوو، بۆیە منیش هەوڵم دا کار لەسەر بیرکردنەوە و دونیابینیی بکەم و لایدەم لە قسە و دەمەقاڵێی بێ سەمەر.

بۆیە کتێبی (صِهْرَین و شَیخَین) م پێدا، کە دوو بەرگی گەورە بوو و بە فارسی نووسرابوون، یەکێکیان کە (صِهرَین) بوو باسی هەردوو جێنشین: عوسمانی کوری عەفان و عەلی کوری ئەبو تالبی دەکرد و بەرگەکەی تری (شَیخَین) باسی: ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتابی دەکرد.

داوام لێ کرد بە وردیی بیخوێنێتەوە و سوودی لێ وەرگرێت.

لە ڕێگەی م.عومەر عەبدولعەزیزەوە هەواڵی ئەو ناوچەی ئەوانم زانی کە خەڵکی پارێزگای ڕەشت، ناوچەی هەشت پەڕی تەواڵیش بوو، زانیمان چەند برا و هەڵسوڕاو و گوتاربێژی خۆمانە لەو ناوەدا هەیە.

پاشان پرسیارم لە(تەهماسب)کرد، ئەو برایانەی دەناسی، پەیوەستم کرد بەوانەوە و ئومێد دەکەم بەخت یاری بوبێت وخێر بداتەوە بۆ خۆی و غەیری خۆی.

## دووكانی خەیاتیی...

كاك كەریم حەمە دەرویش دوكانی خەیاتیی هەبوو، پاش واز هێنانم لە بنكەی تەندروستیی ئۆردوگاكە، لەبەر ئەوەی بەتاڵ و بێكار نەبم وجێگایەكی دیاریی كراوم هەبێ، لەگەڵ كاك عومەرسدیق كەوتینە بیری دۆزینەوەی كارێك.

پێك هاتین كە دوكانێكی فۆتۆ كۆپی، لە مەریوان دابنێین و یەكێكمان ماڵ ببەینە مەریوان و لەسەر دوكانەكە كاربكەین، ئەوی تریشمان لە ئۆردوگاكە بمێنینەوە.

لەو سەفەرەیدا بۆ ئۆردوگای دەربەن دزڵیی، پرسیارمان كرد لە م.سەلاح، بەباشی نەزانی، گوتی: ئەی كاری تر نازانن؟ من باسم كرد كە خەیاتیی دەزانم گوتی: لە ئۆردوگاكەدا خۆتان خەریك بكەن باشترە تا بڕۆنە دەرەوە، منیش لەگەڵ كاك كەریم، ڕێك كەوتین و مەكینەیەكم كڕیی و زیاد لە یەك ساڵ بەیەكەوە ئیشمان كرد.

كاتێكی خۆش و پڕ كەیف و چێژمان بەسەر برد، زۆربەی ئێواران چەن برایەك میوە و چەرەسمان دەسەند و دەردەچوین لە جێگایەكی گونجاو دادەنیشتین و خەموو خەفەتمان بەبا دەدا، زۆربەی براكان لەو دوكانە و چەند دوكانێكی تردا كاتمان بەسەر دەبرد، جێگەیەكی لەبار بوو بۆ یەك گرتن و قسە یەك خستن و ئیش بەڕێ كردن.

## لەم دووکانەدا نوکتە و ڕووداوی خۆش ڕوویان دەدا...

کاك کەریم ئەگەر جلوبەرگی سەقەت بکردایە و خراپ دەرچوایە، بە گاڵتە و قسەی خۆش قەناعەتی دەکرد بە زۆربەی موشتەرییەکان، ئەگەر شەرواڵ کورت بوایە دەیگوت: واسوننەتە دەرقاچە درێژ نەبێ، قاتێکی دووری بوو بۆ کاك عیسا، قۆڵی چۆغەکەی کورت بوو، کاك عیسا قاتەکەی هێنایەوە و گوتی: کاك کەریم وا شەرواڵ سوننەتە کورت بێ، ئەی قۆڵی چۆغە بۆچی؟ کاك کەریم پێکەنی و ڕووی کردە من و گوتی: کاك ئیبراهیم فریام کەوە بەخوا هیچم پێ نییە بۆ ئەم حاڵەتە.

دوکانەکەمان لە تەختەی سندوقی گوللە ڕاجیمە(کاتیوشا) دروست کرد بوو، زۆر جار شتی وردمان لێ ون دەبوو، کاك کەریم دەڕنەفیز یان پلایسێکی ماڵی خۆیانی هێنابوو بۆ دوکان، لەوێ ون بوو، پاش ماوەیەك خێزانی کاك کەریم هەواڵی پلایسەکەی پرسی بوو، کاك کەریم گوتبوی: لەدوکان ون بووە، خێزانیشی گوتبوی: کەریم بۆچی دوکانەکەتان ئاشەکۆنەیە تاپلایسی تیا ون ببێ؟

ماڵی کاك کەریم ماوەیەکی زوو ئاشەوان بوو بوون، زۆربەی کات کاك کەریم لەقسە کردندا نموونەی بەئاش دەهێنایەوە، کاك فازڵ غەفار دەیگوت: ئەگەر کاك کەریم چوار قسە بکات سیانیان باسی ئاشە.

دوکانەکەمان گواستەوە بۆ جێگەیەکی تر، دوای گواستنەوە من دەسم لە خەیاتی هەڵگرت لەبەر ئیش وکاری ڕێکخستن و زۆر

دەرچوونم، جاروبار وەك جاران لە دوكان كۆدەبوينەوە، دەمەو نیوەڕۆیەك هەر من و برایەكی تر لای كاك كەریم بووین وكارەبا نەبوو، كاك كەریم بەقاچ مەكینەكەی دەگێڕا و خەیاتیی دەكرد، لەو حاڵەتەشدا وەستا لەگەڵ قاچیدا سەریشی دەلەقێنێ، دوكانەكەی بەرامبەر دوكانی كاك هادی سەعید بوو كەمیوە فرۆش بوو، تازە میوەی هێنابوو، بانگی كرد و گوتی: كاك كەریم قۆخی جوانم هێناوە بۆتان بێنم؟ كاك كەریم یش سەرێكی لەقاند و بەپێكەنینەوە چاوێكی لەمن داگرت، كاك هادی سەعید یەك كیلۆ قۆخی جوانی هەڵبژارد و شۆردیەوە و بۆی هێناین گوایا سفتاحی ئەو ڕۆژەیە.

فەرموو فەرموو خوڵكی زۆری كاك هادی مان كرد لە قۆخەكەی نەخوارد، خۆمان خواردمان و لێبوینەوە، كاك هادی گوتی: دەی كاك كەریم پارەی قۆخەكە بدە با ماتڵ نەبم.

- پارەی چی؟

- پارەی قۆخەكە.

- كاكە خۆت هێناوتە پارەی چی؟

- برام خۆت سەرت نەلەقاند و گوتت دەخۆین؟

- برا من خەیاتیم كردووە و بەدەم خەیاتیەوە سەرم لەقاندووە.

پاش كەمێك گاڵتە و قسەی خۆش پارەكەمان دایە كاك هادی.

# گەڕانەوە بۆ عێراق...

١٥/٩/١٩٩١بەماڵەوە لەگەڵ دایکم و کاك مەهدی برام گەڕاینەوە بۆ عێراق، براکانی ئۆردوگا ماڵیان لەگەڵدا بارکردین و چەند برایەکیش تاسەر سنور و سێ برایش کە ئیشی ئەمدیویان هەبوو، تا گەیشتینە جێ هەر لەگەڵماندا بوون، لەوانە کاك حاجی کەریم، کاك عوسمان حەمە کەریم، کاك ڕەفیق سەعید.

لەبەر ئەوەی خانوو و ماڵمان ڕوخابوو، شوێنی دیاری کراومان نەبوو، بە باشمان نەزانی ببینە ئەرك بەسەر کەسەوە، بۆیە لە ڕێوە چووینە بینای قوتابخانەیەك لە شارۆچکەی سیروان کە ماڵی هەندێ خزمی تری لێ بوو، لەوانە کاك ئەمین ی برام، کاك هدایەت حسێن، ماڵی خاڵۆ عەلی ڕەحمەتیی کە کوڕەکانی کەسیان ژنیان نەهێنابوو، ئەوان زووتر گەڕابوونەوە.

لە بینای ئەو قوتابخانەیەدا ماوەی پانزە بیست ڕۆژێك ماینەوە، پاشان ئێمە بارمان کرد بۆ هەڵەبجەی تازە و ماڵی کاك مەهدی لەوێ مانەوە، پاش چەند ڕۆژێك دایکیشم بەماڵەوە گواستەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید بۆ ماڵی حەسیبەی خوشکم، تا چەند مانگێك لەوێ مایەوە، دواتر لە خورماڵ ژوورێکمان بۆ درووست کرد و گواستمەوە بۆ ئەوێ، لەوێش نزیکەی دووساڵ مایەوە و لەگەڵ کاك عزەتی برامدا گواستمانەوە بۆ هەڵەبجەی تازە و ماڵی کاك عزەت، ماوەیەك لای ئەوان مایەوە و دواتر، بردمە ماڵی خۆمان و بەتێکەڵ لەگەڵ ئێمەدا دانیشت.

له هەڵەبجەی تازە لەگەڵ ماڵی کاك سـەباح سـاڵح ی خوشـکەزام پێکەوە دادەنیشتین لەیەك خانودا، بەڵام لەبەر فرۆشرانی خانوەکە لـەیـەك جیا بووینـەوە و مـاڵمـان چوویـە خـانوێك لـەگـەڵ مـاڵێکی ناسراودا.

پـاش چـەنـد ڕۆژێك بـەهـاوکـاریی و کـارئـاسـانیی م.حـەسـەن شـەمێرانیی ماڵمان گواسـتەوە بۆ خانوێك بەتەنها ماڵی خۆمانی تیدابوو جێگەمان زۆر باشـبوو، بۆ ماوەی چوار سـاڵ ماڵمان لەو خانوەدا مایەوە.

لەماوەی ئەو چوارساڵەدا سەرگەرمی کاری ڕکخستن و بانگەواز بووین، سـەرەتـای ڕێکخسـتنەوەی ئەندامان و پێکهێنانی کاری حزبیمان بوو، بۆیە زۆر ڕۆچووین تێیدا.

## پێك هێنانی (مكتب إداری)...

پاش چەند ڕۆژێك دوای ماڵ گواستنەوەمان بۆ هەڵەبجەی تازە، پەیوەندیم کرد بە م.حەسـن شـەمێرانیەوە، قسـەمان لەسـەر چەند بابەتێك کرد و نەخشـەڕێگایەکی گشـتیمان داڕشـت سـەبارەت بە: ناسین و کۆکردنەوەی ئەو برایانەی کەلە هەڵەبجەی تازەن یاخود دێنە ئەوێ، بەسـەرکردنەوە و یەکترناسـین لەگەڵ برادیارەکاندا و پێك هێنای دەستە و ئۆرگانی ڕێکخستن، درووستکردنی مزگەوت لەو شـارەدا کە مزگەوتی لێ نەبوو، لەم بارەیەوە سـەردانی کاك ئـەمجـەد بـابـاحـاجی مـان کرد، مـامۆسـتـای قوتـابخـانەی ئەحمەد موختـاری سـەرەتـایی بوو، لـەکـاتی دەوامی مـەکتـەبـەکـەیدا سـەردانمان کرد و کەمێك پێکەوە بووین و باسـی ئەوەمان کرد

لەمەولا ئاگامان لە یەکتر دەبێت و م.حەسەن ئاماژەی بە نەخشەکەمان کرد، ئەویش خۆشحاڵیی و ئامادەیی خۆی پیشاندا.

پاشان کاك کەمال حەسەن لەگەڵ ماڵی باوکیدا ماڵی هاتە هەڵەبجە و م.حسن پرسیاری لە من کرد لەبارەی کاك کەمالەوە، سەردانمان کرد و ئەویش بەهەمان شێوە، دوای چەند ڕۆژێك م.محەممەد سادقیش ماڵی لە ئێرانەوە گەڕایەوە و هاتە هەڵەبجەی تازە، لەم نێوانەدا بەهەموومانەوە بەردەوام براکانمان دەدۆزیەوە و ڕێکمان دەخستن، براکان کە دەهاتنە هەڵەبجەی تازە زۆربەیان پێشتر پەیوەندییان بە برایانی سلێمانی و باریکە و نەسر... تاد، هەبوو، بەنامە دەیان ناردن بۆ م.حەسەن و ئەویش لە سەرەتاوە هەمووی بەمن دەسپاردن تابرایانی تر هاتن و تەشکیلاتمان دامەزراند و براکانمان بەپێی گەڕەکەکان دابەش کردن.

کاك جەمال کاکەبراش ماڵیان لەوێ بوو، بەڵام خۆی لەبەر خوێندنی زانکۆ لە هەولێر بوو، ژمارەیەکی زۆر لە برایانی هەڵەبجە و باریکە و نەسر بەتایبەتی برا هەورامیەکان، پەیوەندییان بە م.جەمال کاکەبراوە هەبوو، بۆیە ڕاستەوخۆ هەموویانی ڕادەستی من کردن و ڕێکمان خستن لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی شارەکەدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە کاك جەمال کارەکتەرێکی چالاکی بواری قوتابیان بوو، لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و هەموو قوتابیانی سنووری سلێمانیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵیدا هەبوو، یەك لەوانە: کاك ئەبوبەکر کاروانیی کە ئەوکات قوتابی زانکۆبوو و سەردانی کاك جەمالی دەکرد و منیش بۆ دوەم جار ئەم برا ئازیزەم بینی، پێشتر

و له سەرەتای هەشتاكاندا له مزگەوتێكی گەڕەكی كارێزەوشك له سلێمانی بۆیەكەم جار یەكترمان بینی و یەكترمان ناسیبوو.

منیش لەگەڵ برایانی ئۆردووگاكانی: دەربەن دزلێیی و بارام ئاوا و گوندەكانی دەوروبەر و شـــاری مەریوان، واڕێك كەوتبووم كه لەبەرواری گەڕانەوەمانەوە بۆ ماوەی دوو مانگ چاوەڕێ بن تا یەكدەگرینەوە و ئەوجا قســەی تازەمان دەبێت، بەمەســتی بینینی ئەو برایانە و بەپێی ئەو ڕێككەوتنەمان، گەشـتێكم دەسـت پێ كرد بۆ هەڵەبجەی شـــەهید، خورماڵ، زەڵم و ئەحمەد ئاوا، سـیروان، یەك بەیەك برایانی خێوەتگەكانی ئێرانم بەســـەر كردنەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی كه له م.حەســـەن شــەمێرانیی وەرم گرتن، هەركەسـەو له سنووری خۆیدا ڕادەستی بەرپرسـی ڕێكخستنی ئەو شـــوێنەم دەكردن، بەڵام چەند برایەك له ڕیزی ڕێكخســـتنی ئێمەدا نەمانەوە و دەیان گوت: ئەو پەیوەندیەی ئێرانمان كاتیی بوە و پەیوەندیی به حاڵەتی ئاوارەییەوە بوە، به گەڕانەوەمان ئەو پەیوەندیە نەماوە و دەگەڕێینەوە ســـەر كاری خۆمان، ئێمەش ڕێكخســـتنی خۆمـانمان هەیە، مەســـەلەكەم ئاڵۆز نەكرد، تەنها زانیاریم گەیاندە م.حەسەن كه ئەو حاڵەتانە ڕووی داوە.

لەو برایانە: م.سـەباح مەلا ڕەحیم، كه سـەربه برایانی نوور بوو، له ئێران له ئۆردوگای بارام ئاوا دادەنیشـــت و پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، م.مەلا عەبدوڵڵای قاڵیجۆ، كەســـەربە برایانی نەهزە بوو، له ئێران لەگوندێكی دوورە دەســتی نێوان مەریوان و ســـەقز بەناوی (گوندی هەنجیران)، دادەنیشــت و مەلای گوندەكە بوو، له ئیش وكاردا مامۆسـتا سـەربه ئێمەبوو، بەیناو بەین من و

کاك عومەرسدیق، سەردانمان دەکرد و شەو لای دەماینەوە و ڕێنمایی و هاوکاریی جەماعەمان پێ دەگەیاند .

م.عەلی محەممەدیش ماڵی لە هەڵەبجەی تازە بوو، م.حەسەن ئاگاداری کردین کە پەیوەندیمان لەگەڵ م.عەلی ببێت و ئەو بەرپرسمان بێت، یەك دوو کۆبوونەوە ئەو کۆبوونەوەکانی بەڕێوە دەبرد، بۆ مێژوو دەینووسم: شەوێك م.عەلی میوانمان بوو، میوانی تریشمان هەبوو، یەك سۆبەمان هەبوو، هەستی کرد بەوەی کە یەك سۆبەمان هەیە، بۆ بەیانیەکەی بەشانی خۆی سۆبەیەکی شەمسەدینی ئێرانی بۆ هێناین بۆ ماڵەوە، دوای ماوەیەك ڕێکخراوی (بزاف) دامەزرا و م.عەلی لەو بوارەدا سەرقاڵ بوو.

پاش ماوەیەك کە براکان جێگیر بوون م.حەسەن شەمێرانیی ڕێکی خستین و م.محەممەد سادق دانرا بە بەرپرسی ئەو شارە و هەموومان بەڕێزەوە لە خزمەتیدا بووین، ناوچەیەکی حزبیمان پێکهینا سەر بەو ڕێکخستنە هەرەمیەی کە پێك هێنرابوو، یەکەم کۆبوونەوەمان دوای م.عەلی و بە سەرپەرشتیی م.محەممەد سادق لە ماڵی ئێمەبوو، م.عەلی محەممەد بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردین و باسمان لە دیاریکردنی بڕی یارمەتیی هاوکاریی کادرەکانمان کرد، لە هەندێ بڕگەدا دەمانگوت با ڕای م.حەسەن وەرگرین، م.عەلی دەیگوت: ئەویش هەر بۆلای من دەگەڕێتەوە خەم مەخۆن.

هەر ناوچەیەکی جوگرافیی ئۆرگانێکی ڕێکخستنی هەبوو بەناوی (مەکتەب ئیداریی) کە لە چەند ناوچەیەك پێك دەهات م.حەسەن بەرپرسی ئەو(مەکتەب ئیداریی) ە بوو ناوچەکانیشی لە: هەڵەبجەی تازە، سەی سادق و پێنجوێن، گەرمیان، پێکدەهات و ئەندامەکانیشی م.محەممەد سادق، م.محیەدین گلاڵیی و م.محەممەد میرزا، کاك محەممەد ئەحمەد و م.سەلاح قادر بوون.

ناوچەکەی ئێمە م.محەممەد سادق لێپرسراو و ئەندامەکانیشی کاك ئەمجەد باباحاجی، کاك کەمال حەسەن، من، بووین، سنورەکەی بریتی بوو لە شاری هەڵەبجەی تازە و کۆمەڵگەی زەڕایەن، ئەو کاتە زەڕایەن هێشتا ڕێکخستنی ئێمەی وەك ئۆرگان تێدا نەبوو بێجگە لە چەند برا و خوشکێکی دیاریکراو کە زۆربەیان گەنج و هاو تەمەن بوون، بۆیە کەوتینە بیری ئەوەی چارەسەری ئەو حاڵەتە بکەین، لە کۆتاییدا لە سەر ئەوە پێکهاتین کە کاك کەمال حەسەن ماڵ بباتە ئەوێ، چوونکە خەڵکی ناوچەکەی دەناسی و پەیوەندیی خزمایەتیشی لەگەڵ خەڵکەکەیدا هەبوو.

لەماوەی ئەو چەند مانگەدا بە هەوڵی خێر خوازان و هاندان و پشتیوانی م.حەسەن و سەرجەم برایان، یەك مزگەوتی گەورە و چوار مزگەوتی بچوك، کە خانوو بوون و دەکرانە مزگەوت، مزگەوتە گەورەکە مزگەوتی (حِراء) بوو و لە ناوەڕاستی شاردا درووست کرا، چوار بچووکەکەش، یەکەمیان: مزگەوتی (راشدین) بوو کە خانووی دایکی م.سەلاحەدین محەممەد بوو، م.سەلاحەدین بە نوێنەرایەتی بنەماڵەکەی خانوەکەی ڕادەستی

برایان و دانیشتوانی گەڕەکەکە کرد و بەخێرایی بەرنامەمان بۆ دانا و کردمانە مزگەوت، شایانی گوتنە لە دروستکردنی ئەو مزگەوتانەدا کە لەماوەیەکی کەمدا بوونە نزیکەی پانزە مزگەوت، م.حەسەن ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو.

چوار مزگەوتەکە بەم تەرتیبە درووستکران و کاك محەممەد مەحمود دەرەمەڕیی، وەستایەتی زۆربەی مزگەوتەکانی دەکرد لە شکاندنی دیوار و گەچکاریی کردنیاندا: مزگەوتی ڕاشدین لە سیروانیەکان، مزگەوتی شوهەدا لە تەوێڵەییەکان، مزگەوتی فیردەوس لە هەڵەبجەییەکان، مزگەوتی ئیخلاس لە خورماڵیەکان، ئیمامی مزگەوتەکانیش ئەم بەڕێزانە بوون: مزگەوتی حیرا م.حەسەن گوتاربێژ و بەندە ئیمام، م.مەحمود... ڕاشدین، م.عەبدولخاق تەها... شوهەدا، م.سەعید... فردەوس، م.شەهاب... ئیخلاس.

وەك پێشتر باسم کرد، سەرەڕای ئەوەی لە نەخشەی بنەڕەتیی ئەو شارەدا مزگەت بوونی نەبوو، پاش ماوەیەکی کەم مزگەوت لەشاردا زۆر بوو، ئەوەندەی من ئاگادار بووم چواردە مزگەوت درووست کرا. م.سەعید عەبدوڕەحیمیش ماڵی لە هەڵەبجەی شەهیدەوە هاتە هەڵەبجەی تازە و بووبە ئیمای مزگەوتی فردەوس لە هەڵەبجەییەکان و هاوکات بووبە ئەندامی ناوچە و دەستمان کردە زیاتر تۆکمە کردنی ڕێکخستنەکان و پێکهێنانی کەرتەکان، لە ئاکامدا سێ کەرتمان پێکهێنا، دوو کەرتیان لە هەڵەبجە و یەکێکیان لە زەڕایەن، لێپرسراوی کەرتەکەی زەڕایەن کاك کەمال حەسەن و دوو کەرتەکەی هەڵەبجەش، من و م.سەعید

لێپرسـراویان بووین، شـاری هەڵەبجەمان کردە دوو بەشـەوە: یەکەمیان: گەڕەکی هەڵەبجەیی و تەوێڵەیەکان، دووەمیان سیروانیی و خورماڵیی و زەمقی و عەنەبییەکان. لە سلێمانیەوە ئاگادار کراین کە کەسێکتان بە نوینەری ناوچەکەتان بنێرن بۆ سلیمانی و مزگەوتی سەیوان، بە مەبەستی پێکهێنانی قوتابخانە مزگەوتیەکان، ناوچە منیان دیاریی کرد، بەشداریی ئەو کۆبونەوەیەم کرد کە م.سەلاحەدین سەرپەرشتیی کرد، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و برایان لە هەموو ناوچەکانەوە ئامادەی بوون، لە هۆڵی مزگەوتەکەدا دانیشتنەکەمان ساز کرد و پڕۆژەی قوتابخانە مزگەوتیەکانمان داڕشت، ئەو کاتە ناوی (الرسالة المسجدية) مان بۆ دیاریکرد، کە گەڕامەوە بۆم باسکردن ئەم پڕۆژەیە ئیشی زۆر دەبێ و منیش لێپرسراوی کەرتێکم و لێپرسراوی دارایی و ڕاگەیاندنی ناوچەکەش بووم، بڕیامان هاتە سەر ئەوە کە ڕاگەیاندن و قوتابخانە مزگەوتیەکان بسپێردرێ بە م.ئەمجەد و پێکهاتەی ناوچەکەمان بەم شێوەیەی لێهات: م.محەممەد لێپرسراوی ناوچە، م.ئەمجەد قوتابخانە مزگەوتیەکان و ڕاگەیاندن، کاك کەمال لێپرسراوی کەرتی زەڕایەن، م.سەعید لێپرسراوی کەرتی هەڵەبجەییەکان، منیش لێپرسراوی کەرتەکەی تری هەڵەبجە و لێپرسراوی دارایی ناوچە، زیاد لە دوو ساڵ بە بەردەوامیی سەرقاڵی ئیشوکاری چڕوپڕ بووین لەم ناوچەیەدا، هەلومەرج زۆر لەباربوو، لایەنە سیاسیەکان سەرگەرمی ململانێی نێوانی خۆیان بوون و ئێمەش هەرچەندە وەکو حزبێکی فەرمیی خۆمان نەناساندبوو، بەڵام زۆربەی مەرجەکانی حزبایەتیمان تێدا بوو، کۆبوونەوەیەکمان

هەبوو هەر لێپرســـراوی کەرتێك ژمارەیەك برامان ئامادە کردبوو، کاك کەمالیش لە زەڕایەنەوە هات و یەك برای لەگەڵدا بوو، م.ســـەعید گوتی: (ویأتی نبي ومعَهُ رَجُلٌ واحِد) ئەمەش بەڵگەی کەمیی ئەندامان بوو لە زەڕایەندا، بەڵام بەماوەیەکی کەم کاك کەمال توانی ژمارەیەکی باش لە خوشـــکان و برایان پێ بگەیەنێت. ئەندامانی کەرتەکەی من، بریتی بوون لەبرایان: حەسەن عەلی محەممەد، حەسەن عابد، ئیبراهیم سەعید، عەلی ئەحمەد کەلاریی، جەژنی ڕەمەزانی ســاڵی ١٩٩٣ لە جەماعەوە جەژنانە و خەڵاتێك دەرچوو بۆ کادرە لێهاتوو و چالاکەکانی ناو ڕێکخســتن، بەر من و کاك کەمال حەســەن کەوت، بەپێی چەند مەرجێك بوو، لەئێمەدا هەبوو، لەو کاتەدا موڵەت ڕەخســـا، تاقی کردنەوەیەکی وەزارەتی ئەوقافم کردوو دەرچووم، دواتر بە خۆبەخش دامەزرام بە پێش نوێژی مزگەوتی گەورەی هەڵەبجەی تازە و بۆ ئەو مەبەســـتەش جامەدانیم وەکو عەمامەی مەلایەتی پێچایەوە و نزیکەی چوار ساڵ ئیمامی مزگەوتی (حِراء) بووم لە هەڵەبجەی تازە.

# ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ساڵی ١٩٩٤

لەسەرەتای ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە بووم بە ئەندامی لقی شارەزوور کە ئەو دەم م.موحیەدین گلاڵی لێپرسراوی لق بوو، پۆستی قوتابخانە مزگەوتیەکانم وەرگرت، پاش چەند مانگێك لێپرسراوی لق گۆڕا و م.سەعید عەبدوڕەحیم بوو بە لێپرسراوی لق، هەر بەو بۆنەیەشەوە ژمارەی ئەندامانی لق زیاد کران و هەموو ئەندامانی کەرتەکەی من: حەسەن عەلی، حەسەن عابد، ئیبراهیم سەعید، عەلی کەلاریی، بوون بەئەندامی لق و ئیشی منیش گۆڕا و بووم بە لێپرسراوی پەیوەندیەکانی لق.

زۆر جار لە ئیشوکاردا تێبینیی و سەرنجی خۆمم دەرئەبڕیی بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتەکان، تێکەڵاویم زۆر بوو لەگەڵ فەرمانبەر و پاسەوانەکانی لقیشدا، ئەو کاتە کاك فازڵ غەفار فەرمانبەری لق بوو.

لەو سەردەمەدا ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو نوسراوێکی پەخش کردبوو کە کێ پێشنیاری هەیە لەهەر بوارێکدا، با ئاڕاستەی بکات بۆمان، منیش لە وەڵامی ئەو نوسراوەدا ژمارەیەك پێشنیارم نووسیی لەوانە:

- ڕێز گرتن لە تەمەن و خەباتی پیاوە دێرینەکان.

- دیاریی کردنی دەسەڵاتەکانی لێپرسراوی هەر دەزگایەك تا لە یاسا شکێنی بپارێزرێ.

ـ ڕێگە گرتن لەخاتر وخۆتری خزمایەتی.

ـ ڕێگە نەدان بەسەر هەڵدانی ناوچەگەریی.

ــ ئەمینداری گشتی خۆی سەرپەرشتی مەکتەبی ڕێکخستن بکات، چونکە ئەو عەقڵ پوختەییەی کە بۆ ئەو شـــوێنە پێویســـتە لەودا بەدی دەکەم.

ـ واپیشان نەدرێ کە یەکگرتوو پێویستی بە م.سەلاحەدین نەماوە، چوونکـە خۆی دامـەزرێنـەری کـاری بـانگـەوازی ئیسـلامیی کوردستانە و تا ئەم قۆناغەش بەدیلی بۆ دروست نەبووە.

بەنووســـینی ئـەم پێشـــنیـارانـە گلۆڵـەم کـەوتـە لێژیی، چوونکـە پێشـــنیـارەکـان بـە نـاڕاســـتـەوخۆ هەندێ کەســـیان دەگرتەوە و ئەوکەسانەش هەم لە پۆستی باڵادا بوون و هەم بەهۆی سـەفەری ئەمینداریشـەوە پێشنیارەکانیان بینی بوو، لەو نزیکانەدا ئەمینداری گشتیی سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردوو م.هادی عەلی بەجێگری خۆی دانابوو.

پێش گەڕانەوەی ئەو لە ســەفەرەکەی گێچەڵێکی گەورەیان لەژێر نـاونیشــانی جۆراوجۆردا تێ پێچام و لـە ئـاکامدا شــەش مانگ مولـەتم بۆ دیاری کرا لەبەرواری ١٩٩٥/٢/١٣ تا ١٩٩٥/٨/١٣ منیش هەرچەندە قورس بوو لەســەر دەروونم، بەڵام هەرچۆن بێ بــەرگــەم گرت و کــاتــەکــانی خۆمم دابــەش کرد و لــە ڕووی مەعریفیەوە سوودی باشم لێ وەرگرت.

**کورتەی بابەتەکە بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:**

لەو بەروارەی سەرەوەدا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە هۆڵی مەڵبەندی سلێمانی سازکراو ئەسڵی کۆبوونەوەکەش لەسەر دەعوایەکی م.هادی عەلی بوو کە لەسەر من تۆماری کردبوو، قازیی ئەوکاتی حزب م.سەی ئەحمەد بوو، خۆی نەهاتبوو و م.بورهان ئەمینی کە نوێنەری قازیی بوو لە زۆنی سلێمانیدا لەجێگەی خۆیدا دانابوو(وەك دواتر م.سەی ئەحمەد بەخۆمی گوت: م.بورهانی ڕاسپاردبوو بە پاراستنی سەربەخۆیی دادبینییەکە، بەڵام بەداخەوە نەیتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێت)، ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە: بەڕێزان: هادی عەلی، عومەر عەبدلعەزیز - ئاگادار کرابوو بەڵام نەهاتبوو، محەممەد ڕەئوف، مەولود باوەموراد، محەممەد ئەحمەد، حەمەڕەشید ماوەیتی، فازڵ حەیدەر، حەمەسەعید حەمەعەلی، دلێر سادق، عەرەب ئەمین، عەتا ئادەم، فەریح تەوفیق، سەعید عەبدوڕەحیم، حەسەن عەلی، حەسەن عابد... ئەشێ ناوی کەسێکم لەیاد نەمابێت، بۆیە داوای لێبورد دەکەم.

کۆبوونـەوەکـە م.بورهـان وەك وەکیلی قـازیی حزب بـەڕێوەی دەبرد، پـاش کردنـەوەی کۆبوونـەوەکـە، دەرفـەتی دا بـە م.هـادی قسـەی خۆی کرد، بەتوندی تۆمەتی تەکەتول چیەتیی دایە پاڵ من و چـەن ڕاپۆرتێك کە خۆم نووسـیبووم بۆ مەکتەبەکان هەمووی لـەبـەردەسـدا بوو و دەیکردنـە بـەڵگـە، پاش تـەواو بوونـی ئـەو، وەکیلی قـازیی دەرفـەتی دابـە من قسـە بکـەم و داکۆکی لـە خۆم بکەم، سـەرەتا ڕووبە م.هادی گوتم: حەیفە تۆ سـەرکردەمیت و بەو شـێوەیە دەتبینم، بۆیە داوات لێ دەکەم زەردەخەنەیەك بکەیت و کەشـی کۆبوونەوەکە ئارام بکەیتەوە، بەم قسـەی من کۆنیشتەکە هێمن بوویەوە و ئەویش ئیحراج بوو، ئیتر گوتم: من جارێ وەڵام نادەمەوە تا بزانم ئەم بەڕێزانەی کە لێرەن، بەچ سیفەتێك لێرەن و ڕایان چییە، ئەوجا دواتر قسە دەکەم.

زۆربـەی ئـامـادەبوان بێدەنگییان هەڵبژارد، چوونکە سـەریان لە باسەکە سوڕمابوو، ئەوانەش کە قسەیان کرد بێجگە لە م.مەولود باوەموراد کە لە ئاراسـتەکەی م.هادی دا قسـەی کرد، هەموویان تـاریفی منیـان کردو و نکوڵییـان لـەو تۆمـەتـانـەکرد کـە م.هـادی ئاراستەی منی کردن.

دواتـر منیش بـەکورتیی نکـوڵیم لـە تۆمـەتـەکـان کـرد و ڕوونکردنەوەشم لەبارەی زۆرێك لە قسەکان و ڕاپۆرتەکانیشەوە خسـتەڕوو، کۆبوونـەوەکە بە بێ ئاکام هەڵگیرا و لە کەشـێکی تەواو گرژ و ئاڵۆزدا هەستاین.

دوای دوو ڕۆژ داوام لێکرا نووســـراوێك بنووســـم بۆ مـەکتەب ڕێکخســـتن و داوای لێبوردن و کارئاســـانییان لێ بکەم، ملم بەو داوایـە نـەدا و هیچم نـەنووســـی، چوونکـە هیچم لـەخۆمـا شـــك نەدەبرد.

چوونکه نەیانتوانی ئاراســـتەی پرســـەکه بەره و یاســـایی ببەن، دەزگای قەزا ڕۆڵی نەما لە مەســـەلەکەدا، بۆیە ئەوان یەك لایەنە بەناوی مەکتەب ڕێکحســـتنەوه کە م.هادی بەرپرســـی مەکتەبی ڕێکخســـتن بوو بڕیاریـان دەرکرد کـە بۆ مـاوەی شـــەش مانگ مووڵـەتبم، گوایا پشـــووێك بدەم، شـــایانی گوتنـە لـەو مـاوەیەدا هـاوکـاریی داراییم نـەبڕدرا، منیش دەرفـەتـەکـەم بـەهـەل زانیی و سوودم لێ وەرگرت بۆ خوێندنەوەی چەند کتێبێکی گەوره.

پاش تەواو کردنی چوار مانگ لەو مووڵەته، م.هادی بانگی کردم و داوای لێبووردن و دەســـخۆشـــیشـــی لێکردم که خۆڕاگربووم، گوتی چـاوەڕێمـان دەکرد وەك موخڵس بکـەیـت (لـەو نزیکـانـە م.موخلســـی هـەولێر بـەهۆی چەند گرفتێکی تایبەت بە هەولێر و کـەســـی یـەکـەمی هـەولێرەوه، بە بڕیارێك فەســـڵ کرا لەحزب، ئەویش لەکاردانەوەی ئەو بڕیارەدا هەندێ هەڵســوکەوتی کرد کە بـەلای حزبـەوه نەشـــیاو بوون)، گوتم: من خاوەنی کەســـایەتیی خۆمم و وەك خۆم ڕەفتـار دەکـەم نـەك چـاو لـەکـەس بکـەم، دوو مانگەکەی تر هەڵوەشـێنرایەوه و داوای دەســـت بەکار بوونەوەم لێکرا، هـەر ئەو ڕۆژه کە لەلای م.هادی هاتمە نهۆمی خوارەوەی بینای مەڵبەندی سلێمانی، م.بورهان ئەمینیم بینی، دەستی گرتم و چووینـە هۆڵێکـەوه، دەســـتی کرده ئـامۆژگـاریی کردنم و گوتی:

داوایەکی لێبوردن بنووسە با کۆتایی بەو گرفتە بێت، منیش گوتم: مامۆستای بەڕێز من بێتاوانم و کەمێك پێش ئێستا داوای لێبوردنم لێکراوە، نەك من داوای لێبوردن بکەم. پێشنیاری ئەندام مەڵبەندیی و لێپرساو لقیم بۆ کرا لە مەڵبەندەکانی تردا، بەڵام لە سەرەتاوە هەر جێگەکەی خۆمم هەڵبژاردەوە.

لەوکاتەدا لقی چەمچەماڵ پێویستی بەکەسێکی گونجاو هەبوو بۆ کارگێڕی پەروەردە و ڕێکخستن، مەکتەبی ڕێکخستن منیان دەسنیشان کرد بۆ ئەو کارە، منیش پاش ڕاوێژی چەند برایەك و سەفەرێکی مەیدانیی، پێم باش نەبوو بڕۆم، هەرچەندە لەگەڵ ئەو دوو پۆستەشدا لەسەر داوای خۆم، بۆم هەبوو برایەك بەماڵەوە لەگەڵ خۆمدا بگوێزمەوە و لە لقیشدا ئیشی بدرێتێ، بۆ ئەو مەبەستەش کاك حەسەن حەمەئەمین هێلانپێیم هەڵبژارد بوو و لەو سەردانەشدا کە چووبوم بۆ چەمچەماڵ پێکەوە ڕۆشتین.

دواتر لە مەڵبەندی چواری کەرکوك پێویستیان بەکادیر هەبوو، پاش ئەوەی ڕای خۆم وەرگیرا و م.حەسەن شەمێرانیش پێی باش بوو بچم بۆ دەربەنیخان، ڕەزامەندیی خۆم دەربڕی و لە مەکتەب ڕێکخستنەوە نوسراوێکی فەرمیی ڕەوانەی مەڵبەندی چوار کرا و وێنەی درا بە لقی شارەزوور و وێنەیەکیشی بۆ خۆم، بە ئەندامی مەڵبەندی چوار دەسنیشان کرام.

لە مەڵبەندی چوار ئەوکاتە م.حەمە سەعید حەمە عەلی، لێپرساوی مەڵبەند بوو، پۆستی لێپرساوی پەروەردەیی مەڵبەندم پێ سپێردرا.

پێش پەیوەندی کردن بەکارەکەمەوە لە ١٩٩٥/٨/١٨، بەیاوەریی برای ئازیز م.جەمال کاکەبرا و بەئاسانکاریی ئەو، سەردانی ئەمینداری گشتیم کرد و باسمان لەو گێچەڵە کرد کە پێیان گێڕام و باسیشمان لە کارە نوێیەکەم کرد.

لە ١٩٩٥/٨/٢٣ پەیوەندیم کرد بە پۆستە نوێیەکەمەوە (کارگێڕی پەروەردەیی مەڵبەندی چوار)، بۆ ماوەی چلوپێنج ڕۆژ ئەو کارەم لە ئەستۆدا بوو، پاشان لقی دەربەنیخان دامەزرێنرا و بەمن سپێردرا، لەو سەروبەندەدا دوو برای عەرەب بەناوەکانی: خەلیل ئیبراهیم و خەلیل جەسام، کە لە ئەمریکا دادەنیشن سەردانی کوردستانیان کرد، بە حوکمی پۆستەکەم منیش ئەندامی ئەو شاندەبووم کە پێشوازیی و هاوڕێیەتیی ئەو بەڕێزانەمان دەکرد لەو دوو ڕۆژەدا کە لە سنوورەکەماندا مانەوە.

بەو بۆنەیەوە کە ئیشم کەوتە مەڵبەندی چوارەوە، ماڵم لە هەڵەبجەی تازەوە گواستەوە بۆ دەربەنیخان و دایکم و خێزانم پێیان خۆش نەبوو، چوونکە لە خزم و خوێش دوور دەکەوتینەوە، بەڵام چوونکە ئیشەکە وای دەخواست لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا، بە هاوکاریی خزم و دۆستی نزیك و بەیاوەریی و هاوکاریی کاك هەورامانی خوشکەزام ــــ کە لە زۆربەی وێسگە سەختەکانی ژیانمدا هاودەم و هاوکارم بووە ــــ بنەو بارگەی ماڵمان گواستەوە بەرەو دەربەنیخان و چووینە خانوێکەوە کە نهۆمی سەرەوەی، نۆماڵی برای خۆشەویست کاك ناسح عەبدوڵڵای لێبوو، نهۆمی خوارەوەش بۆ ئێمە، دووساڵێك لەو خانوەدا ماینەوە، لەبەر ئەوەی لە هەمان ئەو گەڕەکەدا بوو کە

ساڵی ١٩٨٦ ماڵمانی لێبوو، زوو بە دراوسێکان ئاشنا بووینەوە و تێکەڵیمان کردنەوە، پێویستە بڵێم: کاك ناسح بەو پێیەی ئەندامی لقی دەربەنیخان بوو، خۆی و هاوژینیشی وەك خوشك و برایەکی دڵسۆز، هاودەم و دراوسێیەکی باش بوون بۆمان.

## کردنەوەی لقی دەربەنیخانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان...

لە سەردانێکی مەیدانیی بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستندا بۆ مەڵبەند، بڕیاری کردنەوەی لقی دەربەنیخان درا، بەندە بە بەرپرسی هاتمە دەسنیشان کردن، دواتر لەبەرواری ١٩٩٥/١٠/٦ لقی دەربەنیخان کرایەوە.

باس لە لقی دەربەنیخان و پێکهێنانی کابینە و دەستخستنی پێداویستیەکانی، ڕازێکی دوور و درێژخایەنی هەیە، ئەو تەمەنەی کە لەو لقەدا بەسەرم برد کە زیاد لە دووساڵ و نیو بوو، ژیانێکی پڕ لە بیرەوەریی خۆش و بەپێز و لە هەمان کاتدا ناڕەحەتیی و ماندووبوون بوو.

تێکەڵاویی و پێکەوە ژیانی من لەگەڵ برایانی بەڕێز: فاخر عەبدولوەهاب ساڵح، حسێن نەجمەدین، عەبدوڵڵا حەمەکەریم، ناسح عەبدوڵڵا، محەممەد مەحمود، محەممەد ساڵح مستەفا، حەمیدحەسن، موحیەدین فاتح، ڕەمەزان محەممەد ساڵح، خەلیل ئیبراهیم، ئایارعەبدولقادر، م.عەبدولجەبار، جاسم مەجید، کاك عەبدولوەهاب، م.بەها دین، م.عەلی گڵاڵی، دکتۆر مەجید محەممەد، تەوفیق محەممەد ساڵح، م.تاهر ئەحمەد، کاك حەمە

عەلی و كاك لەتیفی موهەندس... تاد، ئەم برایانە ڕاستەوخۆ لەكابینەی لق و ئەنجومەندا هەریەك لەدەورانێكدا بەشدار بوون، هەروەها برایانی فەرمانبەرانی لق: كاك ئاوات، كاك فاخر، كاك عەلی، كاك مەریوان، كاك مەحمودی شۆفیر، خوالێخۆش بوو كاك ئەبوبەكری شۆفر، كاك ئەنوەر فەرەج... تاد، لەگەڵ هەركام لەم برایانە، بەسەدان بیرەوەریی خۆشمان تۆماركردووە.

لەوانە:

- زۆربەی سەفەرمان بۆ لادێ و میوانداریەكان بەحوكمی پۆستەكانیان برایان: عەبدوڵڵاحەمەكەریم و فاخر عەبدولوەهابم لەگەڵدا دەبوون .

- كاك محەممەد مەحمود كە برایەكی دڵپاك و قسە خۆش بوو، لێپرسراوی بەشی هۆشیاریی سیاسی بوو، جاروبار هەواڵی دوا دەخست و لەبەر سەرقاڵیی تری زوو پێی نەدەگەیاندم، كاتێك لێم دەپرسی بۆ ئەو هەواڵەت باس نەكردووە؟ بۆ خۆشیی دەیگوت: بەڕاستی ئەوەندە هەواڵەكە ناخۆشە و ئەندامان ناڕەحەت كراون گوتم: با خەفەتی پێ نەخۆیت بۆیە هەواڵەكەم نەگەیاندووە.

- برایان: حسێن نەجمەدین، عەبدوڵڵا حەمە كەریم، هەردووكیان فەرمانبەری ڕابیتەی ئیسلامیی كورد بوون، بە فەرمانی حزب هەردووكیان دەستیان لەو كارە هەڵگرت وكاری حزبیان لە لقدا پێ سپێردرا، ئەمە هەڵوێستێك بوو شایانی نرخاندن و مایەی شانازیی ئەو برایانەیە.

پێش ئەوەی دەست لەو کارە هەڵگرن باس لەکاك عەبدوڵڵا وکاك محەممەد ساڵح دەکرا کە لە ڕابیتەوە بێنە لق، شەوێك خەوێکی ناخۆشم بینی، بۆ ڕۆژی دواتر لە لقدا گێڕامەوە کاك محەممەدساڵح بە پێکەنینەوە گوتی: بەڕاستی مامۆستا ئەو دوو کەسەی کە کوشتوتن، من وکاك عەبدوڵڵا حەمە کەریم ین کەدەتەوێ لە ڕابیتە واز ببَنین و یەکلا ببینەوە بۆ کاری حزب لەلقدا.

بۆیە برایان واپێداگرییان دەکرد لە ڕابیتە بمێننەوە، چوونکە لەو سەردەمەدا باری گوزەرانی خەڵك زۆر قورس بوو، سەردەمی ئابلۆقەی ئابووریی سەر هەرێم و عێراق بوو، سەردەمی گرانیی بوو، مووچەی ڕابیتەی ئیسلامیی کوردیش باشبوو.

ئەو کاتە ژیانی کادری حزبیی ناخۆش و باری ئابوریی نالەبار بوو، بەتایبەت ئەو ئەندامانەی کە لە مەڵبەند و لقەکاندا یەکلا کرابوونەوە بۆ کاری حزب.

- بڕیارماندا سەردانی گوندەکانی بناری قەرەداخ بکەین: هۆمەر قەڵا، سەرچاو، دێ گوڵان، گوڵان، شەویش بچینە گوندی زەردەلکاو، لەوێ لەماڵی م.مەلاعومەر عەبدولواحد بمێنێتەوە، بیستبووم گوایا ئاوی زەردەلکاو سازگار نیە، بەڵام گوێم نەدایێ چوونکە گەشتەکەمان لاگرنگتر بوو.

برایان: فاخر عەبدولوەهاب، حسێن نەجمەدین، هاوڕێی سەفەر بوون و شۆفێری ئوتومبێلی لقیش خوالێخۆشبوو کاك بەکر سدیق بوو، م.عەلی کەلاریی کە ئەو کاتە ئەندامی لقی شارەزوور

بوو، ئەویش لەو کاتەدا سەردانی کردین و کە زانی بە نیازی سەردانێکی واین، وەك خزمایەتیی و خەڵکی گوندەکە هات لەگەڵماندا، ڕۆژەکەی سەردانی گوندی هۆمەرقەڵا و سەرچاو مان کرد، ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی خۆش و خەڵکێکی بەڕێزی لێ بوو، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری دەربەنیخانەوە و گوندەکانی ناوچەکە دابەشن بەسەر دامێنی چیای گوڵان و چیای زەردەدا و زیاد لە پانزە گوند هەیە لەم ناوچەیەدا، زۆربەیان ئەوکات بژێویی ژیانیان بەندبوو بە ئاژەڵداریی وکەمێکیشیان خەریکی چاندنی دەغڵ ودان بوون، بەتایبەتی چەڵتوك.

لە زۆربەی گوندەکاندا، ڕابیتەی ئیسلامیی و ئیغاسەی ئیسلامیی، مزگەوتیان بۆ گوند نشینەکان درووست کردبوو، مەلای گوندەکان زۆربەیان یەکگرتوو بوون، لەو بەڕێزانە: م.دارا حەسەن لە گوندی هۆمەرقەڵا، م.ڕەئوف لە گوندی گوڵان، م.عومەر لە گوندی زەردەلکاو بوون.

پێشتریش سەردان و بەسەرکردنەوەمان هەبوو بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە لەو گوندانە بوون، چ وەك مەلای گوندەکان یان وەك مامۆستای خوێندنگە یان کارمەندی تەندروستیی لەو ناوچە دوورە دەستانەدا خزمەتی گوندنشینەکانیان دەکرد، لە سەردانەکانیشماندا لەگەڵ گوندنشینەکاندا کۆدەبووینەوە و سەردانی ماڵە دیارەکانمان دەکرد و ناساغ و هەر ماڵێك کە ئەوبرایانە بە پێویستیان بزانیایە سەردانمان دەکردن.

پێشــتر ڕێکخراوەکانی ئیغاســە و ڕابیتەی ئیســلامیی، پرۆژەی خزمەتگوزاریی وەك ڕاکێشانی ئاو و دروسکردنی قوتابخانە و مزگەوت و نۆڕینگەی پزیشکی گەڕۆك و بنکەی تەندروستیی و یارمەتیی منداڵانی بێباوکیان لەو گوندانەدا ئەنجامدابوو، ئەو پرۆژە و خزمەتانە بۆ ئێمە مایەی ڕووســووریی بوون کە سەردانی ناوچەکانمان دەکرد.

ئێوارە گەیشتینە زەردەلکاو، خەڵکی دێ ڕێزی زۆریان لێ گرتین و چوینە مزگەوت نوێژی شێوانمان کرد.

لە ماڵی خانەخوێکەمان دوای نان خواردن، بۆ دەســشــۆردن چوومە دەرەوە، کاك فاخر و کاك حسێن پرسیاریان کردبوو لە م.عومەر گوتبویان: فرسەتە تا ئەو لە دەرەوەیە با باسی ئاوی ئەم گوندەتان بکەین، چوونکە پێیان وابوو ئەگەر ئاگادار ببم ئاوم پێ ناخورێتەوە.

م.عومەر زۆر بەئاسایی گوتبوی: بەڵێ ڕاستە و تا ئێستاش شەش کەس نەخۆشی (سل ـ تەدەرون) یان گرتووە و لە ژێر چاودێریی ڕێکخراوێکی تەندرووستیدان و دەرمان وەردەگرن.

هاتمە ژوورەوە قســەکەیان پچڕاند، بەڵام لە ســەروبنی باســەکە حاڵیی بووم، گوتم: کاکە لێم مەشــارنەوە ســێ ڕۆژە ئاگادارم و خاتری ئێوەم گرتووە بۆم باس نەکردوون، پێ کەنین ولایان ئاســایی بویەوە، بەڵام کاك بەکری شــۆفێر تا گەڕاینەوە ئاوی نەخواردەوە، هەرچەندە ڕوونکردنەوەم بۆدا کە ڤایرۆس لە ڕێگەی کۆئەندامی هەناسەوە دەگوێزرێتەوە بەڵام بێسوود بوو.

لەو ماوەیەدا کە لێپرسـراوی لقی دەربەنیخان بووم، سـەردان و سەفەری لەم بابەتەم بە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەردا دەکرد وەك : باوە خۆشـێن، کانی سـارد، سـەرتەك، بانی خێڵان، گوندەکانی بناری بەمۆ، کانی کرمانج، مەیدان، قەسڵان، هۆرێن، ناوچەی پشـت کێو، گڵێجاڵ، کانی ژاڵە، عازەبان، چنارە، میرەدێ، کانی میل، سیارە، زەڕایەن، ناوچەی شەمێران... تاد.

بیرەوەریی سێ ساڵی بەرپرسـاریەتی لق و یەك بەیەکی برایانی ئەندام لق و ئەندامانی سـنوری لق، زۆرتر و خۆش ترن لەوەی کەکۆتاییان بێت.

- لەهەمووی زیاتر سـێ سـاڵی پڕ لەبیرەوەری شـیرین و تاڵ لەگەڵ م.حەمە سـەعید حەمەعەلی، وەك لێپرسـراوی مەڵبەند و برایانی مەڵبەند، هەرگیز شـایەنی لەبیر چوون نین، بەڕاسـتی کاتێکی پڕ بەرەکەت بوو.

ئەم بەسـەرهاتە دەگێڕمەوە وەك نموونە: لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوکەوە کە لەناو شاری دەربەنیخاندا بوو، ئاگادار کراین لە نزیکترین کاتدا شاندێکی مەڵبەند سەردانی بەڕێوەبەری ئاسـایشـی پارێزگا (م.جلال) بکەین بۆ کارێکی پێویسـت، تێگەیشـتین کە گرفتێك لە ئارادایە بەڵام نەمانزانی چییە، م.حەمەسەعید سێ کەسی دەسنیشان کرد تا سەردانەکە ئەنجام بدەین: م.ئەمجەد، م.عەلی کەلاریی، من، دواتر منی ڕاسـپارد دەمڕاسی سەردانەکە بم.

چووینە ژوورەوە و بەڕێوەبەر بە لالوتەوە بەخێر هاتنی کردین و پاش کەمێك پرسی: ئەزانن بۆچی بانگم کردوون؟

گوتمان: نەخێر، هەرچی هەیە بیفەرموو.

جەرەسێکی لێدا ڕۆژنامەیەکی یەکگرتوویان بۆ هێنا، نیشانی داین گوتی: ئەمە چییە ئەوە ئیشە ئێوە دەیکەن؟

گوتمان: مەسەلە چییە؟

گوتی: ئەو هەموو پیاهەڵدانە چییە کردووتانە بۆ یادی مەلا مستەفا؟

سەرنجماندا بازنەیەکی سوور کێشرابوو بە دەوری بابەتەکەدا.

قسەو ڕوونکردنەوەی زۆرمان کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ناچار من گوتم: قوربان ئێمەش لە مام جەلالەوە فێربووین ئاوا بدەین بەشانوباڵی مەلا مستەفادا، هێندەیتر ڕەش هەڵگەڕاو گوتی: مەبەستت چییە؟

گوتم: ئەی کاتێك ڕوفاتەکەیان لە شنۆوە هێنایەوە بۆ بادینان، مام جەلال شانی نەدایە ژێر تابووتەکە و گوتی: من کوڕە بچوکی مەلا مستەفام؟

گوتی: ئەوە سیاسەت بووە کاکە، خۆ وەنەبێ بەڕاستی بوو بێت!

منیش گوتم: ئێ کاکە ئێمەش سیاسەت دەکەین.

بەو قسەیە کۆنیشتەکە هێور بوویەوە و بەڕێوەبەریش بەڕوماندا کرایەوە و ئاو و چایی بۆ بانگ کردین و هەندێ قسەمانکرد لە بارەی ڕەچاوکردنی دۆخی یەکترەوە لە ناوچەکەدا.

- هەرکە گەشتینەوە مەڵبەند ئاگاداریان کردم، لە ئاسایشەوە تەلەفۆن کراوە سەردانیان بکەیت و گوتویانە هەر گەڕایەوە با سەردانی ئاسایشی دەربەنیخان بکات.

هەرچی سەرمان هێناو برد، نەمانزانی چییە، جەماعەت گوتیان: لەوانەیە هەر ئەم باسی ڕۆژنامەیە بێت، سەرێك بدە و پێیان بڵێ: لە بەڕێوەبەرایەتیتان قسەمان لەسەر کردووە و کۆتایی هاتووە، بەهەر حاڵ چووم، ڕووبەڕووی هەواڵێکی سەیر بوومەوە: ئەو کەسەی کە چاوەڕێم بوو سەری لێبدەم بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ کردم و گوتی: هەواڵێکما پێ گەشتووە گوایا دەتانەوێت پرۆگرامی خوێندن بگۆڕن، شتی وا لەئارادایە؟

منیش بە سەرسامییەوە گوتم: جا شتیوا کەی کاری حزبە؟ ئەوە ئیشی حکومەت و وەزارەتی پەرەردەیە، من شتی وام نەبیستووە، گوتی: کچێکی تۆ لە پۆلی دووی سەرەتاییدایە و ناوی زەنیرەیە، کتێبێکی خوێندنەوەی کوردیی بردووە بۆ خوێندنگەکەی و داویەتی بە مامۆستایەکی خوێندنگەکە! منیش بیرم هاتەوە کە نووسینێکی م.موحسن جوامێر کە بۆ کوردانی سویدی نووسیوە و ڕابیتەی ئیسلامیی بۆی چاپ کردبوو و نوسخەی لای من هەبوو، ڕۆژێك کچەکەم داوای لێکردم و منیش پێم بەخشیی بۆ خۆی، بۆیە پرسیم کتێبەکە کامەیە و ناوی چییە؟ دەستی برد لە

مێزەکەیدا دەری هێنا و بینیم هەمان ئەو کتێبەیە و چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە و قەناعەتی کرد، تێگەشتین مامۆستایەکی خوێندنگەکە هەواڵەکەی بە کاڵ و کرچیی گەیاندبووە ئاسایش .

گۆڕانکاریەکانی مەڵبەندی چوار

- لە سەرەتای مانگی مایسی ١٩٩٨ بڕیار درا م.حەمە سەعید حەمە عەلی ئەرکی حزبیی بگوێزرێتەوە بۆ هەولێر و م.عادل نوری بۆ هەڵەبجەی شەهید، بۆ پڕکردنەوەی جێگەکانیان کاك حەسەن شێخ عەبدوڵڵا، لە هەڵەبجەوە بۆ بەرپرسی مەڵبەند و منیش بۆ پۆستی پەروەردەیی مەڵبەند، بە بڕیاری لیژنەیەکی مەیدانیی مەکتەبی سیاسی، بڕیاری گواستنەوەم لە لقەوە بۆ مەڵبەند دەرچوو.

هەڵوێستی جوامێرانە و برایانەی برایانی لقی دەربەندیخانم لەیاد ناچێ، کە چەندە هەوڵ و پێداگرییان کرد بۆ ئەوەی لە لق بمێنمەوە، لیژنەکەش ڕوون کردنەوەی زۆری بۆ دان کە بەرژەوەندیی حزب وایە کاك ئیبراهیم بێتە مەڵبەند، دواتر بە هەوڵی من و لیژنەکەشەوە قەناعەتمان پێ کردن کە لەناو خۆیاندا هەڵبژاردن بکەن بۆ لێپرسراوی لق، پێشتر من پێداگریی زۆرم کردبوو کە واباشە لەناو برایانی لقدا هەڵبژاردن بۆ لێپرسراوی لق بکرێت، چوونکە لێم ڕادەبینین و ئامادە سازیشم بۆ ئەو کارە کردبوو، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکەدا کاك حسێن نەجمەدین دەرچوو بە لێپرسراوی لق و پیرۆزباییمان لێ کرد و هیوای سەرکەوتنمان بۆ خواست. کاك حسێن زۆر نیگەران بوو بەوەی

كە ئەو ئەركە دەكەوێتە ئەستۆی، داوای لەمن كرد، قەناعەت بە لیژنەكە بكەم یان خۆم نەڕۆم یان كەسێكی تر دابنرێت، بەڵام سوپاس بۆ خوا سەركەوتوو بوو لە ڕاپەڕاندنی ئەركەكەدا و هەنگاوی باشی هەڵگرت بەرەو پێشەوە.

هاتمەوە مەڵبەند و دیسان پۆستی كارگێڕی پەروەردەیم وەرگرت:

ئەندام مەڵبەندیی یەكگرتوو لەو سەردەمەدا بەگشتیی و بەتایبەتیش بۆ من زۆر ناڕەحەت بوو، چونكە سەرەڕای ئەركە زۆرەكانی سەرشان و ناڕەحەتیی باری ژیان، چەند كۆسپێكی تریش لە بەردەممان‌دا بوون، یەك لەوانە بێ ئیمكاناتی و كەم دەستی حزب كە دەسەڵاتی ئەندام مەڵبەند لە سفرەوە نزیك بوو.

لەگەڵ كاك كەمال حەسەن بەیەكەوە پەروەردە و ڕێكخستنی مەڵبەندمان ڕادەپەڕاند، لەو ماوەیەدا توانیمان گوڕوتینێكی زیاتر بەڕێكخستنەكان بدەین و گرنگی زیاتر بە خول وكۆڕ و سیمینارە ناوخۆییەكان... تاد بدەین.

سەرەڕای ئەو ئەرك و سەرقاڵیە زۆرە، بواری نووسین وخوێندنەوە بۆ من لە پێشتر زیاتر ڕەخساو سودم لێ بینی .

- گۆڕانكاریی تریش لە مەڵبەندی چواردا كرا، لەوانە هاتنی كاك جەمال كاكەبرا لە هەولێرەوە بۆ دەربەنیخان و پۆستی كارگێڕیی و دارایی مەڵبەندی پێ سپێردرا و دواتر ماڵیشی هێنایە دەربەنیخان.

پێم خۆشــــە چەند یادگاریەكی ســـەردەمی ئەندام مەڵبەندیی بگێڕمەوە بە ئومێدی سوود گەیاندن بەخوێنەر و هاوكاروانانم:

- یەكگرتوو بەگشتیی و ئەندامانی ئاستی ئێمە و سەروتر لەناو خەڵكدا بەچەور و دەوڵەمەند و پارەدار ناسرابووین، ڕاستیەكەشی وانەبوو، وەكو لە پێشـــەوە باســـم كرد یەكێك لەكێشـــە و گرفتە گەورەكانمان نەبونیی و هەژاریی و كەم دەســـتی بوو، بەڵام لەبەرانبەرەوە خەڵك نەك هەر بەكەم دەســـتی نەدەزانین، بەڵكو چاوەڕوانی ئەوەبوون یارمەتیی خەڵكیش بدەین، ئەم حاڵەتە زۆر دەروونی ماندوو دەكرین و ئازاری دەداین وكێشـــەی ناقۆلا وگرفتی ناهەمواری بۆ دروست دەكردین.

- وەرز هاوین و ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢٠ بوو، لەگەڵ م.عەلی محەممەد گلاڵی ئێوارە پیاســـەیەكی ناو بازاڕی دەربەنیخانمان دەكرد، لە بازاڕدا چاومان بە وردە پێداویســـتیی ماڵ كەوت و ویســـتمان هەندێكی لێ بكڕین، كە دەســـتمان كرد بەگیرفانماندا بەهەردووكمانەوە دوو دینار(تاك دیناری ئاسن) مان پێ هەڵسوڕا وســـەودای خۆراكەكەشـــمان كردبوو، چاومان گێڕا دوو برای شـــۆفێر و پاســـەوانێكی مەڵبەندی خۆمان لەبازاڕدا دەگەڕان، داوامان لێ كردن گوایا لەبیرمان نەبووە پارە هەڵگرین، پێنج دینارمان لێ وەرگرتن بۆ كڕینی ئەوشتەی كە سەودامان كردبوو یان ڕاست تر بڵێم: بۆ خۆ دەرباز كردن لەكابرای دوكاندار.

هەر لەو كاتەدا هەردووكمان ئاواتمان خواست خۆزگە بۆ خاوەن خامەیەكی ڕەنگین ئەم حاڵەتەی ئێمەی لە نوسینێكدا دابڕشتایە.

هەرچەندە نەبوونیی وگیرفان بەتاڵی زۆر نارەحەتە و لە هەندێ حاڵەتدا بەنەنگی دەژمێردرێ، بەڵام ئێمە پێمان خۆش بوو خەڵك بزانێ حاڵمان چۆنە تالەو ڕێگەیەوە لەو ئیحراجیە دەرباز ببین کە باسمکرد.

- ئەندامانی مەڵبەند بە خێزانەوە بەهاران گەشتێکی بەهاریمان دەکرد، ساڵی ١٩٩٧ گەشتەکەمان تایبەت بوو، چونکە کاك حەمە سەعید حمە عەلی فەرمانی گواستنەوەی بۆ هەولێر دەرچوو بوو بەڵام هێشتا نەڕۆیشتبوو، کاك حەسەن هاتبوو وەك لێپرسراو مەڵبەند بەوەکالەت دەسبەکار بوو بوو .

تەنها م.جەمال کاکەبرا و کاك حەسەن شێخ عەبدوڵڵا خێزانیان نەهێنابوو، گەشتەکە بۆ بناری بەمۆ بوو، کاك ڕەسوڵ وکاك کەمال حەسەن جێگەکەیان دیاریی کرد بوو، سەر گۆڕستانێکیان هەڵبژاردبوو، پێیان دەگوت: شێخ جورەیل، بۆیە برایان و منداڵەکان بۆ خۆشیی دەیان گوت، بۆ سەر قەبران هاتووین نەك سەیران، وریا بن زۆر قڕە و قاڵە و کەیف مەکەن، چوونکە ساڵی پێشوو چووبووین بۆ دەوروبەری گوندی جافەران ی قەرەداخ، بە بەراورد لە گەڵ ئەوێدا زۆری فەرق بوو، لەکاتی گەڕانەوەماندا ئەو ڕێگەی کەپێیدا گەڕاینەوە سەخت و هەڵەت بوو، بەزەحمەت ئۆتومۆبێلەکان دەردەچون، لە هەندێ جێگەدا بەتاڵمان دەکردن ئنجا دەردەچوون، چەند شەو دوای سەیرانەکە بەداخەوە خێزانم منداڵێکی لەبار چوو، منداڵەکە کوڕ بوو، بۆ لەوەو دوا هەرچی ڕێمان دەکەوتە ئەو ڕێگەیە دەمگوت: من و ئەم ڕێگەیە نامانکرێ، ڕۆستەمێکم لەم ڕێگەیەدا لەدەست داوە.

- کاك سـەرتیپ برایەکی خۆشەویست بوو کە چوو بۆ هەندەران، هەرچـەنـدە حکـایـەتی خۆی هـەیـە، بـەڵام لـە لایـەکـەوە نیگـەران بووین بە چوونی، لە لایەکیشەوە پێمان خۆش بوو، لەو ڕووەوە کە هاوڕێیەکمان لەدەسـت داوە و سـەرکردایەتیش ڕەزامەند نەبوون لەسـەر چوونەکەی، پێمان ناخۆش بوو، لەو ڕووەشـەوە کەباری ئـابوریی وکۆمـەڵایـەتی ناخۆش بوو، حەزمان کرد چارەسـەری بکـات، بـەگـەیشـتنی بۆ ئـەوروپـا پـانۆرامـای نـاڕەحـەتیی و نـاسـۆرەکـانی ڕێگـای بـەنامە بۆ ناردینەوە و ئەوەندەی بەو ماوە کورتە لێی تێگەشتبوو، باسـی ژیانی ئەوروپاشـی بۆ کردبووین، لـە هۆڵـەنـدا نیشـتـەجێ بوو، جـارو بـار کـارت و وێنـەی بۆ دەنـاردینـەوە، کـارتێکی بـەدیـاریی بۆ ناردمەوە کەوێنەی شـاری کەمپین بوو، ئەو لەکەمپێکی نزیك شاری کەمپین نیشتەجێ بوو.

- کـاك عـەبدوڵڵا حـەمـەکـەریم ئـەندام لقی دەربەنیخان بوو یەکێك بوو لـەو برایـانـەی کـە من پێی دڵخۆش دەبووم، برایەکی خەلووق و هەسـت ناسـك، بەداخەوە منداڵێکی لە شـەڕی نێوان پارتیی و یـەکیـەتیدا زامدار بوو، بەو هۆیەوە بە دەردیسـەریەکی زۆرەوە نـاچـاربوو بـەرەو دەرەوەی وڵات بڕوات بۆ چـارەسـەری کوڕەکەی، کاك عەبدوڵڵاش سـەرەڕای ناڕەحەتیی و مەینەتەکانی خۆی، ئێمـەی هـەر لـەبیر بوو، بـەنـامـەی دووررودرێژ، ژیـانی ئەورووپای بۆ وێنا دەکردین.

## گواستنەوەم لە مەڵبەندی چوارەوە بۆ خورماڵ و (لێپرسراو لقی خورماڵ) ...

دوای کۆنگرەی سێی یەکگرتوو، تەکلیفکرام بۆ ئەوەی ببمە لێرسراوی لقی خورماڵ، هەرچەندە حەز و ئارەزووی خوێندنی کۆلیژی یاسام هەبوو وکاریشم بۆکردبوو، دەشموویست ماڵم بگوێزمەوە بۆ سلێمانیی و لەوێوە پەرە بەژیان بدەم، بەڵام نەمتوانی بڕیاری یەکگرتوو بشکێنم، بەتایبەت کە لەلایەن م.سەلاحەدینەوە دەسنیشان کرابووم و ڕای تایبەتی ئەوی لەسەربوو کە بڕۆم بۆ خورماڵ، لە سەرێکی تریشەوە چوونکە زێدی خۆم بوو بەجوانم نەدەزانی خۆمی لێ لابدەم.

دوو کەس لە برایانی خورماڵ: کاك هدایەت و کاك عوسمان حەمەکەریم، لە دڵسۆزییانەوە بۆ من هاتن بۆ دەربەنیخان و تێیان گەیاندم لە بەر هەندێ گرفتی ناو خۆیی و دەرەکی لە خورماڵ، پێیان باش بوو نەڕۆم، منیش کەوتمە گومانەوە لە ئیشەکە، بۆیە ڕاوێژم بەهەندێ برای ناسراو کرد و سەردانێکی م.سەلاحەدینم وەك ئەمینداری گشتی کرد و بەڵێنی پشتیوانیی دامێ و براکانیش ڕۆشتنمیان پێ باش بوو، لەئاکامدا بڕیاری ڕۆشتنم هەڵبژارد.

لە بەرواری ١٩٩٩/٩/١٥ لە بارەگای مەڵبەندی چوار بە ڕێوڕەسمێك خواحافیزیم کرد و لە دەربەنیخانەوە بە یاوەریی چەند برایەکی ئازیز: م.عادل نوری وەك بەرپرسی تازەی مەڵبەند و چەند برایەکی ئەندام مەڵبەند، بەرەو خورماڵ بەڕێکەوتین، لەوێش برایان ئاهەنگێکی شیاویان بۆ خوا حافیزیی

له م.محەممەد سادق وەك لێپرسراوی پێشووی لق و پێشوازیی لەئێمە سازكردبوو، پاش ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەكە، دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ براياندا گەڕامەوە بۆ دەربەنيخان، دوای چەند ڕۆژێك بە فەرميی چووم بۆ خورماڵ و شانم دايە بەر ئەركەكە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەم شوێنی نيشتەجێبوونمان ئامادە نەكرابوو، هەم ئومێدی كوڕيشم تازە لەدايك بووبوو، پاش مانگێك ئەوجا ماڵم گواستەوە بۆ خورماڵ، لەو بەينەدا هاتوو چۆم دەكرد، هەفتانە دەگەڕامەوە بۆ دەربەنيخان، خوشك و برايانی خورماڵ لەو ماوەيەدا لوتفی زۆريان نواند لەتەكمدا، لێرەوە سوپاسيان دەكەم.

لەو ماوە زۆرەدا لەوانەيە تەنها چەند ڕۆژێك نيوەڕوان لە لقدا نانم خواردبێت، ئەويش كاك هەورامانی خوشكەزام دوای نان خواردنی خۆی، لە بازاڕەوە بە سەفەری بۆی دەهێنام، ئەوی تری هەموو ژەمێك لە ماڵی برايەك يان خوشكێك ميوان دەبووم، بۆ زۆربەی ماڵەكان خانەخوێ چەن كەسێكی تريشی دەعوەت دەكرد و وەك بۆنەيەكی لێ دەهات، بەڕادەيەك كە براكان بە خۆميان دەگوت: ئەم ئێوارە يان نيوەڕۆ ميوانمانبە، نەمدەزانی وەعد بەكێ بدەم، بۆيە كاك حەمەكەريم وەك ئيدارەی لق ئەو ئەركەی گرتە ئەستۆ و خشتەی دانا، هەركەس داوای دەكرد ڕۆژێكی بۆ دياريی دەكرد و ڕۆژانە منی ئاگادار دەكرد بە خۆم و شۆفێر و پارێزەرەوە ميوانی فڵانە ماڵين، هەميشە بۆ خەو دەهاتمەوە بارەگای لق، يەكەم شەو كە ميوانی كاك حەمەكەريم ڕەحمان بووم و قەبوولم نەكرد لە ماڵی ئەويش بمێنمەوە، كاك

حەمەکەریم ڕەحمان لە گەڵما مایەوە و ئەویش لە بارەگای لق خەوت، هۆکاری ئەو ئیشەش دوو دیوی هەبوو:

- گەورەیی و بەڕێزی خوشك و برایانی ناوچەکە کە زۆربەیان پێیان خۆش بوو کە چوومەتەوە ناوچەکە و ئومێدیان بە چوونەوەکەم هەبوو، تا بتوانم خزمەتێك بەوان و بە یەکگرتووش بکەم (هیوادارم توانیبێتم جێگەی ئومێدیان بووبێتم).

- منیش پێم خۆش بوو پردی پەیوەندیی دروست بکەم لەگەڵ هەموو ئاستەکاندا، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانم بە ئاسانیی بچمە ناو ئیش و گرفتەکانی سەر ڕێگەمەوە .

ئەو دەمە لە خورماڵ بارودۆخی ژیان زۆر سەخت بوو، کۆمەڵێك کەسی نابەرپرس حوکمی ناوچەکەیان دەکرد کە لەدەرەوەی یاسادا بوو، بەناو بەدەست بزووتنەوەی یەکبوونەوە بوو، چەند دامەزراوەیەکی ئیداریی بێدەسەڵات لە ناوچەکەدا هەبوون، بەڵام چەوساندنەوەی سیاسیی و ستەم لەخەڵکی بێدەسەڵات لە چڵەپۆپەیدا بوو، لەگەڵ ئەو حاڵەتەشدا هیچ چەشنە خزمەتگوزارییەك لە ناوچەکەدا نەبوو، تەنات خەڵك لەگوێگرتنی ڕادیۆشدا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، بۆیە چوونی منیش زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام سوپاس بۆخوا ئەو هەلوو مەرجە زوو گۆڕا، هەم بزووتنەوە و هەم حکومەتیش هەستیان بەمەترسیی ڕەوشەکە کردوو هەنگاویان بۆ چارەسەری هەڵگرت، کەمێك ژیان ئاسان بوو تامن ڕۆشتم، پاش کەمتر لە مانگێك پەیوەندیم گەرم کرد لەگەڵ بەرپرسەکانی بزووتنەوە و کەسایەتیە

کاریگەرەکانیاندا، دواتر لەسەرخۆ دەستم بۆ کێشەکانی ناوخۆش برد.

بۆ مێژوو پێویستە بینووسم، یەکەم سەتەلایت و یەکەم کومپیوتەر لەو سەردەمەدا ئێمە بردنمانە خورماڵ و تەنانەت ڕادیۆی هەورامانی بزووتنەوەش دوای ئێمە سەتەلایتیان دانا بۆ ڕادیۆکەیان.

ئەرکی بەرپرسیاریەتی لە خورماڵ و هەوراماندا زۆر قورس بوو، لەڕووی دەرەوە ئەوەی باسم کرد مشتیکە لە کۆمایەك، لەڕووی ناوخۆشەوە بێجگە لە کەڵەکە بوونی مێژوویی برایان و پیربوونی زۆربەی ئەندامان لەگەڵ مێژووی بانگەوازدا، کاردانەوەی خراپی ئەو دۆخە دەرەکیە لەسەر دەرونی خەڵکی ناوچەکە بەگشتیی و ئەندامانی ئێمەشەوە بەتایبەتیی دیار و بەرچاوبوو، هەڵسووکەوتی سەرکردە و بەرپرسەکانی بزووتنەوەش لەگەڵ خەڵکدا ئەوەندەی تر قوڕەکەی خەستر کردبوویەوە.

لێرەوە دەکرێت خوێنەر تێبگات کە ئەرکی حزب و بەرپرسێکی ئیسلامیی وەك یەکگرتوو، چەندە کەمەرشکێن بووە، بەتایبەت بۆ من کەتەکلیف کرابووم، هەوڵ بدەم شەبەنگێك بەو تاریکەشەوە بدەم و هەرنەبێت هەوڵی دەربازکردن و پاراستنی بیری یەکگرتوو لە زەینی ئەندامانی یەکگرتوودا بدەم، لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە لە خورماڵ بووم، نە بەشەوو نەبەڕۆژ، چرکەساتێك لەتەمەنم نەڕۆشتوە، ئیتر ئایا بەتەنها یاخوود لەگەڵ

خوشـك و براكاندا بووبێت، كه سـەرقاڵی ئیشـێك نەبووبم لەپێناو یـەكگرتوو و خوشـــك و براكـانـدا، بـەرلـه نووســـینـەوەی ئـەم بیرەوەریـانـه به دەفتەر و تۆمارەكانمدا چوومەوه كه تایبەت بوون بـەو ســـاڵانـەی تـەمەنم له خورماڵ، لەلایەك زۆر دڵخۆش بووم، لـەلایـەكی ترەوه نیگـەران بووم كـه دەرفـەتی تۆمـاركردنی هـەموویـانم نیـه لـەنێو ئـەم نووســـینـەدا، دەیـان دیـدار لـەگـەڵ ســـەركردەی حزب و گروپه ئیســلامیەكانی ناوچەكەدا، ســـەدان هـەڵوویســـتی نـاوخۆیی خۆمـان، هـەزان دیمـەن و ســـاتەوەختی هەستیار و سۆز ئامێزی ناسكی نێوان خۆم و برایان و هاوكاران، دەیان چركەساتی مەترسیدار و چارەنووس ساز، سـەدان نامەو ڕاسپاردە.

ئـەو كـاتـەی لـه خورمـاڵ بووم هـەم لێپـســـراوی لق بووم، هـەم نووێنـەرایـەتی یـەكگرتووشـــم دەكرد لای ئـەو هێزانـەی كـه لەسنوورەكەدا بوون.

ئەو چەندساڵەی له خورماڵ بووم، هەموو ئێوارەیەك له دەفتەری ڕۆژ ژمێرەكانمدا لەماوەی سێ ساڵدا، گرنگترین ئەو ڕوداوانەم تۆمـار دەكرد كـه پـەیوەســـت بوون بـه كـاری خۆمـه و هـەنـدێ ڕوداوی گشـتیش، تا بگات تەنانەت به كەشـوهەوای ناوچەكەش لـەو شـــەو و ڕۆژەدا، لـەبـەر زۆرییـان نـاكرێت هەمووی لێرەدا تۆمار بكەم بەڵام وەك ئەرشیف دەفتەرەكانم تا ئێستاش پاراستووه دوور نییه لێكۆڵەرێك سودیان لێ وەربگرێت.

بۆ نموونە: چەن ڕوپەڕێکی ئەو یادداشتانە دەنووسم ئەوی تری بە یادگەی مێژوو دەسپێرم:

ڕۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٨ ئەمڕۆ دونیا تەماوییە و هەوا لێڵە، وەك سەرەتایەکیش بۆ پایز هەور ڕووی ئاسمانی گرتووە.

- لە سەرەتای ڕۆژەوە چوومە لق و تاو توێی دەنگوباسمان کرد و چوومە ژوری خۆم.

- پێشوازیم کرد لە وەفدێکی مەڵبەند کە بۆ بەدواداچوونی بەشی بانگەوازی گشتیی هاتبوون.

- چەند ئیشوکارێکی ئیداریی بەشەکان هەبوو ڕاپەڕێنران و نامەیەکمان نوسی بۆ کاك شێخ جەعفەری سەرگەت بەمەبەستی سەردانی کردنی لەماڵەوە، کاك شێخ پیاوێکی بەڕێزی ناوچەکەیە و لە گوندی سەرگەت دادەنیشێت، پەیوەندیم هەیە لەگەڵ کەسایەتیەکانی ناوچەکەدا و سەردانمان دەکەن و ئێمەش لە فرسەتدا دەچینە سەردانیا.

- پێشوازیم کرد لە م.مەلا نامق بەڵخەیی و دواتر لە کاك سەعدەدین سەرگەتی، بۆ نیوەڕۆش هەردوکیان لە ماڵەوە میوانم بوون.

- کاتژمێر سێی عەسر گەڕامەوە بۆ لق و پاشان کاتژمێر چوار لەگەڵ م. ئسماعیل حەمەمین و کاك بکر حەمەسەعید و کاك شەفیع تەوفیق و کاك عومەری خێڵ حەمەییدا بەڕێکەوتین، م.ئیسماعیلمان گەیاندەوە هەڵەبجە و خۆمان گەڕاینەوە بۆ گوندی

تەپەكوڕە كە پێشـــتر مەوعدمان هەبوو ســـەردانی كاك ئیبراهیم بكەین وەك پیاوماقوڵ و دەمڕاســـی گوندەكە و دیدەنیەكەمان باش دەرچوو، دواتر هەر لەوێ ســـەردانی ماڵی م.مەلا نەســـرەدینمان كرد كە مەلای گوندەكەیە.

- لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانم ســـوپاســـی كاك هەورامانی خوشـــكەزام بكەم چونكە زۆربەی ڕۆژەكان ئەوم وەك پارێزەر لەگەڵدایە و ئەركی زۆری لەســـەرشـــانە، هەروەها كاك ئیدریس ئەحمەد كە شەوان هاوكارم بوو و ئەو ئەركەی لە ئەستۆ دەگرت.

- دەمەو ئێوارە بەرەو گوندی خێڵی حەمە بەڕێ كەوتین، پێشـــتر لەگەڵ برایاندا ڕێك كەوتبووین ســـەردانیان بكەین بۆ چارەســـەری چەند گرفتێكی ناوخۆییان.

لەڕێوە سەردانی ماڵی م.مەلا سەعید مەلای گوندەكەمان كرد، بۆ نانی ئێوارە میوانی ماڵی كاك محەممەد حەمەئەمین بووین، شـــەو چووینە ماڵی كاك عومەری مەسول كەرت و تا ســـەعات یانزەی شەو لە كۆبونەوەدا بووین لەگەڵ ڕێكخستنی سنورەكەدا، بۆ خەو گەڕاینەوە خورماڵ، كاك عەلی و كاك عومەر بە جێبەكەی كاك عەلی وەك دڵنیابوون لە ســـەلامەت گەیشـــتنمان تا ناو خورماڵ هاتن لەگەڵماندا، بۆیە سوپاسیان دەكەم.

ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٩ ســـەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەگەڵ كاك جەمال ئەحمەد لێپرســـراوی لقی شـــارازوور، ڕۆشـــتم بۆ هەڵەبجە و ســـەیارەكەی لقی خورماڵم بەجێهێشـــت بۆ ئەوەی وەفدێكی لق پێی بچن بۆ هێلانیێ بۆ ڕێوڕەســـمی كردنەوەی مزگەوتی گوندەكە،

من پێش نیوەڕۆ گەڕامەوە بەڵام ئەوان تا دەمەو عەسر ئەوجا گەڕانەوە.

- پاش عەسر پێشوازیم کرد لە وەفدێکی لقی قوتابیان کە بۆ بەشداریی پرسەی کاك محەممەدی کارەباچی هاتبوون.

- ئەمڕۆ بۆ جاری سێیەم ناردم بەدوای کاك ن.غ دا کە بەحسابی خۆی دڵی عاجز بووە لێمان، بەڵام نەهات.

- شەوەکەی شەوێکی گەرم بوو، کاك موحسن فایەق بۆ ئێوارە لەماڵەوە میوانم بوو، تا کاتژمێر دەونیوی شەو پێکەوە دانیشتین.

ڕۆژی ٢٠٠١/٨/١ ڕۆژی پێشوو بە مەبەستی بەشداریی خولی توێژینەوەی زانستیی، لەگەڵ دوو ئەندام لقدا چووبووم بۆ سلێمانی و شەو نەکرا بگەڕێمەوە، بۆیە بەیانی ئەمڕۆ لە سلێمانیەوە لە گەڵ هاوکارەکانمدا بەڕێکەوتینەوە بەرەو خورماڵ و کاتژمێر دەونیوی پێش نیوەڕۆ گەشتینەوە بارەگای لق لە خورماڵ.

- پێشوازیم کرد لە کاك نەزیر غەفار کە پێشتر وادەمان دانابوو ببیبینم.

- کاتژمێر پێنجی دوای عەسر لەناو بازاڕی خورماڵدا تەقەتفەنگ لەنێوان چەکدارانی کۆمەڵی ئیسلامیی و بزووتنەوەی یەکبوون دا دەستی پێکرد، ئەمە یەکەم ڕووبەڕبوونەوەی چەکداریی بوو لە نێوان ئەو دوو هێزەدا، هۆکارەکەشی هەڵسووکەوتی چەند چەکدارێکی سەربە کاك محەممەدی م.مەلاعەلی بووە کە تازە

بەناوی هێزی سێ وە خۆیان ڕێك خستووە، لەو پێكهەڵپژانەدا سێ كەس بریندار بوون: یەك لە كۆمەڵی ئیسلامیی بەناوی سەردار برای كاك دڵشاد كەلارییە، یەك چەكداری سەربە مەڵبەندی شەشی بزووتنەوەی یەك بوون، دوكاندارێكی میوە فرۆش بەناوی سەعدی مەجید، كە ناوبژیی دوو چەكداری كردبوە.

- نوێژم كرد و كاك تارق هادی هات بۆ لق، پێشوازیمان كرد و دوای كەمێك گفتوگۆ داوای لێ كردین موداخەلەی بارودۆخەكە بكەین و گوتیشی: وەك كۆمەڵی ئیسلامیی هاتووم و ئەندامی مەكتەبی ئەمیرم.

بەڕێزەوە بەڕێمان كرد و پاش ڕاوێژێكی خێرا، بەیاوەریی برایان: كاك عمر سدیق و كاك هیدایەت و هاوكارەكانمان واتە: شۆفێر و پارێزەر، بەڕێكەوتین، سەرەتا چووینە بازاڕ كاك ئەحمەد ـ ناودار بە ئەحمەدە ڕیشە ـ مان بینی، كە فەرماندەیەكی دیار و كارای سەربە كۆمەڵ بوو، هەندێ قسەمان بۆكرد و ئاڵۆزیی دۆخەكەمان بیرهێنایەوە و داوای ئارامیی و دانبەخۆدا گرتنمان لێ كرد.

پاشان چووینە مەڵبەندی شەشی بزووتنەوەی یەكبوون بەڕێزان: جەمال حامد، ناسح مەجید، نەزیر قوربانی، م.گۆران، پێشوازییان لێ كردین، لای ئەوانیش بەهەمان شێوە باسمان لە مەترسیی و ئاڵۆزی دۆخەكە كرد، ئەوان گوتیان: ئێمە لە سەنگەر و بارەگاكانی خۆماندا این بەرگریی دەكەین، بەڵێن بە

ئێوە دەدەین کەسمان نەچینە دەرەوە، بەمەرجێك ئەوان نەیەنە سەرمان.

دواتر چووینە ئەحمەدئاوا کە بارەگای سەرەکیی کۆمەڵی لێیە، لەوێش م.عەلی باپیر لە سەفەری تاران بوو بۆیە ئەم بەڕێزانە پێشوازییان لێ کردین: م.ناسح مەلاسالّح، کاك غازی، کاك نەبەز، کە بە تەرتیب ئەندامی مەکتەب سیاسیی و سەرکردایەتیی و مەکتەب عەسکەری بوون، لەگەڕانەوەشماندا بۆجاری دووەم چووینەوە مەڵبەندی شەش و هێزی هەورامان، لە سەرجەم سەردانەکاندا، سەرەڕای نیگەرانیمان بە پێشهاتەکە، بنەما ئیمانیەکان و برایەتیمان بیردەخستنەوە و داوای خۆڕاگریی و زیاتر نەشڵەقاندنی دۆخەکەمان لێ کردن و پێمان گوتن: شاند و نوێنەری هەردوولاتان لە تارانن، خۆتان ڕاگرن تا بگەڕێنەوە ئەوجا ئەوان چییان پێگوتن وابکەن.

ڕۆشتن و بەشدارییەکەمان سوودی هەبوو، هاوکات چەندکەس لە ڕیش سپیانی ناوچەکە و جەماعەتی تەوحیدیش هاتن بۆ ناوبژیوانی و قسەی خەیر.

لە ئاکامی ئەو ناوبژیوانیەوە کاتژمێر دووی شەو بارەگای مەڵبەندی شەش و سەرقەڵای خورماڵ چۆڵ کران و چەکداری سەربە بزووتنەوەی یەکبوون بەبێ تەقە خورماڵیان بەجێهێشت.

ڕۆژی ٢٠٠١/٨/٣ ئەمڕۆ هەینییە، لە ماڵەوەم و تەنانەت نەچووم بۆ نوێژ و وتاری هەینیش، چوونکە هیچ مانایەك بۆ

جومعە و جەماعەت نەماوەتەوە و هەمووی بووە بە کۆبوونەوەی حزبیی و لەیەکتر خوێندن.

دەمەو ئێوارە هەواڵێك بڵاو بوویەوە کەوا م.عەلی باپیر لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە ئێرانەوە، لە دەورووبەری ناڵپارێز تەقەی لێ کراوە و چوار فیشەك بەر ئوتومبێلەکەی کەوتووە، بەڵام خۆی سەلامەت بووە و ڕاستەوخۆ ڕۆشتووە بۆ کەلار بۆ بەشداریی پرسەی کاك سەردارەکەی برای کاك دڵشاد کە پێرێ بریندار بوو و دواتر کۆچی دوایی کرد .

ڕۆژی ٢٠٠١/٨/٥ کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی کاك عومەرسدیق مان سەرخست و دەرچووین بەرەو هەڵەبجە بەمەبەسی بەشداریی کۆبوونەوەی ئاسایی مەڵبەند، بەڵام لەبەر کارێك کەبۆ م.س پێش هاتبوو کۆبوونەوە نەکراو ئێمەش گەڕاینەوە خورماڵ.

- بەشاندێك بەشداریی پرسەی کاك سەرداری برای کاك دڵشادمان کرد کە لە خورماڵیش و لە مزگەوتی گەڕەکی گەرمیانییەکان پرسەی بۆ دانرابوو، لە پرسەکەدا م.عەلی باپیرم بینی و چەن ڕاسپاردەیەکی هەبوو پێی ڕاگەیاندم، منیش هەواڵپرسیی و سەرەخۆشیم لێ کرد بە بۆنەی کوژرانی ئەو پێشمەرگە و ڕوداوی تەقە لێ کردنەکەشیەوە لەڕێگەی گەڕانەوەیدا لە ئێرانەوە، کە ڕۆژی ٨/٣ نزیك گوندی کانی مانگا تەقە لە کەژاوەی سەیارەکانی کرابوو.

- كە گەڕاینەوە لق، م.عەلی محەممەد و م.عومەر عەبدولعەزیز هاتبوون و لە لق چاوەڕێی گەڕانەوەی ئێمەیان دەکرد.

بەیاوەریی ئەو دوو بەڕێزەش بەشداریی پرسەکەم کردەوە و دواتر لەسەر داوای خۆیان وادەی دیدارێکم بۆ ڕێکخستن بۆ سەردانی م.عەلی باپیر، لە ئەحمەد ئاوا کۆبوونەوەکە ساز کرا و من و کاك عەتا ئادەمیش هاوڕێیەتی مامۆستایانمان کرد.

ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١ ئەمڕۆ سەرلەبەیانی چوومە لق و کاك هەورامانم نارد بۆ هەڵەبجە بۆ ئەوەی ژمارە سێی بڵاوکراوەی پەیوەند کە بڵاوکراوەیەك بوو وەك لق دەرمان دەکرد، فوتوکوپی بکات.

سەرقاڵی ئیشوکاری ڕۆژانەی خۆمان بووین، هەواڵێك لە بازاڕەوە گەیشت کەوا چەکدارێك فیشەکی لەدەس دەرچووە و کاك ئادەم زاهر مارف ی بە سەختی بریندار کردووە، کاك ئادەم کادرێکی چالاکی ناوچەی قوتابیان بوو، ئەندازیار بوو و لە بەنداوی دووکان کاری دەکرد، خزم و خێرخوا ئەویان بەبرینداریی بردووە بۆ هەڵەبجە و چەکدارەکەش لەلایەن ئاسایشی کۆمەڵەوە دەسگیرکراوە.

دەسبەجێ دووبرام بەڕێ خست بۆ ئاسایشی خورماڵ تا خۆ بکەنە خاوەنی مەسەلەکە و چەکدارەکە دەسگیر بکرێت، برایەکیشمان ڕاسپارد سەردانی شوێنی ڕووداوەکە بکات و پێوشێنی ڕوداوەکە بگرێت بزانێت چۆن ڕووی داوە؟

بە تەلەفۆنیش ـ کە ئەوکات جێب تەلەفۆنێکی سـیناومان هەبوو ـ مەڵبەندی هەڵەبجەم ئاگادار کرد و داوام لێ کردن کە بچنە خەستەخانە و بەدەم بریندارەکەوە ببن.

تا ئەم کارانە کرا کەمتر لە کاژێرێکی خایاند، لە هەڵەبجەوە بە تەلەفۆن هەواڵی مردنی کاك ئادەمیان پێگەیاندم، چووین بەپیر تەرمەکەیەوە و لە دووڕیانی زەڵم پێی گەشتین، برایانی هەڵەبجە هاتبوون لەگەڵیدا، تەرمەکەمان گەیاندەوە خورماڵ و پاش بینینی لەلایەن دایك و باوك و هاوسەر و کەسوکاریەوە، ئەسپەردەی خاکمان کرد و لە مزگەوتی نەورەسی پرسەمان بۆدانا.

دواترو پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت چەکدارەکە ناوی ڕزگارە و سەربە جەماعەتی م.کرێکارە و بەرپرسەکەی ناوی سەیید بوو خۆی پێناساندین و تا شەویش مایەوە لەگەڵمان و سەرقاڵی پرسەکە بووین .

وەك پێشتر گوتم: ئەمە مشتێکە لە دەشتێك هەموو ڕۆژەکانی ئەو چەندساڵەی خورماڵ ئاوا ئاڵۆز و پڕلەڕووداو و چالاکی بوون و هەمووی تۆمارە لام .

ڕۆژانی ٧، ٨ ،٩ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠ بە ئەندامیەتی شاندێکی یەکگرتوو، بەشداریم کرد لە کۆنگرەی هەورامان شناسیی کە لە شاری سنە سازکرا و دوو ڕۆژی خایاند، لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا، وێڕای دیدار و یەکتر ناسین لەگەڵ دەیان کەسایەتیی نووسەر و ئەدیبی ئێرانیدا، لەسەر داوای ئەو و لە ڕێگەی م.ئەمجەد بابا حاجیەوە کە نوێنەری یەکگرتوو

بوو لە شاری سنە، سەردانی پارێزگاری سنەمان کرد، سەردەمی حوکمی محەممەد خاتەمیی بوو، پارێزگاریش سەر بە باڵی ئیسلاح خوازی خاتەمیی و پیاوێکی ڕۆشنبیر دیاربوو.

لەو کۆنگرەیەدا شاندی حکوومەتی هەرێم و زۆربەی حزبەکانی کوردستان و دەیان کەسایەتیی دیاری ئەدەبیی و مێژووناس بەشدار بوون.

ئەندامانی شاندی یەکگرتووش لەم بەڕێزانە پێك هاتبوو ماموستایان: محەممەد میرزا، حەسەن مەحموود، عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان، عادل نوری، نەبەز هەورامیی و ئیبراهیم میکە عەلی. م.عادل نوری بەو سیفەتەی لەو کاتەدا ئەندامی سەرکردایەتی بوو، سەرۆکی شاندەکەمان بوو.

کەسایەتیی دیاری تری وەك: م.کەریم زەند، م.عوسمان هەورامیی، م.حەمەکەریم هەورامیی، د.عێزەدین مستەفا ودەیانی تریش بەشدار بوون.

**ئەم بڕگەیەی خوارەوە کە لە سەرداوای خۆشەویستێك و بۆ بوارێکی تر نووسیومە و لەکاتی پێداچوونەوەی ئەم بەشەی کتێبەکەدا بۆ چاپی دووەم، بەباشی دەزانم وەك نموونەیەك بۆ ڕەوشی ژیان لەو دەمەدا ئەو نووسینە لێرەشدا دابنێم :**

هەل و مەرجی هەورامان و بەشێك لە شارەزوور لە مانگی ١٩٩٩/٩ـ ٢٠٠٢/٨

لێکۆڵەر یان نووسەر، گەر بیەوێت قسەی ورد و واتادار و زانستیی لەسەر هەر دیاردەیەك، یان ڕابووردوویەك، یان پرسێك بکات، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتن و بە ئاکام گەیشتنی کارەکەی، بریتییە لەوەی کە بتوانێت:

مەودای کارەکەی لەڕووی بابەتییەوە دیاریی بکات و لەڕووی کاتیشەوە قسە تەنها لەسەر بڕگەیەکی دیاریکراوی کات بکات.

چوونکە بەرەهایی قسەکردن لە سەر هەرشێك، هەڵە و هەڵدێر بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

لەم سۆنگە و قەناعەتەوە، نووسەری ئەم خستنەڕووەش، دەیەوێت: لەڕووی بابەت و بوارەوە قسە لەسەر :

أ ـ بواری سیاسیی.

ب ـ بواری فەرهەنگیی.

ج ـ بواری کۆمەڵایەتیی.

ناوچەکە (هەورامان و بەشێك لە شارەزوور) لە بەرواری ١٩٩٩/٩بۆ ٢٠٠٢/٨ بکات، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو سێ بوارە و دەستنیشان کردنی ئەو دوو بەروارەش، تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: نووسەر لەو ماوەیەدا، بە سیفەتی بەرپرسێکی حزبیی، یەکێك لەو حزبانەی کە بە فەرمیی لە ناوچەکەدا، بارەگا و بوونی جەماوەریی هەبووە و ئەویش وەك هەڵسوڕاوێکی ئەو حزبە و کەسێکی سیاسیی و دیپلۆماسی و هەمیش وەك نووسەر و ڕوناکبیرێك و دواجاریش بەو سیفەتەی کە کوڕی کۆمەڵگەکە و خەڵکی ناوچەکە و شارەزای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە بووە.

پێش ئەوەی بچینە سەر تەوەرەکان پێویستە خوێنەر بزانێت :

أ - دەستبردن بۆ نووسینی ئەم بابەت و خستنە ڕووە، کە زیاتر گێڕانەوەی مێژوویکی تێپەڕە، لەسەر داوای بەڕێز د.موئمن یاسین زەڵمیەو هیوا وایە نووسین و بەدواداچوونەکە بتوانێت وەڵامی داواکەی ئەو بداتەوە و نەشبێتە هۆی زوویر کردنی ئەو خۆشەویستانەی، کە دەشێ ئەوان تەنها ڕووە گەشەکانی حوکمی بزووتنەوەی ئیسلامیی و بزووتنەوەی یەکبوون وکۆمەڵی ئیسلامیی... تاد، لە ناوچەکەدا بینیی بێت و بەهۆی ئەوەوە کە خۆیان لەگۆڕەپانەکەدا بوون یان هەوادارێکی فاکت و واقعەکەبوون، نەیان توانی بێت، دیوە ناباش و تاریکەکانی هەلومەرجەکە ببینن.

نووسەریش کاتێك ئەم خستنەڕووە دەنووسێت، تەنها باس لەوە دەکات کە دیویەتی و هەستی پێکردووە، بێگومانیشە لەوەی کە دەیان خاڵ و وێسگەی جوان و ئەرێنی تریش لە وێنەکەدا بوونیان هەبووە، بەڵام لێرەدا زیاتر قسە لە سەر مەشهەد و دۆخ و دیمەنە گشتیەکە دەکرێت، نەك حاڵەت و وردەکارییەکان.

هەر بابەتێکیش کە باسکرابێت، بە دڵنیاییەوە، نووسەر نموونەی لایە، بەڵام بە پێویستی نەبینیوە نموونەکان بە ناو و تایبەتمەندییەوە بخاتەڕوو.

ب - مەبەست لە: هەورامان، شارۆچکەکانی: (خورماڵ، بیارێ، تەوێڵێ، شارەدێ و گوندەکانی دەورووبەریانە) و مەبەست لە: بەشێك لە شارەزوور یش، ئەو گوند و سنورەی شارەزوورە کە دەکەونە بەری باشووری چۆمی زەڵمەوە، تا نزیکی شارۆچکەی سیروان، کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزە ئیسلامییە چەکدارەکاندا بوو.

یەکەم: بواری سیاسیی: لە بەرواری ١٩٩٩/٩/١٥ وەك بەرپرسی لقی خورماڵی یەکگرتوو چوومە سنوورەکە، کە پێشتر لە لایەن سەرکردایەتیی یەکگرتووەوە تەکلیف کرابووم، بۆ ئەو مەبەستە دەستم لە پۆستی کارگێڕی مەڵبەندی چواری کەرکووکی یەکگرتوو هەڵگرت و پەیوەندیم بە ئەرکە نوێکەمەوە کرد و پاش نزیکەی مانگێك،ماڵیشم لە دەربەنیخانەوە گواستەوە بۆ خورماڵ.

لەم ڕووەوە پێویست بوو بە وردیی و سەرنجەوە بڕوانمە دۆخەکە و پەیوەندییەکانم ڕێك بخەم لەگەڵ بەرپرسانی ئەو هێزەی کە باڵادەس بوو لە ناوچەکەدا (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی)،

لە پاڵ ئەوەشـــدا بگەڕێم بەدوای هێز و ڕێکخســـتنە شـــاراوە و نهێنییەکانی تردا، تا هەم لە هاوکێشـەکاندا سوودیان لێ وەرگرم و هەم سنووریشیان بپارێزم و نەدەم لە خەتیان.

ئـەم پێشـــەکییـەم تـەنها وەك دەروازەیـەك نووســـیی، تـا خوێنەر بزانێت ڕەوشـــەکە چۆن بوە و ئامانج و پاڵنەرەکانی کار کردن چی بوون.

کات: پایزی سـاڵی ١٩٩٩ەیە، ناوچەکە ناوچەیەکی داخراو و بێ بەشـــە لە ســـادەترین خزمەتگوزاریی و ســـەرچاوەی هەواڵ و ڕوونـاکبیریی، تـەنـانـەت بێجگە لە ڕادیۆی مەڵبەندی بزووتنەوەی یـەك بوون، هیچ دەزگـایـەکی میدیـایی لـە نـاوچـەکەدا بوونـی نییە، بێجگـە بزووتنـەوەی یـەکبوون و یـەکگرتووی ئیســـلامیی، هیچ حزب و هێزێك و تەنانەت ڕێکخراوێکیش، بارەگای نییە.

هـەر ئـەوە نـەبوو کـە هیچ دەنگێك بوونـی نـەبێـت، یـان تـەنهـا بزووتنـەوەی یـەکبوون، بوونـی هـەبێـت، بـەڵکو هـەر هێزێکی یـەکبوون یـان بـارەگـای مـەڵبـەنـدەکانی (هەورامان و چەمچەماڵ) کە بارەگایان لە ناو خورماڵدا بوو و هێزی سـۆران لە (بیارێ) و هێزی سـلێمانی لە گوندی ئەحمەد ئاوا و هێزەکانی: هەورامان و گـەرمیـان و شـــارەزوور لـە نـاو خورمـاڵ دا، هـەریـەکـە و وەك حکوومەتێکی ســـەربەخۆ، ئیشـــیان دەکرد و کەس کتابی کەســـی نـەدەخوێندەوە، هـەریـەکـە و دەزگـا و موفتیی و حوکمڕانی خۆی هـەبوو، دەســـیـان وەر دەدایـە هـەموو کـاروبـارێکی خـەڵکی

بێدەسەڵاتی ناوچەکە و شەوانە خەڵك دەفڕێنرا و فەلاقە دەکرا، بە بێ ئەوەی تاوانەکەی ڕابگەیەنرێت.

خەڵکی ناوچەکە بە ناچاریی و لەبەر ئەوەی بەرپرس و جێگر و ئەندامانی مەڵبەندەکەش خەڵکی ناوچەکە بوون، ڕوویان لە بارەگای مەڵبەندی هەورامان دەکرد، بەڵام ئەوانیش هیچیان پێ نەدەکرا و تەنها بەڕێزەوە خەڵکەکەیان بەڕێ دەکرد.

ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی ش لەژێر هەمان فشاردا بوون و تەنها لە ناو شاری هەڵەبجەدا بارەگا و بوونی ئاشکرایان هەبوو، بۆیە: پەیوەندییان بە ئێمەوە دەکرد و دەردەدڵ و خەمی خۆیانیان بۆ باس دەکردم و بەڕاستەوخۆش داوایان لێ دەکردم لەکاتی پێویستدا هاوکارییان بکەم.

پاش هەوڵێکی زۆر، یەکگرتوو بارەگای دووەمی خۆی لە شارەدێی (تەوێڵێ) کردەوە، سەرەڕای گێچەڵ پێگێڕان لێرەولەوێ، بەڵام بەهۆی سیاسەتی یەکگرتوو و ئیسلامیی بوونی حزبەکە و پەیوەندییەکانی ئێمەشەوە، چەشنێك لە پارێزبەندیی و پەراوێزێك لە ئازادیی هەبوو بۆ ئەندامان و هەوادارانی حزبەکە.

ئەم دۆخە زۆر درێژەی نەکێشا و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، قەیرانەکان ئاڵۆزتر بوون و دواتر، پاش کۆنگرەی تەوێڵەی بزووتنەوەی یەکبوون، ئەو بزووتنەوەیە هێواش هێواش مەرکەزیەتی خۆی لەدەس دەدا و هێزەکان سەربەخۆیەتیی خۆیانیان لە بڕیاری سیاسیی و گومرگ و باج وەرگرتن و

پەیوەندیەکانیاندا ڕادەگەیاند، دواتر م.عەلی باپیر هاتە گوندی ئەحمەد ئاوا و بارەگای هێزی سلێمانیی کردە بارەگای خۆی و بێنیازیی خۆی لە بزووتنەوەی یەکبوون ڕاگەیاند و دواتر زۆرێك لە سەرکردەکانی یەکبوون، پەیوەندییان پێوە کرد، پاشان کۆمەڵی ئیسلامییان ڕاگەیاند.

هەر لەم هەلومەرجەدا، م.کرێکار، لە سلێمانیەوە: هاتە(یان ڕاستر بڵێین بەڕێ کران) بۆ گوندی گوڵپ و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

هێزی سۆران لە شارۆچکەی (بیارێ)، سەربەخۆیی خۆیی ڕاگەیاند و پاش ماوەیەك و گەڕانەوەی عەرەب ئەفغان و کورد ئەفغانەکان لە ئەفغانستانەوە بۆ (بیارێ) و دواتر پاش تیرۆر کردنی فرانسۆ هەریریی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتیی و کشانەوەی ئەو هێزەی یەکبوونیش کە ئەم کردەیەی ئەنجام دابوو، بۆ چیای سورێن و دواتر پەیوەندیی کردنیان بە هێزی سۆرانەوە، کۆبوونەوەی ئەو هێزانەی کە چەشنی بیرکردنەوەیان کۆی دەکردنەوە، دواتر جوڵانەوەیەکی سەربازییان لێکەوتەوە بە ناوی (جند الاسلام).

م.شێخ محەممەد و چەند سەرکردەیەکی یەکبوون لە گوندی (سەرگەتە)، جێگیر بوو و بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند.

حاجی تەحسین ی کوڕە بچووکی ڕابەری گشتیی بزووتنەوەش لە شارۆچکەی (تەوێڵێ)، کانتۆنێکی ڕاگەیاند و خۆی کەسی

یەکەم و کاك عابد ناوێکیش کەسی دووەم بوون و حوکمی مەرزە بازرگانییەکان و ناو شارۆچکەکەشیان دەکرد.

ئەمە سەرەڕای هێزەکانی تر کە ئەوانیش لەناو خۆی خۆیاندا دابەش بوون بەسەر ئەم باڵانەدا و تەنانەت ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداریی و کوژرانی کەسی دیاریش کەوتە نێوان هێزەکانی گەرمیان و هەورامان و نووسەری ئەم خستنەڕووە، وەك پێشتر باسکراوە، خۆی ڕۆڵی ناوبژیوانی ئەو شەڕەی گێڕاوە.

دواتر و بەهۆی ئەم پەرێشانییە سیاسییەوە، بزووتنەوەی یەکبوون، هەڵوەشایەوە و ئەم حزب و ڕێکخراوانەی لێ کەوتەوە:

- کۆمەڵی ئیسلامیی، بەسەرۆکایەتی م.عەلی باپیر.

- جندالاسلام، لەژێر ڕابەرایەتی ئەبوعەبداللەی شافعیی.

- بەرەی ئیسڵاح، م.کرێکار.

- م.شێخ محەممەد خۆی و چەند کەسایەتییەکی سەربەو، کە دواتر خۆیان لە ناو کۆمەڵدا دۆزییەوە.

- بزووتنەوەی ئیسلامیی، بە ڕابەرایەتی م.مەلا عەلی، کە میراتگری بزووتنەوەی یەکبوون بوو.

زۆری نەخایاند، جوندولئیسلام شەڕی دژی یەکیەتی نیشتیمانیی ڕاگەیاند و چەندین ڕوبەڕوو بوونەوەی خوێناویی لە نێوانیاندا ڕوویدا، کە دیارترینیان ڕووداوی گوندی خێڵی حەمە بوو.

دوای ئـەم ڕووبـەڕووو بوونـەوانـە، یـەکێتیی نـاچـار بوو لـەگـەڵ م.کرێکـار کـەوتـە گفتووگۆ و دواتر یـەکگرتنی هـەردوو بـاڵی (بەرەی ئیسلاح و جوندولئیسلام) ی لێ کەوتەوە و ڕێکخراوێکی تازە بەناوی (ئەنســارولئیســلام) ی بەڕابەرایەتیی م.کرێکار لێ بـەرهـەمهات، نووســـەری ئـەم بـابـەتـە، بـە وتـاری یـەکگرتوو بەشداریی ڕێوڕەسمی ئەو یەکگرتنەی کرد.

لـە ئـاکـامی لـەدایك بوونی ئـەم حزب و دەســـتانەوە، ناوچەکەش دابـەش بوو بۆ چـەند ورده کانتۆنێك، کە دیار ترینیان: (تەوێڵێ و سوسـەکانە و مەرزی شۆشمێ) بزووتنەوەی ئیسلامیی و حاجی تەحسـین حوکمی دەکرد، (بیارێ) و چەن گوندێکی دەوروبەری، جونـدولئیســـلام حوکمی دەکرد، (خورمـاڵ و گونـدەکـانی دەورووبـەری و ئـەو بـەشــــەی شـــارەزوور کـە نزیکبوو لـە خورماڵەوە) کۆمەڵی ئیسلامیی حوکمی دەکردن.

کە دەڵێین حوکم، مەبەســت تەنها ســەپاندنی دەســەڵاتە، وەگەرنا پرۆســەی خوێدن و شــارەوانیی و باری شــارســتانیی و مووچەی فەرمانبەران و مامۆسـتایان، هەر لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە بەڕێوە دەبرا.

ئـەو دۆخـەش وەك پێشـــینەکانی بە خێرایی تێپەڕیی و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ و سەرەتای ٢٠٠٣ و هێرشە موشەکیەکەی ئەمریکا و پرۆســـەی داگیرکردنی عێراق و ڕوخـانـدنی ڕژێمی بـەعس، کۆتـایی بـە هـەموو ئـەو کـانتۆنـانـە هێنـا و دواتر کۆمـەڵ و

بزووتنـەوە، پـاش دانی بـاجی گـەورە، بـەفۆرمێکی تازەوە هاتنەوە ناو پرۆسەی سیاسیی.

دووەم: بواری فـەرهـەنگیی: بواری فـەرهـەنگیی نـاوچـەکـەش لەژێر زەبری بوارە ســیاســییەکە، گەر ناهەموارتر نەبووبێت، هیچی لە بواری سیاسیی باشتر نەبوو.

پێشترگوتمان: بێجگە لە پرۆسەی خوێندنێکی کلاسیکیی و بوونـی ڕادیۆی مـەڵبـەنـدی هـەورامـان، هیچ دەزگـایـەکی میـدیـایی و ڕۆشنبیریی، لە ناوچەکەدا بوونیا نەبوو، ڕاستە، شەپۆلی ڕادیۆی دەنگی یـەکگرتوو/هـەڵـەبجـە و ڕادیۆی مەڵبەندی شـــارەزووری یـەکێتیی و تـەلـەفزیۆنـەکـانی گـەلی کوردســـتـان و خـاك... تـاد، دەگەشتنە ناوچەکە، بەڵام چ قورەت بوو (بە تایبەت لە سەردەمی بزووتنــەوەی کۆن و دواتر بزووتنــەوەی یــەکبوون و حوکمی مەڵبەند و هێزە پەڕەوازەکاندا) کەسێك بتوانێت ئانتێنێك یان سینی ســەتەلایتێك، لەســەر بانی ماڵەکەی دابنێت، یان دەنگی ئامێری ڕادیۆکەی چ لە ماڵەوە یا چاخانە و دووکان و شوێنە گشتییەکاندا، هەندێك بەرز بکاتەوە؟

تـەنـانـەت لـە کـاتی یـاریـەکـانی مۆنـدیـاڵدا، لاوان کۆدەبوونەوە لە بـارەگـای یـەکگرتوو یـان مـاڵێك یـان چـاخـانـەیـەکدا، بۆ بینینی یـاریـەکـان تـەلـەفزیۆنێکی ڕەشـــوســـپیان دادەنـا، چـەکدارێکی ســەرەڕۆ یان هێزێك، هەڵی دەکوتایە ســەریان و تەلەفزیۆنەکەی یان دەبرد یان دەیشکاند و بێبەشی دەکردن لەو گرد بوونەوەیەش.

ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی فرسەت ڕەخسا، نووسەری ئەم بابەتە، بە هاوکاریی هاوکارەکانی بۆ یەکەمجار، ئامێرێکی سەتەلایتی بردە سنوورەکە و دواتر دووەمی بردە ماڵی خۆی و بە ئاشکراش سینییەکەی لەسەر بانی بارەگای لقی یەکگرتوو و حەوشەی ماڵەکەی خۆی دانا، دواتر دوکانێکی فێربوونی بەکارهێنانی کومپیوتەریشی لە ناو بازاڕی خورماڵ دا کردەوە و خۆشەویست ئیسماعیل سەعدی لەسەر دانا.

پاش ئەم هەوڵە، ڕادیۆی مەڵبەندی هەورامان و دواتریش یەك دوو بەرپرسیی سەربازیی دیاری بزووتنەوەی یەکبوون، ئامێری سەتەلایتیان دانا.

ئیتر لە تەواوی سنوورەکەدا، نە کتێبخانەیەکی گشتیی هەبوو، نە تیپ و دەستەی هوونەریی و شانۆییان هێشتبوو، تاکە کتێب فرۆشییەك لە خورماڵدا هەبوو، بەناوی (کتێب خانەی پێشەنگ) ە وە. بۆ نموونە: دەستەی هونەریی پێشەنگ، کە دەستەیەکی چالاك و فرە مەودابوو و تیپی شانۆ و هوونەر و میوزیك و ئەدەبی لە خۆدەگرت و لە دوای ڕاپەڕینەوە بارەگا و چالاکیی هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا بارەگاکەی داگیرکرابوو و ماڵی پێشمەرگەی بزووتنەوەی تێکرابوو و چالاکییەکانیشی یاساخ کرابوون.

دەیان نموونەی تریش لە توانای جۆراوجۆر، یان ناچار بە هەڵهاتن کرابوون یان دەنگیان خەفەکرابوو لە ناوچەکەدا.

پاشـان هێواش هێواش، سوود لە کەشە فرە میحوەرییەکە وەرگیرا و دیـاردەی ئێوارە دیـداری شـــیعریی و کۆڕی ڕۆشـــنبیریی و چالاکیی هونەریی لە بۆنەکاندا ئەنجام دەدران، دیسان نووسـەری ئـەم بـابـەتـە یەکەم کۆڕی ڕۆشـــنبیریی بەشـــێوەی گشـــتیی، لە کەلاوەیەکی تەنیشـــت بارەگای یەکگرتوودا، ســـاز کرد و دواتر حـەفتـانە بە بەشـــداریی کەســـانی تر بۆ ماوەیەك بەردەوام بوو، دواتر کـەس و ڕێکخراو و دەســـتـەی هوونـەریی و ئـەدەبیی و شـــانۆیی پـەیدا بوون و تا پێش مووشـــەکبارانەکەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، بەردەوام بوون.

لـەم قۆناخەدا، ڕێکخســـتنی لایەنەکانیش بەشـــداریی بەرچاویان دەکرد.

ســـێیـــەم: بواری کۆمـــەڵایـــەتیی: لـــەڕووی کۆمـــەڵایـــەتیی و دیمۆگرافیشـــەوە نـاوچـەکـە، بـە هۆی ڕاوەدوونـانی بـەردەوامی خـەڵکەکە و چـەوســـاندنەوەیانەوە لە لایەن هێزە ســـەربازیی و حزبیەکانی بزووتنەوە و دواتریش لێکەوتەکانی هەڵوەشـــانەوەی بزووتنەوەی یەکبوونەوە و هێنان و نیشـتەجێ کردنی ژمارەیەکی زۆر لـە پێشـــمـــەرگـە و خێزان و هـەوادارانی بزووتنـەوە لـە نـاوچـەکـەدا، کـە لـە موســـڵ و خـەلیفان و جوونـدیـان و ڕانیـە و قەڵادزێ و هەولێر و ســـلێمانی و چەمچەماڵ و گەرمیانەوە، ماڵ و خێزانـی پێشـــمـــەرگـە هێنرابوونـە نـاوچـەکـەوە و وەك ناونرابوو(دارالاســـلام) لەوێ نەك هەر جێگیرکرابوون، بەڵکوو خۆیـان کردوو بـەمـەلا و دەمڕاس و حـاکمی نـاوچـەکـە، هـەموو گوندەکانی شـــارەزوور و ناو خورماڵ و گوندەکانی هەورامان و

تەوێڵێ و بیارەش، مەلای مزگەوتەکانیان، گەنجی کەم سەواد، یان هەر بێسەوادی بزووتنەوە بوون، بەم هۆکارانەوە هەم دیمۆگرافیا و ڕێژەی دانیشتوان شێوێنرا بوو، هەم ڕێز و شکۆی کەسایەتیی و خەڵکی ناوچەکەش سنووردار کرابوو، بێڕێزیی تا ڕادەی هەڵتەکاندنی گۆڕستان و شێواندن و ڕووخاندنی شوێنەوارە مێژوویەکان، بە مێژوو و پیرۆزییەکانی ناوچەکە دەکرا.

چەندین حاڵەتی تەقینەوەی جەماوەریی بەڕووی ئەم خەفەکردنەدا ڕوویان دەدا، بەڵام بە زەبری هێز و بە تۆمەتی دەستی یەکیەتیی، بکەرەکانی سەرەکۆنە و سەرکووت دەکران، هەرکەس ملی بەم نادادی و ستەمە نەدایە، بە دژەدین و هەواداری پارتیی و یەکێتی دەدرا لە قەڵەم و سووکایەتیی پێ دەکرا، تا دواجار یان ناچاریان دەکرد ناوچەکە بەجێ بهێڵی، یان بێدەگ دەکرا.

بەکورتیی ئەمە دۆخی ناوچەکە بوو لەم چەند ڕووەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە گشتاند هەڵەیەکی زەقە لەهەرکارێکدا، بۆیە نابێت لایەنە ئەرێنییەکانی دۆخەکەش، چ لە سەر ئاستی گشتیی و چ لەسەر ئاستی تاکیش نادیدە بگیرێن، چوونکە بێگومان جەماوەری بزووتنەوەی یەکبوون و ڕەوشتی تاکەکانی ناوی و سەرکردەکانیشی، لەلایەکەوە وەك هەموو کۆمەڵگە و ڕێکخراوێکی تر، ئەمانیش ناکرێت بەیەك پێوەر هەڵسەنگێنرێن، لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی حزب و هێز، جیایە لە ڕەوشتی تاکەکەسیی و بنەماڵەیی، کە زۆربەی سەرکردە و تەنانەت چەکدارەکانی ئەو ڕەوتەش، خاوەن و کوڕی مێژوویێکی پاك و

بنەماڵەیەکی خاندانی ناوچەکە بوون، بەڵام کەوتبوونە ناو ئەو دۆخە گشتییەوە و هەر ئەوەندەیان پێدەکرا کە دەیانکرد... کۆتایی.

## گواستنەوەم لە خورماڵەوە بۆ سلێمانی...

پاش بەزیادەوە گوزەراندنی ئەو ماوەیەی کە بەڵێنم دابوو بەحزب لە خورماڵ بمێنمەوە، بە شێوەیەکی فەرمیی داوای گواستنەوەم کرد بۆ سلێمانی و بەمەرجیشم نەگرت کە پۆستی دیاریکراوم ببێت، لەو کاتەدا ڕێگە درابوو بە یەکگرتوو، نووسینگەی نوێنەرایەتیەکەی لە شاری سنەوە بگوێزێتەوە بۆ تاران و لەوێش نووسینگە بکاتەوە، کە پێشتر لە شاری سنەدا بوو و م.ئەمجەد باباحاجی لەوێ بوو، یەکگرتوو بە باشی دەزانی سەرەڕای کردنەوەی نووسینگەی تاران، لە شاری سنەدا هەر نوێنەرایەتیەکەی بهێڵتەوە، بۆ ئەو مەبەستە منیان ئاگادار کرد و منیش ئامادەییم نیشاندا و کاروباری ژیانی خۆمم ڕێکخست و ئامادەی سەفەری ئێران و دەسبەکاربوون بووم و ڕۆژی ڕۆشتنیشم دەسنیشان کرا کە بڕۆم و ئۆفیسی نوێنەرایەتیەکە لە م.ئەمجەد وەرگرم.

بەڵام کە هاتمە سلێمانی، م.محەممەد رەئوف کە بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانیی بوو، ئاگاداری کردم ئەوشەوە ئێران، مەرجی قورسی بۆ هێشتنەوەی ئۆفیسەکەی سنە داناوە و گوتوویانە با وەفدێکی مەکتەب سیاسیی سەردانی ئێران بکات و گفتووگۆی لەبارەوە بکەین، م.سەلاحیش، گوتوویەتی وەڵامیان بدەنەوە ئەو

نوێنەرایەتیەی سنەمان ناوێت و دایخەن و ئەوەی تاران بەسە، بۆیە تۆش جارێ چاوەڕێ بکە تابزانین بەچی دەگەین.

پاش بێهیوا بوون لە ئیشی نوێنەرایەتی ئێران، داوای گواستنەوەکەم تازە کردەوە، پەسەند کرا و بەنووسراوێکی فەرمیی ئەمینداری گشتی، بڕیاری لابردنی ئەرکی بەرپرسیاریەتی لقم لەسەرشان لابرا و سوپاسی ئەرك و ماندووبوونم کرا.

لەبەرواری ٢٠٠٢/٨/٢٠ لە ڕێوڕەسمێکی ناوخۆییدا من دەستم لە کار کێشایەوە و کاك عومەرسدیق دەسبەکار بوو وەك لێپرسراوی تازەی لق، پاش چەند ڕۆژێكماڵم گواستەوە بۆ سلێمانیی و لە گەڕەکی ئازادیی نیشتەجێ بووم، بۆماوەی چەند مانگێك ئەندامی بێ پۆستی مەڵبەندی سلێمانی بووم، لەو ماوەیەدا بێکار و بێتاقەت بووم، حزب تەنها کرێخانوەکەی بۆ دەدام، پاش ماوەیەك بوومە نوێنەری مەکتەبی باسولێکۆڵینەوە لە سنوری سلێمانیدا، دواتر لە مانگی ٢٠٠٢/١١ دەسنیشان کرام بۆ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی لۆکاڵی سلێمانی، بۆماوەی یەك ساڵ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن بووم و لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی ئەوکاتەی تەلەفزیۆن و برایانی گەڕەکی ئازادیدا تێکەڵاویەکی باشم هەبوو و بیرەوەریی جوانمان لاتۆمارە.

لەو ماوەیەدا پێش ئەوەی بچمە تەلەفزیۆن، گەڕامەوە سەر پیشەی خۆم لە بواری تەندروستیدا و بوومەوە بەفەرمانبەری

میریی، لـه گونـدێکی شـــارەزوور بـەنـاوی موانـەکۆن دانرام، لـە حەفتەدا سێ ڕۆژ دەچووم و ئێواران دەچوومە تەلەفزیۆن.

لەم هەلوو مەرجەدا کاك عیمران سەی عەبوڕەحمان، سەردانێکی کردم لەماڵەوە کە ئەوکات ماڵمان لە سابوونکەران بوو، ئاگاداری کردم و گوتی: ئەتوانی بە بڕوانامەی زانســتە شـــەرعیەکەتەوە، داوای خوێندن لەکۆلێژی شـــەریعەی بەغداد پێشـــکەش بکەیت، باســـەکەم بەهەند وەرگرت و لێی چوومە پێشـــەوە و لە کۆلیژی شـــەریعە بـەشـــی(علوم القران) وەرگیرام، لـەو مـاوەیـەدا کـاك عیمران زۆر بـەدەممـەوە دەبوو، دەوامـەکـەشـــم گواســـتـەوە بۆ خەسـتەخانەی فێرکاریی ناوشـاری سـلێمانی، خەفارەتی شـەوانم دەگرت، دەرفـەتی خووێنـدن و تـەلـەفزیۆنیش هـەبوو، لـەوانـەیـە خوێنەر بپرسێت چۆن دەکرێت لە بەغدا قوتابی بیت و لە سلێمانی فەرمانبەر و ئێوارانیش بەڕێوەبەری تەلەفزێۆ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێم: دەوامەکەم خەفارەت بوو، حەفتەی شـــەوێك، هەندێ جار کەســێکم لە جێی خۆم دادەنا و حســـابم بۆ دەکرد، خوێندنی کولیەش هەم ئێواران بوو هەم لە حـەفتەشـــدا چوار ڕۆژ بوو .

بەڵام بەداخەوە نەخۆش کەوتنی خوالێخۆشـــبووی دایکم، ناچاری کردم دەس لە خووێندنەکەی بەغداد هەڵگرم.

بـەمـەبـەســـتی چـاك کردنی گوزەران و ژیـانم، داوام کرد لە کاك حاجی عیســا کاروکاســبیەکم بۆ ڕێك بخات، دوای یەکدوو مانگ

ناساندمی بەکۆمپانیایەکی ئێرانیی تا وەك وەرگێڕی فارسیی لەگەڵیاندا کار بکەم.

بەو هۆیەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ وە دەستم لە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنیش کێشایەوە و سەرقاڵی ئیش بووم لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا.

لەو ماوەیەدا دایکم نەخۆش کەوت و ئەرکی بەدەمەوە بوونی کەوتە ئەستۆی من، بۆماوەی دووساڵ و چەند مانگێك لەگەڵ کۆمپانیای (شرکت تعاونی کرماشان) کە خوالێخۆشبوو ئاغای سدیقیی بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی بوو کارم کرد، سوودم لەو دەرفەتە وەرگرت، پارچە زەویەکم هەبوو وردە وردە قاتی خوارەوەی نەخشەی خانوەکەمم دروستکرد و پاش یەك ساڵ ئەوجا توانیم ماڵم بگوێزمەوە بۆ خانوەکەم لە گەڕەکی کانی با.

پێویستە بڵێم سوودی زۆرم لە ئەزموونی ئاغای سدیقیی وەرگرت و ئەو ماوەی کە لەگەڵیدا ژیام، یەکێك بوو لە بڕگە خۆشەکانی ژیانم .

لەو ماوەیەدا لەکاری حزب دابڕم، بەو بۆنەیەشەوە نەم توانی بەشداریی کۆنگرەی چواری یەکگرتوو بکەم (بەشداریی هەموو کۆنگرەکانم کردووە بێجگە لە کۆنگرەی چوار).

لە کۆنگرەی چوارەمی حزبدا، بڕیاری پێك هێنانی (پەیمانگەی پێگەیاندنی کادیران) درا، دوای کۆنگرە لەدوو دانیشتنی جیادا و لەسەر بانگێشتی ئەوان لەگەڵ م.محەممەد ڕەئووف، م.حەسەن شەمێرانیی دانیشتم، لە هەردوو دانیشتنەکەدا باس لە هۆکاری

دوور کـەوتنـەوەم و میکـانیزمی گـەڕانـەوەم بۆ نـاو ئۆرگـانـە حزبیـەکـان کرا، هـەردوولامـان سـەرنج و ڕەخنـەی خۆمـانمـان هەبوو، لەو ماوەیەدا هەرچەندە کەمێك دوور بووم، بەڵام پابەندی سیاسەتی حزب بووم و ئەوانیش ئەو هەڵوێستەیان نرخاند.

دوای ئەم دیدار و دانیشـتنانە م.عومەر عەبدولعەزیز بانگی کردم و داوای لێ کردم ببمە کارگێڕی پـەیمـانگـەی پێگەیاندنی کادران کە بەڕێزی بەرپرسی دەزگاکە و د.موسەنا ئەمین جێگری بوو.

پاش ئاشـنا بوون بـەکـاری پـەیمـانگەکە ڕەزامەندیم دەربڕیی و دەسبەکار بووم.

هاوکـات لـە سـەرەتـای سـاڵی خوێندنی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ وە لە ڕێگـەی کـاك عـەلی مـەحمود و کـاك محـەممەدعەلی سـەعیدەوە ئاگادار کرام لە دەرفەتێکی تازە بۆ خوێندنی زانکۆیی، گوتیان: لە موسـڵ کۆلیژێکی ئـەهلیی هەیە بەناوی (کلیه المعرفه الجامعه)، دەتوانی بە بڕوانامە کۆنەکەی خۆت داوا نامە پێشـکەش بکەیت، منیش بە دەرفەتێکی باشـم زانیی و داوام پێشـکەش کرد، چوار سـاڵ خوێندن لـە موسـڵ و لـەو هـەلومـەرجە ئـەمنیە ئاڵۆزەی ئـەوکاتەدا و لە هەلومەرجێکی قورسـی کۆمەڵایەتیی خۆمدا، کە ئـەوکـات دوو خـێزانـم هـەبـوو، کـارێکـی زۆر قـورس و ماندووکەربوو، بەڵام بە پشتیوانیی خوا و دڵخۆشیی برای ئازیزم کاك محەممەد عەلی سـەعید، شـانمان دایە بەر ئەو سـەختیەی ژیـان و توانیمان وای لێ بکەین زۆرێك لە مەینەتیەکانی ژیانمانی پێ سووك بکەین.

لـه پـەیمـانگـەی پێگـەیـانـدی کـادیران کـه دواتر د.موســـەنا بووبه بـەرپرس و م.ئیســـمـاعیـل ڕەڤـەنـدیی بـە جێگری، تـا کۆنگرەی پێنجـەم، نـاوەکـەمـان گۆڕی بۆ دەزگـای پێگـەیـانـدنی کـادران و م.ئیسماعیل ڕەڤەندیی بووبه بەرپرسی، من بۆماوەی هەشت ساڵ بـە کـارگێڕی ئـەو پـەیمـانگـە و دەزگـایـە مـامـەوە و دکتور عـەبدولـەتیفیش کـارگێڕی هـەولێر بوو،خوا قـەبووڵی کـات کاری باشمان تێدا کرد.

لە کۆنگرەی شـەشـەم و حـەوتـەمی یەکگرتوودا خۆم کاندید کرد بۆ ســـەرکردایـەتیی، بـەڵام دەنگی پێوویســـتم نـەهێنا، لە کۆنگرەی شـەشـەمدا بڕیاری هەڵوەشـاندنەوەی دەزگای پێگەیاندنی کادیران درا.

بەهۆی هەڵوەشـــانەوەی دەزگای کادرانەوە، لە تەشـــکیلەی تازەدا بوومە کارگێڕی مەکتەبی ڕێکخســـتن بۆ بەشـــی ڕۆشـــنبیریی و ماوەی چوارســـاڵ لەو پۆســـتەدا مامەوە، لەو خولەدا م.محەممەد فەرەج ئەمیداری یەکگرتوو بوو، منیش بە ســـیفەتی پۆســـتەکەم ســـەرنووســـەری بڵاوکراوەی هۆشـــیاریی بووم و لـە هەموو ژمـارەیـەکدا بێجگـە لـە ســـەروتـار لانیکـەم، دوو بـابـەتیشـــم لـە بڵاوکراوەکەدا دەنووســـی، ســـروشـــتی کاری بڵاوکراوەکە وابوو ناوی نووســـەر لەســـەر بابەتەکان نەدەنووســـرا، بەڵام هەموو بڵاوکراوەکە بە ســـیاســـەت و دیدگای حزب دادەنرا، بێجگە لە هۆشـــیـاریش بـەردەوام نـامیلکـە و بڵاوکراوەمـان بۆ نـاوخۆ دەردەکرد، لە ماوەی ئەو خولەدا چەندین بڵاوکراوە و نووســـینیم

بە ناوی بەشی ڕۆشنبیریی مەکتەبەوە ئاراستەی ناوخۆی حزب دەکران.

لەم خولەدا و لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ بەنوێنەرایەتیی یەکگرتوو، بە ئەندامیەتی شاندێك بەشداریم کرد لە کۆنگرەیەکی جیهانیی دەزگا پەروەردەییەکانی ئیخوان کە لە شاری عەممانی پایتەختی ئوردن سازکراو و نوێنەری هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراو و حزب و ڕێکخستنی ئیخوانیی، یان هەواداریی ئیخوانیان تێدابوو، بەشدار بوون، کۆنگرەکە دووڕۆژی خایاند، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکەدا و لە دەرفەتەکاندا، هەم ئێمە و هەم خەڵکی وڵاتانی تریش، هەوڵمان دەدا زۆرترین پەیوەندیی و ڕاگۆڕینەوە لە بارەی پرسە پەیوەندیدارەکانەوە ئەنجام بدەین، یەك لەو دیدارانە، دیدارێکی نیوسەعاتیی بوو لەگەڵ د.محمودعزت ئەنجامماندا، پیاوێکی بەتەمەن بوو تەمەنی لە حەفتا ساڵ بەرەو ژوور بوو، ئەوکات جێگری ڕابەری گشتیی ئیخوان بوو، لەو کاتەدا سەردەمی حوکمڕانیی ئیخوان بوو، د.محەممەدمورسی سەرۆکی وڵاتی میسر بوو، لە دیدارەکەدا قسەمان لەسەر پرسی حوکمڕانیی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان کرد، جێگری ڕابەر، سەرسەختانە پێداگریی لەسەر یەکپارچەیی عێراق کرد و بە ئەدەبیاتی هەشتاکانی سەدەی بیست باسی یەکپارچەیی ئوممەی ئیسلامیی دەکرد، منیش ترس و دوودڵیی کوردم لەو بارەیەوە بۆ ڕوون کردەوە و قسەم لەسەر ئەوە کرد کە مەسەلەی یەکپارچەیی

ئومەی ئیسـلامیی خەونە و ئێسـتە گۆڕانكارییەكانی دوونیا بەرەو ئاراستەی تر دەڕۆن.

پاش كۆتایی هاتنی كۆنگرەكە، بەیاوەری برایەك بەناوی (سـمیر التفاحة)، كە سـەرپەرشـتیارانی كۆنگرەكە ناردیان لەگەڵماندا، گەشـتێكی یەك ڕۆژەمان كرد بۆ شـار و پارێزگاكانی باكووری ئوردن و سـەر دەریای مردوو - البحرالمیت و شـوێنەوارەكانی ڕۆمان و قەڵای (عجلون) ی سەلاحەدینیی ئەیوبیی و شوێنەواری جەنگەكانی سـوپای ئیسـلام و ڕۆمەكان و چەندین ناوچەی تری گەشـتیاریی، لە بینینی قەڵا و شـوێنەوارەكانی سـەلاحەدیندا هەستێكی تایبەتی كوردانە دەرونی دادەگرتم، هەسم دەكرد خۆی لەو ناوەدا وەك شـۆڕەسـوارێك دێت و دەچێت و فەرمان دەردەكات .

لەكۆتایی ئەم خولەی كاری حزبدا، ڕەشنوسی پێڕەو و پرۆگرامی حزب ئامادەكرا و تا پێش دواكۆبوونەوەی ئەنجومەنی سـەركردایەتیی، لە پەیكەری ئەنجومەنی ناوخۆدا لەسـەر پێداگریی من و هاوڕێكانم (ناوەندی ڕوناكبیریی و توێژینەوەی فیكریی)، وەك ناوەندێكی سـەرەكیی لە پەیكەری ئەنجومەنی ناوخۆدا جێگیر كرابوو، بەڵام لە دواكۆبوونەوەی سەركردایەتیدا و پێش كۆنگرە، كرابوو بە بەشـێك لە ناوەندی پەروەردە و ناوەكەشـی گۆڕابوو بە، بەشـی ڕۆشـنبیریی، لە پێڕەوی پێشـنیاركراویشـدا بۆ كۆنگرە، ناوی ناوەندەكە نەمابوو، بۆیە من هەر لەوێوە بڕیارمدا كە دوای كۆنگرە، دەربچم بۆ سەركردایەتیی یان نا، بەو بەشـە ڕازی نەبم و ئەگەر بكرێتەوە بە ناوەندێكی

سەربەخۆ (دیسانەوە ئەندامی سەرکردایەتیی بم یان نا)، ئەو ناوەندە بگرمەوە ئەستۆ و کاری ڕژد و مکوڕانەی تێدا بکەم، بەڵام لە کۆنگرەدا بەو شێوەی کە لە ڕەشنووسدا دانرابوو، تێپەڕێنرا و منیش دوای کۆنگرە بڕیاری کەنارگیریم دا، چوونکە هەستم کرد بەربەستەکانی بەردەم پرۆژەکەی من (کە گەشەدان بوو بە بواری ڕوناکبیریی و کرانەوەی زیاتر)، گەورەترن لەوەی کە چاوەڕێ دەکران، لە دوای کۆنگرەی حەوتەوە تا کۆنگرەی هەشت هیچ پۆستێکم نەبوو، وەك نووسەر و توێژەرێکی سەربەخۆ کارم دەکرد و چەند بەرهەمێکم بەچاپ گەیاند، لە بواری چالاکیی و بەشداریی میدیایشدا زیاتر دەرکەوتم، لە کۆنگرەی هەشتیشدا، پاش ئەوەی کە لە بازنەکەی خۆمدا دەنگی پێویستم هێنا، بەشدارییەکی ڕەمزیم کرد و هیچ چاوەڕوانییەکم نە لە کۆنگرە و نەلە حزب و نە لە گۆڕانکاریش نەبوو.

دوای کۆنگرەی هەشتیش کە ساتی پێداچوونەوەی ئەم یادەوەریانەیە، هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیم بە هیچ لایەنێکەوە نییە و سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆمم و سوود لەکات وەردەگرم بۆ نووسین و وەرگێڕان و خوێندنەوە و بواری کۆمەڵایەتیی، بەرنامەشم وایە تاماوم هەروا بژیم.

بەشیاوی دەبینم لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاوڕێك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆم بدەمەوە و بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر تیشکێکی بخەمەسەر: لە سەرەتای ئەم کتێبەوە باسم لەوە کردووە کە هاوسەری یەکەمم لە لاویەتیدا و لەبەرواری ١٥/ ٦/١٩٨٦

خواستووه و ناوی عەفیفە مەحمود ساڵح ە، لە ئاوارەیی ئێران و تا ساڵی ٢٠٠٦ هەر ئەو هاوسەرم بووە و تا ئەوکاتە شەش منداڵ، چوار کچ و دوو کوڕمان هەبووە، منداڵەکانم ناوەکانیان بەپێی تەمەنیان بەم شێوەیە: زەنیرە، ساهرە، بەسۆز، ئومێد، واران، هەورین.

لەو تەمەنی پێکەوە بوونەماندا کە تا ساڵی ٢٠٠٦، بیست ساڵی ڕێکی دەکرد، هەوراز و نشێو و بوون و نەبوون و عێراق و ئێران و شارەوشاری زۆرمان کرد، لەو سەردەمانەدا تەمەنم زیاتر بەکاری ڕێکخراوەیی و حزبییەوە بەڕێ کرد، بەپێی توانا و دەرفەتیش نازی ماڵ و منداڵم ڕاگیرکردووە و سوپاس بۆ خوا گرفتی گەورەمان نەهاتووەتەڕێ.

بێگومان پێگەیاندنی شەش منداڵ و لەماوەی تەنها بیست ساڵدا و لەو هەلومەرجە سەختەی شەڕی هەشت ساڵە و دواتر ڕاپەڕین و گرانیدا، ئەرکێکی ئاسان نەبوو، بەڵام سوپاس بۆخوا و لە سایەی خۆڕاگری دایکیانەوە و لەسەر شانی ماندووی باوکیان، منداڵ گەورە بوون و تا ئێستا چواریان زانکۆیان خوێندوە و ئەوانیتریش بەڕێگەوەن بەرەو زانکۆ، تا نووسینی ئەم بڕگەیە دوو کچی گەورەم هاوسەرگیرییان کردووە و هیوای بەختەوەریی بۆ ئەوان و هەموان دەخوازم.

لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا بیستودوو جار ماڵمان گواستوەتەوە و نۆ شاروشارۆچکە و گوند و وڵات گەڕاوین، تا دواجار لە گەڕەکی کانیبای شاری سلێمانی خانوومان کرد و نیشتەجێ

بووین، تـا نووســــینی ئـەم یـادەوەرەیش کـە دەکاتە ٢٠٢٠/٧/٢٥ هەر لەوێین.

لە بەرواری ٢٠٠٦/٦/١٥ هاوســـەرگیریی دووەمم لەگەڵ خاتوو نـەســــرین عـەلی محـەممـەد، خـەڵکی گوندی جافـەرانی ناوچەی قەرەداخ ئەنجامدا و ماڵ و حاڵی جیام بۆ درووســـت کرد، ژیانی مـاڵ و منداڵی یـەکـەمم بێنـاز نـەکرد و لـە مـاڵ و خـانووی خۆمدا مانەوە و منیش لەگەڵ هەردوولادا ئاسایی دەژیام.

لەگەڵ خێزانی دووەممدا شـەش سـاڵ و دوو مانگ پێکەوە ژیاین، خواوەند کوڕێکی ژیکەڵەی پێ بەخشــــین و ناومان نا محەممەد، (لـەکاتی ئـەم پێدا چوونـەوەیـەدا تـەمـەنی یـانزە ســـاڵـە و لە پۆلی شـــەشـی بنەڕەتیدایە)، ماڵمان لە شـوقەیەکدا بوو لەو کەمپەدا کە پێی دەگوترا: شـــوققـەکـانی یـەکگرتوو کـە دەکـەوتـە گـەڕەکی زێڕینۆکی سلێمانییەوە.

بەداخەوە بەهۆی نەســازان و جیاوازیی چەشـنی دونیابینیمانەوە، پێکەوە نەمانکرا و پاش زیاتر لە شــەش ســـاڵ پێکەوەژیانی پڕلە لێك تێنەگەشتن، بڕیاری لێك جیابوونەوەمان دا، بەڵام بەچەشنێکی زۆر ســـەخت و ئاڵۆز دەســـمان لە یەخەی یەکتر بەربوو، ئەو ڕێگەی دادگای گرتەبەر و ئەشـکەنجەی دەروونیی زۆری منیدا، دواجار قورســـترین ئـەشــکـەنجـەش دابڕینی کوڕەکەم بوو لێم، بۆماوەی حەوت ساڵ، تەمەنی سێ ساڵ بوو کە لێك دابڕاین و لە تەمەنی دە ســـاڵیدا بەهۆی نەخۆشـکـەوتنی دایکیەوە بەیەك شــاد بووینەوە، لەو چەن سـاڵەدا تەنیا بەیناوبەین و لە سـەرەڕێگە و لە

دادگا و ئەوشـــوێنانـەدا دەمبینی، بـەڵام دواجـار یـەزدانی مـەزن بەدەنگ هات و وەڵامی قرچەی دەروونمی دایەوە.

لـە بـەرواری ٢٠١٢/٦/١٢ واتـە: چەن مانگێك پێش جیابوونەوەم لە خێزانی دوەمم، خێزانی سـێیەمم مارەكرد بەناوی خاتوو چنور ســـەدرەدین عـەلی، كە خەڵكی گوندی گەچێنەی هەورامان بوو، شـوقەیەكم كڕیی لە كەمپێكدا كە پێی دەگوترا گوڵی شـار و لەوێ ماڵم بۆ دروست كرد، چوار ساڵ لەوێ ماینەوە و دواتر شوقەكەم فرۆشـت و لە شـارۆچكەی عەربەت خانوێكم كڕی و ئەم ماڵەم بە خواســـت و ڕەزامـەندیی خۆی بردە ئـەوێ، هێنانی ئەم خێزانەم بـەهۆی نـەســـازانمـەوەبوو لـەگـەڵ دووەم، بـەڵام نـەك هیچ لـە مەسەلەكە نەگۆڕا، بەڵكو قوڕەكە خەستر بوویەوە.

لەم خێزانەشـم خواوەند كوڕێكی تری چاوگەشـی پێ بەخشـین و ناومان ناوە شـەویار، ئێسـتا كە ئەم یادەوەریە دەنووسـم تەمەنی ســێ ســـاڵ و نیوە و لە خۆشـــترین تەمەنی منداڵیدایە و مایەی دڵخۆشیی ماڵە.

پێویســـتـە بـە كورتیی و پوختیی بڵێم: لـەم بوارەدا بـەخـت یـارم نـەبوو، بـەڵام خێزانـەكـانم و منداڵەكانم هۆكاری ئارامیی دەروونم بوون و تائێستاش بەردەوامن بۆم.

لـە ڕووی بژێوی ژیـانیشـــەوە خراپ نییـە خوێنـەر شـــتێكی لێ بزانێت، خوێندنی یـەكـەمم بریتی بوو لـە بڕوانـامـەی ئـامـادەیی نەخۆشـەوانی، كەلە سـاڵی ١٩٨٦ لە سلێمانی تەواوم كرد، هەر لەوســـاڵەدا وەك پێشـــتر باســـم كردووە دامەزرام، وەلێ زۆری

نەخایاند دەوامم بەجێ هێشـــت و بە ئاوارەیی ڕوومان لە ئێران کرد، لەوێ لە بنکەی تەندروسـتیی خێوەتگەی دەربەن دزڵیی کارم دەکرد و سـێ هەزار تمەن مووچەم وەردەگرت کە لەو کاتەدا کیلۆی گۆشتی بەرخ بە ٣٠٠ تمەن بوو، تا لەساڵی ١٩٨٩ یەکلا بوومەوە بۆ کاری حزبیی و ڕێکخراوەیی و لەو ڕێگەیەوە بژێویەکی نەمرونەژیم بۆ دابین بوو تا ساڵی ٢٠٠٢ لەم ماوەیەدا هەر لە ئەندامیەتی و بەرپرسیاریەتی ڕێکحستنی نهێنی ئیخوانەوە بیگرە تا سێ ساڵ مەلایەتیی و دواتر ژیان و بەرپرسیاریەتی حزبیی، هەموویم دەکرد و هەڵسوڕاوێکی دڵسۆز و خوێنەرێکی باش و دەستی نوسینیشم هەبوو. دواتر لە ٢٠٠٢ دیسانەوە بوومەوە بە فەرمانبەری میریی و کاری ئازادیشم لەگەڵ کۆمپانیایەکدا دەکرد و دواتر لەساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٨ نۆرینگەی پزیشکیم هەبوو، لەڕووی بژێویی و ئاستی خۆشگوزەرانیەوە ئەم قۆناخەی ژیانم باشترینیان بوو، بە هۆیەوە توانیم خانوو درووس بکەم و شـوققە و ئوتومبێل بکڕم و ناوماڵی مودێرن و کتێبخانە پێکەوە بنێم و هێندێك لە نووسینەکانم بە چاپ بگەیەنم و چەندین کاری تریش کە باسکردنیان بە پێویست نابینم. لەڕووی ڕۆشنبیریی و فیکریشەوە ئێستە کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ داین، بەردەوام سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕانم لە بواری ڕەخنە و نوێگەریی ئایینیدا و چەندین کتێب و نامەم لە گەورە و بچووك چاپ و بڵاو کراونەتەوە، کە دوا بەرهەمم وەرگێڕانی کتێبێکی دکتور محەممەد شەحرورە و ناوە کوردییەکەی بووەبە (بەرەو بنەماگەلێکی تازەو هاوچەرخ بۆ فیقهی ئیسلامیی) و لەدوو بەرگ و ٨٠٠ لاپەڕە پێك هاتووە.

# بەشی دووەم

## چەن سەرنجێک لە بارەی ئەم بەشەی کتێبەکەوە...

بە پێویستم زانیی ئەم چەند خاڵە بخەمە بەردەست هەوادارانی ئەم بەشـــە لە کتێبەکە و هیوادارم بتوانم مەبەســـتەکەم وەک خۆی بگەیەنم:

١.ئەم گێڕانەوانە مێژوون، ســـوود لێ وەرگرتنی مێژووش بەو شـێوەیە درووسـتە کە: شــەنوکەو بکرێت و سـوود لە باشــەکانی وەربگیرێت و خۆ لە هەڵەکانی لابدرێت.

لایەنگیریی بۆ هەرلایەنێکی ململانێکـانی نـاو مێژوو هەڵەیە، چوونکە ئێمە ئێســـتـا لە ســـەردەمێکی تردا دەژین، جیـا لە سەردەمەکانی ڕابوردوو.

زۆرم پێخۆشـــە کە هەندێ هاوڕێ بەراورد و هەڵســـەنگاندن بۆ هەندێ بڕگەی یادەوەریەکان دەکەن و دیدی خۆیان دەخەنە ڕوو، هیوادارم بەردەوام بن و هاوڕێی تریش شوێن پێیان هەڵگرن.

٢.گێڕانەوەکـان زۆربەیـان تـایبەتن بە تەمەنی لاویەتیی و لەو تەمەنەشـــدا چەن بڕگەیەک کە پەنـدێـک، وانەیەک، وەفـایەک بۆ یەکێک لە برایان و خوشـــکانی تێدابێت، شـــانســـی تۆمار کردنی زیـاتـر بـووە، بـۆیە لـێرەوە داوای لـێ بـوردن لە ســـەرجەم خۆشـــەویســـتانێک دەکەم کە لە بڕگەیەکدا لە خزمەتیاندا بووبم و فرسەتی ناو هێنانیانم نەبووبێت.

٣ .هەوڵم داوە زیاتر تیشـک بخەمە سـەر هەڵوێستی کەسانێک کە بەهەر هۆیەکەوە بێت وەک پێویست نەناسراون.

زوو لە بەرنامەمدا هەبوو کتێبێک بنووسم و ناوی بنێم: (هەڵۆکان دیرۆکی بانگەواز دەگێڕنەوە) و لەو کتێبەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەم کە باسم کردن، بەڵام بە داخەوە ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، هیوادارم ئەم هەوڵە جێگەی بەشێک لەو کتێبە بگرێتەوە.

هەوڵ دەدەم چەندە بتوانم ئەو یادەوەریانە بێنمەوە یاد، کە پێ دەچێت هەم مایەی سوود بن بۆ لاوان و هەم وێنایەکی نزیک لە ڕاستیش لەو سەردەمە نیشان بدەن کە من تیایدا لاو بووم.

٤ .زۆربەی بڕگەکانی ئەم بەشە پێشتر لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بڵاو کراونەتەوە و قسەی زۆریشیان لەسەر کراوە لەلایەن خوێنەران و هاوڕێیانەوە.

بۆیە ئەگەر خوێنەری خۆشەویست هەست بە چەشنێک لە دووبارە بوونەوە بکات هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

لە ڕوویەکی تریشەوە زۆربەی بڕگەکانی ئەم بەشە وەک درێژەی ئەو باسانە دێتە بەرچاو کە لە بەشی یەکەمدا و لەو دەمەدا بە کورتی تیشکم خستوونەتە سەر .

ئیبراهیم میکە عەلی

## (١)

کات: زستانی یەکێک لەساڵەکانی سەرەتای هەشتاکان

شوێن: ئۆردوگای زۆرەملێ لە شارۆچکەی خورماڵ، بە دیاریی کراویی، دوکانی کتێب فرۆشـــیەکەی کاک مەلا ئەحمەدی کوێخا ڕەحیم، نزیک مزگەوتی موسلم.

مێرد منـداڵێکی نە زۆر وتووریـا و نە زۆریش گێژۆڵکە، تـازە بـاوکم بەڕەحمەتی خواچووە و بەجێی هێشـــتووین، هەرچەنـدە دایکم و شـەش خوشک و حەوت برام هەن و زۆربەیان لە ماڵ و حاڵی خۆیاندان، بەو پێیەی من بچووکی هەموویانم، نازی شـیاوم دەدەنێ و بێـدڵیم نـاکەن، وەلێ من بەدوای خۆمـدا دەگەڕێم و دەمەوێ خۆم بدۆزمەوە و پێگەی خۆم چ لە ناو خێزانەکەمدا و چ لە کۆمەڵگەشدا دیاریی بکەم.

بەم خەون و خولیایەوە دەگەڕێم و ڕوو لە زۆر شـــوێن دەکەم، لە هەنـدێکیـانـدا زوو ڕادەچڵەکێم و بەرەو دوا دەگەڕێمەوە و لە هەندێکیشـــیاندا، کە شـــۆڵەی هیوا بەدی دەکەم، هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵ دەگرم.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژێکی زســـتـان، ئەودەمەی دونیـا تەمومژە و پەلەوەر و باڵدەکان ئۆقرەیان لێ دەبڕێت و بەدوای سـەرسـایەکدا دەگەڕێن خۆیـانی تێدا حەشـــار بدەن، منیش ڕووم لەو کتێبخـانە بچکۆلەیە کرد کە بەداخەوە نـازانم نـاو و تـابلۆی هەبوو یـان نـا،

بەڵام دەزانم خاوەنەکەی ناوی ئەحمەد کوێخا ڕەحیم - دەرەمەڕیی و، لە بەرانبەر دەرگای حەوشـەی مزوگەوتی موسـلم دا بوو، لە بەردەم دووکانەکەدا ئیسـتێکم کرد، سـەیرێکی کتێبەکانم کرد، مـامۆسـتـا فەرمووی لێکردم و گوتی: بۆ ژوورۆ بزانو چێشـڤ گەرەکا، کتێب دورۆ تەماشە مەکریۆ !

چوومە ژورەوە و چاوێکم خشـانـد بە بەرگی کتێبەکانـدا، من بەدوای خۆمدا دەگەڕام نەک بەدوای کتێبدا.

لە ڕۆگەی گەڕان بەدوای خۆمەوە، سـۆمای چاوم لەسـەر دوو ناونیشان گیرسایەوە:

١ .ڕەوی پەڕەسـێلکەکان، چوونکە باسـی چلویەک سـاڵ لەمەو پێشـە، بەداخەوە نە نامیلکەکەم ماوە و نە ناوی نوسـەرەکەشـیم لەیاد ماوە .

چرۆی باوەڕ... دیوانە شعرێکی م.عوسمان جوتیار.

٢.کتێبەکانم هەڵگرتوو مامۆسـتا ئەحمەد دەسـتی ڕاکێشـا بۆ دووەمیان و گوتی: ئانەشـا کتێبێ عالا وانەشـۆ و شـعرەکایچ وەرکەرە.

پـارەی کتێبەکـان کە بیرم نەمـاوە چەن بوو (لەوانەیە چەن پەنجاییەک بووبێت، زیاتر یان کەمتر) .

کە چوومەماڵەوە، سـەرەتا (ڕەوی پەڕەسـێلکەکان) م خوێندەوە، چوونکە هاتوچۆی پەڕەسێلکەکان، کە بە بەهاردا پەیدا دەبوون و دوای دروسـتکردن یـان نۆژەن کردنەوەی هێلانەی بنمیچی

هەیوانەکەمـان و خســـتنەوە و پێگەیـاندنی بێچوەکانیان، بە پایزدا بەجێیان دەهێشـتین، ئەم هاتن و چوونەیان، دەمێک بوو سـەرنجی ڕاکێشابووم.

بەم پێیە، یەکەم و دووەم کتێـب و نوســـراوی دەرەکیی، کە خوێنـدنمەوە، ئەو دوو کتێبە بوون، ئیتر کـاروانی خوێنـدنەوە و نووسینم لەوێوە دەستی پێ کرد و تائیستاش بەردەوامە.

## (٢)

کات: پایزی ساڵی ١٩٨٢، ئەو دەمەی کە وڵات گیرۆدەی شەڕی نەگریسی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق بووبوو.

شـــوێن: شـــارۆچکەی خورماڵ و بەدیاریی کراویی، مزگەوتی عوسمانی کوڕی عەففان.

بەو پێیەی گەنجێکی تازە دەم و تازە پێگەشتوو بووم و نوێژم لەو مزگەوتەدا دەکرد، ئاگادار بووم کە مامۆســتایانی بەڕێز هەردوو ڕەحمەتی: م.مەلا نوری حەبیـب و م.مەلا شـــێخ ســـدیق، کە هەردووکیان دۆست و خۆشەویستی یەکتر و ناسراو و بەڕێزی ناوچەکەش بوون، ســـەرقاڵی ڕێکخســـتنی ئاهەنگێک بوون بۆ یادی لەدایک بوونی پەیام هێن محەممەد/سڵاوی لەسەر.

منیش وەک لاوێـک کە خولیـای ســـەلمـانـدنی بوونی خۆمم لەســـەردابوو، پەیوەندیم کرد بەو دوو زاتەوە و داوام لێ کردن ڕێگە بدەن منیش بە بابەتێک بەشداریی ئاهەنگەکە بکەم.

لەبەر ئەوەی هەردوو ڕەحمەتیی خەمخۆری ڕاســـتەقینە و مەبەســـتیان بوو دەســـتی نەوەی نوێ بگرن بەرەو مزگەوت، بێ دوودڵیی ڕەزامەندییان نواند و پرسیان: بەچی بەشداریی دەکەیت و باسی چیمان بۆ دەکەی؟

منیش لەبەر ئەوەی هیچ حسابێکم بۆ مەسەلەکە نەکردبوو، هیچم ئامادە نەبوو، بۆیە گوتم: کەمێکی تر وەڵامتان دەدەمەوە.

خێرا گەڕامەوە ماڵەوە و هەندێ کتێب و هەندێ (شریتی تەجیل)م هەبوون، هەموویانم دابەیەکدا و لە ئاکامدا بڕیارمدا پارچە شعرێکی م.کرێکار ئامادە بکەم کە لە شریتێکدا و بەدەنگی خۆیەوە لەلام بوو.

پارچە شعرەکە باسی لە شۆڕشگێڕێکی ئیخوانی خەڵکی شاری حەلەبی سوریا دەکرد کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی سووریەوە بەو نزیکانە لە سێدارە درابوو، بەم شێوەیە دەستی پێ دەکرد :

دەزانن بۆ مەروان حەدید پەت ئاڵێنرا لەگەردنی؟

چونکە پڕبەدڵ بوو دەیوت:

بۆ سەندنی

مافی خوراوی ڕەش و ڕووت

با گوێم لەدەنگی فیشەک بێ

بادەستان (مەشجەب)ی چەک بێ

لەبیرتانە پێی دەوتن:

لە ڕێبازی خەبات کردن

قۆناغ نی یە

موسڵمان پێی بڵێ سرەوتن

مەگەر مردن

بیرتانە دەیوت: کەدەڵێن:

ڕێبازی خواییمان دەوێ

هەم سەلماندنی بوونی خۆ

هەم ئیسلام دەبێ سەرکەوێ

ئارامی بەندی زیندان

لەسەر سزاو ئازار دانی

کۆتا پلەی نەبەزینە

بەڵام خۆگرتنی (سەربەست)

لەسەر ئەشکەنجەی زەلیلی

لەسەر نۆشی تاڵی دیلی

لە عقیدە دا بەزینە

لەسەر ستەم خۆ مت کردن

شێوازێکی خۆ کوشتنە

گەرچی سەرزارەکی ژینە.

وەڵامەکەم بردەوە بۆ مامۆستایان و ڕەزامەندییان نواند، بۆ ڕۆژی دوایی پێش نیوەڕۆ ئاهەنگ سازکرا و گوتاری بەخیرهاتن و یەکدوو گوتار ڕۆشت و ئاهەنگەکە لەلایەن ڕەحمەتیی م.شێخ سدیقەوە بەڕێوە دەبرا.

لەو کاتەدا کە مزگەوت پڕبووبوو لە خەڵکی شـــار و ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانی دەرەوەش، منیش تووشـــی دڵەڕاوکەیەکی توند بووبوم و مەترسیم هەبوو شـەرمو هەیبەتی وەستان بەرەوڕووی خەڵک، کێشـەم بۆ دروس بکات، بەڵام ڕەحمەتیی م.شـێخ سـدیق بە دەنگە سـازەکەی و بەشـێوازێکی ئارام و لەسـەرخۆ، لەسـەر ستەیجەوە گوتی: ئێستاش گوێبیستی هۆنراوەیەکی جوان دەبین، لەلایەن لاوی خوێن گەرمەوە کاکە ئیبراهم بابفەرموێ!

بۆمن شـــەرەفێکی گەورەبوو، یەکەم جـارمە لە ژیـانمـدا لە کۆنیشـــتێکی وادا و لەلایەن بەڕێزێکی وەک مامۆســتاوە بانگ بکرێم بۆ سەر سەکۆی گوتاردان.

بەهەر حاڵ چوومە سـەر سـەکۆ و سوپاس بۆ خوا سـەرکەوتوانە شــعرە حەماســیەکەم خوێندەوە و هاتمە خوارەوە، بەڵام دڵم زۆر بەخێرایی لێی دەدا، نەمهێشـــت بە ڕوخســـار و جەســـتەمەوە دەرکەوێت.

دواتر لەلایەن بەرپرسـەکەی ڕێکخستنمەوە سـەرزەنشـت کرام، کـــــــــــە بۆ پرس و موڵەتم بۆ بـــــــــــەشداریی وەرنەگرتوە ... لێرەوە لە قوڵایی کێشـەی بیرکردنەوەی ئیسلامیی تێبگە!!

## (٣)

کات: سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٤، ڕۆژی پێنج شەممە، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، ئەو کاتەی خۆر دەچێتە دەم کەل. شوێن: سەیتەرەی موخابەراتی بەعسیەکان لەناو شارۆچکەی خورماڵ دا.

کاتێک قوتابی قۆناغی پێنجی ئامادەیی پیشەیی بووم و لە سلێمانی دەمخوێند، بۆ سوود وەرگرتن لە پشووی هەینی گەڕامەوە بۆ خورماڵ، ماڵمان لەوێ بوو لەگەڵ دایکی کۆچکردوما پێکەوە دووقۆڵی دەژیاین، چوونکە باوکم چوار ساڵ لەوەو پێش بەڕەحمەتی خوا چووبوو.

لە سلێمانی کاتژمێرێکی خنجیلانەی سەرمێزم کڕیبوو تا بەدیاریی بیبەمەوە بۆ دایکم و پارچە قوماشێکیشم کڕی بوو بۆ پشتوێنی خۆم (ئەو دەم لەبەرئەوەی کەمەرم باریک بوو حەزم لە پشتوێنی گەورەبوو) سێ بڕگە ئایەتیشم بەختی یەکێک لە هاوڕێکانم (کەبەداخەوە بیرم نایەتەوە کامیان بوو) لەسەر سێ پارچە کارتۆنی سپی (کە ئەودەم پێمان دەگوت: کارتی نەشرە) نووسیبویەوە.

ئایەتەکان ئەم بڕگانەبوون:

(ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون)مائده/٤٤

( ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك هم الثالمون ) مائده/٤٥

(ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون ) مائده/٤٧

ئەودەم ئاوا لەپەیامی ئاسمان تێگەشتبوین!

زیاد لەمانەش شریتێک یان بەکرەیەکی(کەدواتر وشەی کاسێتیش داهات و ئێستا نزیکە بڵێم: نەماوە) تەجیلیشم پێ بوو، گوتارێکی ڕەحمەتیی عەبدولحەمید کشک، گوتار بێژی ناوداری میسریی لەسەربوو .

کەگەشتینە بازگەی ناوبراو لەبەر ئەوەی تەنها خۆم لە سەیارەکەدا مابومەوە و شۆفێریش ئامۆزام بوو گوتی: دامەبەزە دوای گەیاندنی نەفەرەکان دەتبەمەوە نزیکی ماڵ، بەو هۆیەوە دووجار بەبازگەکەدا تێپەڕمان کرد، لە جاری دووەمدا سەربازی بازگەکە داوای پێناس و هەویەی لێ کردم و هەویەی قوتابیەتیم دایە دەستی، بەبینینی هەویەکە هەڵچو و ڕایکێشامە خوارەوە و زەرف و تورەکە و هەرچیم پێ بوو گرتی بە دەستەوە و بە پیاوە ئامۆزاکەمی گوت: تۆ بڕۆ.

دوور نەبوو خەبەرم لەسەر درابێت.

بردمیە ژورەوە و گوتی: گەورەم(گەورەشی ئەعرابیەکی وەک خۆی بوو) ئەوە خۆی و ئەوەش شتەکانی.

گەورەی دەستی کرد بەسەیرکردنی شتەکان و یەکە یەکە دەیپرسی ئەمەچیە؟ جیا لەوەڵامە ڕاستەکانی من، خۆیشی وەڵامێکی درۆینەی دەدایەوە، تاگەشتە سەرەی شریتەکە کە بەعەرەبی بوو، کەمێک گوێی لێگرت و یەک زلەی توندی لێ دام.

کە ئایەتەکانیشـــی بینی فیکەیەکی لێدا و بانگی کابرای دەرگاوانی کرد و هەویەکەی منی دایە دەســـتی و گوتی: بڵێ بە ئەبوو فلان خێرا نوســـراوێکی بۆ بنوسـێت بۆ موخابەراتی هەڵەبجە (ئەوان هەموویان بەعەرەبی قسەیان دەکرد).

لەم کەین و بەینەدا ئامۆزاکەم (مـامۆ کـاکەخـان) هەرکە ئیزنیـان دابوو، تێگەشـــتبوو وەزعەکە خراپە، بۆیە خێرا چووبوو بەدوای پورزایەکمدا و ئـاگـاداری کردبوو (حـاجی محەممەدی پورزام) کەسـایەتیەکی ناسـراو و دەسڕۆیشـتوو بوو، ماڵیشـیان لەو ناوەوە نزیک بوو، بۆیە قسەیان لێ وەردەگرت.

لەو کـاتەدا پێش ئەوەی نوســـراوەکە ئـامـادەبکەن کـاک حـاجی پورزام، خۆی کرد بەژووردا و بەنـاوی خۆمەوە بانگی منی کرد و بەدوای منیشـــدا بانگی کاربەدەسـتی سـەیتەرەکەی کرد و لێی پرسی چیە مەسەلە؟

گوتی: قوربان ئەم گەنجە دەیویســـت بچێت بۆناو حزبی دەعوە و خۆشبەختانە گرتومانە!

پورزاش ڕوونکردنەوەی بۆدا کە خـاڵۆزای ئەوم و مـاڵمـان لە خورماڵە و دوســـێ قســـەی گوت بە هەواڵ دەرەکانیان و گوتی: ئەوراقەکان بدڕێنن هیچی وانیە.

بە منیشی گوت: شتەکانت کۆبکەرەوە و بابچینەدەرەوە.

کـابرای ئحراج کرد و بەهەمـان جێبی ئـامۆزا نـاردمیەوە بۆ ماڵەوە، نموونەی پیاوچاک و بوێر هەردەم زۆر بێت.

## (٤)

کات: هاوینی ساڵی ١٩٨٤.

شوێن: گوندی گۆمەلار  نزیک شارۆچکەی خورماڵ.

ئەو دەم لاوێکی تازە پێگەشـــتوو و ئەندام بووم لە ڕێکخســـتنی (برایـان)، پەیوەنـدیی ئۆرگـانیی و ڕێکخســـتنم لەگەڵ بەڕێز م.عەرەب ئەمین هەبوو.

بە پێی وادەیەکی پێشـوەخت، لە شـارۆچکەی سـیروانەوە بەپێ و لە ڕێگەی سـیراون - تەپەکوڕە – خێڵی حەمە - گۆمەلار، بەرەو گونـدی گۆمەلار بەڕێکەوتم و دەوروبەری دەم ژمێر دەی پێش نیوەڕۆ گەشـــتمە ماڵی کاک عەرەب، کە بەهۆی شـــەڕی نێوان عێراق و ئیرانەوە ئـاوارە ببووین و ئەوان لەو گونـدەدا خـانوە بچکۆلەیەکیان درووســـت کردبوو، چەن ماڵێکی تری خورماڵیش هەر لەوێ بوون.

پـاش بەخێر هێنـانم و کەمێـک حەوانەوە و هەواڵ پرســـین و بەدواداچوون بۆ ئەرکە ڕێکخراوەیی و دەعەویەکـانی دیـداری ڕابوردومـان، چووینە ســـەر خوێنـدنی دەرســـی تـایبەت بەو ڕۆژەمـان، بەپێی مەنهەجی برایـان و قۆنـاغی دوەمی ئەندامیەتی، دەرســـەکەم لە (أصـــول العشـــرين) ی پێشـــەوای شـــەهیددا بوو، گەشتبووینە ئەسڵی دووەم کە ئەمە دەقەکەی بو:

(وللإيمان الصـــادق والعباده الصـــحيحه والمجاهده، نور وحلاوه يقڎفها اللـه فى قلب من يشــــاو من عباده، ولكن الإلهام والخواگر

والكشـف والرؤى ليسـت من أدله الأحكام الشـرعيه، ولاتعتبر إلا بشرگ عدم اصدامها بأحكام الدين ونصوصه) .

بـاوكی كاک عەرەب، ڕەحمەتيی حاجی ئەمين، پياوێكی بەتەمەن و موريدێكی دڵسۆزی ماڵباتی شێخانی نه قشی و سۆفيەكی سەر ڕاست بوو، لەو كاتەدا لە هەيوانی خانوەكەدا ڕاكشابوو.

كاتێک كاک عەرەب دەرسـەكەی شـەرح دەكرد بۆ من و گەشـته سەر بڕگەی (ولكن الالهام والخواگر والكشف والرؤى ليست من أدله الاحكام الشـرعيه) بەنمونەی واقعی ئەم بەشـــەی بۆ ڕوون كردمەوه و گوتـی: ئەوانەی لافی كەشـــف و كەرامـات لێ دەدەن قسەيان بەڵگە نييە لەسەر خەڵک.

دياربوو ئەو باسـە بۆ مام حاجی، هێڵی سـوور بوو، بۆيە بەخۆی و عەساكەی دەستيەوه هاتە ژورەوەو دەنگی بەرز كردەوه بەسەر م.عەرەب دا و گوتـی: بۆت نيە ناوی كەشـــف و كەراماتی ئەوليا ببەيت و لێت قەبووڵ ناكەم.

لەو كـاتەدا خوشـــكی بەڕێز و مـاندو نەنـاس فەريدە عبدالله، كە هـاوژينی كـاک عەرەب و خوشـــكێكی ژير و دەروون فراوان بـوو، فريـاكەوت و مـام حـاجـی ئەمين ی بردە دەرەوه و لە جێگەكەی خۆيدا دای نيشـــاندەوه و هاتەوه ژورەوه، ڕووی كردە كاک عەرەب و پێی گوت: ماڵت ئاوا بێت، تۆش لەم ئيسـلامە پان و بەرينەدا هيچت نەدۆزيەوه بيلێيت بەم كوڕە داماوە، ئەم باسـه نەبێت؟ دەی باسـەكە بگۆڕە و شـتێكی تری پێ بڵێ، بەڵام كاک عەرەب باسـەكەی نەگۆڕی ، چوونكە پرۆگرامی قۆناغەكە بوو

دەبوو بیخوێنم، بەڵام ئەمجار دەرگای ژورەکەمان داخست و بەدەنگی نزم.

گێڕانەوەی ئەم باسانە بەم کورتی و پوختیە، مشتێکە لە خەرمانێک و بەدەم خۆشە هەروا بەئاسانیی چەندین کیلۆمەتر بەپێ و بەترس و لەرز و بەگیرفانی خاڵیەوە ببڕیت.

هەروەها ئەگەر پیاوانی بەعس و ئەڵقە لەگوێکانیان و چەکداری هەندێ لە حزبە کوردستانیەکانیش بە پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنی ئێمەیان بزانیایە کارەساتی لێ دەکەوتەوە.

تێبینی: مامۆستا عەرەب ئەمین، خەڵکی گوندی (هانەو دنیی) هەورامانە و یەکێکە لە برا و مامۆستایانی دێرین و خەباتکارێکی پەرێزپاک و هەڵسوڕاوێکی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بوو لە هەڵەبجە و خورماڵ و سیروان جێ دەستی دیارە و ئیستا لە هەڵەبجە نیشتە جێیە .

# (٥)

کات: کۆتایی زستان ١٩٨٥/٣/١١

شوێن: شاری سلێمانی/گەڕەکی ئیسکان.

لەو کاتەدا کە خوێندکار بووین و لە بەشە ناوخۆیی میریدا دەماینەوە، باڵەخانەی بەشە ناو خۆییەکە لە لایەن پۆلیسەوە پاسەوانیی دەکرا.

ئەو باڵەخانەی کە ئێمەی تێدا بوو لە سێ نهۆم پێک دەهات، خوێندکاری پەیمانگەی پزیشکیی و ئامادەیی نەخۆشەوانی تێدا بوو، نزیک مزگەوتی عومەر لەگەڕەکی ئیسکان (ئێستەش بەشەناوخۆیی زانکۆیە).

خوێندکاری هەموو ناوچەکانی کوردستانی لێ بوو، بەکەرکوکیشەوە.

ئەوکاتیش خوێندکاران زۆربەیان دابەش بوون بەسەر ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی و چەپدا، من و هاوڕێکانم لە چەشنی یەکەم بووین، ئیتر لەوێوە گرنگ نەبوو خەڵکی چ ناوچەیەک بیت، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو هاودید و سەربەیەک دونیابینی و تەوژم بیت، ئیتر خۆبەخۆ هۆگری هاوبیرەکانت دەبوویت و لە برا زیاتر تێکەڵیان دەبوویت.

ئێمەش (وەک قوتابیانی بەشە پزیشکیەکان) لەو ڕوانگەیەوە هەم لە نێوان خۆماندا و هەم لەگەڵ برایانی ناوشاردا تێکەڵ بووین و

ئەو کەش و هەوایەش لەکاتی خۆیدا چێژ و سوودی خۆی هەبوو، یادی ئەو ڕۆژانە بەخەێر.

هەندێکمـان لەنـاو براکاندا زیاتر ناســـرا و بووین و خوێندکاری تــازە کە دەهـات، لە لایەن هێمـایەکی نـاوچەکەیەوە بەیەکێکمـان دەســـپێردرا و تا خوێندنی تەواو دەکرد، لە چوارچێوەی ڕێنمایی ئێمەدا هەڵسوکەوتی دەکرد و دواتر بە نامەیەک ڕادەستی هێمای ناوچەکەی خۆی دەکرایەوە.

هێنـدە هۆگر و تێکەڵی یەک بووبووین بە هـاوینـانیش بێیەکمـان نەدەکرا و سەردانی یەکترمان دەکرد .

لەم کەش و هەوایەدا برایەک بەنـاوی (عەبـدولئەمیر)، خزمێکی بەنــاوی کـاک (ح) بەهۆی بۆردومـانی تۆپخـانەی ئێرانەوە لە شــاری هەڵەبجە بریندار بووبوو، گوێزرابوویەوە بۆ ســلێمانی و کـاک ئەمیر چووبوو بەدەمیەوە لە نەخۆشـــخـانەی فریـاکەوتنی سلێمانی.

بەهۆی ســەختیی برینەکەیەوە، پزیشــکەکان قاچی بریندارەکەیان بڕیبویەوە و کـاک (ئەمیر) ئێوارە درەنگـانێـک، قـاچە بڕاوەکەی هێنـابویەوە بۆ بەشـــە نـاوخۆیی، تـا ســـبەینێ لە ئـارامگـایەک ئەسپەردەی خاکی بکات.

شـــەو چووین بۆ ســـەرەخۆشـیی و هەواڵ پرسـیی لەهاوڕێمان، ڕامـان ســـپـارد قـاچەکە لە تورەکەیەکی قوماشـــدا بە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە شۆڕ بکاتەوە تابەیانی بۆ ئەوەی بۆن نەکات.

بەڵام کاک ئەمیر دوای ئێمە ڕای گۆڕابوو، بردبوویە سەربانی نهۆمی سێهەم، کە بینی بووی قولەی پاسەوانیەکە چۆڵە، لەناو قولەکەدا قاچەکەی دانابوو.

تومەز پۆلیسی پاسەوان لەوکاتەدا گۆڕاوە، یەکەم ڕۆشتوە و دوای کاک ئەمیر دووەم هاتووە، کە دەبینێ قاچێکی بڕاوە لە شوێنی پاسەوانیەکەیدا دانراوە، خێرا بە ئامێری بێتەل پەیوەندیی دەکات بەناوەندەوە و دەڵێت: کەسێک پارچە پاچە کراوە و قاچێکیان لەسەربان و لە قولەکەدا داناوە.

ئیتر خێرا هێزێکی هاوبەشی دەزگا ئەمنیەکانی سەربە وەزارەتی ناوخۆی ڕژێمی ئەو دەم، گەمارۆی تەلاری بەشە ناوخۆییەکە دەدەن و چاودێریی ژورەکان و کۆنترۆڵی هاتوچۆی خوێندکاران دەکەن و هەرکەس چووبێتە دەرەوە یان هاتبێتەوە، گرتویانە و ئێمەش لەژورەوە بێخەبەر.

لەدوای نیوەشەوەوە و نزیکەی کاتژمێر دووی شەو، بەدەنگی هات و هاوار و جنێو و هەڕەشەوە بەخەبەر هاتین، لەژورە چوار کەسیەکەی ئێمەدا، یەکێک لە هاوڕێیان (عوسمان فەرەج) بەخەبەر بوو، خێرا ئاماژەی بۆ کردین کە بێدەنگ بین و گەر درا لە دەرگا خێرا بیکەینەوە، گوتی: من پێشتر هەستام شەو نوێژ بکەم، ئاگام لە وەزعەکەیە و کارەساتێک قەوماوە خوا لامان دات، بدەن لەهەر دەرگایەک و یەکەم لێدان نەکرێتەوە شەق کاریان دەکەن، لەوکاتەدا درا لەدەرگای ئێمەش، دەستو پرد دەرگامان کردەوە و پشکنینی ژورەکەیان کرد، بەشێوازێک کە

سـەری قوتویان دەکردەوە و دەمەونخونیان دەرکردەوە، بەتانیان دەتەکاند، ناو پەڕەی کتێبەکانمان دەگەڕان، ئەفسەرێک بە بێتەلێکەوە بەردەوام قسەی لەگەڵ ناوەنددا دەکرد و دەیگوت: (الوضع تحت السيطرة سيدي)، ئیتر زانیمان شتێک ڕوویداوە، بەڵام گومانمان بۆ هەموو شت دەچوو، قاچی خزمەکەی کاکە ئەمیر نەبێت! ژوور بەژوور هێزەکە دەگەڕا و بەزلە و شەق کەس لە دەسیان دەرباز نەدەبوو، تاگەشتنە ژورێک پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی هاوکاریی، لەو ژوورەدا میوان بوو، خۆی پێ ناساندن و پێناسی دایە دەسیان و گوتی: سەیدی چی ڕویداوە و بەدوای چیدا دەگەڕێن تاهاوکاریتان بکەم؟ ئەفسەرەکەش پاش کەمێک ڕامان، پەیامنێرەکەی بردە لایەکەوە قسەی لەگەڵ کرد، دیار بوو ڕاستی پێ گوت کە هەواڵیان پێگەشتووە کەسێک لەم باڵەخانەیەدا کوژراوە و پارچە پارچە کراوە و قاچێکی لەسەر بان پەیدا کراوە و بەدوای پارچەکانی تری قوربانیەکە و سەرەداوی بکەرانی تاوانەکەدا دەگەڕێن، پەیام نێرەکەش ئاگاداری چیرۆکی قاچەبڕاوەکەی خزمەکەی کاک ئەمیر بوو، ڕاستیی ڕووداوەکەی پێ گوتن و ڕاستەو خۆ پێشیان کەوت بۆ نهۆمی سێهەم بۆ ژورەکەی کاک ئەمیر و هاوڕێکانی و کاک ئەمیریان بەشێوازێک هێنایە خوارەوە هەموومان دڵمان بۆی سووتا... هەزار ڕەحمەت لەڕۆح و نەفسی پاکی کاک ئەمیر، کە دواتر لە هێرشی کیمیاویی هەڵەبجەدا بە ڕەحمەتی خوا چوو، کاک ئەمیریان برد و بەشە ناوخۆیش وەک ئاشی ئاو کەوتوو مایەوە، چەند کەسێک بەقسە هێرشیان دەکردە سەر کاک ئەمیر و ئێمەش ڕوون کردنەوەمان دەدا، تابەیانی بە حەپەسانەوە

ماینەوە و بەدووری دەزانم کەس خەوی لێ کەوتبێتەوە، بۆ بەیانی دوای دەوامی خۆمان، لەگەڵ برایاندا پێک هاتین من سەردانی ئەو بنکەی پۆلیسە بکەم کە بنکەی پۆلیسی ئیجرام بوو، بیناکە دەکەوێتە فلکەی ئیسکانەوە و ئێستا کۆلیژی بازرگانییە، لە سەردانەکەدا کاک ئەمیرم بینی و گوتی: پاش وەرگرتنی لێدوانی من، پەیوەندییان کردوە بە نەخۆشخانەوە و دڵنیا بوون لە ڕاستیی ڕوداوەکە و لەوانەیە وازم لێ بێنن، داوای لێ کردن قاچە بڕاوەکە بدەنەوە بە من تا ئەسپەردەی خاکی بکەم، ڕازیی بوون، منیش لە جێگەیەکی کەناردا لە نزیک بەشە ناوخۆییەکەمانەوە ئەسپەردەی خاکم کرد و دەمەو ئێوارە کاک ئەمیریش ئازاد بوو، سڵاو لەو ڕۆژانە و تەواوی هاوڕێیانی پەیمانگە و ئامادەیی و ڕۆحی کاک ئەمیر شاد... سڵاویش لەکاک (ح) ی گوڵ و هیوای سەلامەتیی بۆ دەخوازم.

## (٦)

کات: هاوینی ساڵی ١٩٨٥، دەمەو نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرم، ئەوکاتەی باڵندەکان لەتاو گەرمای خۆردا دەچنەوە هێلانەکانیان.

شوێن: گوندەکانی (گردەنازێ، قاجر) لە دەشتی شارەزوور.

بەهۆی پشووی هاوینی ساڵی خویندنەوە لەگەڵ هاوڕیکانم دابڕابووین لە یەکتر، چوونکە تێکەڵاویمان زۆر بوو، بیری یەکترمان دەکرد، هاوینی ڕابوردوو هەریەک لە هاوڕێیان: کاک حەسەن حەمەئەمین و کاک عەلی تالیم و کاک عوسمان فەرەج، کە ئێستا بە؛ کاک مەلا حەسەن سەرۆک هۆزی کۆیک، حاجی عەلی تالیم، م.مەلا عوسمان بەناوبانگن.

ئەم سێ بەڕێزە هاوینی ڕابوردوو سەردانی منیان کرد لە خورماڵ و شەوێک لام مانەوە، کاک عەلی ئەحمەد عەزیز یش زستانەکەی هاتبووە دیدەنیم، بۆیە خۆم بە قەرزاریان دەزانی.

ماڵی کاک حەسەن خۆیان ماڵیان لە کۆمەڵگەی شانەدەری بوو، بەڵام بەهۆی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران - عێراقەوە چووبوونە گوندی قاجر لە شارەزوور.

ڕۆژێکی هاوین بڕیارم دا لە شارۆچکەی سیروانەوە بچم بۆ دیدەنیی کاک حەسەن لەگوندی قاجر، کە لەوێ تووتنیان کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ هۆکارێکی پەیوەندیی لە نێوانماندا نەبوو، نەدەکرا پێشتر وادە دابنێین، بۆیە سەرەتا چوومە گوندی گردەنازێ بۆئەوەی لەگەڵ کاک عەلی ئەحمەد عەزیز،

دووقۆڵی بچین بۆ گوندی قاجر و نیوەڕۆ لەوێ بین و دەمەو ئیوارە بگەڕێینەوە.

بەڵام کە چوومە گردەنازێ و ماڵی کاک عەلی، بە داخەوە کاک عەلی لە ماڵ نەبوو، م.بەکر ئەحمەد عەزیز ی برای پێشوازیی کردم و نەخشەی گەشتەکەم بۆ باس کرد، بە داخەوە گوتی: کاک عەلی چووە بۆ سلێمانی، داوای لێ کردم بمێنمەوە تا کاک عەلی بگەڕێتەوە و بەیەکەوە بچین بۆ قاجر، بەڵام من قەبووڵم نەکرد و گوتم: خۆم بەتەنها دەچم، هەرچەندە م.بەکر پێی باش نەبوو بە تەنها بڕۆم، چوونکە دەشتێکی جەنگەڵ و چۆڵ و ڕێگەیەکی نیوسەعاتیی بەگەرمای نیوەڕۆی هاویندا (کە ئەودەم شەڕی جاش و پێشمەرگە لە ئارادابوو) مەترسیداربوو، تەنانەت گوتی: جاش بتگرن تووشی کێشەیەکت دەکەن و وادەزانن بۆ ناو پێشمەرگە دەچی، بەڵام من چوونکە بڕیارم دابوو بچم، سوور بووم لەسەر ڕۆیشتن بەرەو قاجر.

م.بەکر هەندێ ترێی سپی لەکەپری حەوشەکەی خۆیانی بۆ پێچامەوە و گوتی: بائەمەت پێبێت بۆ تینوونەبوون باشە جاروبار لێی بخۆ، ڕێگەی پێ نیشان دام و ماچ ماچێن و خواحافیزیمان کرد.

قرچەی نیوەڕۆ بەتەنها لە گوندی گردەنازێ وە بەرەو گوندی قاجر، بەدەشتێکی چۆڵ و بەناو گژوگیا و کشتوکاڵە هاوینەکاندا، کە بە بەرزی دوومەتر لەملاولای ڕێگەکەوە بەرز بووبوونەوە، بە ناشارەزایی ملی ڕێگەم گرتەبەر.

تا گەشتمە نزیک گوندی قاجر، نەکەسم بینی، نەهیچ گیانەوەرێکیش، تەنها سروە و ورتەی باڵندە دەشتەکیەکان نەبێت کە لەناو هێلانە و حەشارگەکانیانەوە بەهۆی گەرماوە، جاروبار جیوەجیو و گارەگارێکیان لێوەدەهات.

کە نزیک ئاوایی بوومەوە یەکدوو کەپرو ساباتم بینی دانیشتوانەکانیان توتنیان لێدەدا، ڕووم تێکردن بینیم یەکێکیان ماڵی باوکی کاک حەسەنە، دایکی خوالێی خۆش بێت، ناسیمی و هات بەرەو پیرم و پرسیی، چۆن گەشتوویتە ئێرە؟ گوتم: بۆ دیدەنی ئێوە هاتووم، زۆری پێ خۆش بوو، فەرمووی لێ کردم و خوشک و براکانی کاک حەسەن و باوکی ڕەحمەتیی، هەستان بەدەممەوە و بەخێرهاتنیان کردم، بەداخەوە کاک حەسەنی هاوڕێشم لەماڵ نەبوو، لەدڵەوە خەفەتبار بووم بەس دەرم نەبڕی، دایکی گوتی: پێداویستی ماڵمان لێ بڕاوە چووە بۆ سلێمانی و دێتەوە.

منیش تووتن لێدان شارەزابووم، وردە وردە یارمەتیم دان، پاش کەمێک گوتم: بابچم بۆ مزگەوت نوێژەکەم دەکەم تا ئەوکات بەڵکو کاک حەسەنیش بێتەوە.

چووم بۆ مزگەوت بینیم یەکینە و مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەوێن و لە حەوانەوەدان، سڵاوم لێ کردن و نوێژم کرد، لەوکاتەدا، پاسەوانی پێشمەرگەکان کە لەسەر گردی گوندەکە ئێشکی دەگرت، خۆی کرد بەژووردا و گوتی: هێزێکی جاش و جەیش بەرەو ئێرە دێن زووکەن بالێرە دەرچین.

بەرپرسی پێشمەرگەکان لەمن کەوتە گومانەوە گوتی :ئەم گەنجە بپشکنن، گەڕان شتێکی ئەوتۆم پێنەبوو جێگەی گومان بێت، تەنها نامیلکەی (أحاديث الجمعة) ی حەسەن بەننا م پێ بوو، کە سەیری کرد، گوتی: ئیخوانە!

لێی پرسیم: بۆچی هاتووی بۆ ئەم گوندە؟

گوتم: بۆ سەردانی ئەو ماڵە خزمەم هاتووم، چوونکە بە پەلەبوون وازیان هێنا و بەئاراستەی پێچەوانە لەگوندەکە دەرچوون و منیش گەڕامەوە بۆ کەپری خانەخوێکەم.

تا دوای عەسر مامەوە کاک حەسەن هەر دیار نەبوو، بۆیە هەرچەندە تەکلیفیشیان زۆر کرد، بەڵام خواحافیزیم کرد و لە ڕێگەیەکی ترەوە بەرە و جادەی قیرو ڕووبە گوندی گوڵەخانە کەوتمە ڕێ، تا لەوێوە بگەڕیمەوە بۆ شارۆچکەی سیروان کە ماڵمان لەوێ بوو.

پاش دوورکەوتنەوە لەگوندەکە، گەشتمە ئاوی (ڕیشێن) کە ئەودەم چەمێکی گەورە بوو، پێڵاوم داکەند و پەڕیمەوە، کە چوومە ئەوبەر، بینیم کاک حەسەن بە تراکتۆرێکەوە دوام کەوتوە و هاواردەکات و بانگم دەکات.

تومەس دوای من گەڕاوەتەوە و خەبەریان پێداوە و هاتوە بە شوینمدا، هاتە ئەوبەری ئاوەکە و دوای بەخێر هاتنی گەرموو گڕو تۆقە و ڕاموسان، سەرکەوتم لەگەڵی و گەڕاینەوە، ئەو شەوە پێکەوە بووین و بەیانی گەڕامەوە بۆ سیروان.

ئامانج لەم سەردانانە تەنها خۆشەویستی و برایەتیی ڕاستەقینە بوو.

تێبینی: لەو سەردەمە و پێشتریشدا هەموو جوتیارەکانی ئەو ناوچەیە توتنیان دەچاند و میریی بە نرخێکی باش لێی وەردەگرتن بۆ بەرهەم هێنانی جگەرە، هەرکەس شارەزای بێت دەزانێ چەند کارێکی سەخت بوو.

## (٧)

کـات: هـاوینی ســـــاڵی ١٩٨٦، دەمەو ئێوارەیەکی درەنـگ ئەو کاتەی کە لە کوردەواریدا پێی دەڵێین: زەردەپەڕ.

شوێن: شارۆچکەی (سیروان).

ســـــاڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ دواقۆناغی خوێندنی ئامادەیم تەواو کرد، دایکی ڕەحمەتیم بە پەرۆش بوو تاخۆی لە ژیاندایە، من ژن بهێنم و بەحســـــابی خۆی خەیـاڵی ئـاســـووده ببێـت، بۆیە پێش تاقیکردنەوەکانی کۆتایی، لە ڕێی یەکێک لە برایانەوە لەگەڵ ماڵە باوانی هاوســـەرمدا ئاشـــنا بووین و قۆناغ بەقۆناغ، ســـەرەڕای بوونی ئاستەنگی گەورەش تا گەشتینە قۆناغی مارە بڕین.

لە بەرواری ١٩٨٦/٦/١٥ لە دادگا، گرێبەستی هاوسەر گیریمان بەســـت و دواتر کە تاقیکردنەوەکانم تەواو کرد، گواســـتمەوە و ماڵۆچکەیەکم دروســـت کرد (بەڵام بەخوا ئەوە حاڵ نەبوو)، بە هەرحاڵ پاش چەند ڕۆژێک لە تێپەڕبوون بەسەر هاوسەرگیریمدا (لەوانەیە لە مـانگی ئـابـدا بووبێ) چووم بۆ ئیش کردن لەگەڵ وەستای بیناسازیدا.

دەمەو ئێوارەی یەکێـک لەو ڕۆژە ســـەختـانەی کەبەو گەرمـای هاوینە و بەتازەزاوایی ئیشـم تێدا دەکردن، لەڕێگەی گەڕانەوەمدا بەرەو مـاڵەوە، بە بەردەم دووکـانی هەردوو بەڕێزان: حـاجی عەبـدوڕەحمـان ئەحمەد جوامێر و ســـەی ئەدهەم دا تێپەڕیم کە دووکانی قوماش فرۆش (بەزاز)ی یان هەبوو.

سـلاوم لێ كردن و كاك حاجی عەبدوڕەحمان لە دوكانەكە هاتە دەرەوە و دەسـتی گرتم و بردمیە كەنارێكەوە و بەشـێوازێكی نەرمونیـان، پیرۆزبـایی هـاوسـەر گیریی لێ كردم و هیوای بەختەوەریی بۆ خواسـتم، دواتر چەردەیەك پارەی دایەدەسـتم، پرسیم چیە؟گوتی: بیخە باخەڵت، ئێستا بۆت باس دەكەم، پارەكەم هەڵگرت و گوتی: ئەو بڕەپـارەیە سـیوپێنج دینـارە، دیـاریی (جَمْعیـة) ی خۆمانە بەبۆنەی كاری خەیر و هاوسـەرگیریتانەوە دیاریە بۆ ماڵە خنجیلانەكەتان، مەبەسـتی لە (جَمْعیة) ڕێكخسـتنە نهێنیەكەی خۆمان بوو.

منیش هەرچەندە گوتم: پێویسـت بەو زەحمەتە نـاكـات و... تـاد، بەڵام تازە لەگیرفانمدا بوو، بۆی نەبوو دەر بێتەوە.

مرۆڤ كـاتێـك بیر لەو كولەمەرگییەی ژیـان و ئەو هەسـت و سـۆزە ناسـك و دڵسـۆزیی و خەمخۆریەی ئەودەمە دەكاتەوە، ئەوجا قەدری ژیانی ئێستامان و هەست بە گەشەی كارو گۆڕانی هەل و مەرجی ژیانمان دەكات.

# (٨)

کات: نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو.

شوێن: گەڕەکی ئیسکانی ناوشاری سلێمانی و بە دیاریی کراویی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتاب .

ئەو مزگەوتەی کە لەو ڕۆژانەدا ئاوازی بانگ و کەش و هەوای مزگەتەکە بەهۆی بوونی مامۆستای ڕەحەتیی م.ئەبوبەکر کە هەوادارانی بە مامۆستا بەکری ئیسکان ناویان دەبرد، بە هۆی ئەو زاتەوە مزگەوت بۆن و بەرامەی بەهەشتی لێوە دەهات.

ئێمە کۆمەڵە لاوێک بووین بەهۆی نزیکیی بەشە ناوخۆییەکەمانەوە لە مزگەوت و ماڵی مامۆستاوە، هەر زوو ناسراویمان لەگەڵ ئەو پیاوە مەزنەدا پەیدا کرد و هۆگری بووین.

ئێمەش وەک زۆرێک لە برا و خوشکانی ناوشار و دەوروبەری، هەرچەندە هەریەکەمان پەیوەندیی ئۆرگانی و ڕێکخسنی لەگەڵ ناوچەی جوگرافیی و هەرێمی خۆیدا هەبوو، بەڵام م.بەکر بە سۆزە ناسک و دەروونە فراوان و شێوازە کەمەند کێشکەرەکەیەوە، توانی هەموومان هۆگری خۆی بکات و لە دەوری خوانی میهری خۆی کۆمان بکاتەوە.

ئەودەم بەهۆی کۆچی دوایی م.مەلاعەلی محەممەد بەهادینەوە کە پێشتر ئیمامی مزگەوتەکە بووبوو، بۆیە م.بەکر ئەرکی سەرپەرشتیی مزگەوت و ئیمامەتی زۆربەی نوێژەکانی (بەتایبەت عیشا و بەیانی) لە ئەستۆ گرتبوو، ئێمەش بە

پەرۆشـــەوە ئـامـادەی نوێژەكـان و گوێبیســـتی ئـاواز و قورئـان خوێندنە خۆشـــەكەی مـامۆســـتا بەكر دەبووین و هەنگ ئاســـا دەورەمان دەدا.

ڕەمەزانـان زۆربەمـان لە دەوری كۆ دەبووینەوە و خورمـای بۆ دادەنـاین و جاروبار یەكێكمانی بەســـەردەكردەوە و خورمایەكی نـاوك دەكرد و بەنـاوی خۆمـانەوە بـانگی دەكردین و خورمـاكەی دەدایە دەسمان.

بەیانیان دوای نوێژی بەیانی قورئان و مەئســـوراتمان بەدەســـتە جەمعیی دەخوێند.

ئەو توانیبوی هی هەموومـان بێـت، هەریەک لە ئێمە، كە بەكوڕانی گەڕەک و ئێمەشـــەوە پتر لە ســـی كەســـێک دەبووین، هەریەكەمان هەستمان دەكرد بەیەک ئاست نزیكین لەو پیاوەوە.

ڕاوێژمـان پێ دەكرد و ڕێنمـایی حەكیمـانەی دەكردین و زۆرجار گاڵتە و قسەی خۆشیشیمان دەكرد.

ڕۆژێـک لە نزیـک حەوزی مزگەوت و لەكـاتی بەربـانگدا كە مامۆستا خورمای بۆ ئامادە دەكردین، پیاوێک كە بەحسابی خۆی نەتەوە پەروەریی دەكرد، گوتی: مـامۆســـتـا ئەم خورمـایە چیە، خۆتۆ هەر زەحمەتەكە دەكێشـــی بۆچی توو ئـامـادەنـاكەیت بۆ بەربانگی ئەم گەنجانە؟

ئەویش بە هێمنیی زەردەخەنەیەکی کردوو، کەمێک باسی سوودی خورمای کرد و ئەوجا گوتی: توو و خورما هەردووکیان نیعمەتی خواوەندن و هەریەکەو سودێکیان هەیە.

بەداخەوە ئەو سەردەمە درێژەی نەکێشا و بەهۆی درووس بوونی دووبەرەکیەکەوە لە نێوان هەندێ کەسی بەرژەوەندیی پەرست و ئەو پیاوە دڵسۆزەدا، دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات دەستیان کێشایە ناو مزگەوت و چاودێری م.بەکریان دەکرد تا دواجار دەسگیر و سەر نگونیان کرد، یادی زیندوو و ڕۆحی شاد.

## (٩)

کات: بەردەوام لە دەیەی هەشتاکاندابن، چوونکە هەشتاکان دەمی پشکتوونی تەمەنی نووسەری ئەم یادەوەریانە بوو.

شوێن: شارۆچکەی سیروانی نزیک هەڵەبجە.

قارەمانی ئەم ئەڵقەیە پیاوێکە بەناوی م.حەبیب محەممەد سەعید، پێم وایە لەودەمەدا و تائێستاش ئەم ناوە بەهۆی نووسین و بەرهەمە ناوازەکانیەوە، سومبولێکی گەش و دیاری بواری خوێندنەوەی ئاپینیە.

لەو سەردەمەدا بەهۆی زەبروزەنگی بەعس و مەینەتیەکانی جەنگی ئێران عێراقەوە، ژیان بریتیی بوو لە درامایەکی تراژیدیی کە هیچ ڕۆژێکی لەوەی پێشووی نەدەچوو، هەر ڕۆژێک تەرمی ژمارەیەک قوربانیی شەڕ دەهاتەوە و بۆردومانی فڕۆکە یان تۆپخانەی ئێران شارێکی دەگرتەوە و خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی و هەوڵی سەرکوت کردن لە ناوچەیەکەوە دەگوێزرایەوە بۆ ناوچەیەکی تر، پەلاماری پارتیزانیی هێزە چەکدارەکان و خاپوور کردنی گوندەکان و سوتاندنی ڕەز و باخ و بێستانەکان و... تاد.

لەو دەمەدا کە خەریکە بڵێم: دڵ و دەروون نەمابوو نائومێدیی تەقەی نەدابێ لە دەرگای.

لەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەدا کەسانێکی دیاریکراو هەرکەسە و لە سنوری خۆیاندا (کە لێرەدا باسی ڕۆڵی م.حەبیب دەکەین)

سەرەڕای بوونی دەیان ئاستەنگی قورس، توانیان دڕێک بەو تەم و مژە بدەن و بوێرانە و لە خۆبوردوانە و دڵسۆزانە هەوڵی پەروەردەکردنی لاوان بەهەردوو ڕەگەزەوە بدەن و خۆشبەختانە توانیان جێپەنجەی خۆیان لەسەر شانۆی ژیان دیاری بکەن.

لە ساڵی ١٩٨١ منیش یەکێک بووم لەو هەزاران لاو و نەوجەوانانەی کە گیرۆدەی پاشا گەردانیی بووین، هەبوو وازی لە خویندن دەهێنا و دەبووبە چەکداری بەعس و هەبوو دەبوو بە پێشمەرگە و هەش بوو سەرقاڵی ژیان دەبوو، من و هاوشێوەکانم کە تازە بیرمان پشکوتبوو سەرنجمان دەدا لەوەی کەکامە لەو بژاردانە هەڵبژێرین و دەمانویست خۆمان ڕەنگڕێژی ئایندەمان بکەین نەک خەڵک.

لەو ڕوانگەیەوە بەندە سەرم لەزۆر بوار دەکردەوە و خەڵکیش هانیان دەدام و دەیان ویست ئاراستەم بکەن بەرەو هەریەک لەو بوارانە و منیش لەگەڵیاندا تاڕادەیەک دەچووم، دواتر خۆم بەراوردم دەکرد.

یەک لەو شوێنانەش مزگەوتی گەورەی موجەمەعی سیروان بوو ڕووم تێکرد.

عەسرانێک پاش نوێژ، مامۆستا حەبیب پێنج شەش گەنجی هاوتەمەنی خۆمی لە دەور خڕ بووبو، منیش لە مەجلس نزیک کەوتمەوە و موڵەتم لە مامۆستا وەرگرت و گوتم: منیش دەمەوێت قورئان بخوێنم لەگەڵتان، مامۆستا بەشێوازێکی جوان و سەرنج

ڕاکێش و بەزمانێکی شــیرینی گەوهەر بار، فەرمووی لێکردم و گوتی: فەرماوە چەمەکەم.

لەلای دەستی ڕاستیەوە دانیشتم، ویستی دەس پێبکاتەوە، من پرسیم: مـامۆســـتـا من نـامەوێ پچڕ پچڕ بخوێنم، ئیوە بەردەوام دەبن تـا قورئان خەتم بکەن؟ !

قوتـابیە لاوەکان زەردەخەنەیەکیان کرد (لام قورس بوو، چوونکە هەســتم کرد گاڵتەیان بەقســەکەم دێ)، بەڵام مامۆســتا دەســتێکی خستە سەرشانم و گوتی: بەڵێ چەمەکەم چەنیت پەنە وەشبۆ پاسە کەرمێ.

ئەو ڕۆژە دانیشـــتم، لە هونەری خوێندن و هەوڵ دانی فێر بوون تێگەشـــتم و دواتر خۆم لەڕێگەی تەجیل و شــریت و گوێبیســـت بوونەوە هەوڵم داو فێربووم.

بەڵام بەو هەڵوێســـتەی گەورەیی و دڵســـۆزیی ئەو جوامێرەم بۆ دەرکەوت و توانی لە ژیانی مندا ببێتە یەکێک لەو وێســـگانەی کە گۆڕانکارییان خولقاند و بەرەو کەناری ئارامیی ئاراستەی کردم.

دواتریش و تا ئێستاش ئەو پیاوە، ئەو کەسـەیە کە بەردەوام ئیلهام بەخشی من و سەدان گەنجی ئەو سەردەمە و پیاوی ئێستاشە.

لەم کاتەدا کە ســـەرقاڵی پاکنووســـی ئەم یادەوەریانەم کە دەکاتە ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٧ م.حەبیب تەندروســتی باشـنییە و لەماڵەوەیە، هیوای شیفای بۆ دەخوازم.

## (١٠)

کات: زستانی ساڵی ١٩٨٦.

شوێن: شاری دەربەنیخان و بەدیاریی کراویی دوکانی بەرگدرووی ڕێبین.

دوای تەواو کردنی خوێندنی پیشەیی، ڕاستەوخۆ لە پایزی هەمان ساڵدا لەگەڵ هەموو هاوپۆلەکانمدا، فەرمانی دامەزراندنمان بەپێی پێویستی ناوچەکان دەرچوو، ناوی من و دووبەڕێزی تر: عوسمان فەرەج و عوسمان عەلی، لە مەڵبەندی تەندروستیی دەربەنیخان دەرچوو.

ئەودەم چەن مانگێک بوو هاوسەرگیریم کردبوو، ماڵمان لە هەڵەبجە بوو، چوومە لای م.عەرەب ئەمین و ئاگادارم کرد کە لە دەربەنیخان دامەزراوم و بەدووری دەزانم و دودڵم لە چوونم، ڕای بەڕێزت چیە؟

گوتی: با بچینە لای م.حەسەن شەمێرانی ئەو شارەزای ئەوێیە بزانین چی دەڵێ.

چووینە لای و هانی دام بڕۆم و گوتی: شارێکی خۆش و خەڵکەکەشی زۆر باشن، تۆش بڕۆ دەتوانی خزمەتێک بەکاری بانگەواز و ئەو برا و خوشکانە بکەیت کە لەوێن، بەڵام لەسەر خۆ و بەئارامیی تێکەڵی خەڵک ببە، کۆمەڵێک خوشک و برا و ماڵی ناسراوی منی لێن پێتیان دەناسێنم.

نامەیەکی بۆ نووسـیم بۆ م.محەممەد مەحمود، کە ئەودەم بە کاک محەممەدی خەیات ناوبانگی هەبوو، ناونیشـانی دوکانەکەشـی پێدام.

منیش دوو ڕۆژ دواتر چووم بۆ دەربەنیخان و سـەرەتا دوکانەکەم دۆزیەوە و چوومە ژوورەوە، پرسـیـاری کـاک محەممەدم کرد، کوڕێکی گەنجی خوێن گەرم لەوێ بوو (دواتر زانیم کە ئەم گەنجە نـاوی م.ئـارام ئەحمەد جـاف بوو)، بەئەدەبێکی جوانەوە هـات بەپیرمەوە و فەرمووی لێ کردم و گوتی: کـاک محەممەد لێرە نیە، ئەمرکە، گوتم: نامەیەکم پێیە بۆی، دەکرێ بۆی دابنێم؟

گوتی: بەڵێ... خێرا گۆڤارێکی (التربیە الاسـلامیـە) ی هێنـا و دەمی گۆڤارەکەی کردەوە و فەرمووی لێ کردم تـا نـامەکە لەنـاو گۆڤارەکەدا دابنێم، ئەوەندەی تر سـەرنجی ڕاکێشـام، کە هێمایەک بوو بۆ دڵنیاکردنم لە پاراستنی نامەکە.

دوای ئەوە چوومە مەڵبەندی تەندروسـتیەکە و هەندێ لە ئیشـە ئیداریەکانم ڕاپەڕاند و دەسـبەکار بوونم نووسـی و موڵەتی سـێ ڕۆژیان پێدام بۆ گواستنەوەی ماڵ و ڕێکخستنی ئیشووکارم.

دواتر گەڕامەوە بۆ لای دوکـانەکەی کـاک محەممەد و پرسـیم لەکـاک ئـارام کە نەهـاتووە؟، گوتـی: نەهـاتووە ، منیش گوتم: دەکرێ ڕێنمایم بکەیت بۆ ماڵیان.

وەک ڕەوشتی جوانی خۆی، خێرا دوکانی داخست و بەڕێکەوتین بەرەو ماڵی کاک محەممەد.

لەڕێگەدا ڕووبەڕووی کاربەدەستانی حیزبی بەعس بووینەوە کە خەڵکیان بەزۆر دەگرت بۆ (جَیشِ الشعبي) و خەریک بوو ئێمەش بکەوینە ناو بۆسەکەیانەوە، کاک ئارام شارەزا بوو ڕێگەی گۆڕی و دەرباز بوین.

گەشتینە ماڵی کاک محەممەد ی خەیات و دامان لە دەرگا، خێزانی هات و فەرمووی لێ کردین و چووینە ژورەوە، بینیمان کاک محەممەد ڕیش دەتاشێت، پاش تەوقە و بەخێرهاتن دانیشتەوە و کاک ئارام پێی گوت: ئەم پیاوە نامەیەکی م.حەسەنی پێیە، کاک محەممەد ئەولاتەنیشتەی ڕوومەتی کە تاشی بووی سڕیی و هەستایەوە ماچ ماچێنێکی لەگەڵ کردم و بەڕێزەوە نامەکەی کردەوە و تێگەیشت لە مەبەستەکەی و گوتی: بەسەرچاو ئامادەی هەموو هاوکاریەکم و سەرچاو هاتووی، داوام لێکرد هاوکاریم بکەن بۆ پەیدا کردنی خانویەکی بچکۆلە و نزیک لەماڵە ناسراوێک و کرێی گونجاو بێت.

گوتی: خەمی ئەو ئیشانەت نەبێ.

سەرەتای حەفتەی داهاتو گەڕامەوە، سەردانم کردەوە و لەگەڵ کۆچکردو م.تەوفیق حەمەساڵح خانوێکی گونجاویان بۆ گرتبووم و گوتی:ماڵەکەت بهێنە و دوای دەوامیش وەرە لە دوکان دانیشە، من و کاک ئارام تەلەبەین دەچینەوە بۆ سلێمانی و کاک عادل (کە ئەویش شاگردی کاک محەممەد بوو) لێرە دەبێت، ئەگەر حەزت لێبێت کاک عادل فێری خەیاتیت دەکات و ئەوەش مەکینەکەی منە تۆ خۆتی لەسەر فیر بکە... ماڵی ئاوا بێت بۆ دڵسۆزییەکەی.

دیرۆکی مانەوە و کار کردنم لەبواری کاری ئیسلامیی و خەباتی نهێنم لەگەڵ بەڕێزانی دەربەنیخاندا، لە بەشـــی یەکەمدا بەوردی باسم کردووە، بۆیە لێرەدا تیشک لەسەر بابەتێکی ترە.

تەوەرەی یادەوەریەکە لێرەوە دەس پێدەکات:

خوا هەڵناگرێت کاک عادل زۆر بە دڵســـۆزانە فێری دەکردم و بەقسە خۆشەکانی هانی دەدام و لای ئاسان دەکردم، ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاوی تازەم هەڵ دەگرت لە فیربونی پیشـــەی بەرگدروییدا و هەموو ڕۆژێک دوای دەوام و حەوانەوە، عەســـران دەچوومە دووکان.

تا کار گەشتە ئەوەی بوێرم بڵێم: فێری خەیاتیی بووم.

ڕۆژێک ئامر ســـریەیەکی چەکداری ئەودەم لەگەڵ کۆمەڵێک پاســـەوانیدا هاتن و قاتێکی داناو گوتی: وەســـتا ئەو قاتەم بۆ بدوورن بەس سەقەتی نەکەن!

کاک عادل ئەندازەی گرت و وادەی بۆدانا سەربداتەوە.

کابرای چەکدار کەسێکی ناســراو بوو، ڕۆشـــت و کاک عادل گوتی: تۆ بۆی بدورە، منیش گوتم: کاکە من لەم شەڕە لابدە بیکە لەڕێی خوا.

گوتی: من دەیبڕم و تۆ بیدورە، ئەگەر کابرا بەدورینەکەت ڕازیی بوو، ئەوە بەڵگەیە کە بویتەتە خەیات و فێر بوویت، ئەگەریش بەدڵی نەبوو، قاتێکی بۆ دەکەینەوە و ناهێڵین بیکاتە کێشە.

ترســـم هەبوو لەخۆم، بەڵام کەئەو گوتی: خۆم ئەیبرم ئیشـــەکەم لائاسان بوو.

قاتەکەم دووری و ئوتومان کرد و لەوادەی خۆیدا کابرا هاتەوە و لەبەری کرد، لێی ڕازی بوو، هەرچەندە یەخەکەی چرچێکی تێدابوو، بەڵام کاک عادل نەیهێشت هەستی پێبکات، پیرۆزباییمان لێکرد، دەسخۆشانە و کرێی داو ڕزگارمان بوو.

(١١)

کات: زستانی ساڵی ١٩٨٧

شوێن: شاری دەربەنیخان

ئەودەم چەند مانگێک بوو هاوسەرگیریم کردبوو، هێشتا منداڵمان نەبوو، بەهۆی دامەزراندنمەوە لە مەڵبەندی تەندروستی دەربەنیخان (ئەوکات وەک ئێستە نەبوو هەر ئەوساڵەی خوێندن تەواو دەکرا بەپێی ڕشتەی تایبەتی خوێندکار، دامەزراندنیش بەدوایدا دەهات)، ناچار بووم ماڵە شڕۆڵەکەم کە لە چەند قاپ و قاچاخ و دوو دەستە پێخەف پێک دەهات، لە هەڵەبجەوە بگوێزمەوە بۆ دەربەنیخان، سەرێشەی کتاب و کتابکاریش بابوەستێت.

دوای چەندڕۆژێک لەگواستنەوەی ماڵەکەم و دەسبەکار بوونم وەک فەرمانبەری میریی لەکەرتی تەندروستیدا، بەرپرسی خۆیەتی ئاگاداری کردم کە لە دائیرەی ئەمنەوە داواکراوم و پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن بکەم، منیش ویستم خۆمی لێ کەڕ بکەم، بۆ ڕۆژی دوایی ئەو بەڕێزە پێی گوتمەوە: کاک ئیبراهیم گیان بڕۆ بۆ ئەمن، خۆیان بێن بەدواتا عەزیەتی تۆو سەرزەنشتی منیش دەکەن، گوتم: باشە سبەی دەڕۆم.

بۆ ڕۆژی دوایی چوومە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دەربەنیخان (و مائەدراک ما ئەمنی دەربەنیخان) هەر ئەوەندەم خۆش بوو خۆمم ناساند کە فلانەکەسم، خێرا کوردێک (کەئێستە قسەڕۆیشتووی ئەم سەردەمەیە) هات بەدەممەوە و بەکوڕی باش کوڕی باش

دەستی گرتم و زوو زوو دەیگوت: بۆ درەنگ هاتی، منیش مینجە مینجێکم بۆ دەکرد و هیچم نەدا بەدەستەوە، بردمیە ژورێک دوو عەرەبی ئەفەندی لێبوو، بەخێر هاتنیان کردم و بەدارێکی ڕێنوێن، ماڵی خۆمانیان لەسەر نەخشەی شار پیشان داموو گوتیان: خۆشحاڵین کەبویتە هاوشاریی تازەمان و چیت پێویستە لەئارد و نەوت و پێداویستی بیڵێ با بۆت دابین بکەین، منیش گوتم: دوو کەسین و هیچمان پێویست نیە و کەم ئەرکین، بە بزەیەکەوە گوتیان: ئاخر دوایی گلەیی نەکەی بڵێی: لێیان نەپرسیمەوە ها (ئەم قسانە هەمووی بۆ هەڵخلیسکاندن و ترساندنم دەیانکرد)، دواتر گوتیان دەی مادام تۆ هیچت ناوێت ئێمە پێویستما بە هاوکاریی تۆیە، ئەوجا زانیم وەزع باش نیە، گوتیان: دەبێت وەک هاووڵاتییەک هەرچی دەگوزەرێت لەو خەستەخانەیەدا بەتایبەت بردنە دەرەوەی دەرمان و یارمەتی بۆ(موخەڕبین)، ئاگادارمان بکەیت، منیش گوتم: یەکەم من تازە هاتووم و دوەمیش خەڵکی خۆتانی زۆر لێیە و ئەوان کاربەدەستن، بۆ دەفعەلبەلایش گوتم: منیش هەرچی ببینم بێ پێوتن خۆم ڕێی لێ دەگرم، گوتیان: تۆ کێشە بۆ خۆت درووست مەکە بەس کاک (...) ئاگادار بکە و حەقت نەبێ، ئیتر کاک (...) لەهەر جێگەیەک چاوی پێم بکەوتایە قەمەرە بەرازیلیە سپیەکەی ڕادەگرت و دەیگوت: ها کاک ئیبراهیم دەنگ و باس؟ منیش دەمگوت: هیچ نیە و دەڕۆیشت .

دواتر ڕەوانەی ژورێکیان کردم، ئەوەی بێت بەخەیاڵی مرۆڤدا پرسیار و وەڵامیان لێ کردم و منیش هەرچی مەترسیی هەبوایە

ژیرانه خۆمم لێ لادەدا، لەم هەل و مەرجە ئاڵۆزەدا (کە دڵنیابووم چەند کەسیشیان ڕاسپاردوە تا چاودێریی من بکەن) نیوەڕۆیەک لەســـەر کـارتۆنێـک لە ژورێکدا نوێژم دەکرد، کوڕێـک هـات گوتـی: میوانـت هـاتوە، دوای نوێژەکە چوومە دەرەوە دەبینم کـاک محەممەد ئەحمەد - د.محەممەد ی ئێستایە .

دوای سەلام و کەلام چووینە دەرەوە و پرسیم: لەکوێوە؟

گوتـی: لەکەلار بووم بۆ ئیشـی کەسـابەت، گوتم: با سـەرێک لە تۆ و کاک عوسمانی هاوڕێشت بدەم کاک عوسمان- م.مەلا عوسمان فەرەجی ئێستا، ئەو ڕۆژە لەوێ نەبوو.

هەرچەندە لە دوو هێڵی جیادا ئیشـــمان دەکرد، بەڵام هەر ئاگامان لەیەکتر هەبوو، بۆیە کەمێـک بـاســـی ڕێکخســـتنی ئیخوان لەو سنورە و ئیش و کاری خۆمانمان کردوو گوتـی: بیرۆکەیەکم هەیە کە جەنـابـت لێرە دەس بدەیتە ڕێکخســـن و کۆکردنەوەی برایان، بەڵام ئەوە هەڵ دەگرین بۆ کـاتـی تر .

ئەو ڕۆیشـت و منیش چوومەوە ژورەوە، سـەیر ئەکەم باس باسـی من و میوانەکەمە و کوڕێک کە سـەربە (کۆمەڵە) ی ئەوکات بوو دەیگوت: ئەمانە حیزبی دەعوەن و پارەیان لە مەلاکانی نەجەفەوە بۆدێت... تاد.

پیـاوێکی ڕێکوپێـک (مەلا ئەحمەد)، لێی ڕاس بویەوە و لێی توڕە بوو گوتـی: نـامەرد ئەم قســـانە بگەنەوە دەمی دائیرەی ئەمن ئەم کوڕە داماوە سەرنگووم دەکەن، هەرچۆنێک بێت بێدەنگی کرد.

منیش لەبەر ئەوەی کەسیتر بەباسەکە نەزانێت بێدەنگەم لێ کرد، پاش چەند حەفتەیەک دیسان کاک محەممەد، ئێوارەیەک هاتەوە و لەبازاڕ یەکمان بینیی و گوتی: شەو میوانی ماڵی کاک تەوفیق حاجی حەمەسالحم دوایی وەرە بۆ ئەوێ، خوالێخۆش بوو م.تەوفیق خۆشەویست و هاوڕازی هەردوولامان بوو.

شەو ڕۆیشتم و چەن برای تریش لەوێ بوون، دکتۆر باسی ئەوەی کرد ئیش لەگەڵ ئەوان بکەم، منیش تێم گەیاند کە من سەربە فلانە شاخەی ڕێکخستنم و فەرمان لەوان وەر دەگرم، هەوڵیدا قەناعەتەم پێبکات و گوتی: خانوێکی دوو نهۆمیی بگرە، نهۆمێکی بۆ ماڵەکەت و نهۆمێکی بۆ کۆبونەوە و دەرس و دەور، ئێمە کرێکەی دەدەین، منیش گوتم: ئەوە باسی دوای پێک هاتنمانە، ئەو باسە با بوەستێت، دواتر لە پێنج شەممە و جومعەیەکدا هاتمەوە بۆ هەڵەبجە و لەگەڵ م.عەرەب ئەمین چووینە لای م.حەسەن شەمێرانی، باسەکەم لاکردەوە و گوتی: کاری وا نەکەیت مەترسیدارە، دەربەنیخان هی ئەو ئیشانە نیە.

منیش وام کرد، دواتر پاش سێ مانگ کە فشاری دەزگا ئەمنیەکان و چاودێریی کردنیان بۆمان زیادی کرد و لە تەندروستیشەوە داوامان لێ کرا لە ناو تیمە تەندروستیەکاندا، بچینە پشتیوانی بەرەکانی جەنگی ئێران-عێراق و بڕیار هاتە سەر نەچوون، موسا ئاسا لە ئێوارەیەکی درەنگدا، بە هاوکاریی ڕەحمەتیی م.ئیبراهیم ڕێشاویی و کاک حەسەن حەمە ئەمین، کە هەردوکیان جێب و پیکابێکیان پێبو شەڕەی ماڵەکەم و خۆم و

خێزانم هەڵهاتین و شـــارمان بەجێ هێشـــت بەرەو شـــارۆچکەی سیروان و لەوێشەوە پاش ماوەیەک بەرەو ئێران.

تا ساڵی ١٩٩٤ وەک ئەندام مەڵبەندی یەکگرتوو دیسان چوومەوە ناو شاری دەربەنیخانی دڵگیر.

سڵاو لەوشارە و لە خۆڕاگریی و جوانمێریی ڕۆڵەکانی.

## (١٢)

کات: کۆتایی زستانی ساڵی ١٩٨٧

شوێن: شارۆچکەی سیروان (دوجەیلە)، نزیک هەڵەبجە.

ئەودەم ڕێخستنی (برایان) یش وەک هەموو چالاکیە سیاسیەکانی کوردان، بەنهێنی کاری دەکرد و بەو بۆنەیەشەوە، بە ڕێکخستنێکی قەدەغە و قاچاخ دادەنرا.

منیش وەک ئەو سەدان و هەزاران لاوەی نیشتمان، شەیدای کاری سیاسیی بووم و خەوم بەو ڕۆژەوە دەبینی کە کۆتایی بە دەسەڵاتی حیزبی بەعس بێت و وەک خەونێکی گەنجانە، خۆمان حوکمی وڵات بگرینەدەس.

لەم سۆنگەیەوە و لەکاتی گەڕانمدا بەناو کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی خەزورەمدا (ڕەحمەتیی م.مەلا مەحموودی عەنەب)، ڕێم لەکۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی دانسقە کەوت، کە تا ئەوکاتە تەنها ناوی نوسەرەکانیانم بیستبوو کە سەرکردە و نووسەری ئیخوان و بزافە ئیسلامیەکانی تری جیهانی ئیسلامیی بوون، وەک کتێبەکانی: حەسەن بەننا، سەید قوتب، ئەبو ئەعلای مەودودیی، فەتحی یەکەن، موحەممەد قوتب، ئەبولحەسەنی نەدەوی... تاد.

لەناو ئەو کتێبانەدا نامیلکەی پێڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی حیزبی ئیسلامیی عراقیی، سەرنجی ڕاکێشام و پاش پرس کردنم بۆ سوود لێوەرگرتن لە کتێبخانەکەی، مامۆستا سەرپشکی کردم کە حەزم لەچ کتێبێکە بیبەم و بیخوێنمەوە، تەنها بەمەرجی پاراستن.

منیش دەستە بژێرێکم لێ بردن و لەسەر خۆ دەم خوێندنەوە.

سەرەی خوێندنەوە گەشتە نامیلکەی پێڕەوەکەی حیزبی ئیسلامیی عراقیی (مامۆستا خۆی لەکاتی خۆیدا و لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردودا، ئەندامی ئەو حزبە بووبو، بەڵام ئەو حیزبە لەو کاتەدا نەمابوو و خۆی هەڵوەشاندبوویەوە) .

بە وردی دەمخوێندەوە و کەوتمە بیری بەراوردی ڕێکخستنە نهێنیەکەی خۆمان لەگەڵ ئەم پێڕەوەدا، تاڵەوێوە بزانم ڕێکخستنەکەمان داموو دەزگاییە یاخود هەڕەمەکی؟

بەهەر حاڵ رۆژێک بەدەم ڕێگەوە لەبیری ئەوەدا بووم داخۆ ڕۆژێک دابێت، ئێمەش وڵات ئازاد بکەین و بارەگای حیزب و جەماعەت بکەینەوە و ئۆرگانی ڕێکخستن درووست بکەین؟!

لەم خەیاڵانەدا بووم گەشتمە بەردەم بارەگای ڕێکخسنی حیزبی بەعس لەناو بازاڕی سیرواندا، کە پێیان دەگوت: مونەزەمەی حیزبی بەعس - خۆشبەختانە ئێستا جێگەکەی باخچەیەکی گشتیە، لەپڕ دەستم کرد بەگیرفانی شەرواڵەکەمدا و هەستم کرد نامیلکەکە لەباخەڵمدایە، خێرا بەرەو دواوە گەڕامەوە بەرەو ماڵەوە و بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئێستا شتێک ڕووبدات و من بەم نامیلکەیەوە بگیرێم چارەنوسم چی دەبێت؟!

پەندی یادەوەریەکە لێرەدایە :

ئەمڕۆ (ڕۆژێکی پاییزیی ساڵی ٢٠١٨) بەمەبەستی بەشداریی کردن لەچالاکیەکی (یانەو سیاوچەمانەی) بەرەو هەڵەبجە

دەرۆشتم، کە تێپەڕ بووم بەناو شارۆچکەی سیرواندا، ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد و لەوێوە هات بەخەیاڵمدا سەردانێکی (بارەگای لقی سیروانی یەکگرتوو)بکەم .

لە شەقامی سەرەکی لامدا و پرسیاری بارەگاکەم کرد، دۆزیمەوە و چوومە ژوورەوە، چەن برایەکی بەڕێزی گەنجی رۆح گەشی لێبوو، بەگەرمیی هاتن بەڕوومەوە و بەناوی خۆمەوە بەخێریان هێنام !

پرسیم: دەم ناسن؟ گوتیان: بەڵێ قوربان، ئەی چۆن ناتناسین، منیش کردمە شۆخیی و گوتم: نەکا بڵێن: ئەم خاڵۆیە کێیە هاتوەتە لامان؟گوتیان: نا مامۆستا گیان ئەوەندەی تریش تەمەن بکەیت هەر دەتناسینەوە و نووسینەکانت دەگەنە لامان، دواتر خۆیان ناساند و هەندێ یادەوەریی ئەوکاتەیان گێڕایەوە، کە کاتێک من لەو سنورەدا کارم دەکرد.

پاشان فەرموویان لێ کردم بۆ بینینی بەشێکی تازەی بیناکەیان، کە بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی نەوجەوانان و تازە پێگەشتوان دروستیان کردوە و وەک لەوێنەکاندا دیارە، ئیشێکی مۆدێرن و جوان و سەرنج ڕاکێشە و دەسخۆشیم لێکردن، منیش باسێکم بۆ کردن لەبارەی گرنگیدان بەپرۆگرامی پەروەردە کردنەکەیان و تیشکم خستە سەر ئەو خاڵانەی کە بەلای منەوە گرنگن لەو بوارەدا پەیڕەو بکرێن و هیوای سەرکەوتنم بۆ خواستن.

دواتر شادومانی و دڵخۆشیی و دەسخۆشیی خۆمم بۆ دەربڕین بۆ ئەو لێبڕان و کارو هەنگاوە نەوعیەی کەلەو بوارەدا ناویانە و

بۆم ڕونکردنەوە کە ئەم کارەیان بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی گۆڕانکاریی و بەخۆداچوونەوەدا.

یادەوەریەکەی سیودوو ساڵ لەمەو پێشی خۆمم لە شارۆچکەکەیاندا بۆ گێڕانەوە و گوتم: لەو کاتەدا من خەونم بەم ڕۆژەوە دەبینی و ئێستا بەواقعیی دەی بینم، بۆیە شوکری خواوەندی لەسەر دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیم بۆ خواستن لەو ئاراستە دروستەدا.

براکان: عومەرعوسمان عەلی و عەبدولقادر ساڵح، کە یەکەمیان بەڕێوەبەری ئەو پرۆژە مۆدێرنە بوو، دوەمیش بەرپرسی بەشی بانگەواز بوو لەهەمان کاتدا وەستای بیناسازیی پرۆژەکەش بووە.

بەداخەوە کاتی دەوامی فێرخوازەکان نەبوو تا شەرەفی بەشداریی و وتنەوەی وانەیەکم پێ ببڕێت.

## (١٣)

کات: بەهاری ساڵی ١٩٨٧.

شوێن: شاری دەربەندیخان و شارۆچکەی سیروان.

پاش تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی، لەبەرواری ١٩٨٦/١٠/١ فەرمانی دامەزراندم لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی سلێمانیەوە دەرچوو بۆ مەڵبەندی تەندروستی دەربەندیخان و پاش پەیوەندیی کردن هەوڵی گواستنەوەی نۆماڵەکەممدا لەشارۆچکەی سیروانەوە بۆ دەربەندیخان کە چەند مانگێک لەوەو پێش و لە بەرواری ١٩٨٦/٦/١٥ دا هاوسەرگیریم کردبوو لەگەڵ یەکەم هاوژینمدا.

جێی ئاماژەیە هاوڕێی خۆشەویست م.عوسمان فرج یش کە ئێستا مامۆستای ئاینیە، لەگەڵ مندا هاو قۆناغی خوێندن بووین و ئەویش لەهەمان مەڵبەنددا و بەیەک فەرمان دامەزراین...یادی هەمیشە زیندوو، هاوڕێیەکی ڕاستەقینە و دڵسۆز.

چیرۆکی چوونمان بۆ دەربەندیخان و مانەوەمان لەوێ بۆ ماوەی چوار مانگ و دواتر هەڵهاتنما لە دەستی ڕژێمی بەعس، دوور و درێژ و پڕ لەگرفتە و پێشتریش باسێکم لێوە کردوە.

پاش ناچار کردنمان بەهەڵهاتن و بەجێهێشتنی دەوام و دایرەکەمان، کاک عوسمان کە ئەو کات ڕەبەن و من خێزاندار بووم، ئەو گەڕایەوە بۆ سەیسادق و منیش ماڵە شڕۆڵەکەمم بەهاوکاری برایان و بەنهێنی گواستەوە بۆ سیروان و لەوێ

لەنزیـک خزمـانەوە نیشـــتە بوینەوە، بەڵام بەهۆی مـل نەدان بەداوای چوون بۆ بەرەی جەنـگی ئەودەم و جێـهێشـــتنـی دەوامەکەوە، بوینە داواکراو لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی بەعسەوە، کە ئەودەم پێیان دەگوت: فرار.

لە سـیروان لەناو گەڕەکێکی کەناردا و لەحەوشـەی خانوەکەیدا، کـاک مەهـدی برام دوکـانێکی وردەواڵەی دانـابوو، ڕێگەی دا بەمنیش کەلە کەنـارێکەوە مەکینەیەکی درووومـان دابنێم (لە دەربەنیخان فێری خەیاتی ببوم) وردە وردە ئیشـــی خەیاتیم دەکرد و کاک وەســتاکەمال عەبدومحەممەد هاوکاریی دەکردم لە بڕینی قوماشەکاندا.

بەهۆی بێ ئیشـــیو نۆ مـاڵیمەوە کەمێک بێنازیم پێوە دیاربوو، بێ ئەوەی خۆم ئاگام لێ بێت خزمان پیتاکێکیان بۆ کردبووم.

دەمەو ئێوارەیەکی بەهارییی، کـاتێـک لەگەڵ چەن کەس لەخزمان لەبەردەم دوکانەکەدا دانیشتبووین، پوورزای خۆشەویست م.ڕەفیق حەمەخـان هـات و بـانگی کردمە کەنـارێکەوە و گوتی: لەگەڵ خزمان ســـەرنجمان داوە باری دارایت باش نیە و پیتاکێکمان بۆ کردوویت، دەبێ لێمان قەبووڵ بکەیت.

منیش بەر لەوەی بزانم پیتاکەکە چیە، سـوپاســی هەسـتی جوانی ئەو و خزمـانم کرد و، گوتم: من نە منـداڵم هەیە و نە ئەرکێکی ئەوتۆم لەســەرە، بۆیە زەحمەت مەکێشــن و هاوکاریی خزمێکی تری پێبکەن باشترە.

گوتی: تــازە بەنــاوی تۆوە کۆم کردوەتەوە و نــاکرێ بیگۆڕم و بەئاســـایی وەریگرە و ئێمە کەســـی یەکین، ئەمڕۆ تۆ پێویســـتیت بەئێمەیە و لەوانەیە سبەی یەکێکی ترمان.

بەهەر حـاڵ بڕێـک پـارە لەدەوری ٦٠-٧٠ دینـارێکی ئەو دەمەدا بوو، کردی بە گیرفانمادا و سوپاسم کرد.

(ئەو دەم گۆشت کیلۆی سێ دینار بوو) هەوراز و نشێوی ژیان بێکۆتایە.

لێرەوە ســـوپاســـی هەمو خزمانی گەڕەک و بەتایبەتیش مامۆســـتا ڕەفیق دەکەم کەمنیان لەبیر بوو، چوونکە لەو سەردەمەدا بەهۆی جەنگی هەشـــت ســـاڵە و بۆردمـانی ئێران و ڕاوەدونانی دەزگا حزبی و سەربازیەکانی بەعسەوە بۆ خەڵک، ژیان زۆر سەختتر بوو لەوەی کەئێسا و لە ڕێگەی چەند دێڕێکەوە وێنا بکرێت.

# (١٤)

کات: کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٨٧، ئەودەمەی کە ستەمی دەسەڵاتی تۆقێنەری حیزبی بەعسی شۆڤێنی لە ئەوپەڕی هێزیدا بوو.

شوێن: ناوچە سنوریەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەدیاری کراویی، چیاسەرکەش و شارۆچکە سنوریەکانی ناوچەی هەورامان و شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا.

پاش ئەوەی لەبەهاری ساڵی ١٩٨٧جەماوەری شاری هەڵەبجە و شارۆچکەکانی سەی سادق و خورماڵ و سیروان و بیارە، بەشێوازێکی نارێکخراو لە دەزگاکانی ڕژێمی بەعس هەڵ گەڕانەوە و لەکاتێکی کەمدا بەهاوکاریی چەکدارە کوردەکانی سەربە حکومەتی عێراق، دەستیان گرت بەسەر هەندێک لە مۆڵگەکانی سوپا و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیدا، هێزە ئەمنی و سەربازیەکانی ڕژێم بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی عێراقی، بە دڕندانە ترین شێواز کەوتنە بەرپەرچدانەوەی جەماوەرە ڕاپەڕیوەکەی ناوچەکە و لە دەمێکی دیاریکراودا بە داخەوە توانیان دەس بگرنەوە بەسەر ڕێگا سەرەکیەکان و هەندێک لەو مۆڵگانەیاندا کە لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە کۆنترۆڵ کرابوون.

لەو هەوڵە بێبەزەییەی بەعسیەکان و تانک و زرێپۆش و فڕۆکە سەربازیەکانیاندا، دەیان کەس لە ژن و منداڵ و پیر و لاوی

ناوچەکە بوونە قوربانیی و دەیانی تریش پاش دەســـگیر کردنیان لە ڕێگاوبانەکاندا ســـەرنگوون کران و پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ تەرمەکانیان لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە.

نموونەی ئەو کەس و کەســـایەتیانەی کە لەو ڕۆژەدا بەڕەحمەت چوون:

١.کاک حاجی یاســـین زەڵمیی نموونەی پیاوی بە ورە و کێویێک لە خۆڕاگریی بوو، ســـوودی پەروەردەیی زۆرم لە نزیکیی ئەم پیاوە بینیی.

٢ .خوشکی گەورە و ئازیزم و نمونەی دڵسۆزیی (حَفصة) خانی خوشـکم، کەتەنها ئەوەندە بەســە لەبارەیەوە بڵێم: نمونەی مرۆڤی دڵپاک بوو.

٣ .کاک حەمەشـــەریف کەخەڵکی گوندی (جەلیلە یان بیاوێڵە) ی نزیـک هەڵەبجە بوو . ئەم برایەش کارمەندی تەندروســـتی بوو، دەوامی لە سـیروان بوو، بەهۆی داخرانی ڕێگا ســەرەکیەکانەوە لە سیروان لای ئێمە مایەوە و هەر لەوێش گیانی سپارد.

پـاش ئەم ڕوداوانە و بۆ خۆ دەربـازکردن لەتۆڵەی ئەعرابە ڕســـوابوەکـانی بەعس، ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵـک و بنەمـاڵە ناســـراوەکانی ناوچەکە و زۆرێک لە بەشـــدارانی ڕاپەڕینەکە، نـاچار بە هەڵهاتن بەرەو ئێران بوون و ملی ڕێگەی ســـەخت و هـاتونەهـاتیـان گرتە بەرو بە ڕێگـا ســـەخـت و هەڵەموتەکـانی چیـاکـانی هەورامـان و ســـنورەکـانی هەڵەبجەدا و بەشـــەو و بەشێوازی نهێنێ ڕەومان کرد بەرەو ئێران.

ماڵی ئێمەش لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێ و خزمان و دوو لە برا گەورەکانم؛ کاک عزەت و کاک مهدی، هەمان ڕێگەی مەترسیدارمان گرتە بەر.

هاوژینم؛ عفیفە مەحمود دووگیان بوو بە یەکەم بەرهەمی ژیانی هاوسەریمانەوە و لەدوا مانگەکانی بارداریدا بوو، بۆیە ئەگەر بۆ ئێمە ڕەو و کۆچ و هەڵهاتنەکە سەخت بووبێت، ئەوا بۆ ئەو زۆر سەختتر بوو.

بەهەر حاڵ چیرۆکەکانی ڕێگە و کۆچ و ئاوارەیی زۆرن...

ئەوەی مەبەستە لەم بەشەدا ئەم چەن دێڕەی خوارەوەیە:

پاش چەند ڕۆژێک لە گەیشتنمان بە شاری مەریوان و نیشتەجێ کردنمان لە خوێندنگەکانی شارەکەدا کەبەهۆی شەڕی ئێران - عێراقەوە شار چۆڵ کرابوو، پاش ئەو چەند ڕۆژە، وادەی هاتنە دونیای ڕۆڵەکەمان گەشت و بە ئۆتۆموبێلێکی فریاگوزاریی مانگی سووری ئێرانی و بە هاوڕێیەتیی شۆفێر و خۆبەخشێکی فارس، ئێمە (هاوژینم و خاتوو مەریەم و بەندە) گوێزراینەوە بۆ شارۆچکەی (سەوڵاوا) کەئێستا شارێکی خنجیلانەیە، لەوێ چووینە مەڵبەندێکی منداڵ بوون بەناوی (زەهایشگای حەزرەتی خەدیجە) پاش مانەوەمان لەو مەڵبەندەدا تابەیانی، بەسوپاسەوە بەهۆی بەدەمەوە هاتنی ئەو خاتوونانەی کەلەوێ ئێشکگر و خەڵکی سنە بوون و خزمان (ڕەحمەتیی حەمدیە خانی ئامۆزام و پەروانە خاتوونی بووکی و کاک حەسەنی کوڕی) سوکناییمان بۆ هات.

بەڵام بەداخەوە پاش هەڵهاتنی خۆر و گۆڕانی ستافی مەڵبەندە تەندروستیەکە، هەواڵی گیان لەدەستدانی کۆرپەکەمیان پێدام!

دواتر ناومان لێنا محەممەد و لەگۆڕستانی دارسەیرانی مەریوان بە هاوکاریی ژمارەیەک لەهاوڕێ و خزمان، ئەسپەردەی خاکمان کرد.

وێنەکە هەمان ئەو مەڵبەندە تەندروستیەیە کە لە یادەوەریەکەدا ناوی هاتووە، بەڵام پاش ٣١ ساڵ و پێنج مانگ و چەند ڕۆژێک، ئێستا و پاش دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورەتر، ئێرەکراوە بە مزگەوت، لە دواگەشتمدا بۆ سنورەکە کە بە مەبەستی خوێندنی ماستەر سەفەری شاری سنەم کرد، لە ٢٠١٧/١٠/٢ ئەم وێنەیەم بۆ یادەوەریی گرت، سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیەی وێنەکەی چرکاند کە جوامێرێکی خەڵکی مەریوان و هاوڕێی سەفەرم بوو .

## (١٥)

بۆ مێژوو دەیگێڕمەو... (ئای چەندە ئەمرۆ لە دوێنێ دەچێ)

کات: بەهاری ساڵی ١٩٨٧.

کاتێک ڕاپەرینە سنوردارەکەی هەڵەبجە و هەورامان و سەیسادق دژ بەدەسەڵاتی بەعس ڕویدا و دوای چەند کاژێرێک بەداخەوە دامرکێنرایەوە، بەو هۆیەوە ژمارەیەک لە بەشداربووانی ڕاپەرینەکە و بەشیک لەدانیشتوانی سنورەکە ناچار بەهەڵهاتن کراین، پاش بڕینی ڕێگەی سەختی سنورەکان و بەنارەحەتیەکی تاقەت پڕوکێن، هەرچۆنێک بوو لە ناوچە کوێستانیەکانەوە توانیمان سنوور ببڕین و بچینە نێو خاکی ئێرانەوە، دوای پێشوازیی و گواستنەوەمان بۆناو قوتابخانە چۆڵەکانی شاری مەریوان، پاش دوسێ ڕۆژ کۆچکردوو م.شێخ محەممەدی بەرزنجی، هاتە ناو خێوەتگەکەمان و بەخێر هاتنی کردین و لەهۆکاری سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی پرسی و خەڵکیش وەڵامیان دایەوە و گوتیان: ئەگەر ئێوە فریامان بکەوتنایە دەکرا بەرگریی بکەین و بەعس بەچۆکدا بهێنین، ئەو دەم بەڕێزیان هێشتا گەنج بوو، ڕیشێکی ڕەشی پڕ و جوانی هەبوو، دەستی دەهێنا بەژێر ڕیشە پڕ و ڕەشەکەیدا و زوزوو دەیگوت انشاالله بۆ فرەستێکی تر! منیش هەر ئەودەم دەمزانی تازە ئەو فرسەتە بۆ ئەوان نارەخسێتەوە و لە دڵەوە حەسرەتم دەخواست بۆ بەڕێزی و بیرکردنەوەکەی کە بەتەمایە هەروا بەئاسانیی ڕابەرایەتی شۆڕشێک بگرێتە دەس.

ئێستا دەزانن کوێی ئەمرۆ لەو دیمەنەی دوێنێ دەچێ؟

تێبینی: ئـە م یـادەوەریـە لـە ســـەروبەنـدی ڕاگەیـانـدنی ئـاکـامی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ساڵی ٢٠١٨ دا نوسراوە،کاتێک حزبە ئیسلامییەکان شکست و پاشەکشەیەکی بەرچاویان هات بەسەردا، لەلایەک بەهۆی نائومێدیی بڕێکی زۆر لە کادر و هەڵســوڕاو و هەوادارانی خۆیانەوە و لەلایەکی تریشـەوە بەهۆی ساختەکاریی هەردوو حزبی پـارتیی و یەکێتییەوە لە دەســـکـاریی ئەنجـامی هەڵبژاردنەکاندا.

## (١٦)

کات: ساڵی ١٩٨٩ز.

شوێن: خێوەتگەی دەربەن دزڵیی نزیک شاری مەریوان.

بەهۆی نـاســـازیی ژیـان لە کوردســـتانی باشـــوور، ئـاوارەی ڕۆژهەڵات و ئێران بووبووین و لە خێوەتگەیەکـدا جێگیر کرابووین بەنـاوی دەربەن دزڵیی و نزیکەی ٥٠٠ مـاڵێـک دەبوو(پێشـــتر و لە بەشـــی یەکەمی ئەم کتێبەدا زۆر باســـم لەو خێوەتگەیە کردوە).

بۆ بەدەمەوەبوونـی ئـاوارەکـان، حـکومەتـی ئێران بنکەیەکی تەندروستیی لە خێوەتگەکەدا کردەوە و منیش بەحوکمی پیشـەکەم پـاش بینینی خولێکی دوو مـانگی و تـاقیکردنەوە و دان نـان بە بڕوانـامەکەمدا، بەرپرســـیاریەتی بنکە تەندروســـتیەکەم گرتە ئەســـتۆ، ئیدیی شـــەووڕۆژ بەدەم خەڵکی خێوەتگەکە و لەخەمی باری تەندروســـتیی خوشـــک و برایاندا بووین، جێگەی خۆیەتی یادێک لە ڕەحمەتی خوشکە (کوبرا حەمەخان بەڵخەیی) بکەم کە هاوکـارێکی بـاش و دڵســـۆز بوو بۆ کاروباری بەدەمەوە بوونـی ژنـان لە بنکەکەدا.

هەروەهـا چەنـدین خۆبەخشـــی فـارس و تورک و ئـازەر دەهاتنە بنکەکە و دوای ماوەی خۆبەخشـیەکەیان بەجێیان دەهێشـــتین، لە یەکێـک لە ڕۆژەکـانی خزمەتمـدا بەیـانی کە لە مـاڵ دەرچووم لەگەڵ هاوژینم کە ئەودەم هێشـــتا منداڵمان نەبوو، پێـک هاتین کە

نیوکیلۆ گۆشـــتی بۆ بنێرمەوە و ئەویش بۆ نیوەڕۆ بیکاتە شـــلەی بامیە و خوانی ئەو ڕۆژەمانی پێ بڕازێنێتەوە.

بۆیە کە چوومە ســـەرکار لەبنکە تەندروســـتیەکەدا، چـاوم بۆ کەسـێکی گونجاو لەدراوســێ و ناسـراو دەگێڕا تا ڕایسـپێرم و بینێرم بۆلای کاک فەرهاد ئەحمەد، گۆشت فرۆشی خێوەتگەکە و لەوێوە نیوکیلۆ گۆشتەکەی پێدا بنیرمەوە.

بە هەڵکەوت کـاکە عەلی حـاجی خـالد کە ئەوکـات مێردمنداڵێکی تـازە پێگەیشـــتوو بوو، یەکێکیش بوو لەو پۆلە منـداڵەی کە دەســـتەبژێرێک بوون لەکوڕانی برا بەتەمەنەکان و دوانیوەڕوان وانەی زانستیی و پەروەردەیم پێدەوتن.

ئەم کـاکە عەلیە پورێکی بەتەمەنی کە بەمیوانی هـاتبوو بۆ مـاڵیان هێنـا بۆ چـارەســـەر، کە هاتنە ژورەوە، بەفرســـەتم زانی بینێرم بۆلای گۆشـت فرۆشـەکە، بۆیە پێش ئەوەی چارەسـەر بنووسم بۆ پورە حـاجی، لەپـارچە کـاغەزێکی بچوکدا نامەیەکم نووســـی بۆ کاک فەرهادی گۆشـــت فرۆش و نووســـیم: نیوکیلۆ گۆشـــتم بەم منداڵەدا بۆ بنێرەوە بۆ ماڵەوە و دوایی خۆم سـەرت لێ دەدەم، ئیتر بەدەمیی هیچم نەوت بە کـاکە عەلی، تەنهـا گوتم ئەم کـاغەزە ببە بۆ کاک فەرهادی قەساب و پوریشت خۆی دێتەوە.

کە کـاکە عەلی نـامەکەی دابوو بەکـاک فەرهـاد گۆشـــتەکەی بۆ کێشـــابوو و دابویە دەســـتی، هیچکامیان هیچیان نەگوتبوو، بۆیە کـاکە عەلی گۆشـــتەکەی بردبویەوە بۆ مـاڵی خۆیـان و گوتبووی کاک ئیبراهیم ئەم گۆشتەی نووسیوە بۆ پوورم!

پاش ئەوەی چارەسەر و دەرمانم نووسی بۆ پووری کاکە عەلی، چووە ژورەکەی تر دەرمان و چارەسەری وەرگرت و ڕۆشتەوە.

من ئیتر بەخەیاڵی خۆم ئیشەکەم کراوە و سەرقاڵی بینین و چارەسەری نەخۆشەکانی تر بووم، بینیم کاک حاجی خالد باوکی کاکە عەلی لەسەرەدا هاتە ژورەوە و بەچەشنێک لە نیگەرانییەوە پاش سڵاو، کیسە نایلۆنێکی خستە سەر مێزەکە و گوتی: دکتۆر گیان ئەمە چیە نووسیوتە بۆ خوشکم؟منیش بێخەبەر گوتم: مەسەلە چیە؟

دیار بوو حاجی نیگەران بوو، وای زانیبو بەڕاس من گۆشتەکەم نوسیوە بۆ خوشکی و گوایا پێویستی پێیەتی.

کە گوتی: نیو کیلۆ گۆشتە و عەلی کوڕم هێناویەتەوە بۆ ماڵەوە، منیش کەوتمەوە سەر خەت و زانیم هەڵەکە لە کوێدا ڕووی داوە، بۆیە چیرۆکەکەم بۆ حاجی گێڕایەوە، کردیە گاڵتە و گوتی: بمزانیبا وایە دەمبرژاند و هیچیشمان نەدەگوت.

# (١٧)

کات: پایزی ساڵی ١٩٩٠

شـــوێن: شـــارە جوان و دڵگیر و بوکەکەی هەورامان، شـــاری (پاوە).

لەو ســـاڵانەدا کە بە بۆنەی شـــەڕی عێراق - ئێرانەوە ئاوارەی ڕۆژهەڵات بووین، لەکەمپێکی کەم خزمەت و دوور لەشـار و لە جێگەیەکدا کەپێیـان دەگوت: دەربەن دزڵیی، نزیـک گونـدەکـانی: دزڵیی و زەلکە، لە دۆڵی شـامیان لەکەمپێکی شـێوە سـەربازیی و پەرژینکراودا نیشـــتەجێ کرابووین، وەک م.جەمـال بێـدار لە پـارچە هەڵبەســـتێکـدا و لەگفتوگۆیەکیـدا لەگەڵ خێوەتـی ئاوارەییەکەیدا دەڵێت: ئەمە چەند ساڵی تەواوە تۆ ئابلۆقەی ئێمەت داوە .

ئێمەش بە تەلی دڕکـاویی و ســـەربـازی ژانـدار میری، ئـابلۆقە درابوین و لەماوەی پێنج ســـاڵدا بەمۆڵەتی فەرمیی و ڕەزامەندیی دەزگـــای ئەمنیـی (ئیتیلاعـات) نەبوایە، کەس بۆی نەبوو لە ئۆردوگا و کەمپەکە دوور بکەوێتەوە.

پاش ڕوداوەکانی ناکۆکیی هێز و تەوژمە ئیسلامیەکان لەناوخۆی خۆماندا و دەسـگیر کردنی شـەش کەس لە هەردوو لایەنە ناکۆکە ئیســـلامیەکەی نـاو ئۆردوگـا (ئیخوان - بزووتنەوە) لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، نیگەرانییەکی تاقەت پسێن ڕووی تێکردین.

چوونکە: هەم دەسگیرکردنی ئەو چەند برایە لەسەر دەروونمان قورس بوو و هەم لەناخەوە سەرزەنشتی خۆمانمان دەکرد و خەفەتیشمان بەو وەزعە دەخوارد کە ئێمەی ئیسلامیی لەناو گوندێکی تەلبەن کراودا نەتوانین پێکەوە هەڵکەین، ئەی بەچ ڕوویەکەوە لافی ئیدارەی دەوڵەت و بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە لێ دەدەین؟!

بەداخەوە تائێستاش ئەو هەستە شەڕەنگێزانە لەناخی هەندێ خەڵکدا بەردەوام زەنگوڵە دەدات.

بەهەر حاڵ لەو کەش و هەوا تاسێنەرەدا، هەموو هەوڵێکمان دەدا تا کەمێک فشاری دەروونیی سەر خۆمان و ئەندامانی ناو ڕێکخستن و خێزانەکانمان کەمتر بکەینەوە، خۆمان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخوازراو لابدەین.

لە چوارچێوەی هەمان مەبەستدا، سوودمان لەهەموو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیی و چوونە دەرەوەیەک لەو کەشە بارگاویە وەردەگرت، بەو پێیەش کە من و کاک غەریب مەحمود گردەنازێیی دراوسێ بووین و لەسەری دایکیشیەوە خزمایەتیەکمان هەبوو و لەوێشەوە خزمانی هەردوکمان (لە خزمانی هانە گەرمڵە) لەشاری پاوە بوون، پەیوەندیی منیش (کە ئەودەم ئەرکی سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی ئۆردوگا و سنوری مەریوان بەگشتی لە ئەستۆی مندا بوو)، لەگەڵ م.هادی عەلی دا بوو، کە ماڵی لەشاری پاوە بوو، دەبوو مانگانە سەردانی پاوە بکەم و بەشداریی کۆبونەوە دەوریەکان بکەم.

له وادەی یەکێک لەو سەردانانەمدا بۆ شاری پاوە، لەگەڵ کاک غەریب مەحمود پێک هاتین سەفەرێکی چەند ڕۆژە بۆ شاری پاوە و ڕوانسەر و دەورووبەری بکەین و هەوڵیش بدەین دیدەنیەکی م.سەلاحەدین بکەین.

پێش دەرچوونمان له دەربەن دزڵیەوە بەرەو پاوە، لەگەڵ هاوڕێی سەفەر پێک هاتین کە مەسرەفی سەفەرەکەمان هاوبەش بێت و یەک کەسمان مەسرەف بکات و چەندمان پێچوو کەگەڕاینەوە دابەشی دووی بکەین.

بەو پێیەی هاتوچۆی زیاترم دەکرد و ڕاهاتبووم لەگەڵ ڕێگەو جێگەکاندا، پێک هاتین من مەسرەف بکەم. وەک عادەتی ئەوکاتەم گەنجێکی شیک و وردەکار و بەتەرتیب بووم، دەفتەرێکی ڕەشی بچکۆلەی بەرباخەڵی بەرگ تێگیراوم پێ بوو، لەڕێگەدا لاپەڕەم کردەوە و دەستم کردە تۆمار کردنی خەرجکراوەکان.

کاک غەریبیش پیاوێکی ڕووخۆش و کراوە و ئەهلی کەیف بوو، زوزوو دەیگوت: هەرچی سەیر دەکەم لە ئەخیرەوە ئەم دەفتەرە ڕەشە سەفەرەکەمان تێک ئەدات.

گەشتینە پاوە و سەرەتا هەریەکەمان بەرە و ماڵە خزمانی خۆمان ڕۆشتین و دواتر سەردانی م.هادی عەلیم کرد و ئیش و کاری خۆمم ڕێکخست. لەگەڵ کاک غەریب بەڕۆژدا لەناو بازاڕ و لە کتێبخانەکەی م.عەرەب ئەمین یەکمان دەگرتەوە و دەچووینە دیدەنی برایان و سەردانی مزگەوت و حوجرە و شوێنە

گشتیەکانمان دەکرد، لەوانە: سەردانی خۆشەویستان م.ئەحمەدی بارامی و کاک فەریح تەوفیق و کاک جەمال جەمیل و م.عەبدوڕەزاقمان کرد کە دووکانی خەیاتیی لەبازاردا هەبوو، سەردانی گوندی دووریسان و زێدی ڕەحمەتی کاک ناسرمان کرد و نوێژێکمان لەمزگەوتە خنجیلانەکەی گوندەکەدا کرد.

شەوی دووەم میوانی ماڵی م.عەرەب ئەمین بووین لەگوندی خانەگای نزیک پاوە، لەوێ باسمان کرد کە بەنیازین لە گەڕانەوەماندا سەردان و دیدەنی م.سەلاحەدین بکەین. بەداخەوە کاک عەرەب هەواڵی پێداین کە م.سەلاح لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ئێرانەوە، دەسگیر کراوە و سەردانەکەمان ناکرێت، پێشتر ڕەحمەتیی م.ناسرسوبحانیش دەسگیر کرا بوو.

سەرەڕای گرفتەکانی خۆمان ئەمەشی هاتەسەر.

بە هەرحاڵ لەگەڵ هاوڕێی سەفەر پێک هاتین، شەوی سێیەم کۆتا شەوی گەشتەکەمان بێت و بۆ بەیانیەکەی یەک بگرین و لە کرماشان و سنەوە بەرە و مەریوان بگەڕێینەوە. بیرمان بێت بە مۆڵەتی فەرمی و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مۆڵەتی گەشتەکەمان وەرگرتبوو.

لەڕێگەدا زوزوو کاک غەریب دەیگوت: دەنگو باسی کتێب ڕەش (مەبەستی دەفتەرە بچوکەکەی باخەڵم بوو) منیش دەمگوت: بابگەینەوە ئەوجا دەزانی چ باسە.

دەمەو ئێوارە گەشینەوە ئۆردوگای دەربەن دزڵی و بۆ ڕۆژی دوایی کتێب ڕەشمان کردەوە و تەسفیەی حساباتمان کرد. هەر

ئەو ڕۆژە نـامەیەکی م.عەلی محەممەد/زەمەقیم پێگەشــــت کە هەواڵی دەسبەسـەر کردنی م.سـەلاح و هەڵوێسـت لەو پێشـهاتەی تێدا بەیـان کردبوو و بـە عەرەبیی نـامەکەی نووســـی بوو، بەم بڕگەیە دەستپێیکردبوو (جائنا هژا النبأُ تواً) .

لەو سەردەمەدا م.سەلاحەدین یش زۆر کات، بە هەورامیی نامەی بۆ دەناردین .

ســڵاو لەو ڕۆژانە و بەهیوای ئایندەیەکی گەشــە ســەندوو تر بۆ بیرو ئەندیشەو گەل و وڵات.

## (١٨)

کات: کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٩٢

شوێن: هەڵەبجەی تازە.

پاش ساڵێک لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و گەڕانەوە و جێگیربونەوەی خەڵک هەریەکە و لەجێگەیەک، ئێمەش لە قۆناخی دووەمدا لەهەڵەبجەی تازە گیرساینەوە و تێکەڵ بەژیانی ڕۆژانە و پڕگرفتی ئەو ڕۆژگارە بووینەوە.

لەودەمەدا بیستم ڕەحمەتیی م. مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود کە یەکێک بوو لەسەرکردە ناودارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیی، ماڵی هاتوەتە ئەو شارە و لەگەڕەکی سیروانیەکان نیشتەجێ بووە، بەهۆی تێکەڵاویی زۆر و خۆشەویستی نێوانمانەوە لەئێران، پێم خۆش بوو سەردان و بەخێرهاتنەوەیەکی بکەم، بۆ ئەو مەبەستە، دەمەونیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی کۆتایی بەهار، بە هاوڕێیەتی دووکەس لە هاوڕێ و دۆستان م.ئیبراهیم حەمە عەلی، م.ئیبراهیم سەعید کە هەردووکیان دوو برای ئازیز و لە خزمانی شەمێران بوون، هەستاین بە سەردانەکە، کەنزیک کەوتینەوە لەماڵی مامۆستا بەحوکمی ئەوەی ئەو کەسایەتیەکی سەربازیی و سیاسیی ئەودەم بوو، دوو خاڵی پاسەوانیی لەنزیک ماڵەکەیەوە هەبوون، لەخاڵی یەکەمدا پێشوازیی کراین بەرە و خاڵی دووەم و لەوێ یەکێک لەهاوڕێیان گوتی: بە پێشمەرگە پاسەوانەکەی خاڵی دوەم، کە ئێمە هاتووین سەردانی مامۆستا بکەین و ئەوەش فڵانەکەسە.

پێشمەرگە پاسەوانەکەش منی دەناسی و چووە ژوورەوە و گوتی: بڵێن بە مامۆستا، م.ئیبراهیم و دوو برا میوانن، ئاگامان لێ بو م.ئەحمەد خۆی گوێی لێبو، پرسی کام ئیبراهیم؟... ئیبراهیم مەیکە؟ گوتیان: بەڵێ قوربان.

دواتر برا پێسمەرگەکە گوتی: دەکرێ کەمێک چاوەڕێبکەن؟ گوتمان: ئاساییە.

پاش چەن چرکەیەک فەرموویان لێکردین و مامۆستا خۆی هات بە پێشوازیمانەوە و پاش بەخێرهێنان و دەستوتەوقەی موشتاقانەی گەرم، پێشمان کەوت بەرەو ژوورەوە کە ماڵەکەی لەخانوێکی ئاساییدا بوو.

لە دیدارەکەدا پاش بە خێرهێنانەوە و پیرۆزبایی گەڕانەوەیان و ناساندنی ئەو دوو برایە وەک دوو یارو هاودەمی نزیک، مامۆستا مەبەستیبو پێناسەیەکی وردی شارەکە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی شارەکە ببیسێت و ئێمەش بۆمان خستەڕوو .

لەچوار چێوەی ئەو خستنەڕوەشدا بۆم باسکرد کە ئێمەش سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی خۆمانین و ئیستا ئێمە دەبینی بە ڕۆژدا بەم سیمایەوە دەژین و بە شەویشدا بە پاسکیلێکەوە گەڕەکاوگەڕەکی ئەمشارە دەگەڕێین بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕێکخراوەییەکانمان، دیاربوو ئەم بڕگەیە جێگەی سەرنجی بوو، بۆیە دەسخۆشیی لێکردین و دواتر گەڕایەوە سەر ئەم باسە.

دوای ڕەسمیات و ڕۆتینی دانیشتنەکە کەوتینە گێڕانەوەی هەندێ بیرەوەریی سەردەمی ئاوارەیی و ئەزمونی ئەو چەند ساڵەی کەسەرەتای کاری ئیسلامیمان بوون.

ئامانج لە یادەوەریەکە ئەم بڕگەی خوارەوەیە :

لە دوتوێی گێرانەوەی یادەوەریی ئیران و ئەزمونەکاندا، هاتینە سەر باسی جلوبەرگی تایبەت بە مەلای کوردەواریی و ئەو ئاستەنگانەی کە بۆ مەلاو مامۆستای ئایینییان دروست دەکات.

مامۆستا گوتی: دەزانن ئێستا بۆچی دواکەوتم لە بەدەمەوەهاتنی ئیوەدا؟گوتی: بەجلی ئاسایی وەک هەر مرۆڤێک لەگەڵ ئەو برا پێشمەرگانەدا لە سێبەری ئەو ساباتەدا دانیشتبووین، بەڵام جبەو مێزەرم لەبەردا نەبوو، کەگوتیان: میوان هەیە و تێگەشتم جەنابتانن، ناچار هاتمە ژورەوە و پۆشاکی مەلایەتیم پۆشی، ئەوجا توانیم بێمە پێشوازیتان، دەزانن ئەم ڕۆتینیاتە تەنها لەکۆمەڵگەی ئیمەدا بایەخی هەیە، گوتی: کاک ئیبراهیم لەئێران ژیاوەوە و دەزانێ کە ئەو ئێرانیانە هەیانە مەلای تەواو ناودار و ناسراوە، بەڵام لەکاتی پێویستدا کراس و پانتۆڵێکی ڕەش لەبەردەکات و جهازێکی بێتەلی بچوک دەگرێت بە دەسیەوە و سواری ماتۆڕێک دەبێت و بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی ئەمنیی یان ئیداریی یان سەربازیی، وەک پاسدارێکی ئاسایی دەچێتە بواری ئەرکەوە.

ئێمەی ئیسلامییش، پێویستە ئەم ڕۆتینە بشکێنین و خەڵکەکەمان ڕابهێنینەوە لەسەر ئەوەی کە مەلاش کەسێکی ئاساییە وەک ئێوە،

ئەم جلە هێمایەکی خراپە داهێنراوە بۆ سنوردار کردنی کەسایەتیە ئاینیەکان و خەڵکیش هەیە خراپ بەکاری دەهێنێت لە بەرژەوەندی تاکە کەسیدا.

لێرەوە و پاش ٢٩ ساڵ لەو دیدار و خەم خۆریەی ئەو زاتە، دەپرسم ئایا هیچ هەنگاوێک لەو ئاراستەیەدا نراوە یان بە پێچەوانەوە ئەوەندەی تر قورەکە خەستکراوەتەوە؟!

هەر بەو بۆنەیەشەوە دەگێڕنەوە کە م.ئەحمەد کاکە مە حمود، جارێک لەناو کەژاوەی سەیارەکانی خۆی و پاسەوانەکانیەوە، مەلایەکی ڕوتەڵەی کوردەواریی دەبینێت کە بە تەنها و دەستەکێن بەسەر شەقامدا دەڕوات، م.ئەحمەد یش لەبەرخۆیەوە دەڵێت: ئای خۆزگەم بەخۆت و ئەودڵە سافەت مەلا!

## (١٩)

پێویستە بڵێم: ئەم یادەوەریەم بۆیە لەم کاتەدا هاتەوەیاد لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە، بازرگانێکی شەڕی ناوخۆم بینی خۆی لەتەل دابوو و دوای دەنگدان، میدیکارەکان بەداخەوە وەک پیشەی هەمیشەییان، کەوتنە پشیپشی کردن لەگەڵیدا و لێدوانی بۆدان.

لە لێدوانەکەیدا وەک کەسێکی ئاشتیی خواز و پەپولەیەکی ئاشتی خۆی نواند، لەوێوە ئەم ڕۆژە ڕەشەی مێژووم هاتەوەیاد.

کات: سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٩٤.

شوێن: هەڵەبجەی تازە.

لەو کاتەدا کە سەرەتای شەڕی پارتی و یەکیەتی بوو.

هێزێکی گەورەی یەکیەتی لەگەرمیانەوە و بەفەرماندەیی عماد ئەحمەد گەمارۆی شاری هەڵەبجەی تازەیان داو لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بە چەن کەسایەتیەکی دیارەکانی شاریان ڕاگەیاند، پێویستە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ (کە ڕۆژی هەینی بوو)، یان پارتی بارەگاکانی لەو شارە دابخات و بڕوات، یان بەشەڕ و زەبری هێز دەری دەکەین و خوێن و موڵک و ماڵی خەڵکیش، ئێمە لێی بەرپرس نین چونکە پێشوەخت ئاگادارمان کردوون.

ئێمەش وەفدێکی دەدوانزەکەسیمان لەکەسە دیارەکانی شارەکە ڕێک خست و پارتیمان لەهەواڵەکە ئاگادار کرد و چوینە لای کاک عماد ئەحمەد،کە ئەو سەرکردایەتی هێزەکەی دەکرد و لەسەر گردی زەڕایەنی کۆن بنە و بارەگای خستبوو، داوامان

لێکرد ئەو شەڕە لەو شارە بەدوور بگرێت و لەڕێگەی ترەوە هەوڵ بدات، بەڵام بێهودە بوو، بۆیە داوامان لێ کرد هێرشەکەی بخاتە دوای نوێژی جمعە و پارتیشمان ئاگادار کرد.

بەڵام پێش گەشتنەوەی وەفدەکە بۆ ناوشار، چەکداری یەکیەتیی هەرچی ڕێگەو کۆڵان و جادەی نزیک بارەگای پارتی هەبوون گرتنیان، دیاربوو بۆ ئەوەبو ڕێگە لە هەڵهاتنی بەرپرسانی پارتی بگرن.

بەداخەوە لەگەرمەی گوتاری هەینیدا کاتێک مزگەوتەکان پڕبوون لەنوێژخوێنان لەهەردوو ڕەگەز، قرچەی فیشەک و زرمەی هاوەن و چەکی قورس دەستی پێکرد.

مزگەوتەکان هەرچۆن بوو کۆتاییان بە وتارو نوێژ هێنا و ئیمەش لە مزگەوتی (حراء) گوتار خوێن م.حسن شەمیرانی بوو لە مینبەر هاتەخوار و من ئیمامەتی نوێژەکەم کرد و کۆتایمان پێهێنا.

بەڵام کە هاتینە دەرەوە ئاگر و گولە لەهەموو لایەکەوە دەباری.

زۆرێک لەنوێژ خوێنان تا دوای بانگی ئیوارەش بە ناچاریی لەمزگەوت مانەوە، چوونکە دەرفەتی دەرچوونیان نەبوو.

ئەوشارە بەگشتی و گەڕەکی زەمەقیەکان و بەشێک لە هەڵەبجەییەکان ئەو ڕۆژەی بەحەسرەتەوە ئیوارە کردەوە و دەمەو ئیوارە بەرپرسانی پارتی لەڕێگەی دۆستانیانەوە لەشار

دەرچوون و ئەوجا هێزەکەی یەکیەتیی کەوتە کێومالّی ئەو شوێنەی کەپارتیەکانی لێوە دەرچوون.

ماڵ بەماڵ دەگەڕان.

گەشتنە نزیک ماڵی ئیمە، چوومە دەرەوە و خۆمم پێناساندن کە مەلای ئەو مزگەوتەم و پێم گوتن: زەحمەتی خەڵک مەکەن و من زەمانەتی ئەم ناوە دەکەم و هیچ مەترسییەکی تێدا نابێت بۆ ئێوە.

شەو چەکدارەکانی یەکیەتیی لە ناو کەلاوە و خانووە چۆڵەکانی ئەو ناوەدا مانەوە، شەوێکی سارد و وشکەسەرمایەکی سەختی هەبوو .

قوربانیانی ئەم هێرشەش بەدەیان ڕۆڵەی ئەم گەلەداماوە بوون.

## (٢٠)

کات: بەهاری ساڵی ١٩٩٦.

شوێن: گوندی باوەخۆشێن (کە ئێستا ناحیەیە) سەربە قەزای دەربەنیخانەو دەکەوێتە نێوان دەربەنیخان و قەزای قەرەداخ.

لەو کاتەدا کە، بەرپرسی لقی دەربەنیخانی یەکگرتوو بووم، یەکگرتوو حزبێکی تازەبوو، هەوڵمان دەدا لەسەر زاری خۆمانەوە بیناسێنین بە هاونیشتمانیان.

لەو سۆنگەیەوە بەیاوەریی شاندێک لەبرایانی لق، لەڕۆژێکی سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٩٦ (کەئەودەم یەکگرتوو تازە مۆمی دوەمی تەمەنی داگیرساندبوو) سەردانی گوندی باوە خۆشێنمان کرد، لەڕێوە نوێژی نیوەڕۆمان لەمزگەوتی دێدا کرد و بۆ نیوەڕۆ میوانی ماڵی باوکی م.مەلا مەولود قادر بووین کە ئەودەم م.مەولود، مامۆستای مزگەوتی گوندەکە بوو، هاوسەرگیریشی نەکردبوو، پێشتر م.مەولود ئاگادار بوو کە سەردانی گوندەکەیان دەکەین و پێمان گوتبو کە دەمانەوێ چەن پیاوێک لە گوندەکە ببینین و سەردانی کۆمەڵایەتیی ئەنجام بدەین.

بۆیە کەچووینە یەکەم ماڵ ماڵی بەڕێز کاک شێخ ئەنوەر شێخ حسین بوو، لەوێ چەن کەسێکی تر لەپیاوانی دێ ئامادە بوون و پاش پێشوازیی و یەکتر ناسین، دوای هەواڵ پرسی و چەن قسەیەکی ئاسایی دەسمان کرد بەناساندنی یەکگرتوو، لەدوتوێی قسەکانماندا ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە یەکگرتوو حزبێکی تازەیە و ئێمە نامانەوێ جەنابتان بەبێ ئاشنایی پشتگیریمان بکەن، بۆیە

ئێمە حزبێکی ئاشــــکراین و لەهەموو شـــــارەکاندا بارەگامان کردوەتەوە و پەیڕەو و پرۆگرامی نوســـراومان هەیە و ئەندامەکانیشـــمان ناســـراون و لێرەش م.مەولودکوڕی دێکەی خۆتانە و دەیناســـن، دەتوانن زیاتر یەکگرتوو بناســـن و ئەگەر زانیتان شیاوی پشتگیرین، ئەوا داوای پشتگیریتان لێ دەکەین و لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو و کێشـــە ناوخۆییەکاندا چاوەڕێی هیممەتتانین.

ئامادەبوان ڕوویان لە دەمی کاک شـــێخ ئەنوەر بوو، چونکە هەم خانەخوێی دانیشـــتنەکە و هەم دەمراســـتی گوندەکەش بوو، بۆیە کاک شـێخ ئەنوەر ڕووی لەمن کرد و گوتی: مامۆسـتا ئێمە ئەمە یەکەمجارە قســەی لەم چەشــنە دەبیسـین، لەمەوپێش ئەم گوندەی ئێمە یەکێک لە مەکۆکانی شـــۆڕش و لانەی هەموو حزبەکانی کوردســـتان بووە، هەرکامیان قســـەیان بۆ کردبین، بەپێچەوانەی قسەکانی جەنابتەوە، هەوڵیان داوە چاوبەسمان لێبکەن و کوێرانە شوێنیان بکەوین و بێپەروا پشتگیرییان بکەین، ئەمە یەکەم جارە حزبێک دێت و داوای هۆشـــیاریمان لێدەکات و پێمان دەڵێت: لەبارەمانەوە بخوێننەوە و بمان ناسـن، ئەگەر شـیاوی پشـتگیری بووین پشتگیریمان بکەن و ئەگەریش شیاو نەبووین هیچ!

بەتایبەت ئێوە (واتە حزبەکەتان) پێشـخۆتان دیاریتان بۆ زۆربەی گوند و ناوچەکان ناردوە و مزگەوت و مەکتەب و بنکەی تەندروستییتان بۆ دروست کردوین.

بۆیە ئەم قسانە و هەنگاوەکانی پێشووتان بەڵگەی ڕاسگۆیتانە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و ئێمەش چیمان پێکرا هاوکارتان دەبین، دواتر کاک شێخ ئەنوەر و خزمانی ناوچەکە ڕاستاندن و پشتگیریی خۆیانیان بۆ هەنگاوەکانی یەکگرتوو دەربڕی و لێرەوە ماڵئاوایی و ماندو نەبونیان بۆ دەنێرم ...کۆتایی.

وەک ڕاستیەکی حەشا هەڵنەگر، هەرچەندە ئێستا لەناوەندی بڕیاری حزبدا نیم، بەڵام بەقەناعەتەوە دەڵێم: بەداخەوە یەکگرتوو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، باجی ئەو ڕاستگۆییەی خۆی دا، چوونکە نەیارەکانی یەکگرتوو بە مەکروحیلە زیاتر توانیان زۆرینەی جەماوەر لەخۆیان خڕ بکەن و یەکگرتووش لەسنورێکی دیاریکراودا ڕاگرن.

سڵاو لەو ڕۆژانە و لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە و تەواوی خەڵکی بەشەرەفی نیشتما ن.

# (٢١)

کات: بەهاری ساڵی ١٩٩٧.

شوێن: شارەدێی (مەیدان) لەگەرمیان و بناری شاخی سەرکەشی بەمۆ.

ئەو دەمەی کە شەڕی ناوخۆ، کوردستانی دابەش کردبوو بەسەر دوو زۆنی جیاوازدا و پاڵەوانەکانی شـــەڕی ناوخۆش (پارتیی - یەکیەتی) لەهەر زۆنێکدا ئیدارەیەکیان پێک هینابوو و ناویان نابوو حکومەت.

لە سـایەی ئەو دەسـەڵاتە خۆجێییانەدا، چەندین تاوان و کەتن، ئەنجام دەدرا و دیزە بەدەرخونە دەکرا و کەس نەیدەزانی کێ بەرپرسە!

لەم هەل و مەرج و کەش و هەوا تەموو مژاویەشـدا، بوون و ژیان زۆر سەخت بوون، بەڵام چەند کەسێکی دڵسۆز و خاوەن مێژو و خەباتی ڕاسـتەقینە، لەناو کۆمەڵگە و دەزگاکانی ئەو دەسـەڵاتە خۆجێییانەدا، ببوونە چرای ئەو تاریکستانە و هیوایان دەبەخشی بە ڕێبوارانی ماندو نەناس.

لەم کەشـە ئاڵۆزەدا و لەو دەمەدا، کادرە دڵسۆزەکانی یەکگرتوو لەشار و شارۆچکە و گوند و سنوورە دوورەدەستەکانیشدا وەک مامۆستای قوتابخانە و مزگەوتەکان،کارمەندی تەندروستی...تاد.

لەو سنورە بێنازانەدا و لەگەڵ خەڵکی بەشەرەفی گوند نشین و خزمانیاندا سەرقاڵی خزمەت دەبوون و هاوکات کاری ڕێکخستن و پابەندیشیان بە یەکگرتوەوە درێژە پێدەدا.

یەک لەو کادرە دلسۆزانە م.کەمال حەسەن بوو، ئەودەم ماڵی لەگوندی خرکنێ و لەهەمان کاتدا مامۆستای خوێندنگەی گوندەکەش بوو، ئێستا لێپرسراو لقی دەربەنیخانی هەمان حزبە.

ئەودەم ناوبراو لەکەرتی ڕێکخستنی ئەو سنورەدا ئیشی دەکردو م.موحیەدین فاتح و م.جاسم مەجید لێپرسراوی ئەو سنوورە بوون.

هێزی باڵادەستی ئەو ناوچەیەش یەکیەتی بوو.

براو خوشکانی ئەو سنوورە لەگوندەکانی: بێلولە، خرکنێ، کانی کرمانج، قسڵان، هۆرێن، سەرتەک، شاوازی، باخە هەنارە..تاد .

لەناو گوندنشینەکاندا دەژیان و خزمەتی بەرچاویان دەکرد و لاوانی ئەو ناوچەیەش لەهەردوو ڕەگەز هەموو هیوا و ئومێدێکیان بەو خوشک و برایانەوە بەستبوو.

ئەم ڕەوشەش لەسەر دەروونی خەڵکە بیرتەسکەکەی سەربە حزبی دەسەڵات قورس بوو، هەموو ڕێگەیەکی دژایەتی و گێچەڵی جۆراوجۆریان بەو برایانە دەگێڕا.

یەک لەو پیلان و گێچەڵانە بریتی بوو لە ڕفاندنی م.کمال حەسەن، کە شەوێک لەگوندەکەی خۆیاندا چەند چەکدارێکی نەناسراو دابوویان بەسەر ماڵەکەیدا و لە کردەیەکی گوماناویدا بە

دەسبەسەری بردبوویان لەگەڵ خۆیاندا و بەکەسیشیان نەگوتبوو ئەوان کێن و ئەم پیاوە بۆکوێ دەبەن!

بەیانی زوو لەڕێگەی م.جاسم مجیدەوە ئاگادار کراین لە ڕوداوەکە و ئێمەش لە لقی دەربەنیخان و بەڕاویژ لەگەڵ مەڵبەندی چواری حزبدا کەهەر لە دەربەنیخان بوو، وەفدێکی لقمان پێک هێنا و ئەندامانی شاندەکە ئەگەر هەڵەنەبم لەم خۆشەویستانە پێک هاتبوو: بەندە، جاسم مەجید، عبدالله حەمەکەریم، حسێن نەجمەدین، یان م.موحیەدین فاتح و بەرە و شارەدێی مەیدان وەڕێکەوتین کە قائمقامیەتی خانەقین و بنکەی ئاسایش و کۆمیتەی یەکیەتیش هەر لەوێ بوون.

سەرەتا سەردانی قائمقامیەتمان کرد کە ئەودەم بەڕێز عەلی شامار فەرمانداری ناوچەکەبوو، پێشوازیی گەرمی لێ کردین و لە دیدارێکدا باسمان لەچەن پرسێک کرد، پاشان چووینە سەر پرسی ڕفاندنی م.کەمال.

لەو پرسانە: من ڕۆڵی کاک عەلیم بەرز نرخاند لە خەباتی شاخدا و باسم لە بڕگەیەک لەکتێبی (لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)ی کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا کرد، لەو بڕگەیەدا ڕۆڵی کاک عەلی بەرز نرخاندبوو، لەبەڕێوەبردنی زیندانەکانی شۆڕشدا لەناوزەنگ.

کاک عەلی شامار زۆری پێخۆش بوو کە من ئەو باسەم کرد و خۆی کتێبەکەی هێشتا نەبینی بوو.

دواتر بەهۆی هاوکاتبوونی دیدارەکەمانەوە لەگەڵ یادی عاشورا، باسێکم لە ڕووداوی کەربەلا و مەرگەساتی حسەینی کوڕی عەلی کرد و ئاماژەم بەنوسینێکی سەید قوتب کرد لەو بارەیەوە.

کاک عەلی سەرسام ما لەوەی کادێرانی حزبێکی وەک یەکگرتوو ئەم باسانە بزانن و بیانکەن، بۆیە ئەویش دەسخۆشیی گەرمی کرد و بەفرسەتی زانی و داوای کرد و گوتی: ئەی کەوایە بۆ لەگوندە شیعەنشینەکانی ئەم سنورەشدا چەن حسەینیەیەکمان بۆ ناکەنەوە (کاک عەلی شیعە مەزەب بوو) .

گوتم: کۆمەک بەخشەکانی کەنداو کە پارە دەبەخشن بە ئیغاسە و ڕابیتە، هەموویان سونین و داوای درووست کردنی مزگەت دەکەن، ئەگەر سەرمایەدارە شیعەکانیش کۆمەکیان بناردایە لەسەر داوای خۆیان حسەینیەشمان لەگوندە شیعەنشنەکاندا درووست دەکرد.

کاک عەلی هێندەیتر سەرسام بوو، بەشۆخیەوە گوتی: من دەرەقەتی ئێوە نایەم بفەرموون ئیشە ئەسڵیەکە باس بکەن.

ئێمەش ڕووداوی ڕفاندنەکەی م.کمال مان بۆ باسکرد و گوتمان: مادام لە سنووری دەسەڵاتی جەنابتا ڕوویداوە، چاوەڕێی هاوکاریی و بەدەمەوە هاتنیشت لێ دەکەین. خێرا دەستی دایە تەلەفۆن بۆ کۆمیتە و ئاسایش و قسەی کرد لەگەڵیاندا و گوتی: والەگەڵ برادەراندا دێم لەنزیکەوە بزانین چ چەتەیەک ئەم کارەی کردووە. هات لەگەڵماندا بۆ کۆمیتە و هەرچەندە بەرپرسی کۆمیتە و ئامادەبوان بێخەبەریی خۆیان نیشاندا، بەڵام ڕای

سـپاردن كه خێرا سـۆراغی گرفتەكه بكەن و پێی گوتن: دەبێت ئەم نـیوەڕۆیه ئەو كوڕه بـگـاتەوه مەڵـبەنـدی یەكـگـرتـوو له دەربەنیخـان .دواتر بەڕێز شـــامـار بەڕێزەوه ئیمەی بەڕێكردو گوتـی: بێخەم بن ئێســتـا قســەی تریشــیان لەگەڵ دەكەم. ئیمه گەڕاینەوه دەربەنیخـان و هەرواش دەرچوو، پێش نیوەڕۆ دوو ئەندام مەڵبەندی یەكیەتیی م.كمال یان هێنـایەوه مەڵبەند و داوای لێ بوردنیشـیان كرد و بەڵێنیشـیاندا پێوشـوێنی ئەوانەش بگرن كه ئەو كاره قێزونەیان كردوه .

## (٢٢)

کات: پایزی ساڵی ١٩٩٨.

شـــوێن: شـــارۆچکەی دەربەنیخان و بەغدای پایتەختی عێراقی عەرەبیی.

ئەودەم ســـەرەتای دەرکەوتنی بەهرەکانم بوو، بەڵام ســـروشـــتی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خستبوومیە ژێر ئەرکێکی زۆر لە خۆم گەورەتر، سـوپاس بۆ خواوەند بە هاوکاریی ئازیزان، توانیم تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بم لەکار و ئەرکەکانمدا.

دوورنەڕۆین و بگەڕێینەوە سەر تەوەرەی باسەکەمان.

وەک گوتم: هەرچەندە سەرەتای نووسین و دەرکەوتنی بەهرەکانم بوو، بەڵام ســـوپاس بۆ خوا، هەر لەوێوە هەســـتم بەوە کرد کە، پێویستە من و خامەکەم دژەباو بین و ئەوە بنووسین و ئەوە بکەین کە نەکراوە، هەرچەنـدە کۆت و بەنـدەکـانی ئەودەمی ژیـان و پەراوێزی ڕۆشـــنبیریی زۆر قەبە بوون، بەڵام لەزەین و ئاوەز و خەیاڵدانی مندا، شکاندنیان ئەستەم نەبوو.

لە بەرهەمە بەراییەکـانم کەتوانیم بەچـاپیـان بگەیەنم نـامیلکەیەک بوو بەناوی (شـورای ئیسـلامیی و سـەرنجێک لە دیموکراتیەت) کە لە ساڵی ١٩٩٦ بەچاپم گەیاند.

دواتر ئـامـادەکردن و وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەک بوو بەنـاوی (ئێران و ئیخوانولموســـلمین خـاڵەکـانی هـاوهەڵوێســـتیی و هۆکارەکانی جیاوازیی).

چەندین بەرهەمی ترم چاپکرا و بڵاوکرانەوە کە ئیستا دەرفەتی باسکردنیان نییە، گرنگترینیان وتارو لێکۆڵینەوەیەک بوو بە ناونیشانی (مەولانا خالدی نەقشبەندیی ڕێبەرێکی ئایینی و سەرکردەیەکی تێکۆشەر).

لەم نێوانەدا دەستم دایە وەرگێڕانی کتێبێکی دووبەرگیی کە لە نووسینی بەڕێز د.موحسن عەبدولحەمید بوو، بەناوی (تجدید الفکر الاسلامی).

پاش ماندووبوونێکی زۆر، کە نزیکەی ساڵێکی خایاند، کەوتمە بیری چاپ کردنی، خۆشەویست کاک ئەحمەد حەسەن کە ئەودەم خاوەنی کتێبخانەی ڕەسەن بوو لە دەربەنیخان، بەڵێنی تاپیکردن و دواتر بڵاوکردنەوەشی پێدام و بەم بەڵێنە منیش زیاتر دڵخۆش بووم لەسەر تەواوکردنی وەرگێرانەکەم و تەواوم کرد.

پاش تەواوکردن و پێش چاپ کردنی، بیرۆکەی ئەوەم بۆهات کە پەیوەندی بکەم بە نوسەری کتێبەکەوە و داوای موڵەتی وەرگێڕان و نووسینی پێشەکیەکی لێ بکەم بۆ وەرگێڕانەکەم.

گرفتی گەورەی بەردەم ئەم بیرۆکەیەم ئەوەبوو کە نوسەری بەڕێز لەشاری بەغداد دادەنیشت و هەم هاتووچۆ زۆر قورس و نارەحەت بوو، هەم ئەویش لەژێر چاودێریی دەزگا ئەمنیەکانی حزبی بەعسدا بوو، پەیوەندی کردن لەگەڵیدا و بۆ کارێکی لەو بابەتەش مەترسیداربوو، بەڵام خۆشەویست شیروان شەمیرانی کە ئەودەم تازە خوێندنی تەواو کردبوو بەهۆی ماڵە خەزورانیشیەوە هاتووچۆی بەغدای دەکرد، ئەو ئەرکەی لە

ئەستۆگرت و بەسوپاسەوە نامەیەکی منی بە د.موحس گەیاند و نامەیەکی دەسخەتیی ئەویشی لە وەڵامی نامەو داواکاریەکەی مندا بەمن گەیاندەوە و دکتۆر موڵەتی وەرگێرانی کتێبەکەی بە من بەخشی بوو و پێشەکیەکی شایستەشی بۆ بەرهەمەکە نووسیبوو.

لێرەوە دەسخۆشیی خۆم بۆ سەرجەم هاوکاران دەردەڕم، بەتایبەت کاک ئەحمەد حەسەن و کاک شیروان سلێمان.

خۆشبەختانەش دەڵێم: پرۆسەی نوێکردنەوە بەڕادەیەک قۆناغی باشی بڕیوە، دەتوانم بڵێم: ئیستا ئەو پرۆسەیە کتێبەکەی ئێمەش و بیست ساڵ لەمەوپێشیشی بەجێهێشتوە، بەڵام هەم د.موحسنی بەڕێز و هەم ئێمەش شەرەفی دەسپێشخەریمان پێ دەبڕێت لەو پرۆسەیەدا و سوپاسی خوای لە سەردەکەین.

## (٢٣)

کات: ١٩٩٩/٢/١٥

شوێن: شاری دەربەنیخان

م.حەمەسەعید بەرپرسی مەڵبەدی چواری گەرمیان لە شاری دەربەنیخان، بەئەرکێک دەرچوو بوو، منی وەک جێگر ڕاسپاردبوو.

دەوروبەری کاژێر دەونیوی پێش نیوەڕۆ لە بارەگای حزبی شیوعیەوە، هاوڕێ گۆران تەلەفۆنی کرد و گوتی: م.کەریم ئەحمەد سکرتیری حزبمان لێرەیە و دەیەوێت سەردانی بەڕێزتان بکات، لە وەڵامدا ئامادەییم نیشاندا و گوتم: خۆشحاڵین بفەرموون، بەڵام لێپرسراویی مەڵبەندمان لێرە نییە با ئاگادار بن، گوتی: کێشەمان نییە ئەوە نییە جەنابتان لەوێن.

ئەوەی لە بیرم بێت هەردوو بەڕێزان: م.عەلی کەلاریی و م.عەلی گڵاڵی ئامادە بوون، خۆمان ڕێکخست بۆ پێشوازیی و پاش چەن خولەکێک شاندەکەی حزبی شیوعیی گەیشتن، بەڕێزەوە پێشوازیمان لێ کردن، چەن کەسێک لە سەرکردەکانی حزب و کادرانیان لە دەربەنیخان هاوڕێی م.کەریم ئەحمەد بوون.

دیدارێکی ئاسایی وەک لە عورفی دبلۆماسیدا پێی دەوترێت (ودی) بوو و کەمێک باسی هەلومەرجی جیهانیی و ناوچەیی بۆکردین و ئێمەش باری سەرنجی خۆمانمان خستەڕوو، خوڵکی گەرممان کردن بۆ مانەوە و خوانی نیوەڕۆ قەبوڵیان نەکرد و گوتیان: مامۆستا ئێوارە کۆڕێکی هەیە و ئاگادارن خۆ؟

گوتمان: بەڵێ ئاگادارین و ئامادەش دەبین.

ئەوان ڕۆشتن و ئێمەش چوینەوە ژووری خۆمان و لە هەواڵەکانی کاژێر دوانزەی کەناڵی ئەلجەزیرە، گوێبیستی هەواڵی دەسگیرکردنی عەبدوڵا ئۆچ ئالان بووین، کە لە وڵاتی کینیتا لەلایەن باندێکی ئەمنیی نەناسراوەوە دەسگیر کراوە و بردویانەتەوە بەرەو تورکیا، هەموومان سەرسام و نیگەران بووین بە هەواڵەکە، چوونکە لەو دەمەدا ئۆجەلان ببوە هیمایەک بۆ خەباتی نەتەوەیی.

دەمەو عەسر چووین بۆ بەشداریی کۆڕەکە، دوای پێشکەش کردنی بابەتەکەی سکرتێری حزب، دەرگای پرسیار و وەڵام کرایەوە.

کەسێک پرسیاری کرد لە سکرتێری حزبی شیوعی و پرسی: ڕاتان چییە لەسەر دەسگیر کردنی ئاپۆ؟!

دیاربوو بەهۆی سەرقاڵییانەوە بە میوانداریی سکرتێری حزبەوە و هەروەها بەهۆی کۆرەکەشەوە، نە م.کەریم و نە ئەو هاوڕێیەی لە سەر مەنەسە لەگەڵی دانیشتبوو، هەواڵەکەیان نەبیستبوو، بۆ یە بەسەرسامییەوە م.کەریم گوتی: کەی و لە کوێ گیراوە، من شتی وام نەبیستووە؟

ڕووی کردە ئێمە کە لە ڕیزی پێشەوەی هۆڵەکەدا دانیشتبووین و پرسیی ئێوە شتی واتان بیستووە؟

هەستامە سەرپێ و گوتم: بەڵێ دوو سێ سەعاتێک لەمەوبەر لە کینیا گیراوە و ڕەوانەی تورکیا کراوەتەوە، دوای سەردانەکەی ئێوە، سەتەلایت هەواڵەکەی بڵاو کردەوە.

ئیتر م.کەریم گوتی: چونکە هەواڵەکە تازەیە و وردەکاریی ڕوداوەکە نازانم قسەی لەسەر ناکەم، تەنها ئەوەندە هەیە، هەموو کردەیەکی نائاسایی و ئیرهابیی ئیدانە و سەرەکۆنە دەکەین و لەگەڵ ئەو چەشنە کارانەدا نین.

## (٢٤)

کات: کۆتایی بەهاری ساڵی ٢٠٠٠ ئەو دەمەی کە هێشتا شەڕی ناوخۆ کۆتایی نەهاتبوو، ناکۆکیەکانی ناو بزوتنەوەی یەکبوونیش سەریان هەڵدابوو.

شوێن: گوندی (سەرگەتە/هەورامان) و بەدیاریکراویی ماڵی کۆچ کردوو، م.شێخ محەممەد بەرزنجی.

جاروبار دیدەنی مامۆستام دەکرد، هەندێ جار بەتایبەتی دەچووم و هەندێ جاریش کە ڕێم دەکەوتە ئەو ناوە دیدەنی جەنابیشیانم دەکرد.

بەڵام ئەمجارەیان هەواڵی ناردبوو کە پێی خۆشە سەرێکی لێ بدەم.

دیارە ئەم پەیوەندیەی نێوانمان هەم وەک خەڵکی ناوچەکە و دوکارەکتەر، هەم وەک ئەوەی کە من ئەو دەم ل.لقی خورماڵی یەکگرتوو بووم.

دەمەو عەسر لەگەڵ چەند برایەک لە هاوکارانم گەشتینە گوندی (سەرگەتە) و ماڵی م.شێخ محەممەد.

ماڵەکەی خانوێکی خۆش و لە جێگەیەکی دڵگیردا بوو، باخچە و حەوشەیەکی فراوانی لەبەردەمدا بوو، حەوشەکە ڕووی لە کوێستان و شاخە سەرکەشەکانی هەورامان بوو.

پاش ئەوەی ئاگادار کرا لەگەیشـــتنمان، م.شــێخ محەممەد خۆی هات بەدەممانەوە و بەڕوویەکی گەشــەوە فەرمووی لێ کردین و گوتی: لەبەرئەوەی ژورەوە گەرمە باجارێ لەحەوشەدا دانیشین، ئیمەش پێمان باش بوو.

پاش حەوانەمان مامۆستا گوتی: میوانێکی تریشم هەیە با ئەویش بێتە دەرەوە بۆ لامان.

فەرمانی کرد بەهاوکارەکانی میوانەکە بانگ بکەنە دەرەوە.

میوان هات و هەســـتاین لەبەری، کوڕێکی گەنجی پێکەوتووی گەنم ڕەنگ، ڕیشــێکی تەنکی هەبوو، شـــەرواڵ فارســـیەک و کراســێکی لەبەردابوو، کراســـەکەی بەردابویەوە بەســـەر شـــەرواڵەکەیدا و ئامێرێکی پەیوەندی (ســـورەیا) و تەســـبیحێکی قەزوانی بەدەســـتی چەپیەوە هەڵگرتبوو، تەوقە و مـــاچمـــانێنی لەگەڵ کردین و م.شێخ محەممەد ئێمەی بەناوی خۆمانەوە بە ئەو ناساند و ئەویشی بەئیمە ناساند کە ناوی ئاغای پەنایی بوو.

ئەودەم زۆربەی خەڵک بەو نـاوە ئاشـــنا بوون، وەک (قـاســـم سولەیمانی) ئیستا وابوو، هەمان ڕۆڵی ئەوی دەگێڕا.

قســـەو بـاســـی زۆر چوو بە نیوانماندا، لەوانە کێشـــەکانی ناو بزوتنەوەی یەکبوون و هەوڵەکانی م.عەلی باپیر بۆ جیابونەوە و مەترسیی درووست بوونی هێزی تری ئیسلامیی و... تاد.

پـاش ئەو بـاســـانە ئـاغـای پەنـایی ڕووی کردە من و گوتی:یٌغـا ئیبراهیم بزر از این مسائل بگژریم .

واتە: باڵەم باسانە تێپەڕین و باسی خۆمان بکەین.

من فارسیم دەزانی و کەوتینە گفتوگۆ.

گوتی: باشە ئێوە بۆچی چەک هەڵناگرن؟

گوتم: ئاغای پەنایی، ئەم حزبە گەورە و ئەو هەموو کارە جوانەی هەیە، تۆ بۆچی تەنها لەبارەی بێچەکیمانەوە پرسیار دەکەی؟

گوتی:ئاخر خاڵی لاوازی ئێوە ئەمەیە بۆیە من پرسیاری ئەوەت لێدەکەم.

گوتم: ئەوە ستراتیژی حزبەکەمانە و کاری لەسەر دەکەین، نابینی چەک چ نەهامەتیەکی هێناوە بەسەر کوردستاندا؟

گوتی: دەی دڵنیابن لەکوردستاندا سیاسەت بەبێ چەک

سوودی نابێت.

گفتوگۆمان زۆر کرد لەو بارەیەوە، بەڵام بەداخەوە وادیارە ئەو بنەمایەی کە ئەو گوتی، ئێشی پێدەکرێت لەکوردستاندا، کایە و پرۆسەی سیاسی کوردستان لە دەرەوە ئاراستە دەکرێت و گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردنەکان و دەرەنجامەکانیشیان گەواهی ئەو ڕاستیەن.

تێبینی: ئەم بڕگە لە یادەوەریەکان لە کاتی ڕاگەیاندنی ئاکامی یەکێک لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا نووسراوە کە بە ئاشکرا یاریی بە ئاکامەکانی پرۆسەکەوە کرابوو.

# (٢٥)

کات: کۆتایی بەهاری ساڵی ٢٠٠١ ئەو دەمەی کە هەوا گەرم دەکات و پێی دەگوترێت: گیا گەنان.

شوێن: شارۆچکەی خورماڵ و گوندەکانی دەوروبەری.

لەو دەمەدا کە وەک بەرپرسی لقی خورماڵی یەکگرتوو لەو ناوچەیەدا بووم، هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە زۆر ئاڵۆزو ناجێگیر بوو، ئەو هێزە سیاسی و گروپە چەکدارانەی کە لە ناوچەکەدا بوون؛ بزوتنەوەی یەکبوون، دواتر بزووتنەوەی ئیسلامیی، کۆمەڵی ئیسلامیی، ئەنسارولئیسلام، جەماعەتی ئیسلاح، دواتر جوندولئیسلام، پارتیی بەنهێنی، لە بەرەی ئەوبەریشەوە یەکیەتیی، جەماعەتی وردەی تریش هەبوون، ئێرانیش بەنهێنیی و بەئاشکرا تەڕاتێنی دەکرد و ئاراستەی ئەو هێزانەی دەکرد، یەکگرتوش لەو قۆناغەدا و بەهەوڵ و لێبڕانی هەڵسوڕاوەکانیەوە لەناوچەکەدا، هێزێکی دیار و کاریگەر و گوێلێگیراو بوو و دەیتوانی هاوسەنگیی زۆرێک لە کێشمە کێشەکان ڕابگرێت (تایبەت مەندیی ئەو سەردەمەم لە سێ دەفتەری ڕۆژژمێری تایبەتدا بەشێوەی ڕۆژانە نووسیوەتەوە و پێشتریش باسم لەو یاداشتانە کردوە و چەند نمونەیەکیشم لێ نووسیوەتەوە) بەم هۆیەوە ڕۆژ نەبوو ڕوبەڕووی چەندین ئاستەنگی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و چەق بەستن لە تێگەیشتندا نەبینەوە و هەواڵی چەندین مەرگەسات و ئاژاوە و گێچەڵ نەبیسین، سەرباری ئەرکە ڕێکخراوەیی و حزبی و

کۆمەڵایەتیەکانی خۆمان، بەپێی دەرفەت و گونجانیان لەگەڵ سروشتی کاری ئێمەدا، بەدەم هەندێکیانەوە دەچووین.

تیشکی ئەم بڕگەیە لە یادەوەریەکان لەسەر بواری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیمانە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بەگشتیی و کەسایەتیی و بنەماڵە دیار و کاریگەرەکانی ناوچەکەدا بە تایبەتی و گێڕانەوەی نمونەیەک لەو سەردان و بەسەر کردنەوانە کە دەتوانێت وێنایەکی ژیان لەو سەردەمە و لەناوچەکەدا، بدات بەخوێنەر.

لەڕێگەی بەرپرسی ناوچەکان و بەشی کۆمەڵایەتیی و بەرپرسەکەیەوە، هەوڵمان دەدا بەشداریی زۆربەی بۆنە و پێشهاتە خۆش و ناخۆشە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی ناوچەکە بکەین و لەوێوە کەمێک ناسۆرەکانی ژیانیان لا سووک بکەین.

کابینەی لق سەرەڕای جیاوازیی تێگەیشتنی تاکەکەسی، لەم بوارەدا وەک تیمێک کارمان دەکرد، کە دەچوینە ناو خەڵک جێگەی ئومێد و دڵ خۆشیی ئەوان بووین.

بەشداریی سادەترین بۆنە و گەورەترین بۆنەمان دەکرد، بەڵام

بە ئاستی جیاواز.

سەردانی بنەماڵەی بەگزادەکان و شێخەکانی ناوچەکە و سەرەک هۆز و کەسایەتیە دیارەکانمان دەکرد و سوودمان لە پردەکانی پەیوەندیی بنەماڵەیی و مێژوویی وەردەگرت.

لە یەکێک لە سەردانەکانماندا کە چەند برایەک لە ئەندامانی لق و کۆمەڵایەتی و ستافی یاریدەرمان لەگەڵدا بوون، سەردانی ماڵی

کەسایەتیەکی ناوچەکەمان کرد لەگوندی (ئاوایی ڕۆستەم بەگ) کە گەشتینە لای ماڵەکە، یەکێک لەبرایان تەقەی دا لەدەرگا، لەبەر ئەوەی حەوشەکەیان گەورەبوو، بەتوندی دەرگاکەی کوتا، گوایا بۆ ئەوەی تەقەی دەرگاکە ببیسن و لێمان بکەنەوە.

پاش کەمێک لێدانەکەی دووبارە کردەوە و بەتوندتر لێی دایەوە.

پیاوە خاوەن ماڵەکە بە شڵەژاویی هات و دەرگای کردەوە و بە پەلە تۆقە و ماچ و موچی گەرمی لەگەڵ کردین و ڕووی کردە من و گوتی: لێدانی دەرگاکە لە ئیشی یەکگرتوو نەدەچوو، یەکگرتوو هێمنە و ئێوە زۆر بەتوندی داتان لە دەرگا و ئەوەی ڕاستی بێت، ترساین (جوندولئیسلام) بن و هاتبن کوڕەکانم بگرن، بۆیە هەریەکە و بەلایەکدا بەناو باخەکەدا ڕەوانەم کردوون تا خۆیان پەنا بدەن و دوور کەونەوە، چوونکە خۆتان دەزانن ئێمە بە هەواداری پارتیی ناسراوین، کە بەو شێوەیە لە دەرگاتاندا گوتمان: گەمارۆ دراوین و فەوتاین .

منیش گوتم: لەمەشا گلەیی لە یەکگرتوو مەکە، لێدانی دەرگاکە ئیشی فلانەکەسمان بوو کە کۆنە پارتیە و وەک خۆتان لە دەرگاکەی دا .

هەموان پێکەنین و بەڕەحمەت بێت خاوەن ماڵەکەش گوتی: ڕەحمەت لەگۆڕی باوکت، بەخوا ڕاست دەکەی، باوەشی خۆشەویستیی کردەوە بۆ ئەو کەسەی کە دابووی لە دەرگاکە و گوتی: لەمەولا ئیتر یەکگرتووانە لەدەرگا بدە !

چووینە ژورەوە و کوڕەکانی بانگ کردەوە، کە یەکێکیان بەرە و خۆرئـاوای بـاخەکە دەرچووبوو، ئەوی تریشـــیـان بەرە و خۆرهەڵات.

گوتی: وەرنەوە ڕۆڵە، تەقە لێدانەکەش هەر لە ئیشـــی خۆمانەوە دەرچوو.

## (٢٦)

شوێن: شاره جوانەکەی موسڵ، دایکی دوو بەهار و سێیەم گەوره شاری عێراق.

کات: هاوینی ساڵی ٢٠٠٧.

لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویست و برای ئازیز محەممەد عەلی سەعید و ژمارەیەکی تر لە ئازیزان، بەمەبەستی خوێندنی زانکۆیی لە موسڵ بووین.

پاش ڕووخانی حکومەتی بەعس، هێشتا لەو شارەدا حکومەتی نوێ نەیتوانیبوو جڵەوی دەسەڵات بەتەواوی بگرێتەوە دەست و تەنها بەڕۆژدا و لەچەن شوێنێکی دیاریکراودا، حکوومەت و دەزگا ئەمنیەکان دەسەڵاتیان هەبوو.

خزمەتگوزاریی و ئاو و کارەباش لە دۆخێکی خراپدا بوو، شار لە ژێر پۆساڵی سوپای ئەمریکا و فڕۆکە هەلیکۆپتەر و ئەپاتشی و جەنگیەکانی هاوپەیمانان‌دا، بەشەو و ڕۆژ ناڵەی دەهات.

کەس لەسەروسامانی تەنها بۆ چرکەیەکیش دڵنیا نەبوو.

ئێمەش لەو نێوانەدا و بە ورەیەکی شەکەت و هیوایەکی بزرکاوەوە، سەرقاڵی خوێندن و تاقی کردنەوەکانمان بووین و هەرکات دەگەڕاینەوە بەرەو سلێمانی، کە لەشار و بازگەکانی ئەو سنوره دەردەچوین وامانـدەزانی تازە لەدایک دەبین و ئاهێکمان بەبەردا دەهاتەوە و هەرکەس دەنگی سازبوایە، لەبەر

خۆیەوە خرنگەی گۆرانی دەس پێدەکرد و ئەوانی تریشمان بزەی خۆشیی دەکەوتە سەرلێوانمان.

چوار ساڵمان بەو حاڵەوە بەڕێ کرد، وەک موکەڕەم تاڵەبانیی لەزاری مەحمود خانی دزڵییەوە کاتێک خان لە زیندانی (ئیچ قەڵا) ی کەرکوک لەلایەن داگیرکاری بەریتانیەوە، هەشت ساڵ دەسبەسەر بووە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هەشت ساڵ تەواو بوو، بەڵام زوڵم و ستەم هەرتەواو نەبوو.

ئیمەش تەمەنێکمان بەڕێ کرد، بەداخەوە نەهامەتیەکانی ئەو شارە جوانە و خەڵکە دڵپاک و زانست خواز و ئاشتیی خوازەکەی، نەک هەرکۆتایی نەهات و بە ئاواتەکانیان نەگەشتن، بەڵکو نغرۆی ستەم و پاکتاوکردن بوون و خۆیان و ئاواتەکانیان بۆ هەتاهەتایی بوون بەژێر داروپەردووی خانوو و شوێنەوارە مێژوییەکانی شارەکەوە.

شاهد لەم گێڕانەوەیەدا ئەمەیە:

ڕۆژێکی گەرمی هاوین، شوێنەکەی خۆمان گەرم و خزمەتگوزاریی کەم بوو.

لەگەڵ هاوڕێم محەممەد عەلی سەعید، پێکهاتین دووقۆڵیی بچینە دەرەوە و کتێبی سەعیکردنمان برد لەگەڵ خۆماندا و پاش گەڕانێکی کەم بە بازاڕی موسڵی کۆندا، ڕوومان لە مزگەوتی گەورەی شار کرد، کە مزگەوتی -نوریی- شیان پێ دەگوت، بەو پێیەی کە لە سەردەمی نورەدین زەنکی مامی سەلاحەدینی ئەیبوبیدا بونیات نرابوو.

پێش نیوەڕۆ لە حەوشە و باخچەکانی مزگەوتداماینەوە و پاشان نوێژی نیوەڕۆمان بەجەماعەت کرد و دوای نوێژ، چوینە لای ئیمامی مزگەوت کە گەنجێکی پێکەوتەی بەڕێز بوو، خۆمان پێناساند و ڕێزی لەگەڵ نواندین و خولکی کردین بۆ ماڵەوە، ئێمەش ستایشی هەڵوێستەکەیمان کرد.

گوتی: چ خزمەتێکتان پێویستە تاهاوکاریتان بکەم؟

گوتمان: هیچمان پێویست نیە، تەنها ئەوەندە ئەگەر دەکرێت یارمەتیمان بدەن، لەبەر ئەوەی مزگەوت کارەبای هەیە و فێنک و بێدەنگە، ئەم نیوەڕۆیە لێرە بمێنینەوە و سەعیی بکەین و پاشان کەمێک پشوو بدەین.

بەڕێزێکی زۆرەوە ئامادەیی پیشان داو گوتی: بەس بەمەرجێک، دەبێ دەرگاتان لەسەر دابخەم!

گوتمان: بۆ؟

گوتی: لەبەر حاڵەتی ئەمنیی، چوونکە بۆی هەیە سەربازی ئەمریکی بێن و بتانبەن و ئێمەش تووشی گرفت بکەن.

گوتمان: ئاساییە بەڵام تاکەی؟

گوتی: تا نوێژی عەسر.

ژمارە مۆبایلی خۆی پێداین و گوتی: ئەگەر کێشەیەکیش دروست بوو، یان ئەمریکی هاتن، بڵێن: ئەو مۆڵەتی داوین و ئەوەش ژمارەکەیەتی.

بەهەرحاڵ، مامۆستا ڕۆشت و ئێمەش دەسمان کرد بە خوێندنەوە و پاش زیاتر لە سـەعاتێک، پانکە ئیشـی دەکرد، ڕاکشـاین و خەومان لێکەوت.

بەدەنگی کردنەوەی دەروازەی حەرەمی مزگەوت، کە دەرگایەکی تەختەی زەبەلاح بوو، بەخەبەر هاتین و هەستاین.

پیاوێکی بەتەمەن (دوایی دەرکەوت مجێور و زێوانی مزگەوتەکە بوو) کە ئێمەی بینی سـەرسـام بوو، بەتوڕەییەوە گوتی: ئێوە کێن و چی دەکەن لێرە؟

هەرچیی ویسـتمان تێی بگەیەنین، گوێی لێ نەگرتین و تەلەفۆنی کرد بۆ مامۆسای مزگەوتەکە و ئەویش لێی پرسی چەن کەسن و سیمایان چۆنە؟

کە دڵنیـابوو ئیمەین، پێی گوت: ئـاگـادارم و میوانی منن، وازیـان لێبێنە (خلی سبیلهم).

مـاڵی ئـاوابێت، زێوانی هێمن کردەوە و ئەویش سـەر و مـاچی کردین و گوتی: دڵتان هیچ نەکات وەزعەکە خراپە.

پاشان مامۆستا، بۆ نوێژی عەسر هاتەوە و دەسخۆشیمان دووبارە لێ کردەوە و بەجێمـان هێشـتن، چوونکە ئێمە نیوەڕۆ نوێژی عەسریشمان کردبوو.

# پاشکۆی

ڕاوبۆچوونی هەندێک لە کەسـایەتیی و خوێنەران لەبارەی کتێبی (مژارێک لەتەمەن) ەوە...

کۆچبەرە ئیسلامییەکانی ئۆردوگاکانی ئێران

١٩٨٧ ١٩٩٠ -

ماجەرای ململانێ نێوخۆییەکان لەکتێبی «مژارێک لەتەمەن» دا.

کتێبی"مژارێـك لە تەمەن" هەگبەی بیرەوەریی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی سیاسیی زیاد لە سی ساڵ تەمەنی مامۆستا (ئیبراهیم مەیکە عەلی) لەخۆگرتووە، وەك خۆی دەڵێت (یەکەم خسـتنەڕوو بۆمێژووی ئیسلامییەکان).

ڕووبەری نزیکەی سەدوپەنجا لاپەڕەی بۆمێژووی ئیسلامییەکان تەرخانکراوە، مێژوو بەو واتایە نا تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لەخۆگرتبێـت، بەڵکو نووسـەر هەوڵیداوە بەو پـاشـخـان و بیرکردنەوەوە کە خۆی بڕوای پێ بووە و لەنێو هەنـدێـك لەماجەرای ڕووداوەکاندابووە بیانگوازێتەوە.

مامۆسـتا باس لەدۆخێك دەکات و خۆی لەگۆشـەیەکی مێژووی ئیسلامییەکان دەدات، پێموانییە وەك پێویست تائێستا دوای زیاد لە سی ساڵ خرابێتەڕوو، ئەو بیرەوەریی ساتەوەختێك دەهێنێتەوە بۆ ئەمڕۆ گەرچی نیگەرانیش بین، بەڵام بەشـێکە لەمێژووی

ئیسلامییەکان، باس لەململانێ و بەریەککەوتن دەکات، حیکایەتی ڕاوەدونان و گرتن و زیندانیکردنمان بۆدەگێڕێتەوە، زیندانییەك دەرهاویشتەی ناکۆکی نێوان براکانە و ئەوەی لەم نووسینە بڕوانێت جگە لە سەتحیات و غیابی زمانی دیالۆگ و گرێی دەروونی لەنێو خەیمەکانی ئۆردوگادا مەوزوعیەت و نیقاشی فیکریی زۆربەکەمی تێدابەدیی دەکرێت.

مەیکە سڵی لەدەرختنی ئەو ڕاستیانە نەکردووەتەوە کەلەنێو ئۆردوگای دەربەند دزلیی و بەشێك لە ئۆردوگای کۆچبەرە عێراقیەکان و تەنانەت شارەکانی دی ڕۆژهەڵاتدا لەنێوان بزووتنەوەی ئیسلامیی و برایاندا گوزەراوە.

ئەو چەمکەکانی" ناکۆکیی، لێدان و شەڕ، زیندانیکردن، چاودێری و فشارو زۆرلێکردن، جیهاد و ستەمکاری" ئەمانەی لەبۆتەی قوربانی و جەللاددا وێناکردووە.

مامۆستا وێنەکانی قۆناغێکمان پیشان دەدات کە سۆزی دوور لە زێدو نیشتیمان و ئاوارەیی زەمەنی شەڕ و کوشتار نەیانتوانیوە شەفاعەتی کۆتاییهێنان بە ویستە سایکۆلۆژیی و تموح و بەرژەوەندییە حزبیەکان بکەن، جەدەلی توندوتیژیی و دڵڕەقی و تاڕادەیەك بەزمانی نووسەر ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەم نووسینانەدایە .

سەرباری هەندێك تێبینی و سەرنجم لەڕووی فۆڕمی نووسین و ناوەڕۆکەوە بەڵام پێموایە ئەمە قۆناغێکی مێژووی ژیانی بەشێك لەئیسلامیەکان لەماوەی زیاد لەسێ ساڵدا دەخاتەڕوو.

گەرچی لەبەرگی پشـــتەوەی کتێبەکەدا مـامۆسـتـا دەڵێت"تەنها مەبەســتم پاراســتنی مێژووە و هیچی تر" بەڵام مامۆســتا بۆ ســـڵەمینەوە لەلێکەوتەکانی مێژووی قۆناغێك، نەوتراوی زۆری وتووە و دەرگای بەســەر ڕووداوگەلێکدا کردووەتەوە بۆتوێژەری بە ئەزموون و نووســەری بەســەلیقە گەربێت و بیانەوێت وردەکاریی بەشێك لەمێژووی ئیسلامییەکان بنووسنەوە.

وروژانـدنی ئەم بـاســە لەم کتێبەدا و لەم کـاتەدا کە هەنـدێك لەکارەکتەرە ســیاســیی و ســـەربازییەکانی لایەنە عەلمانیەکان لاپەڕەی مێژووی یەك هەڵدەدەنەوە لەقۆنـاغی خەبـاتی شـــاخداو دیـاردە نـامۆکـان دەخەنە ڕوو دوور لەنەریتی دیـالۆگ و بەزمـانی تفەنگەکان ئەمە بۆ ئیسـلامییەکانیش گرنگە لەچوارچێوەی پەندو وانەکانی مێژوودا ئەم باسانە هەڵسەنگێنن.

زەروورە بۆئیسـلامییەکان بەتایبەتیی ڕەوتە چەکدارەکە، لەدوای ڕاپەڕینی ناوەڕاستی ئایاری ١٩٨٧ لە هەڵەبجە و شـارەزوورو هەورامـانەوە لە ئۆردوگـاکـانی ئێرانـدا نیشـــتەجێ بوون بەنـاوی "بزووتنەوەی ئیسـلامیی"ەوە ئەم کتێبە بخوێننەوە، ئەمە دەیانخاتە بەردەم تێگەیشـــتنێکی تر و هـاوکـات گەڕانەوە بۆ دوێنێیەك کە هێشتا جێ پەنجەکانی بەڕوخساری ئەمڕۆمانەوە دیارە.

ئەم کتێبە گەرچی ڕووبەرێکی بـاس لەژیـانی کۆمەڵایەتی و سـیاسـیی و کاری ڕێکخراوەیی نووسـەرە، بەشـێکی گرنگیشـی هەڵگری پـاشـــخـانێکی کولتووریی و شـــێوازی ژیـانکردنی کۆمەڵگای کوردیی و مۆدێلی ململانێ و غیابی پێکەوە هەڵکردنە،

مـامۆسـتـاش نەیتوانیوە خۆی لەڕووداوەکـان بهێنێتە دەرەوە، گەرچی بێلایەنیش نەبووبێت بەڵام واقیعەکەی خستووەتەڕوو.

ئارام عەلی سەعید

١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠

سلێمانی

بەناوی خوای گەورە

بۆ بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم میکە عەلی

وێڕای دەستخۆشیم لەهەوڵەکانت لەکتێبی "مژاریێك لە تەمەن"، وە دووبارە سوپاسم بۆ دیارییەکانت، ئومێدەوارم هەموو کارەکانمان لەپێناو خزمەتکردن بێت بەپێکەوە ژیان و تێگەیشتن بێت لە جیاوازییەکان.

من ڕای خۆم لەسەر هەوڵەکەی بەڕێزتان لە فەیسبووك نووسی، بەڵام ناکرێت هەموو شتێك لەو شوێنە بخرێتەڕوو کەببێتە مایەی کەم کردنەوەی بایەخی ئەو هەوڵەی جەنابتان، بۆیە کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیم هەیە لەسەر نووسینەکەت دەمەوێت لێرەوە بە کورتی بیانخەمەڕوو بەئومێدی ئەوەی بۆ چاپێکی دی سوودیان هەبێت:

١- تۆ توانیوتە دەست ببەیت بۆ دۆسیەیەك کە ناکۆکیی براکانەو لە مەهجەر نەیانتوانیوە پێکەوە هەڵبکەن، سەیرم لەسەرەتای نووسینەکەت ئەوەیە سەرباری ماف و ئازادی نووسینی خۆت بەڵام زۆر لایەنداریت پێوە دیارەو کەمتر مەوزوعیەتی تێدایە بۆئێستایەك کەلەڕابردوویەك بڕوانیت پڕ لە ئاڵۆزیی و گرێ و ناتیگەیشتن، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد بەچاوی ڕەخنەوە لەو جوگرافیا بچووکەدا بتتوانیایە دوای خستنەڕووی کێشەو کۆسپەکان ڕەخنەی هەردوولات بکردایە، لە هەندێ شوێن تەنها ڕووداو دەگوازیتەوەو لە زۆر شوێنیشدا تەعقیبت نووسیوەو برایانت وەك قوربانی و بزووتنەوەی ئیسلامیت وەك

دەسەڵاتدارێکی دڵڕەق و ئاخنراو بەفیکری توندڕەویی وێنا کردووە، دەبوو لەو بارە سایکۆلۆژییە کولتورییەوە ڕەخنەت بگرتایە کە دینیش نەیانتوانیوە پاشەکشە بەویست و تموح و عەقڵیەتی تاکی بڕواداربکات تالەبەرخوداش بێت وازبهێنن لە ناکۆکیی و یەکترشکاندن و سفر کردنەوەی هەوڵ و کۆششەکان و ئەو عەقڵیەتە بچووکەت بخستایەتە بەر نەشتەری ڕەخنە کەکاری ئیسلامیی لەبازنەیەکی بەرتەسکدا قەتیس دەکەن.

٢- تاڕادەیەك زمانی نووسینەکەت لە هەندێك شوێن لۆکاڵیەتی پێوەیە، جەنابت بۆ گشتت نووسیوە دەبوو ئەندازەیەك خۆت لەبەکارهێنانی هەندێ وشەی ناوچەیی بپارێزیت بۆ خۆدەربازکردن لەو هەموو گرفتەی لە دەربڕین و داڕشتن و تەنانەت تێگەیشتنی زمانی کوردیدایە.

٣- هەرچەندە ئەمەیان ڕای خێزانمە کە وەك من ئەویش تەواوی کتێبەکەی خوێندووەتەوە دەڵێت عەقڵیەتێکی پیاوانە بەسەرنووسینەکەدا زاڵەو کەمتر ماندووبوون و قوربانیەکانی خێزانی یەکەمی ڕەچاوکردووەو وەك پێویست نەینرخاندووە گەرچی هەرلەیەکەم لەحزەی دەسپێکی سەفەرەوە ئەو هاوبەشێکی سەرەکیت بووە ڕەنجی فیزیکی و ماندووبوونی دەروونی لەژیانی ئاوارەییدا بینیوە .

٤- کە باسی وازهێنانت دەکەیت لە یەکگرتووی ئیسلامی، دەکرا هۆکارە زاتی و بابەتیەکانت لەدوای ئەو هەموو ساڵە لە کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامیی ئاماژە پێ بکردایە، نەك ڕاستەوخۆ

دەرگـايەك بەڕووی چەنـدسـاڵێكی تەمەنـدا كلۆم بدەيت كە وەك لەگێڕانەوەكانی خۆتەوە ديارە هەورازونشـێوی زۆرت تيابينيوە لەنـاو بەشـێـك لەململانێ و بەريەككەوتن و هەسـتـانەوەو كەوتنيشدابوويت.

بەئومێـدی ئەوەی سـەرنج و ڕەخنەكـان بونيـاتنەربن لەپێنـاو جوانكردنی نووسـينەكەتـان دوور لەهەر ويسـتێكی دەروونی كەحەزی ئينسان بيخوازێت.

برات

ئارام عەلی سەعيد

١٨/١٠/٢٠٢٠

سلێمانی

سڵاو و ڕێز مامۆستا ئیبراهیم

دیاریەکەتم بەخێرایی خوێندەوە دەستەکانت خۆش،کۆمەڵێک بابەتی نەوتراو و زانیاریی نوێت درکاندوە، یاخواخۆشبیت. دەشزانم لەبەردڵت قورس نابێت ئەگەر ئەم تێبینیانەت عەرزکەم:

یەکەم: لەسەرەتای حەفتاکان ڕوداوت یاداشت کردوە تاوەکو دووهەزاروبیست لە٢٧٢لاپەڕەداکەبەشی یەکەمە، واتە: یاداشتی نزیکەی پەنجاساڵ ،کەچی نزیکەی ١٦٠ لاپەڕەت تەرخانکردوە بۆساڵەکانی ١٩٨٧تا١٩٩١واتە: بۆچوارساڵ، بەشی هەرەزۆریشی بۆکێشمەکێشمی حزبی، وانازانیت ناهاوسەنگیەکت دروستکردوە؟ هەمووبوارەکانی دیکەی ژیانت کردوە بەقوربانی ڕوداوە حزبیەکانی ژیانت بۆ؟ هەندێک وێستگە هیچ هەڵوێستەیەکت لەسەرنەکردوە وەک: کیمیاباران، کۆبونەوەی گشتی کامیاران،١٩٩٠ئەمانەگۆڕانکاریان بەدواوەهات، سەرەڕای کۆنگرەکانی یەکگرتوو کەتەنها بەشداریی یەکێکیانت نەکردوە.

دووهەم: لەپاش گەڕانەوەت بۆخورماڵ وەک بڵێی تاقەتی وردەکاریی و داڕشتنەوەت نەمابێت و یاداشتەکانت لەکۆڵ کردبێتەوە.

سێهەم: بۆئەو ڕوداوە سەرنجڕاکێشانانەی بەشی دووهەمت تێهەڵکێشنەکردوە لەبەشی یەکەمدا، هەتابەشی دووهەم بچڕبچڕ دەرنەچێت وبەشی یەکەمیش وشک ولاسەنگ؟ سێهەم: بە سێ چوار جۆر یاداشتەکانت داڕشتوەتەوە، بەشی یەکەم

بەجۆرێـک کۆتـاییەکەی بەشـــی یەکەم جۆرێکی دیکەوبەشـــی دوو هەمیش جۆرێک.

دارِشتنەوەکانیش لەئاستی قەڵەمی بەڕێزتاندانین.

چوارەم: هەنـدێـک پرســـیـارت بێ وەڵام دروســـتکردوە، دەبوو وەڵامیـان هەبێـت لەنمونەی دوای ئەوهەمووکێشـــمەکێشـــمەی ئۆردووگا کەچی یەکسـەر م سـدیق دەرسـی بۆداناونەتەوە، چۆن وازوو ڕێک کەوتن؟ ئەم قسـانەم مەحرەمانە و دڵسۆزانە نوسیوە، بۆیە وەها ڕاشکاوانەیە، بمبورە لەشێوازەکەی.

تەوفیق کەریم

هەڵەبجە

دوای ئـەوەی كتـابی (مژاريك لە تەمەن) ی برای بەرێزم جەنابی مـامۆســـتـا ئیراهیم میكە عەلیم پێ گەیشـــت وێرای ســـوپاس و پێزانینم، هەســـتـام بـە خوێندنـەوەیەكی ورد بۆی دەتوانم بڵێم ئەم چەند خالەم لەلا گەڵالە بوو:

١ - شـــێوازێكی زۆر جوان لە نووســـین كە هەر لە دەســـت و پەنجەی جەنابی مامۆستا دەوەشێتەوە.

٢ - ســـەرەتا كتابەكە زۆر بە وردی نووســـراوە، بەڵام دواتری خێرایەكی پێوە دیارە.

٣ - بەشـی یەكەم و بەشـی دوومی فۆنتی خەتەكەی زۆر جیاوازە ئەوەش لە رووی هونەریەوە لەسەر دیزاینەر هەژمار دەكرێت.

٤ - بـەقـەنـاعـەتی من دەكرا هەر دوو بەش، بەیەك بەش هەژمار كرا با پیویستی بە دوو بەش نەبوو.

٥ - هـەر وەك كتـابەكەی كاك مەلا بەختیار ( لەبری بیرەوەری) و كاك مەسـعود بارزانـی (بۆ مێژوو)، ئەمیش دڵی گریاندم بەر لە چاوەكـانم، كوردێك ئـەوەنده نـاتوفـاق بێت تـەنـانـەت لە هەڵاتن و كـەمـپ و كۆمـەڵگـای بـەزۆرە ملێ نـەتوانی پێكـەوە هـەڵبكـات و ئەوەندە خۆ خۆر و خۆ كوژ بێت.

٦ - مامۆستا ئیبراهیم پەنجەی خستە سەر كۆمەڵێك ژان و برینی سـەختی بونیەوی كە تائێستا سارێژ نەكراوە و پێناچی سارێژیش بكرێت.

٧ - ئەوەی لەم کتابانەو کتابەکانی تری مێژوو، یان یاداشت یان یادەوەری کەوتیتە بەرچاوم هەموو باس لە ئیشکالیەتی عەقلی کورد دەکات.

جا پێ دەچێت ئەفکار و ئایدیۆلۆژیا، کوردی شەق نەکردوە، نەخیر کورد خۆی لە دوای شتێك دەگەڕێت کە شەقی بکات و لەتو پەتی بکات، ناکۆکی لەناو ناخی کورد ڕێچکەی داکوتیە بەو ئاسانیە کۆتایی پێ نایەت.

٩ - لە کۆتایی زۆر سوپاسی برای بەڕێزم مامۆستا ئیبراهیم دەکەم یاخوا هەر خامەی بڕشت بێت و بەرەکەت دار بێت و خودا خۆی خانەوادەکەی ساغ و سەلامەت و عاقیبەت خیر بکات

سوپاسی دەکەم کە بەندەی لەبیر بوە لە کتابەکەی ولە ناردنی دیاریەکەی

د.عبدالگیف یاسین

هەولێر

مژارێك لە ڕق و مێژووی نەزانراو

(مژارێك لە تەمەن) یاداشتەکتێبی نووسەر و برای هێژا مامۆستا (ئیبراهیم مەیکە عەلی)ە، هەرچەندە ناوبراو لەسەر ئاستی باڵای سیاسیی ئیسلامیی نەبووە، بەڵام لە ئاستە کۆمەڵایەتیی و دینداریيەکەی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو شتگەلێك دەگێڕێتەوە، کە جێی هەڵوەستە لەسەرکردنن و کۆمەڵێك نەزانراو و دەلاقەی نەدیتراو بە ڕووی خوێنەرێکی وەك ئێمەی دوای ڕاپەڕیندا دەکاتەوە. ئەم پەرتووکە دەست دەخاتە سەر ئەو برینە بەردەوام خوێن لێتکاوەی نێوان موسڵمانان و ئیسلامییانی کورد، بەتایبەت لە خاکی غەریبی و ئۆردوگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئیسلامییەکانی کوردستان لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نەك هەر دواکەوتن، بەڵکە هەر هیچیان نەکرد، بۆیە ئەم هەوڵە لەو ڕوانگەوە زۆر جێی دەستخۆشییە، ڕەمز و هێما گەورە و دیارەکانی ئیسلامییانی کورد هەروا ڕۆشتن و هیچیان لە دوا جێنەما! بەڵام هۆکاری ئەوەی کە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات (یەکەم خستنەڕوو بۆ مێژووی ئیسلامییەکان)، مەبەستی چی بێت؟

لەم یاداشتەدا دەگەیتە ئەو خاڵەی کە برایەتی دینی و خۆشەویستی ئیسلامیی تەنها کۆمەڵێك قسەی باق و بریقەدارن و هیچکاتێك لەسەر ئەرزی واقیع نەبووە و ناشبێت، سیاسەت براکان لە یەك دەکات و لە بری مەحەببەت و سۆز، ڕق و کینە دەچێنێ!

مزگەوت دەبێتە شوێنی خوێندن و لێکترازانی ڕیزەکان، لەم یاداشتانەدا هیچکات مزگەوت چەمك و میتۆدی: (سووا صفوفکم ولا تختلفوا فتختلف قلوبکم) ی نەهێناوەتەدی. مزگەوت هیچکات نەك هەر نەبووە هۆی درووستبوونی برایەتی نێوان موهاجیر و ئەنصار، ئەوس و خەزرەج، بەڵکە نەشیتوانی موهاجیرەکانی باشووری کوردستان بە یەکڕیزیی بهێڵێتەوە. بەداخەوە!

یەکێك لە گرفتەکانی نووسینەوەی یاداشتەمێژووی کەسایەتییەکانی کورد، ئەوەیە کە نووسەر هەر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێکردووە بەوەی کە زۆر ڕووداو و هەڵوێست هەبوون یا بۆ ئێستا نەگونجاون، یا بە باشی نەزانیوە بیان گێڕێتەوە، کە ئەمە یەکێکە لە گرفتە بەردەوامەکانی نووسینەوەی ئەو ژانرە! کە من پێموایە باشترین میتۆد لەم بوارەدا میتۆدەکەی (مەسعوود موحەممەد) ە کە بەبێ ئەوەی خوێنەر لەو شتەی کە دەیەوێ باسی بکا بەخەبەر بێنێ، بەلایدا تێپەڕیوە و باسی نەکردووە! نەك ئەوەی کە بە خوێنەر بڵێی شتێك لە گیرفانمدایە و ناشمەوێ نیشانتی بدەم و زۆریش گرنگە! یەکێك لە لاوازییەکانی ئەم کتێبە شاردنەوە و باسنەکردنی ناوی هەندێ لە کەسایەتییەکانە، یا باسنەکردنی ئەو سیفەتەی کە تێیاندایە، بۆ نموونە سەردانی مامۆستا کرێکار بۆ ئۆردوگای دەربەنددزڵی و بەخشینەوەی سێ سیفەت بەرامبەر بە: مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا شێخ موحەممەدی بەرزنجی. کە دەبوو نووسەر بەبێ هیچ ڕێگرییەك ئەم مێژووە بە نەزانراویی نەهێڵێتەوە،

چونکە باشترین میتۆد لەم بارەدا یا باسنەکردنیی هەموویەتی، یا سڵنەکردنەوەیە لە وردودرشتی.

نووسەر لە یاداشتەکانیدا باس لە یەکێك لە وابەستەییە ناشرینەکانی ناو ڕەوتی ئیسلامیی دەکا، کە دەبێ بۆ هەموو هەستان و دانیشتنێك پرسوڕا بە سەرەوەی خۆت بکەی، وەك ئەوان ببزوێی، وەك ئەوان بیر بکەیتەوە، دۆست و دوژمنی ئەوان وەك دۆست و دوژمنی خۆت ببینی، بۆ نموونە: خوێندنەوەی پارچەشیعرێکی مامۆستا کرێکار و کڕینی کامێرایەك لەلایەن خودی نووسەرەوە، دەبێتە جێی گلەیی و لۆمەی زلەزلەکانی سەرەوەی، کە ئەم کێشەیەش تا ئێستا و بەرامبەر بە خودی خۆشم هەر کراوە و بەردەوامە، لە کاتێکدا ئەمە تاکی گێل و دەستەمۆ و پاشکەوتوو دروست دەکات کە کوێرانە دوای ئەو ڕێبازە بکەوێت!

نووسەر هەرچەندە خۆی بەشێك نەبووە و نییە لە بنەما و بناغەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی، بەڵام بە چەند هۆکارێك ئاگاداری نهێنیی و شێوازی دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامییە، کە قسەیەکی مامۆستا شێخ صدیقی سەرگەتی دەهێنێتەوە کە ئێران ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە دروستکردن و ئاراستەکردنی ئەو بزووتنەوەیەدا، هەرچەندە لە سەرەتاوە ئامانج و ئاراستەیەکی پیرۆز بوونی هەبووە، بەڵام وا دەرنەچووە. بەڵام نووسەر نەیتوانییوە خۆی لە وابەستەیی (ئیخوانییبوون) بەرامبەر بە چالاکییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی و دروستکردن یا دروستنەکردنی هەلومەرج بپارێزێ و بە هاوسەنگی لەبارەیەوە

بدوێ، هەرچەندە من هیچ پەیوەستییەکم بە بزووتنەوەی ئیسلامیی و بگرە هیچ سۆزێکیشم بۆی نییە، بەڵام بزووتنەوە زیاتر لە باڵی دووەمی ئیخوان و خودی یەکگرتووی ئیسلامیی توانی هەلومەرج درووست بکات و کەسایەتی کاریگەرتر و مەزنتر درووست بکات و تەنانەت خەڵکی مەزنی ئیخوانیش کەمەندکێش بکات بۆ ناو خۆی!

نووسەر بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار ناوی یەکێك لە جووڵانەوە ئیسلامییەکان دەهێنێت، کە پێموابێت خودی مامۆستا صەلاحەددین موحەممەد بەهادین لە دامەزراندن و ئاراستەکردنیدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، ئەویش (بزووتنەوەی ئەنصار) بووە، کە دەبوو وردتر و زیاتر لە بارەی ئەو جووڵانەوەیەوە قسەی کردبا.

نووسەر باس لە دیاردەیەکی زۆر ناشرینی ئەوسای ڕابەر و مەلاکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی دەکا، کە حەقیقەتی موتڵەق دەدەنە پاڵ خۆیان و ئایدلۆژیاکەیان و هەرکەسێك لە بازنە و سنووری ئەواندا هەڵنەسووڕێ و کار نەکا، ئەوا با لە ئیمانی خۆی بترسێت و لە سنووری دووڕوویی‌یەوە زیاتر نزیکە تا ئیمان! ئەم میتۆد و تێگەیشتنە ناشرین و قێزەونە بوو، پاشتر بووە هۆی درووستبوونی ڕقێکی بە بەستەڵەکبوو و توند، وە تاکی ئیسلامیی لە کوردستان تا ئێستاش بەم ڕقەوە گۆش و ئاراستە دەکرێ! ئێستا دەزانم کە بۆچی باوکێکی موسڵمان و نەخوێندەواری وەك باوکی من (مەحموودی حاجی کاکە) ئەم هەموو ڕقەی چیی بوو بەرامبەر بە ئیخوان و یەکگرتوو، کە تەنانەت جارێك مامۆستا

صـــــەلاحــەدینی ئــەمینــداری یــەکگرتووی ئیســـــلامیی هــاتــە بـەردەرگـاکەمان و باوکم ئامادە نەبوو پێشـــوازی لێ بکا! چونکە باوکم دوای کۆمەڵێك مێزەرسپی کەوتووە کە لە بری نەرمونیانی و ســـۆز و بــەزەیی و یــەکتر قــەبوولکردن، کــەلتووری ڕق و ڕەدکردنـەوەیـان فێرکردووە! بـەداخـەوە. دەبێ یـەکێکیش هـەبێت خوێندنـەوە بۆ ســـایکۆلۆژیـا و ڕۆڵی ژێرکـایـانـەی ئـەو کـاتـەی یــەکگرتووی ئیســـلامیی و برایــانی ئیخوان بکــا، ئــەوســــــا هاوکێشەکەمان بۆ هاوسەنگ دەبێت.

ئەوەی جێی ســەرنجە لەم یاداشــتەدا بوونی نییە و باس نەکراوە، ئەزموونی نووسـەر یا باسنەکردنە لە کەسایەتی و بینینی دوو لە کـاریگـەرترین کـەســــایەتییە ئیســــلامییەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە هەمانکاتیشدا دۆستی مامۆستا صەلاحەدین موحەممەد بەهادین و بیری ئیخوانیش بوون، ئـەوانیش کـاك ئەحمەدی موفتیزادە و کاك ناصـــری ســـوبحانیین (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، کە ئایا هیچ بـەریـەککـەوتن و بیرەوەرییەك بوونی نەبووە، یا هۆکار چیی بووە کە نووســـەر وەك ســـەرنج و ڕای خۆیشـــی باســـی لێوە نەکردوون؟لە کۆتایی بەشـی یەکەمی یاداشـتەکانیدا نووسـەر باس لە بـارودۆخ و گوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆی دەکـا، بەدەر لەوەی کە بەشــێکی پەیوەســـتە بە جورئەتی خۆیەوە، لە هەمانکاتیشــــدا باسکردنی بۆ خوێنەر، بە پێویست و گرنگ نازانم.

میدیاکار ڕیاز مەحمود کاکە

سلێمانی

(مژارێـک لەتەمەن) م لە نوســـینی م.ابراهیم میکە، خوێنـدەوە، پاش دەست خۆشی و ماندوو نەبون و بەدەست گەشتنی کتێبەکەی بەڕێزیان وەک دیاریەکی بەنرخ. پێم خۆشە چەند شتانێک بڵێم:

*دیکۆمینتکردنی ڕوداوەکانی ســنوری نـاوچەی هەورامان لەو ســـاڵانەی بەڕێزیـان لەواقیعەکەدا بوون کـارێکی پێویســـت و گرنگە، گەرچی دەیتوانی وردتر پەنجە بخـاتە ســـەر هەنـدێ لەمەسەلەکان و ڕوداوەکان. دەشێ هەرئەوەندەی بەباش زانیبێت.

*لەبـاســـی ڕوداوەکـانی ئۆردگـاکـانی ئێران، کە ئێمە دەمـاودەم لەمـدیو هەنـدێکیمـان بیســـتبوو، لەڕێگەی ئەم کتێبەوە زیـاتر بەڕاستی ڕوداوەکان ئاشـنا بوین، گەرچی دیسـان نوسـەر خۆی لەوردەکاری زۆر شت لاداوە، دیارە حیکمەتێکی تیایە.

*لەپـاش ڕێـکخســـتنەوەی ڕێـکخســـتنەکـانی پێش ئیعلانی یەکگرتووی شـــارو ناوچەکان، یەکەم بەرپرس و مامۆســـتایەک پەیوەنـدیم پێوە کرد م.ابراهیم میکە بوو لەهەڵەبجەی تـازە، من ئەوکـات ســـالی ١٩٩٢ تـازە لەپەیمـانگـا تەخەڕوجم کردبوو، ســـەرەتا وەک بەعەمەلی کردنی پڕۆژەی مدارســـی موســـجدی دەســـتمـان پێکرد، منی کردە بەرپرســـی قوتـابخـانەی مزگەوتی ڕاشدین و ئەو خوشکانەش لەماڵەوە پڕۆژەکەیان بۆ کچان ئەنجام دەدا..ســـەرکەوتنێکی باشـمان بەدەســت هێنا. لەپاش چەند مانگ بەمنی وت ئیتر دەبێت ئوســـرەی گەنج و قوتـابی گەورەت لەلا بێت، نـاکرێـت تـاســـەر لەگەڵ منـداڵانـدا کـار بکەیـت..چەنـد ئوســـرەیەکم بۆ دیـاری کـرا، لەومـاوەیەدا د.علی قرداغی هـات

بۆ هەڵەبجەی تازە لەبنکەی هونەریی ڕاســتی کۆڕێکی بەســت، چەند ڕۆژ دواتر لەماڵی م.ابراهیم کۆبونەوەی هەفتانەی ئاســایی ڕێکخســتنمان هەبوو، داوای لێ کردم ڕاپۆرتێک لەســەر ئەو کۆڕەی د.علی بنوســم و بۆی بهێنمەوە. لەســەر لاپەڕەیەکی دەفتەرێکی بۆری شەست لاپەڕە کەلەکۆتایەکەیەوە لێم کردبویەوە و قەراغەکــانیشــی لێی دڕابوو، لەقرچەی گەرمــای هــاوین و ســەعات دوو پاش نیوەڕۆ کە خەڵک هەمو پشــو دەدەن بۆم بردەوە، ئەو قەت چاوەڕێی نەکردبوو لەوکــاتەدا بۆی بەرمەوە، کــاتێــک هــاتە بەردەرگــا وتی: خێرە، وتم: ئەوە ڕاپۆرتەکەیە، وەرەقەکەی بەدوو پەنجە گرت و بە بێ ئەهمیەتیەوە وتی: ئەمە ڕاپۆرتەکەیە؟ !! وتم: بەڵێ بۆ؟ وتی: ئەزانی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر ئەم لاپەڕە ناشیرینە تعبیر لەچی دەکات؟ تەعبیر لەشەخسیەتی تۆ دەکات، لەڕاســتیدا ئەو نەیدەزانی من نەدینارێکم لەگیرفاندابوو، نە وەرەقەی ئەی فۆڕ ئــاســان دەســت دەکەوت، فەرموی وەرە ژورەوە، ئەی فۆڕێکی پێدام و بۆم نوسیەوە بەجوانتر.

دەمەوێت ئەوە بڵێم مامۆســتا پیاوێکی وردو جدی ودڵســۆز بوو بەڕاستی گەرچی هەندێ شتی بەزبریپێ پێ دەگوتین بەڵام زۆر سودمان لێ بینی.

*ســاڵی ١٩٩٣ لەبنکەیتەنــدروســتی خورمــاڵ بەخۆبەخش دامەزرام، ئیتر لەخورماڵ نیشــتەجێ بووم .. لەســاڵی ١٩٩٤ و پاش ئیعلان، شــەوێک لەخەومدا مامۆســتام بینی لەسـلێمانی ولەدەوروبەری ئەســحابەســپی بەخێرای دەڕۆشــت و جامانەی مەلایەتیەکەی بەســەرەوە نەمابو، خۆی کرد بە کوچەیەکدا، منیش

شـــوێنی كەوتم تاناو شـــوێنێک وەک چایخانەبوو بینیم لەوێ ئیش دەكـات..وتم: ئەوە خێرە مـامۆســـتـا لێرەی؟ كوا جـامـانەكەت؟ !!
وتـی: ئێ كـاكە حزب تجمیدیـان كردوم، ئێ خۆ دەبێت ئیشـــێـک بكەم..پاش ماوەیەک چومەوە بۆ هەڵەبجەی تازە و سەردانم كرد، وتم: خەوێكی وام دیوە، پێكەنی و وتـی: وەڵڵا هیچ لەئـارادا نیە، خوا بەخێری بگێڕێت..لەپاش چەند مانگی تر ســـەردانم كردەوە زۆر پێ كەنی وتی: ئەزانی خەوەكەت هاتەدی، حزب تەجمیدیان كردوم ... چەند ســـاڵ تێ پەڕین ٢٠٠٢-٢٠٠٣ ، ڕۆژێـک لە جادەی كاوە بەرامبەر تەلاری كاوە خۆم كرد بە چێشـــتخانەیەكدا كە دەرگـای چوونەژورەوەی زۆر بچوک بو، وەبزانم ئێســـتـاش هەروایە، كێ ببینم؟ مامۆسـتا ابراهیم میكە كاشـیەرو بەرپرســە، بێ ئەوەی هیچ بڵێم خۆی پێكەنین گرتی و وتـی: بەشـــەكەی تری خەوەكەت هاتەدی.

*هیوای تەمەن درێژی و ســـەركەوتن بۆ مـامۆســـتـا دەخوازم، پیاوێكی بەڕێزی خوێندەواری بەسەلیقەی ئەم میللەتەیە.

محەممەد سەعید فەرەج

سلێمانی

دوای دەست خۆشی و پێزانین بۆ هەوڵ و ماندوو بونت کتێبەکەت " مژارێک لە تەمەن " لەماوەی پێنج ڕۆژی ڕابوردودا خوێندمەوە لەگەڵ هەموو دێڕێک و هەڵدانەوەی هەر پەڕەیەکدا ئەندێشەو خەیاڵم ئاوێزان بوو لەگەڵی

کتێبەکەت زۆر بەنرخە یاخوا دەستت خۆش بێ و بیرو هزرت ڕۆشنتربێ پێم خۆش بوو منیش چەند یادەوەریەک لێرەوە بڵێم:

*سەرەتا یەکەم بینینی بەڕێزت واتە: یەکەم جارکە بەڕێزتم بینی پێم وابێ ساڵی ٢٠٠٠ بوو لە مزگەوتی گەورەی خورماڵ ئاهەنگێک کرا بەبۆنەی نزیک بوونەوەی مانگی ڕەمەزان کە یەک دوو ڕۆژی مابوو بکەوینە ناو مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە ئاهەنگەکە مەڵبەندی ئەوکاتەی بزوتنەوەی یەکبون لەخورماڵ سازی کردبوو نازانم بەهاوبەشی بوو لەگەڵ لقی خورماڵ یان هەربانگ هێشت کرابوون .

عەباس محەممەد کە ئێستا لە کەناڵی پەیامە ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبرد سەرەتا صدیق ئەحمەد بەرپرسی مەڵبەندی یەکبوون وتارێکی خوێندەوە پاشان بەڕێزت وەکو بەرپرسی لقی خورماڵی یەکگرتوو وتارێکت پێشکەش کرد لەیادمە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەت کرد (ومن أعرچ عن ژکری فإن لە معیشە چنکا ونحشرە یوم القیامە أعمی) زۆر بەشێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش واتاو مەبەستی ئەم ئایەتەت ڕوون کردەوە .. ئەو کات هێشتا سیمای گەنجێتیت زیاتر پێوە دیاربوو ئەوەش لای من

سـەرنج ڕاكێش بوو شـێوازی قیافەو ڕێک پۆشـی و چاكەت و پانتۆڵ و بۆینباخ كەلەو كاتەدا لەخورماڵ تاڕادەیەک نامۆ بوو.

*یـادەوەریەكی تر كە بیلێم: بەداخەوە دۆخی ئەوكـاتەی خورمـاڵ یادەوەری خۆشی كەم تێدایە

هەرلەوكاتەدا كە كۆمەڵی ئیسلامی جیابونـەوەی خۆی ڕاگەیاند لە سـالی ٢٠٠١ تـازە خورمـاڵ یەكلایی بوو بوویەوە بۆ كۆمەڵ دەمەو ئێوارەیەكی درەنـگ چەنـد چەكدارێكی سـەربەكۆمەڵی ئیسـلامی هاتن وتیان زانیاریمان هەیە كە ئێوە كەسـانی سـەر بە بزوتنەوەتان لەم بارەگایە حەشار داوە وە چەک و فیشەكی ئەوانی تێدایە هـاتوین ئەم بـارەگـایە بپشـكنین بزانین وایە یـان نـا؟ كاک كەمـال حـامیدیش لەوكـاتەدا لەوێ بوو زۆری پێنەچوو بەڕێزت هـاتی وتـت كە هیچی وانیە زانیـاریەكەتـان هەڵەیە هیچ كەس و ئەندامی هیچ حزبێـک بێجگە هی خۆمـان لەم بـارەگایە بوونی نیە پاشـان ئەم بارەگایە با پڕیش بێ لەچەک و فیشـەک و كەرەستەی سـەربازی چ پەیوەندیەكی بە ئێوەوە یا بەوانەوە هەیە هی خۆمانە دواتر چەكدارەكان قەناعەتیان كردو ڕۆشتن.

*یـادەوەریەكی تر ڕۆژێک دانیشـتبووم بەدیار تەلەفیزیۆنەوە لە پڕ خستمە سەر كەناڵی كوردسات بێژەرەكە كامەران حەمە ساڵح بوو سـەرەتای بەرنامەی دەست پێكرد كەقسـە كردن بوو لەسـەر دەست پێكردنەوەی گفتوگۆكانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەكان پێشـكەشـكار وتی: بۆ قسـەو باس كردن لەسـەر ئەم بابەتە میوانـداری بەڕێز كـاک ئیبراهیم ئەردەڵانیمـان كردوە دانیشـتم

بەدیار بەرنامەکەوە بەڵام چونکە بەدڵی ئەو قسەت نەدەکرد هەر زوو کۆتایی بە بەرنامەکە هێنا.

لە کتێبەکەدا ئاماژەت بە زۆربەی ڕوداوو پێشهاتەکانی ئەو کاتەی خورماڵ کردوە یەکێک لەو ڕوداوە ناخۆشانەی تری ئەوکاتی خورماڵ کەڕووی دا بەداخەوە کوشتنی حسن میرزا عبدالله بانیشاری باوکی کاک مەلا تەها بوو.

کاک حسن هەر نزیک ساڵی ٢٠٠٠ لە ڕێگای بانیشار خورماڵ کوژرا کاک حسن چاخانەی هەبوو لەخورماڵ چا خانەکەشی بەچاخانەی پارتیەکان ناسرابوو ماڵی لە بانی شار بوو هەموو بەیانیەک زووو لە بانیشارەوە بەپێ دەهات بۆخورماڵ بەیانیەک لەنیوەی ڕێگادا لەنێوان بانیشارو خورماڵدا بەشێوەیەکی تەم ومژاوی کوژرا،کوژرانی ئەو پیاوە بەو شێوازە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر خەڵک ئەم ڕوداوە هێندە تەم و مژاوی بوو دەسەڵاتی ئەوکاتەی بزوتنەوی یەکبوونی توشی شۆک کردبوو کە چۆن دەبێ ڕوداوێکی وا لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بکرێ ڕەحمەتی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود کەخۆی ئامادەی ناشتنی ئەو پیاوە بوو وتی: هەرکەس زانیاریی لایە کێ بکوژی ئەم پیاوەیە با بەنهێنی پێمان بڵێ زۆر سوپاسی دەکەین دڵنیابن ناوی کەس نابەین ئەم ڕوداوەو ڕوداوێکی تری هاوشێوە ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر بەتەم ومژاوی مایەوە.

عەتا ئەحمەد مەحموود

خورماڵ

مژارێک لەتەمن ...

بخوێننەوە و فێری خۆڕاگری ببن ...

فێربن باشبن بائەوانەی خۆیان لە ئێوە بەباشتر ئەزانن شەرمە زاربن ...

ئەم پرتوکە باس لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی پیاوێک دەکات کەپڕاو پڕە لە هەورازونشێو خۆڕاگریی. لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە چەن هیلاک و ماندوبێ هەرزەحمەتێکی کێشابێ بایی ئەوەی وەرگرتوەتەوە، چونکە ڕێزی لەناو کۆمەڵگادا دیارە و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیە ...

بەڵام ئەوی من تێگەشتبم لەهیچ وێسگەیکی یەکگرتوودا ئەم پیاوە هەقی خۆی وەرنەگرتوە بگرە زۆرغەدریشی لێ کراوە و جێگای سەرسوڕمانیشە بۆمن... وەسەرسامیشم بەوخۆڕاگریەی کە تائێستاش بەردەوامە.

من زۆرتامەزرۆی خوێندنەوەی بووم، باوەڕتان هەبێ لەدوشەوا جارو نیوێک خوێندمەوە سوودی زۆرم لێ بینی هیواخوازم سەرکەوتوسەرفرازبێ...

تێبینی: ئەوەی خاڵۆژنم لە گەڵ مامۆسا کردویەتی زۆرزۆرە هیوادارم وەک هەمیشە قەدری بزانێ.

سەیوان غەفور ئەحمەد

هەڵەبجە

دەسودیارە بەپێزەکەی نوسەر و ڕوناکبیر مامۆستا ابراهیم میکە علی کە جەنابیان عەزیەتی کێشا بەدەستم گەشت، مژارێک لەتەمەن، کەبەسەلیقە و وردەکاریی مێژووی ساڵەکانی هەشتاکان بەدواوە بەووردی تاوتوێ دەکات، خۆینەر دەباتە نێو ڕوداوو و گۆڕانکاریەکان بەزمانێک کە هیچ کەس لەخوێندنەوەی بێزار نابێت، ئەوەش بەڵگەی سەلیقە و هونەری نوسینی نوسەردەردەخات. هیوای تەندروستیەکی باشی بۆدەخوازم داواکارم خوێنەربن.

حەسەن ئەحمەد مەحموود

خورماڵ

مژارێک لەتەمەن...

ناوی بەرهەمەنوێکەی برای خۆشەویست و مامۆستای بەڕێزم (ئیبراهم میکه علی)ە، کۆی کتێبەکە لەدوتوێی بەرگێکی نایاب و قەبارە ٣٦٠ لاپەڕەییدا خۆی دەبینێتەوە، نوسەر بۆگەڕانەوە بە ڕوداو گەلێک لەسالانی ڕابوردودا گوزەرێکی بەشێوەی فلمێکی دیکۆمێنتاری کردوە، لەچەند بەشێکیدا کاتێک دەچیتە نێو کتێبەکە و دەگەیتە لاپەڕەکانی دەوروبەری ساڵەکانی دوای دووهەزارەکان، ئەو تەمەنەی کە لەسنوری خورماڵ تێیدا ژیاوە لەسایەی ئەو حوکمە داپلۆسێنەرەی کە لەسنورەکەدا بوونی هەبوە، مرۆڤ حوکمی ئاینی لا ناشیرین دەبێت و سوپاسی خوا دەکات کە ئەوزەمەنە گوزەشت، وەکو خۆی ئاماژەی پێ دەدات لەئەنجامی بەرپرسانی نابەرپرسی ناوچەکەوە چەندین ساڵ سنورەکەیان لەهەموو ڕوویەکەوە پاشەکشە پێ کردبوو، چونکە هەناسەی ئازادیی بەتەواوی لەگۆڕ نرابوو ، تەنها لولەی تفەنگەکانی ئەوکات جێی هەموو زمانێکی گرتبوەوە،

بۆ پاڵپشتی نوسینەکانی برای نوسەر ئەوپەڕی هاوڕام بەحوکمی بونم لەو سالانەو لەسنورەکەدا، بەڵام ئەوەی بویە جێی تێ بی نی بەندە لەکتێبەکەدا لەلاپەڕە ٢٥٦ لەبوارە فەهەنگیەکەدا ڕۆڵی تیپی هونەریی پێشەنگی لەسێ دێڕدا ئاماژەپێداوە کەواجهەیەکی دیاری کارەکانی لقەکە بوو ، سەرەڕای بونی چەندین چالاکی نەوعی کەبەڕێزی لەزۆربەیاندا حزوری هەبوە، دەکرا کەمێک زیاتر ئەو گروپە هونەریە لەم کتێبەدا یەک دوو لاپەڕەیەکی پێ

ببەخشـــرایەو وەکو هەوێنیش چەند وێنەیەکی تێدا لەچاپ بدرایە بۆزیاتر گەڕاندنەوەو وە بیرهێنانەوە،

بەگشتیی کتێبەکە کارێکی جوانە ئەوەش کەجوانتری کردوە خۆی لانەداوە لەکۆمەڵێک ڕوداو کەلە نوسـینەوەدا هەندێک خاوەن خامە خۆی لێ لادەدا و بەجۆرێکیتر دایدەڕێژێتەوە کە زهنی خوێنەر بەرەو ئاقارێکی تردەبات، من دەستخۆشی لەمامۆستای بەڕێز و سوپاسی دەکەم کە ژمارەیەکی بەدیاری گەیاندە دەستم بەدڵنیاییەوە هەموو لاپەڕەکانی هەڵدەدەمەو پێی شـادمان دەبم، جارێکیتر دەسـتخۆشـی خۆم دوپات دەکەمەوە، ئومێدەوارم نوسـینەکانی هەمیشـە بەردەوام و هزری فراوان و قەڵەمی بەبڕشت و وشەی ڕەنگین تربێت، بەختەوەرم کەدەبینم کەسێکی نزیکم وەکو بەڕێزیان ئەو تواناو سـەلیقەیەی پێ بەخشـراوە کە بتوانێت قەڵەم بخاتەنێوان پەنجەکانی و لەو ڕووەوە خزمەت پێشـکەش بەکۆمەڵگەکەی خۆی بکات ، بۆیە پڕبەدڵ پیرۆزبایی لێ دەکەم ئومێدەوارم زیاتر سەرکەوتووبێت.

محەممەد ئەحمەد عەزیز

خورماڵ

السـلام عليكم ...زۆر بەڕێز کاک ابراهیم... مژارێک لە تەمەنم خوێندەوە بەڕاستی زۆر کارێکی جوانە ئەگەر زیادەرەوی نەبێت لەهەر لاپەڕەیەکدا بزەیەکی دەخستە سەر لێوان یان چاوەکانی پڕ دەکرد لە فرمێسـک، دەسـتەکانت خۆش بێت، چەند مێژووی سـەرهەڵدانی ئەم بانگەوازە لەیەک دەچێت لەڕووی گیانبازیی و بەرخودان وێڕای جیاوزی شوێن وکەسەکان، دەستەکانت خۆش بێت... کتێبی پوکانەوەی سـەرچاوەکانی توندویژیم خوێندەوە ئەگەر چی بە عربیەکەشـی لەکاتی خۆیدا خوێندبوومەوە. هیوای بەردەوامیی و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم بەراستی کاری دەعوە و بانگەواز کارێکی گەورە و گرانە و پیاوی خۆتان ئاسـایی دەوێت و لەمپەڕوو کۆسپەکان نابێت کۆڵمان پێ بدا.

جارێکی تر دەستتان خۆش بێت.

د.سامان محی الدین

چەمچەماڵ

مژارێـک لەتەمەن... کتێبێکی پێویســـــت بۆ موراجەعـات و تێگەیشتنەوەی ئەزموون و وەرچەرخانەکانی هێزە ئیسلامییەکان.

د.هەردی مەهدی

سلێمانی

کتـــێبی (مـــژارێـــک لەتـــەمـــەن) ی بەڕێز (م.ئیبراهیم مەیکە) م خوێندەوە.

وێڕای دەســت خۆشــیم بۆجوهد و ســەلیقە و ماندوبوونی بۆ نوســینەوەی ئەم مێژووە ،گەرەکمە بڵێم ئەم کتێبە هەرچەنــدە لەڕوی جوگرافیەوە پـانتـاییەکی کەمی نـاوچەکەی گرتوەتەوە و وەکو بڵێی بۆ کەســانی نوخبە نوســرابێت چونکە هەرکەســێک نزیک لەنوسەر و ناوچەکە نەبێت لەوانەیە زۆرسوودی لێنەبینێت ،بەڵام بەنـدە هەم نزیکیم لەنوســەرو هەم نـاوچەکەو هەم هـاو مەشـرەبی ئەوکاتەو....هتد بەسـوپاسـەوە سـوودی زۆرم لێبینی بەتایبەت لەلایەنی ڕۆحیەوە کەئێستە ڕۆحەکان زۆرشـەکەتن، وە وێنـایەکی جوان وڕاســتەقینەی ڕوداو وڕۆژگـارەکەی بەتـاڵ وشــیرین وتـاریکی وڕونیەوە هێنـاوەتەوە بیرو ئەندێشـــەمـان، بێگومـانم کەنوســینی لەم چەشـــنە من نەم دیوە لەمەیـدانە ئیســـلامیەکەدا یـان زۆردەگمەنە ئەگەرهەشــبێت بۆیە لای من ســـەرەتایەکی باشـــە بۆ ڕێبوارانی ئەو ڕێگە پڕلە بەرزو نزم و نشێویەی ڕابوونی ئیسلامی کە پێویستە مێژووەکەیان نەفەوتێنن.

لەڕویەکیترەوە ئەگەر هەر کەس و گروپ ودەســتەکان، مێژووی تـایبەتی خۆیـان و لەمپەری جۆراو جۆری پڕلەچەرمەســـەریـان هـاتبێتە پێش، کـاک ئیبراهیمیش مێژووی لێکچونی لەگەڵ ئەوانی دیکە هەیە بەڵام تــایبەتمەنــدیەکــانی خودی وزاتی زۆرترن ودڵنیاشـم هێشـتا کەمی نوسـیوەتەوە لەو کەش هەوا ناسـازەی کە ئەرشیفکردنی کارێکی ئاسـان نەبوە بەتایبەتی سـەردەمی ڕژێمی بەعســـی بەســـەرچو، چونکە ئەگەر خەبـاتکـارێـک (لەگەڵ

دەســـخۆشـــيم) بۆيـان مێژوويەكی نوســـيبێتەوە ئەوا ترس وبيم وهەڕەشـــەی لەســـەرنەبووە چونكە هيچ نەبێت بندارێک يان بن بەردێـک يـان ئەشـــكەوتێـک لەپەنـايـدا هەبووە كە بەبێ دوودڵی ودڵەڕاوكێ نامەكانی تياحەشـــاربدات وئەرشـــيفيان بكات بەڵام كـاک ابراهيم شـــوێنی مەحكەم وتۆكمەی گيرفـانی كراســـە نيوقۆڵەكەی بوە كەلە دەريشـــەوە اســـتخباراتەكانيش هەســـتيان پێكردوەو مەترسـی زياتری لەسـەربوە يان لەبازگەكاندا ئەگەری گيران وكەشف بوونی زياتربووە كە بۆ ئاشكرابوونی تەنها يەک نامە بەس بوو ببرێتە بەر دەم پەتی قەنارە.

دوبـاره مـانـدونەبون و دەســـتخۆشـــيم دەرئەبڕم بۆئەو كتێبە بەســـوودەی كە پێشـــكەشـــی كتێبخـانەی كوردی وبەتـايبەتی گەنجينەی خـاڵی كتێبخـانەی ئيســـلامی لەم تـاييە لەنووســـين كردوە،كەســـيش لەســـەروی هەڵەو ڕەخنەوە نيە. هيوای تەمەن درێژی وبەختەوەری بۆ كاک ئيبراهيمی بەڕێز لەخوادەخوازم.

د.عمر

زەڵميی

سلێمانی

مژارێک لە تەمەن دەستبردن بۆ یادەوەریی حزبی ئیسلامی لە کوردستان...

نوسەری بەڕێزی ئەم کتێبە (مژارێک لە تەمەن) کاک ئیبراهیم میکە عەلی، ماندووبوونێکی زۆری نووسەری پێوە دیارە زۆر بەلامەوە گرنگە و جێی بایەخە لەو سەردەمە زوەوە، ئەو تێبینییە وردانە بنووسیتەوە بەم وردەکارییەوە، وەک خۆشی ئاماژەی پێکردووە، ئەمە یەکەم هەوڵی کەسایەتییەکی ناو جوڵانەوە ئیسلامییەکانی کوردستانە، کە یادەوەری و بەشێک لە ژیانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، بۆیە دەشێت نوسینەکە زۆر وریژنەر و سەرنج ڕاکێش نەبێت، ڕەنگە ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی نەداوە لە هەندێک لە وردەکارییەکانی ڕوداو و بەسەرهات و تەنانەت کەسایەتییەکانیش، خەباتی ئەو دەمەش بۆ ڕێکخستنێکی ئیسلامی وەک خۆشی ئاماژەی پێکردووە، بێجگە لە هەوڵێکی بێ خەوشانە هیچ نیەت و مەرامێکی تری لە پشتەوە نەبووە، هەر بۆیە بە شانازییەوە دەستی بۆ بردووە و نوسیویەتییەوە، بەڵام بەدووریش نییە لە خەسڵەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کە مرۆڤی پێ دەناسرێت.

ئەم چەند دەستەواژەیەی سەرەوە جۆرێک لە گلەیی و گازندەشی تیا بۆ ئەم سەردەمە کە بەشێکی کاری حزبە ئیسلامییەکان و کەسایەتییەکانیان وەک لاساییکردنەوەی حزبەکانی دەوروبەریان بووە بە دنیا ویستی و خۆ دەرخستن و هەڵپەی پۆست و دەسەڵات، چونکە بەبڕوای من ئەو سەردەمی کاک ئیبراهیم

باسی دەکات، ئەرک وەرگرتن تەکلیفە بووە نەک تەشریف و خۆ دەرخست و لاف و گەزاف لێدان .

بە هیوای ئەوەی کارەکتەرەکانی دیکەی هاوڕێ و هاو خەباتی لە یەککگرتوو و حزبە ئیسلامییەکانی دیکەش چاوی لێ بکەن و دەست بەرن بۆ ئەو مێژووە، چونکە جگە لەوەی تەمەن ئەوەندەی بە بەرەوە نەماوە، ئەو دەیان ساڵەی مێژووی جوڵانەوە و بزافە ئیسلامییەکانی کوردستان زۆر هەژارن لە نوسینەوەی بیروەرییەکانیاندا و کەم کەس تەنانەت لە ڕێکخستن و شوێنکەوتووەکانی خۆشیان شتێکی ئەوتۆ لە مێژووی سیاسی حزبەکانیان نازانن، کە ڕەنگە بەشێکی زۆری بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوان ئەوکارو چالاکیانەی کردوویانە لەبەر خوایە و نایانەوێت خەڵکی تر پێی بزانێت.

ئەوەی سەرنجی ڕاکیشام نوسەر لە دووتوێی یادەوەرییەکانیدا تیشکی خستووەتە سەر ناکۆکییەکانی ڕەوتی برایانی موسڵمان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کە هێشتا هەردووکیان لە بەهاری تەمەنیاندا بوون، جگە لەوەش لە شوێنێک کە هیچیان مەترێک زەوی و سەرە بزوتێکیان بەدەستەوە نەبووە، بەڵام ناکۆکییەکانی دوو بیرکردنەوە و لێکدانەوە بۆ جیهانی بینی ئیسلام لەو سەردەمە زووەوە گەیشتووەتە ئەو ئاستە، لە کوێش لە ئۆردوگایەکی ئێران کە ژیانێکی گولەمەرگی و زیندان ئاسای تیا براوەتە سەر .

لێرەوە ئەو سەرنجەم بۆ دروست دەبێت، ناکۆکی و دوو بەرەکی لەناو زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد بە تایبەتی، بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی سیاسییان بووە، هەست دەکەیت ئەم بە کەمزانینی یەکتری و کەم چیکڵدانەیی و تۆمەت بەخشینەوە لە دژی یەکتر، لە هەموو دەورو زەمەنانێکی کورد هەبووە تا ئێستاش درێژەی هەیە، ئەو دۆخەش کە قەبارەکەی گەورە دەبێت جیاوازی نامێنێت لە نێوان حزبی ئیسلامی و ئەوانتردا، تەنها لە شێوازی جێبەجێکردنەکەیدا نەبێت .

باسێکی تری کتێبەکە کە سەرنجی منی ڕاکێشا، نوسەر لە شوێنێکدا باس لە چۆنێتی دابەشکردنی ژمارەیەک خانوو دەکات لەو ئۆردوگا سنورییەی کە ئەوانی تیا نیشتەجێ کراوە، لەو ئاوارەیی و بێ دەرەتانیەن لەو کڕێوە و سەرماو سۆڵەیەی زستان، لەو نەهامەتی و بێهیواییەدا، تەنانەت لە دابەشکردنی خانوویەکی پەڕپوتیشدا جیاوازیان کردووە، واتە دەسەڵاتدار وکاربەدەستی کورد لەژێر دەستی دوژمنیشدا، کە تەنانەت مانەوەشت بە زیندوویی لە ژیاندا گرەنتی نەبوووە، بەر لە پێویستی و مرۆڤ بوون و کورد بوون، ڕەوتی سیاسی و ئاراستە و بیرکردنەوەی سیاسی لەبەرچاو گرتووە، بۆ شتانێک کە هەموویان وەک یەک پێویستیان پێی بووە، ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە بیرو باوەڕ و مانفێستی ڕەوتە کوردییەکان چەند داوای یەکسانی و بەدەمەوەچوونی یەکتر بکات، لای بەرپرس و تاکی کورد هیچ بایەخ و ئەرزشی نییە، کەوتنی بەرامبەر بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێت.

کاک ئیبراهیم لە بەشێکی کتێبەکەیدا تیشکێکی تاڕادەیەک باشی خستووەتە سەر ناکۆییەکانی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و ئیخوان لەو سەردەمە، کە ئەو ناکۆکییانە چۆن لە ژیانی ئاوارەیی و خێوەتگەیەکی بەردەستی ئێرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، گەرچی ئەو بابەتە خۆی نەیویستووە زیاتر قسەی لەسەر بکات، بەڵام ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی چەند ڕەوت و بیرکردنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، کار و چالاکی و بەریەککەوتنەکان، بەشێک بوون لە درێژکراوەی ئەو سەردەمە، تەنانەت لەناو مزگەوتەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و جیهان و لاوازبوونی نەک رەوتی ئیسلامی، بەڵکو لاوازی هەموو ڕەوت و بیرکردنەوەکانی تری و هاتنە پێشەوەی هەژموونی سەرمایە بەشێوەیەکی بەهێز و فراوان، گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی سیاسی و حزبایەتیدا، ئێستا تاکی حزبە ئیسلامییەکان تەنانەتە نەتەوەیی و عیلمانییەکانیش کەمتر دەپەرژێنە سەر ئەو دژایەتی و ناکۆکی دروستکردنانە مەگەر لە شۆشیال میدیاوە، چونکە ئێستا ئەو هێزانەی کە لە دەسەڵاتدان، بەهۆی ئەوەی هێز و ئابوریان کۆنترۆڵ کردووە و بە جۆرێکیش لە جۆرەکان ژیانی سیاسی و پێکەوە هەڵکردن گۆڕانی بەسەردان هاتووە، زۆربەی ڕوداوەکان لەسەر دەستی ئەواندا بەڕێوە دەچێت و ئەمانی تر یان سەیر دەکەن، یان ڕەخنەیەکی بێدەسەڵاتانەیان هەیە و هیچی تر.

حەزدەکەم خوێنەر خۆی کتێبەکە بخوێنێتەوە و بە ڕوداوەکـانی ئاشـنا بێت، چونکە نوسـەر یەکەم کەسـە کە وەک سـەرکردەیەکی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لەناو ڕەوتێکی ئیسـلامی میانەڕە و و تـاڕادەیەکی جەمـاوەریی کوردسـتـان، دەسـتی بردووە بۆ نووسینەوەی یادەوەری و بەیانکردنی بەشێک لە ژیانی سیاسی و حزبایەتی لەناو خودی ئیخوان و دواتریش یەکگرتووی ئیسـلامی کوردستان و تا وازهێنانی یەکجارەکی لەو حزبە.

عبدول محەممەد

ڕۆژنامە نووس و میدیاکار

سلێمانی